
No. 15, Wednesday 20 /01 /2010
ژمارە (١٥) چوارشەممە، ٢٠١٠/١/٢٠
(٣٦) لاپەڕە ، نرخی (١٠٠٠) دینارە

# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات


19..
هەڤاڵ ئیبراهیم:
ناوی دزەکە ئاشکراناکەم

31..
نانسی گۆرانییەکی نوێ
بەرهەمدەهێنێت

33..
شاراپۆڤا دەرکرا

## تائێستا بەسەرۆکی کابینەی پێنجەم ناودەبرێت

# نێچیرڤان بارزانی بەشداریی کۆبوونەوەکانی پارتی ناکات

**تایبەت بەدەستوور**

تا ئێستا لەراگەیاندنەکانی پارتیدا، نێچیرڤان بارزانی بەناوی سەرۆکی کابینەی پێنجەمەوە ناوی دەهێنرێتو هیچ سیفەتێکی تری لەناو مەکتەبی سیاسی پارتیدا وەرنەگرتووەو لەدوا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەشیدا بەشدارینەکردووە.

دکتۆر کامەران مەنتک مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت "هەموومان دەزانین نێچیرڤان بارزانی کوڕی ئیدریس بارزانییەو یەکێکە لەڕکابەرەکانی دەسەڵاتی یەکەم لەناوپارتیدا، ئەوە مەسەلەیەکە ئاشکرایەو هیچ گومانێکی تێدانییە، ئەو ماوەیەکی کەمە پۆستی سەرۆک وەزیرانی جێهێشتووە، پێویستە چاوەڕوانبین تابزانین لەناو پارتی چ پلەیەک وەردەگرێت".

بەشدارینەکردنی نێچیرڤان بارزانی لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت، تائێستاش پارتی نایەوێت ڕوونیبکاتەوە، هۆکاری دوورەپەرێزی نێچیرڤان لەکۆبوونەوەکانی حیزبەکەدا چییە.

عارف قوربانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ، وتی "ئەگەر بەناوی سەرۆکی کابینەی پێنجەمەوە ناوی بهێنرێت، دیارە ئیشکالێک هەیە لەسەر پۆستێکی دیاریکراو بۆ کاک نێچیرڤان، ئایا وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ناویبەرن یا بەچ ناوێک".

سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ، وتی "لەکاتێکدا ئەو کە پێشتریش سەرۆکی کابینەی پێنجەمبوو، بەشداری کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دەکردو زۆرجاریش لەکۆبوونەوە هاوبەشەکانی نێوان پارتیو یەکێتیدا بەشداریکردووە، بەڵام لەدوای بەجێهێشتنی پۆستەکەی، دیارە هیچ سیفەتێکی فەرمی یان پۆستێکی دیاریکراوی لەناوپارتی وەرنەگرتووە".

قوربانی ئاماژەی بەوەدا: لەدوای کۆتاییهاتنی ماوەی کابینەکەی، کاک نێچیرڤان یەک دووجار لەتەلەفزیۆن دەرکەوتووەو ئاڵای فەرمی حکومەتی عێراقو ئاڵای کوردستانی لەپشتەوەبووە، لەکاتێکدا بەرپرسە حیزبیەکانیتر ئاڵای کوردستانو ئاڵای حیزبەکەیان دادەنێن.

ڕۆژنامەی دەستوور، پەیوەندی کرد بەچەند بەرپرسێکی راگەیاندنی پارتییەوە، تەنها ئازا حەسیب قەرەداغی ئەندامی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی، وەڵامی دایەوەو ئەویش ئامادەنەبوو، هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات.



نێچیرڤان بارزانی مەکتەبی سیاسی قبوڵنییە

# لەسلێمانی نرخی زەویو خانوو فڕی

**بیلال جەعفەر**



دیمەنێک لەشاری سلێمانی

لەماوەی دوو مانگدا نرخی پارچەیەک زەوی لەسلێمانی ١٠ هەزار دۆلار بەرزبووەتەوە، پسپۆڕانی ئابووریش دەڵێن نرخەکان زیاتر بەرزدەبێتەوە، چونکە سەرمایەداران بەهۆی بێمتمانەییان بەبانکەکان ڕوویان لەکڕینی زەویو خانوو کردووە.

دڵشاد عەبدول، خاوەنی نووسینگەی دڵشاد لەسلێمانی بەدەستووری وت "نرخی زەویو خانوو لەسەنتەری شاری سلێمانی تاڕادەیەک جێگیرە، بەڵام لەگەڕەکەکانی دەوروبەری شاردا، نزیکەی ١٠ هەزار دۆلار لەچاو دوو مانگ لەمەوبەر زیادیکردووە".

جەمیل عەلی مامۆستای ئابووری لەزانکۆی سلێمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕاگەیاند "سەرمایەداران متمانەیان بەبانکەکان نییە، بۆیە ناچار لەڕێگەی کڕینی خانوو، زێڕو ئۆتۆمبێل، ئەو بوارە ڕووکەشییە داراییەی خۆیان دەخەنەڕوو".

جەمیل عەلی ئاماژەی بەوەدا: سنووورداری ڕووبەری زەوییەکانو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانو زۆربوونی پرۆسەی هاوسەرگیریو بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکانی کۆمەڵگا، چەند هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی نرخی خانووبەرەیە".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ دەڵێت: ئەگەر داخوازی لەسەر کڕینی زەویو خانوو بەردەوام بێت، ئەوا لەچەند مانگی داهاتوودا نرخەکان زیاتر بەرزدەبنەوە.

# یەکێتی قوتابیان، بڕیارەکانی حکومەت پێشێلدەکات

**نەجات ئەحمەد**

یەکێتی قوتابیان لەناوەندەکانی خوێندندا ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی ١٣ی دەکات، لەکاتێکدا کە هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە، بەستنی ئەوجۆرە کۆنفرانسانە قەدەغەدەکەن، ئەندامێکی سکرتاریەتی ڕێکخراوەکەش دەڵێت: بەهۆی بێجێگەییەوە ناوەندەکانی خوێندن بۆ کۆبوونەوە بەکاردەهێنین.

کاروان محەمەد ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت: بەوپێیەی کە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٣ی خوێندکاران-قوتابیان لەشارەکانی هەولێرو دهۆک، یەکێتی قوتابیان توانی لەزۆربەی زۆری ناوەندەکانی خوێندن سەربکەوێت، لەوڕوانگەیەوە شەرعیەتی نوێنەرایەتیکردنی قوتابیانیان بەدەستهێناوە.

کاروان محەمەد وتی "ئەو شەرعیەتەمان ماوە کە نوێنەرایەتی قوتابیان بکەین، بەزۆر دەستمان بەسەر ناوەندەکانی خوێندندا نەگرتووە، ئەمە جگەلەوەی ئەندامانی یەکێتی قوتابیان زۆرە، ناتوانین لەدەرەوەی ناوەندەکان کۆیانبکەینەوەو هیچ هۆڵێکی وەهامان نییە تا بتوانین کۆنفرانسیان بۆ بکەین، تا نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن". ئەندامەکەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان وتی "بەمافی خۆمانی دەزانینو هیچ کەسیش ناتوانێت ئەو مافەمان لێبستێنێتەوەو ڕێگەمان لێبگرێت".

پێشتر هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، بەنووسراوی فەرمی، ئاگاداری سەرجەم ڕێکخراوەکانیان کردۆتەوە کە نابێت ناوەندەکانی خوێندن بۆ کاری ڕێکخراوەیی بەکاربهێنن.

ڕۆژنامەی دەستوور لە
www.destur.net
بخوێنەرەوە



## کورتە...

### پارێزگاری کەرکوك بەبڕینی بودجەی شارەوانی تۆمەتباردەکرێت

بەرپرسانی شارەوانی کەرکوک پارێزگای کەرکوک بەبڕینی (٥) ملیار دینار لەبەشە بودجەی شارەوانی کەرکوک تۆمەتبار دەکەن، پارێزگاری کەرکوکیش هەڕەشەی سزادانی هەرکەسێک دەکات بەبڕینی بودجە تۆمەتباریان بکەن. •• لاپەڕە٤

### داوا لەبارزانی دەکرێت پیرمام جێبهێڵێت

ڕۆشنبیرانو پسپۆڕانی بواری سیاسی دەڵێن بوونی یەک بارەگا بۆ سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی، وادەکات تایبەتمەندی ئەو حیزبە بەسەرۆکایەتی هەرێم بدرێت، داواش دەکەن کە ئەگەر بارزانی تەنها وەکو سەرۆکی هەرێم مامەڵەدەکات دەبێت پیرمام بۆ حیزبەکەی جێبهێڵێت. •• لاپەڕە٥

### "ناکرێت لەسەر خوانی ماڵەباوان، خۆراکی گەشەکردنی خۆت هەڵبگریتەوە"

نووسەرو ڕووناکبیر پشکۆ نەجمەدین، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت جیابونەوەکان لەبزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا، لەسەر کێشەی فیکریو دنیابینی جیاواز نەبوون، پێشیوایە ئەقڵێکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵ ئەو جیابونەوانەدا نەکردووە، بۆیە بەکارەسات کۆتایی هاتوون. لەبارەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەڵێت هێشتا بزووتنەوە ئەو ئیشکالییەتە فیکریانەی تێنەپەڕاندووە، کە یەکێتی هەیبوو. •• لاپەڕە٦

### "ڕێککەوتنی ستراتیژی، دینامیکیەتی یەکێتی کوشت"

نووسەرو روناکبیر سەردار عەزیز لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت خەڵکی کوردستان دیموکراتخواز نین، بۆیە هەمیشە دیموکراسی لێرە لەمەترسی لەناوچووندایە، ئاماژە بەوەش دەدات کە حیزبەکانی کوردستان هیچیان نەریتی دیموکراسیان قبوڵ نییە، بەڵکو ناچارکراون کە دیموکراسی قبوڵبکەن. •• لاپەڕە٧

# حکومەتی هەرێم وەڵامی پەرلەمان ناداتەوە

**بیلال جەعفەر**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: لەماوەی چەند مانگی خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستاندا، زیاتر لە٢٠ پرۆژەیاسا لەلایەن پەرلەمانەوە خوێندنەوەی بۆ کراوەو ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراوە، تا سەرنجو بۆچوونەکانی لەسەر پرۆژەکان دەرببڕێت، بەڵام تائێستا حکومەت وەڵامی پەرلەمانی نەداوەتەوە.

ئارام قادر ئەندامێکی پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنی کۆمەڵ، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند: پرۆژەیاساکانی بودجەی حیزبەکان، راگرتنی دەستگیرکردنی بێپاساو، رەوشتی دادوەری، دەستەکانی ژینگەو مافی مرۆڤ، ناوچە دابڕاوەکان، یاسای هەموارکردنی یەکەمی یەکێتی ژووری بازرگانی هەرێم، یاسای دەستەی


پەرلەمانی کوردستان

پشکنینو کۆنترۆڵی جۆریو چەندین پرۆژەیاسای دیکە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراون، وەڵام نەدراونەتەوە.

ئارام قادر ئاماژەی بەوەدا: لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم خۆی پێویستی بەکۆمەڵێکی زۆر پرۆژەیاسا هەیە، بەڵام بەداخەوە سستی دەنوێنێتو بەرێژەیەکی زۆرکەم پرۆژەیاسا ئاراستەی پەرلەمان دەکات.

ئارام قادر، هۆکاری سستیەکەی حکومەتی هەرێم بۆ پەیڕەوو پرۆگرامی پەرلەمان دەگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی کاتێکی بۆ وەڵامدانەوەی پرۆژەیاساکان لەلایەن حکومەتەوە دیارینەکردووە، وتی "هۆکارێکی تر دەستتێوەردانی کەسی لەسەرجەم دەسەڵاتە ئیداریو تەنفیزییەکانی حکومەتی هەرێمدا هەیە".

# ٨٠ مامۆستاو نووسەر دەوامناکەنو موچە وەردەگرن

**فەرمان خێڵانی لەخانەقین**

ماوەی دوو ساڵە، زیاد لە٨٠ مامۆستاو نووسەری میلاک لەخوێندنگەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خانەقین، بەبێدەوام موچە وەردەگرن، ئەندامێکی لیژنەی بەدواداچوونو چاودێری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خانەقین کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت: لیژنەکەیان بەدواداچوونیان بۆ کردووە، ئەو ٨٠ مامۆستاو نووسەرانەیان دیاریکردووە کە دەوامناکەنو موچە وەردەگرن، وتی "رەنگە رێژەکە زیاتریش بکات لەبەرئەوەی هێشتا بەتەواوی جەردمان نەکردووەو نەمانخستۆتە سەر لیستی موچە".

حسێن سایە بەڕێوەبەری پەروەردەی خانەقین، هەواڵەکە بەناڕاست دەزانێو دەڵێت "مامۆستا هەیە نەخۆشەو مۆڵەتی تەندروستی هەیە، ئێمەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مۆڵەتمان پێداوە یان حاڵەتێکی تایبەتی هەیەو مۆڵەتمان پێداوە، ئەگینا رێگەمان بەهیچ فەرمانبەرو مامۆستایەک نەداوە بەبێدەوام موچە وەربگرێت".

# پەروەردەی سلێمانی کرێچییەو خوێندنگاکانیش کراونەتە بارەگای حیزبی

**پ. دەستوور**

پەروەردەی سلێمانی زیاتر لە٣٠ بینای بۆ قوتابخانە بەکرێگرتووە، لەکاتێکدا زیاتر لە٢٠ بینای وەزارەتی پەروەردە لەلایەن حیزبەکانو ئەو خێزانە ئاوارانەی لەدوای راپەڕینەوە هاتونەتە سلێمانی داگیرکراون.

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت: بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیانو خوێندکارانەوە، پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی دووچاری گەورەترین گرفت بۆتەوە کە خۆی لەکەمی قوتابخانەدا دەبینێتەوە، وتی "بەهۆی زۆری قوتابیانەوە بەناچاری چەند تەلارێکمان بەکرێگرتووە".

کەمال نوری، وتی "٢٥ قوتابخانەو خوێندنگامان لەلایەن حیزبەکانو ئەو خێزانە ئاوارانەی لەدوای راپەڕینەوە هاتونەتە سلێمانی داگیرکراونو ئێستا زیاتر لە٣٠ بینامان بۆ قوتابخانە بەکرێگرتووە". کەمال نوری دەڵێت: چەندین نووسراویان بۆ وەزارەتی پەروەردەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردوە، تەنانەت نوێنەریان سەردانی ئەو لایەنانەیان کردووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک وەڵامی داواکەیان نەدراوەتەوە، وتی "پێموایە بەمنزیکانەش هیچمان بۆ ناکرێت".

# سەندیکای کارمەندانی تەندروستی پسوڵەی ١٠ هەزار دیناریی بەئەندامانی دەبڕێت

**پ. دەستوور**

بۆ پێدانی دەرماڵەی مەترسی، لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی فۆڕمی ئەندامێتی ساڵانە بەبڕی ١٠هەزار دینار بەکارمەندانی تەندروستی سنوری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی پڕدەکاتەوەو هەر کارمەندێکی تەندروستیش ئەو فۆڕمە پڕنەکاتەوە دەرماڵەی مەترسییەکەی پێنادرێت.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ئەگەر هەر کارمەندێکی تەندروستی کە ئەندامی سنوری لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستییە، فۆڕمی ساڵانەی سەندیکا پڕنەکاتەوە، پسوڵەیەکی ١٠ هەزار دیناریان بۆ دەبڕدرێت تا ناسنامەکانیان بۆ نوێبکەنەوە، دواتریش کارمەندەکان پسوڵەکان بۆ ژمێرییارەکانیان لەفەرمانگەی تەندروستی سلێمانی ببەنەوە تا ئەو دەرماڵەیان بۆ خەرجبکرێت.

د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی دەستوور، وتی "هەموو کەسێک ناتوانێت ئەو دەرماڵەیە وەربگرێت، بۆیە ئەو کەسانەی وەریدەگرن دەبێت پشتگیری سەندیکای کارمەندانی تەندروستیان هەبێت، تا بیسەلمێنن لەبواری تەندروستیدا کاردەکەنو دەرماڵەکەیان پێبدرێت، هەرچەندە سەرفکردنی دەرماڵەکە لەدەسەڵاتی مندایە". حەسەن مەحمود، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی "هەر کارمەندێکی تەندروستی کە بوو بەئەندامی سەندیکا دەبێت ساڵانە ئینتمای نەقابیی خۆی تازەبکاتەوە، دەرماڵەی هیچ کارمەندێکیش نابڕین".

سەرچاوەکەی دەستوور وتی "خەرجکردنی دەرماڵەی مەترسی بۆ کارمەندانی تەندروستی لەلایەن سەندیکاوە نییە، تا لەبەرانبەر نەبڕینیدا فۆڕم بەکارمەندان پڕبکەنەوە، بەڵکو ئەوە بەپێی سیستمی نوێی موچەی عێراق بڕیاری لێدراوە".

# مافپەروەرانی شارەزوور، هەڕەشەی کشانەوە لەئەندامێتی سەندیکاکەیان دەکەن

**کامەران کەریم لەشارەزوور**

مافپەروەرانی شارەزوور، لەهەوڵی کۆکردنەوەی ئیمزادان بۆ سەرفکردنەوەی دەرماڵەی پیشەیی کە لەلایەن حکومەتەوە بڕدراوە.

سۆران عومەر، ئەندامی لقی سەندیکای مافپەروەرانی شارەزوور کە سەرپەرشتیاری کۆکردنەوەی ئیمزای سنوری شارەزوور دەکات، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "پێشتر دەرماڵەی پیشەیی بەبڕی ٥٠٪ی موچەی بنەڕەتی بۆ مافپەروەران لەدەزگاکانی حکومەتدا خەرجدەکرا، بەڵام بەهۆی ئەو سیستمە تازەیەی موچەوە ئەو دەرماڵەیە بڕدراوە".

سۆران عومەر وتی "ئەگەر ئەو دەرماڵەیە نەگەڕێنرێتەوە بۆ مافپەروەران، ئەوا مافی ئەندامێتی خۆمان لەسەندیکادا دەکشێنینەوە".

ناسیح حەمە حسێن سەرۆکی دەستەی باڵای یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور پشتگیری سەندیکای بۆ ئەو هەڵمەتە دەربڕیو وتی "جێگری سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم نوێنەری تایبەتی خۆی ناردبووە لامانو سەرجەم کێشەو داواکارییەکانمان خستۆتە بەردەمیان، قسەشمان لەگەڵ هەردوو لیژنەی هاوبەشی وەزارەتی دارایی حکومەتی پێشوو کردوە، لەئێستادا چاوەڕوان دەکەین تا ئەو کاتەی بودجە پەسەنددەکرێت، سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڵێنی گەڕاندنەوەی ئەو دەرماڵەیەی پێداوین لەساڵی ٢٠١٠دا".

ناسح حەمە حسێن، ئەوەشی وت "گەربێتو ئەو بەڵێنانە جێبەجێنەکرێتو هەوڵەکانمان بەرز نەنرخێنرێت، ئەوا رێوشوێنی تر دەگرینەبەرو گەر پێویستیش بکات ماندەگرین".

# بۆ لابردنی سوی پێشینەی خانووبەرە، پەنا بۆ بەغداد دەبرێت

**زریان جەوهەر**

بۆ لابردنی سوی پێشینەی خانووبەرە، لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان، داوای نووسراوی فەرمی لەحکومەتی هەرێم دەکات کە پێشتر سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڵێنی زارەکی پێداون، هەڕەشەی پەنا بردن بۆ بەغداد دەکەن ئەگەر سوەکە لانەبرێت.

دکتۆر بەشیر خەلیل سەرۆکی لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئاینی لەپەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند: دوای چەندین دانیشتنی لیژنەکەیان لەگەڵ لیژنەی فتواو پسپۆڕانی ئابووری، بڕیاردراوە کە وازنەهێنن تاوەکو چارەسەری شەرعی ئەو گرفتە نەکەن، چونکە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە.

د. بەشیر خەلیل، وتی "سەرۆکی حکومەت بەڵێنی زارەکی پێداوین کە هەرچی سوو هەیە لایبەرێت، داواکارین سەرۆکی حکومەت بەنووسراوی فەرمی سوو لەسەر پێشینەی خانووبەرە هەڵبگرێتو قسەکانی بکرێتە بڕیاری حکومەت".

دکتۆر سەباح بەرزنجی پەرلەمانتاری لیستی کۆمەڵ، راگەیاندوە: ئەگەر حکومەتی هەرێم سووی خانووبەرە لانەبات، ناچارن پەیوەستیکەن بەمادەیەکی دەستووری عێراقو کێشەکە ببەنە حکومەتی ناوەند.



# مامەڵەی ١٠٠ زیندانی سیاسیی خانەقین وندەبێت

**سەلام و فەرمان لەخانەقین**

تا ئێستا موچە بۆ ١٠٠ زیندانی سیاسیی خانەقین نەبەستراوەو زەویشیان وەرنەگرتووە، بەرپرسانی زیندانی سیاسی خانەقینیش باس لەوەدەکەن کە ئەو زیندانیانە مامەڵەکانیان لەوەزارەتی دارایی و فەرمانگەی خانووبەرەی عێراقی ونبووەو دەبێت لەسەرەتاوە دەستپێبکەنەوە.

یەکێک لەزیندانیە سیاسیەکانی خانەقین، بەدەستووری وت "زیندانیانی سیاسی چ لەکوردستان و چ لەعێراق موچەی باش و زەوی و ئیمتیازیاتیان پێدراوە، کەچی ئێمە تا ئێستا نە موچەمان بۆ بەستراوەو نە زەویشیان پێداوین".

غالب غەفور بەرپرسی لیژنەی بەدواداچوونی لقی خانەقینی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان، دەڵێت "ئەو زیندانییە سیاسیانەی کە تا ئێستا موچەو زەویان وەرنەگرتووە، ١٠٠ زیندانی سیاسین و مافی خۆیانە داوای موچەو زەوی بکەن، ئێمە مامەڵەو ئەوەلیاتەکانیانمان ناردووە بۆ حکومەتی ناوەند، بەڵام ئێستا دەڵێن ئەم ١٠٠ زیندانیە مامەڵەو ئەوەلیاتەکانیان لەوەزارەتی دارایی و فەرمانگەی خانووبەرەی بەغداد ونبووە، دەبێت دووبارە لەسەرەتاوە دەستپێبکەنەوە".

# دەستوور ناگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان

**پ. دەستوور**

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، بەدووری دەزانێت کە هیچ لیستێک بتوانێت جارێکیتر دەستووری هەرێمی کوردستان بگەڕێنێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، بەوپێیەی دەنگی ٣/٢ ئەندامان پێویستە بۆ داواکردنی گەڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان.

شێروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەبەرئەوەی کە بەدەنگی ٣/٢ پەرلەمانتاران لەخولی پێشتر ئەو دەستوورە دەنگیهێناوە، بۆیە بەدووری دەزانم بتوانین بیگەڕێنینەوە ناو پەرلەمان و دووبارە لیژنەیەک پێکبهێندرێت تا کار لەسەر ئەو کەموکوڕییانەی ئەگەر هەبێت بکرێت".



مشتومڕ لەسەر دەستوور کۆتایی نایەت

حەیدەری ئاماژەی بەوەدا: بەئیمزای ١٠ پەرلەمانتار دەستوورەکە ناگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، "چونکە بەدەنگی ٣/٢ ئەندامان پەسەندکراوە، ئەگەر هاتوو کار بۆ ئەوە بکرێت کە دووبارە بهێندرێتەوە هۆڵی پەرلەمان، ئەوا پێویستی بەدەنگی ٣/٢ ئەندامانی پەرلەمان دەبێت کە من پێموایە ئەو دەنگانەش زۆر زەحمەتە و شتی وەها مەحاڵە".

رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤، دەستووری هەرێمی کوردستان بەدەنگی ٣/٢ پەرلەمانتاران پەسەندکرا.

# گروپی ٨٨ی هەڵەبجە، هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن

**چۆمان هەڵەبجەیی**

لەبەیاننامەیەکدا کە چەند رۆژێکە ئاڕاستەی بەرپرسانی شارەکە کراوە، گروپی ٨٨ی هەڵەبجە، ناڕەزایی بەرامبەر کەموکورییەکانی بواری تەندروستی دەردەبڕێت و سەرباری تورەبوونیان لەوەزیری تەندروستی، هەڕەشەی ئەنجامدانی خۆپیشاندان دەکەن.

ناسیح عەبدولڕەحیم بەرپرسی گروپەکە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند: بەرامبەر بەو کەموکوڕیانەی کە لەدەزگا تەندورستییەکانی هەڵەبجەدا هەیە، رێکخراوی ٨٨ بەنیاز بوو خۆپیشاندان بکات، بەڵام بەرپرسانی شارەکە بەڵێنی چارەسەری کێشەکەیان داوە، وتی "گەر ئەو کەموکوڕییانە چارەسەرنەکرێت، ناچارن خۆپیشاندان بکەن".

د. ئالان محەمەد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی شارەزوور، بێئاگایی خۆی بەرامبەر خۆپیشاندانەکە دەربڕی و وتی "گەر رێپێوانیش بکەن، بەهۆی کەمی خزمەتگوزاریی و کەڵەکەبوونی گرفتی خزمەتگوزارییە لەهەڵەبجەی شەهید کە پێشتر لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەڵێنی هێنانی پزیشکمان بەهاووڵاتیان داوە، لەهەمانکاتدا پلانمان دارشتووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی تەندروستی لەناوچەکەدا".

لەبەیاننامەکەی گروپی ٨٨دا، داواکراوە حکومەتی هەرێم پزیشکی کارامە بهێنێتە نەخۆشخانەکانی هەڵەبجەو چاودێری دەوامی پزیشکەکان بکات، چاودێری داراییش لەخەرجکردنی ئەو پارەیە بکۆڵێتەوە کە بۆ بواری تەندروستی تەرخانکراوە.

# وەزارەتی ناوخۆی عێراق، فەرمانی کارگێڕی بۆ ئەفسەرانی دەرچووی قەڵاچوالان و زاخۆ دەرناکات

**فەرمان و سەلام لەدیالە**

تا ئێستا وەزارەتی ناوخۆی عێراق، فەرمانی کارگێڕی بۆ ٦٥ ئەفسەری لیوای ٨ی پاسەوانی سنوری دیالە دەرنەکردووە کە کۆلێژە سەربازییەکانی قەڵاچوالان و زاخۆیان تەواوکردووەو بەرپرسی لیواکەش ئەو کارەی وەزارەتی ناوخۆ بەمەترسی دەزانێت.

عەمید نازم وەستا شەریف فەرماندەی لیوای ٨ی پاسەوانی سنوری دیالە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "وەزارەتی ناوخۆی عێراق دان بەئەفسەرانی دەرچووی ئەکادیمیا سەربازییەکانی کوردستاندا نانێت، متمانەیان پێناکات".

عەمید نازم وەستا شەریف ، وتی "دەرنەکردنی فەرمانی کارگێڕی بۆ ئەو ئەفسەرانە، جێگەی مەترسییە، لەبەرئەوەی ئەم لیوایە لەسنوری پارێزگایەکدایە کە بەشێک لەناوچە دابڕاوەکانی کوردستانی تێکەوتووە، هەرکات وەزارەتی ناوخۆی عێراق بیەوێت چەند ئەفسەرێکی عەرەب دەنێرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی، بەمەش پێگەی کورد لەلیواکەدا بەرو نەمان دەچێت".

# حکومەتی ناوەند، داوای ئینتیمای سیاسی لەهاووڵاتیان دەکات

**فەرمان و سەلام لەخانەقین**

نووسینگەی لێپێچینەوەی فیدراڵی خانەقین، لەڕێگەی موختارەکانەوە، فۆرمێکی زانیاری بەهاووڵاتیان پڕدەکەنەوەو داوای دەستنیشانکردنی ئینتیمای سیاسی دەکەن، هاووڵاتیان و لایەنە سیاسییەکانی خانەقینیش ئەمکارە بەپێشێلکردنی ئازادی سیاسی و چاوترسێنکردنی خەڵک وەسفدەکەن.

موختاری یەکێک لەگەڕەکەکانی خانەقین کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، بەدەستووری وت "ئێمە لەڕێگەی مەکتەب تەحقیقاتی فیدراڵی خانەقینەوە ئەم فۆرمانەمان پێدراوە، دەبێت لەماوەیەی هەفتەیەکدا بۆیان بگەڕێنینەوە، بەڵام لەڕێگەی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتیەوە پێمان وترا کە فۆرمەکان کۆ بکەینەوەو واز لەوکارە بهێنین".

دیاری حسێن بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت: سەردەمی حیزبایەتی گۆڕاوەو باوی ئەوە نەماوە بەوشێوەیە بتەوێت بزانیت چەند لایەنگرت هەیە، وتی "بەڵام ئێمە کاری لەوجۆرەش بەباش نازانین و هەڵوێستیش وەرناگرین لەبەرامبەر ئەوکارەی مەکتەب تەحقیقاتدا، لەبەرئەوەی هەر حیزبەو بۆخۆی کار دەکات و تەداخولی کاری هیچ لایەن و کەسێک ناکەین".

سەلاح کوێخا بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی، ئاماژە بەوە دەکات "ئەو فۆرمە لەدیالەوە هاتووەو ئێمە ئاگاداری نەبووین، بەڵام ئێمە قبوڵی شتی لەوجۆرە ناکەین و فشارمان خستە سەر موختارەکان و فۆرمەکانیان کۆکردەوەو وازیان لێهێنا، لەبەرئەوەی ئەوە پیلانێکی حکومەتی ناوەندە بۆ چاوترسێنی هاووڵاتیانی کورد".

ئەحمەد حەقی بەڕێوەبەری نووسینگەی خانەقینی لێپێچینەوەی فیدراڵی ئامادە نەبوو لێدوان لەوبارەیەوە بدات.

# قایمقامیەتی کەلار هەڵگرتنی چەک و مەی خواردنەوە قەدەغەدەکات

**ئاوارە محەمەد**

لەشاری کەلار، دیاردەی دزیکردن و هەڵکوتانە سەر ماڵان سەریهەڵداوەو قایمامیەتی شارەکەش لەڕاگەیەندراوێکدا هەڵگرتنی هەموو جۆرە چەکێک و خواردنەوەی مەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە قەدەغەدەکات.

جەلال شێخ نوری قایمقامی قەزای کەلار، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بەهۆی ئەو نائارامییەوە کە لەچەند هەفتەی رابردوودا لەکەلار دروستبووە، هاووڵاتیانی دووچاری دڵەڕاوکێ بوون و شەوانە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بۆ پارساتنی سەلامەتی هاووڵاتیان لەناو شارۆچکەکەدا دەسوڕێنەوە".



نائارامیی دۆخی ئەمنی لەکەلار پەرەدەستێنێت

لە راگەیەندراوێکیشدا، قایمقامیەتی کەلار، ئاماژە بەقەدەغەکردنی چەکهەڵگرتن دەکات بەهەموو شێوازەکانییەوە، تەنانەت هەڵگرتنی ئەو چەکانەی بۆ راوکردنیش بەکاردەهێنرێت وەک تاپڕو بادی.

هەروەک کڕین و فرۆشتنی قەمەو بۆکس خەنجەرو ئەوجۆرە ئامێرانەی بۆ شەڕ بەکاردەهێنرێن قەدەغەکراوە.

هەر بەپێی بڕیارەکەی قایمقامیەتی کەلار، رێگە بەهاووڵاتیانی ناوچەکە نادرێت لەشوێنە گشتیەکاندا مەی بخۆنەوە.

وریا ئەحمەد کە هاووڵاتیەکی شارۆچکەی کەلارە، وتی "بارودۆخەکە خراپەو شەوان هەڵدەکوترێتە سەرماڵان و دزیدەکرێت و تەرم دەدۆزرێتەوە، پێویستە لایەنەکانی پەیوەندیدار چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەن.

لەبارەی ئەو رووداوانەی لەشارۆچکەی کەلارو دەروبەری رویانداوە، دەستوور پەیوەندیکرد بەبەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاسایشی گەرمیانەوە، بەڵام ناوبراو ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەسەر ئەو مەسەلەیە بدات.

# روونکردنەوە

لەلاپەڕە (٩)ی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەکەماندا راپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەکۆمپانیاکانی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، لەراپۆرتەکەدا هاتووە، قازانجی کۆمپانیای هەپی لاند لەپرۆژەی (کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی لاوان) (٤٠) ملیۆن دۆلارە، لەراستیدا بڕی قازانجەکە (١٧) ملیۆن و (٢٥٠) هەزار دۆلارە.

بەهەمان شێوە قازانجی کۆمپانیای بەرێز لەپرۆژەی (هاموون ستی) شاری کۆیە (١٥) ملیۆن دۆلار نییە، بەڵکو (٣) ملیۆن دۆلارە.

لەبەرئەوەی لەلاپەرەی ئابووریدا ئەو داتایە بەهەڵە نوسراوە، بۆیە ئەو روونکردنەوەیەمان بەپێویستزانی.

www.arsivakurdi.org

# داوا لەبارزانی دەکرێت پیرمام جێبهێڵێت

## ڕۆشنبیران دەڵێن بارزانی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەی بەکاردەهێنێت

**کاروخ و دوێن لەسلێمانی**

ڕۆشنبیرانو پسپۆڕانی بواری سیاسی دەڵێن بوونی یەک بارەگا بۆ سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی، وادەکات تایبەتمەندی ئەو حیزبە بەسەرۆکایەتی هەرێم بدرێت، داواش دەکەن کە ئەگەر بارزانی تەنها وەکو سەرۆکی هەرێم مامەڵەدەکات دەبێت پیرمام بۆ حیزبەکەی جێبهێڵێت.

ڕەخنەگران داوا لەبارزانی دەکەن واز لەپۆستی سەرۆکی پارتی بهێنێتو خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم تەرخانبکات، هەروەها لەپایەتەختەوە کارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕاپەڕێنێتو پیرمام جێبهێڵێت.

یوسف محەمەد سەرۆکی بەشی زانستەسیاسییەکان لەکۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵی سەر بەزانکۆی سلێمانی ئاماژە بەوەدەکات: لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا کۆشکی سەرۆکایەتی بەبەشێک لەسەروەری ئەو گەلو نەتەوەیە دەژمێردرێت کە لەووڵاتەدا دەژین، بۆیە بەڕای ئەو پێویستە لەکوردستان گرنگی بەو دامەزراوەیە بدرێت کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە.

ئەو پسپۆڕە سیاسییە وتیشی "دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم پێویستە جیابکرێتەوە لەپۆستی سەرۆکی هەر حیزبێک لەحیزبەکانی کوردستان".

لەناو شاری هەولێردا بینایەک هەیە، بەناوی بارەگای سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵام بارزانی هیچکات لەو بینایە دەوام ناکات، بەڵکو بارەگاکە تەنها بۆ پێشوازیکردنە لەمیوانەکانیو دواتر لەوێوە میوانەکان دەبرێنە پیرمام.

ئەحمەد میرە سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بەدەستووری وت "سەرۆکی هەرێم ڕەنگە بەشیاوی نەزانێت لەپایەتەختدا دابنیشێت، ئەوەش بۆخۆی دوورە لەئەتەکێتی دەوڵەتداریو سەرۆکایەتیکردنی دەوڵەت، پێویستە هەمیشە سەرۆک لەپایەتەختبێتو ئاگاداری کاروبارەکانی حکومەتو ناوخۆی کوردستان بێت".

بارەگای مەکتەبی سەرۆکو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپیرمامە، بارەگای سەرۆکایەتی هەرێمیش لەنزیک بارەگای سەرۆکی پارتی لەپیرمام دروستکراوە.

لەهەموو وڵاتانی دونیادا کاتێک کەسێک دەبێتە سەرۆکی وڵات، سەرۆکی پێشوو بارەگاکەی بۆ چۆڵدەکات، بەڵام پسپۆڕانی سیاسی ئاماژە بەوەدەکەن، بارزانی هیچکات ئەو بارەگایە چۆڵناکات، لەکاتێکدا ئەگەر لەداهاتوودا کەسێکیتر ببێتە سەرۆکی هەرێم، بۆیە ئەوشوێنەی ئێستا بارزانی حکومی لێوە دەکات، بەبارەگای سەرۆکی هەرێم دانانێن.

لەخولی پێشووی سەرۆکایەتی هەرێم، بارزانی لەپیرمامو جێگرەکەی لەهەولێرەوە کارەکانی خۆیان دەکرد، ئەوەش بەلای ڕۆشنبیرانەوە ئەوە نیشاندەدات کە تائێستا سەرۆکایەتی هەرێم بارەگایەکی تەواوی نییە.

یوسف وتی "لەبەرئەوەی جێگری سەرۆکی هەرێم سەر بەپارتی نییە، بۆیە لەبارەگای سەرۆکایەتی هەرێم کاری نەدەکرد، چونکە بارەگای بارزانی بارەگای سەرۆکایەتی پارتیبوو".

ڕەزا تۆفیق سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەپاڵ هەریەک لەبارەگاکانی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران، دەبێت بارەگای سەرۆکی هەرێمیش لەپایەتەخت بێت، بەڵام دیارە سەرۆکی هەرێم ماڵی خۆیەتی یان بارەگای حیزبەکەیەتی کردوویەتیە بارەگای سەرۆکایەتی هەرێم".

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن وتی "ئەگەر لەدوای چوار ساڵیتر ئەو سەرۆکەی ئێستا هەڵنەبژێردرێتەوە، سەرۆکی داهاتوو لەکوێ دابنیشێت؟ ناکرێت سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر شاخێک بێت کەس نەتوانێت بگات پێی، بەڵکو پێویستە خەڵک سەرۆکی هەرێم ببینێت، نەک سەرۆکی هەرێم تەنها ئەو کەسانە ببینێت کەخۆی دەیەوێت".

بەڕای سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن، ئەو شێوازی حکومکردنە، شێوازێکە لەشێوازەکانی حوکمی دیوەخانانە.

بەڕای ئەحمەد میرە، مانەوەی بارزانی لەپیرمام، ئەو لایەنە سایکۆلۆژییەی کورد نیشاندەدات کەهەمیشە حەزی لەوەیە لەبەرزاییەوە بڕوانێت بۆ خوار خۆیو وتی "ئەوەش کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی هەیە".

ئەحمەد میرە دەڵێت "یەکێکیتر لەهۆکارەکانی دانەنانی بارەگای سەرۆکایەتی هەرێم لەهەولێر پەیوەستە بەحاڵەتی ئاسایشی کوردستانەوە، ڕەنگە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پێیوابێت کەئاسایشی خۆیو ئاسایشی سەرۆکایەتی هەرێم واپارێزراوتر دەبێت کەدوور لەخەڵک بێت".

جگە لەوەی مەسعود بارزانی پابەند نییە بەوەی بارەگای سەرەکی سەرۆکایەتی هەرێم بباتە هەولێرو دەوامی لێبکات، تۆمەتباریش دەکرێت بەوەی کە نەیتوانیوە دادپەروەرانە مامەڵەبکات وەک سەرۆکی هەرێم، بەڵکو پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندی حیزبی ئیستغلالکردووە.

سەرۆکی هەرێم لەیادی دامەزراندنی کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیو پارتیدا پیرۆزباییان ئاراستە دەکات، بەڵام بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکانیتر ئەوە دووبارە نابێتەوە.

محەمەد حاجی جەلال، لێپرسراوی نووسینگەی هەولێری کەناڵی ئاسمانی پەیام، بەئاسایی دەزانێت ئەگەر مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، وەک سەرۆکی حزبەکەی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندن بۆ کەناڵە حزبیەکان بنێرێت، وتی "ئەوە نائاساییە کە لەکاتێکدا بەناوی سەرۆکی هەرێمەوە پیرۆزبایی لەدوو کەناڵی حیزبی بکات، بەڵام بۆ هەمان بۆنە پیرۆزبایی لەکەناڵەکانی دەرەوەی دەسەڵات نەکات".

داهێن هاشم، لێپرسراوی نووسینگەی هەولێری کەناڵی knn، دەڵێت "دەسەڵاتی کوردی، فۆرمی دەسەڵاتێکی خێڵەکی وەرگرتوە، فۆرمی دەسەڵاتێکی نادامەزراوەییو تەواو حزبیە، بەرپرسانی حکومەتیش ناتوانن بەهۆی ململانێ حزبیەکانەوە خۆیان لەو چوارچێوەیە ڕزگاربکەن".

محەمەد حاجی جەلال، وتی "چاوەڕێی ئەوەدەکەین کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبستێت بەوەی بەیەکسانی سەیری هەموولایەنەکان بکات".

ڕۆشنبیرانو پسپۆڕانی سیاسی، ئاماژە بەوەدەکەن: دەبێت تایبەتمەندی زیاتر بەو پۆستە بدرێتو سەرۆکی هەرێم دوور لەهەر ئینتیمایەکی حیزبی مامەڵەبکات.

یوسف محەمەد وتی "سەرۆکی هەرێم دەبێت دوور لەکارەکەی وەک سەرۆکی یەکێک لەپارتەکانی کوردستان، گرنگی بەو پۆستە بدات کە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەدەستیهێناوە".


مەسعود بارزانی

# هەژموونی حزبی، بەسەر هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێمەوە هەیە

## ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان، بەهۆکارێک بۆ سنوردارکردنی سێ دەسەڵاتەکە دەزانرێت

**پ. دەستوور**

هەوڵی کاراکردنەوەی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان، بۆچوونی جیاوازی لێدەکەوێتەوەو پەرلەمانتارانو ڕۆژنامەنووسان بەهۆکاری سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانی پەرلەمانو حکومەتو دادوەری وەسفیدەکەنو بەشێک لەحیزبە سیاسییەکانیش بوونی ئەو ئەنجومەنە بۆ ئەمڕۆی کوردستان بەپێویست دەزانن.

پاش ئەو هێرشی ڕاگەیاندنەی کە لەچەند لایەنێکەوە کرایە سەر یەکتری، ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە، سەرۆکی هەرێم بانگهێشتی سەرجەم ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی کردو بەپێی ئەو بەیاننامە چوار خاڵیەی کە لەدوای کۆبوونەوەکە بڵاوکرایەوە، هەموو هێزە سیاسییەکان کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە ئەم ئەنجومەنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرکێشەیەک کە لەئاییندەدا ڕوودەدات کارابکرێتەوە.

بۆ بەشداریکردن لەو بڕیارە سیاسییانەی کە سەبارەت بەهەرێمی کوردستان دەدرێن، پێنج حیزبی کوردستانی کە پێکهاتبوون لە (زەحمەتکێشان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست، شیوعی) داوای دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانیان کردو لەڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٩ ڕاگەیەنراو سەرۆکی هەرێم سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی دەکرد کە مانگی جارێک کۆدەبووەوە، بەڵام بەهۆی بڵاوکردنەوەی یاداشتێک لەلایەن چوار لەوحیزبانە، جگە لەحیزبی شیوعی، لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨دا، کارەکانی ئەنجومەنەکە ڕاگیرا.

سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بوونو کاراکردنی ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکانی بەگرنگ وەسفکردو ڕایگەیاند کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکە پەیوەندی بەئەمنی نیشتمانی هەرێمەوە هەیەو نابێتە بەدیلی دەسەڵاتەکانیتر.

عوسمان بانیمارانی یەکێک لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەلێدوانێکدابۆدەستوور: دامەزراندنی ئەنجومەنەکە بەخۆدزینەوە لەیاسا دەزانێت، دەڵێت بۆیە تاکو ئێستا لیستی گۆڕان بڕیاری نەداوە بەشداری لەو ئەنجومەنە بکات "پێویستە لەبری دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە دەزگاکانی ئێستا بەیاسایی بکرێت".

عەبدولستار مەجید وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت: ئەگەر بزانن جارێکیتر یەکێتیو پارتی ئەو ئەنجومەنە بخەنە ژێرڕکێفی خۆیانەوە، بەشداری لەدامەزراندنی ئەنجومەنەکەدا ناکەن، وتی "بارودۆخی کوردستان پێویستی بەئەنجومەنێکی لەمشێوەیە هەیە، بەڵام نەک حیزب دەستی بەسەردابگرێت وەک ئەوەی دەستی بەسەر حکومەتدا گرتووە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بوونی وەها ئەنجومەنێک بەپێویست دەزانێت، تەنها لەحاڵەتێکدا کە ببێتە پشتیوانو پاڵپشتی حکومەتو پەرلەمان، بەڵام دژی دەوەستنەوە ئەگەر دەستوەردانی لەئیشو کارە یاساییەکاندا هەبێت.

سەمیر سەلیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە، ئاماژەی بەوەدا: لەهەموو دنیادا ئەنجومەنی نەتەوەیی هەیە، ڕۆڵی خۆی دەگێڕیت وەک پشتیوانی نەک بۆ دەستوەردان لەکاروباری حکومەت.

سەمیر سەلیم، دەڵێت ئەگەر ئەو ئەنجومەنە وەک ڕابردوو کاربکات، ڕەنگە نەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی خۆی بگێڕێت.

سەبارەت بەهۆکاری متبوونی ئەو ئەنجومەنی بۆ ماوەی چەند مانگێک، سەعدی ئەحمەد پیرە وتی "لەماوەی ڕابردودا بەشێک لەحیزبەکانی ئەندام لەئەنجومەنەکە، کێشەکانیان لەناو کۆبوونەوەکاندا باس نەدەکرد، بەڵکو لەڕێگەی میدیاکانەوە قسەی خۆیان دەکرد، ئەمە بووەهۆی ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە".

سەمیر سەلیم بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی سەعدی پیرەوە، هۆکاری لاوازبوونی ئەنجومەنەکە بۆ هەڵوێستی سیاسی حیزبە بەشداربووەکان لەخستنەڕووی کەموکوڕییەکان گێڕایەوە، وتی "هەڵوێستی چوار حیزبەکە لەپێشکەشکردنی یاداشتو ڕوونکردنەوە لەخستنەڕووی کەموکوڕییەکان، بووەهۆی دوورخستنەویان لەیەکتری نەک شتیتر".

ئەندامانی پەرلەمان، بوونی پێکهاتەیەک بەناوی ئەنجومەنی پارتە ساسییەکانەوە، بەهۆکارێک بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری وەسفدەکەن، بەزیادەی دەزاننو پێیانوایە دەبێت پەرلەمان مەرجەعی ئەساسی بێت نەک حیزبەکان.

کوێستان محەمەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، بوونی ئەنجومەنەکە بەزیادە دەزانێت، وتی "دەبێت پەرلەمان ببێتە مەرجەعی ئەساسی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە چارەنووسسازە سیاسییەکان، نەک لەدەرەوەی ئیرادەی پەرلەمان حیزبی سیاسی بڕیاردەربێت".

کوێستان محەمەد، ئاماژەی بەوەشکرد: ئێستا هەیمەنەی حیزبی سیاسی بەسەر هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێمەوە هەیە، ئەمەش وایکردووە پارتی سیاسی خۆی بکاتە بەدیلی هەرسێ دەسەڵاتەکەو ئەو دەسەڵاتانە بکاتە کارتۆنیی.

کوێستان دەڵێت: ئەزمونی ڕابردووی هەرێم سەلماندوویەتی کە کاراکردنی ئەم ئەنجومەنە بۆئەوەیە حیزبی سیاسی بەبێئیرادەی پەرلەمان، بڕیار لەسەر دۆسیە چارەنووسسازەکان بدات.

سەمیر سەلیم، ڕەتیکردەوە کە ئەو ئەنجومەنە ببێتە هۆی لاوازی پەرلەمان، وتی "لەکاتێکدا کە پەرلەمان خۆی چەقبەستوو بێت، ئەوا لەبەردەم سیاقە سیاسییەکاندا گیرخواردوو دەبێت".

ڕۆژنامەنووسانیش دژی کاراکردنی دەسەڵاتی حیزبینو پێیانوایە، بەهۆی بوونی سێ دەسەڵاتەکە، ئەنجومەنی پارتەکان شتێکی زیادەیەو پێویست بەکاراکردنی ناکرێت.

ئەنوەر حسێن ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، دەڵێت "ئەگەر دروستکردنی ئەم ئەنجومەنە، تەنها بۆ ئەوەبێت کە دڵی چەند کەسێک ڕازیبکاتو تەنها لەکاتی تەنگەژەو قەیرانەکاندا خۆی نیشانبدات ئەوا ئاکامی نابێت".

ئەنوەر دەڵێت وەک چۆن هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکە، هۆکارێکی واقیعی لەپشتەوە نەبوو، دروستکردنیشی بەهەمان شێوەیە، "ئەگەر ئەو ئەنجومەنە کارادەکرێت، ئەی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم ئیشیان چییە؟". ئەو ڕۆژنامەنووسە، بەپێویستیزانی کە لەکاتی دروستبوونی هەر تەنگەژەیەکدا، سەرۆکی هەرێم خۆی بچێتە پەرلەمان بۆ چارەسەرکردنی، بەوپێیەی کە مەرجەعی گشتییە، نەک ئەوەی دەزگایەکی تری باڵا پێکبهێنرێتو لەدەرەوەی پەرلەمان بڕیاربدات. بەهۆی قورسیو ئاڵۆزی دیارینەکردنی وتەبێژو ئاسانکاریی نەکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان، هەوڵەکانی دەستوور بۆ وەرگرتنی ڕای سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر ئەو کێشەیە، بەئاکام نەگەیشت.


لەکوردستان دەسەڵاتەکان لەیەکتر جیانەکراونەتەوە

www.arsivakurd.org

# هی خۆم بۆ خۆم هی تۆش دەخۆم

## عەرەبەکانی کەرکوک نایانەوێت کێشەی موڵکداری چارەسەر بێتو زەوییە داگیرکراوەکان بۆ کوردو تورکمانەکان ناگەڕێننەوە

**زانیارداقوقی**

دەستپێشخەری هەوڵەکانی نوێنەری یونامی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری لەکەرکوک، کوردو تورکمان یەکدەخاتو عەرەبەکانیش توڕە دەکات، کوردو تورکمانەکانیش، پێنج پێشنیار دەدەنە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان

میڵگرد نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەعێراق (یونامی) هەفتەی پێشوو سەردانی کەرکوکی کرد، لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا دەستپێشخەری بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری لەکەرکوک کرد.

میڵگرد ڕەخنەی لەدەستەی موڵکداری عێراق گرت، تەئکیدی لەسەر ئەوەکردەوە هەوڵەکانی بەگەڕ دەخات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو خەڵکی پسپۆڕیش بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانەی کەرکوک دەکات.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر لیستی برایەتی، ڕایگەیاند لەدانیشتنەکەی ئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، لیستی برایەتیو تورکمان یەک هەڵویست بوون، بەڵام عەرەب پشتگیری لەو هاوردانە دەکەنو داوادەکەن زەوییەکانیان لێنەسەنرێتەوە.



**کێ دەتوانێت موڵکە داگیرکراوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان؟**

تەحسین کەهیە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو بەرپرسی نوسینگەی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق، پێیوایە ئادمیلکر نوێنەری یونامی چارەسەرێک بۆ ئەو کێشانە دەدۆزێتەوە، بەڵام پێویستی بەتەرخانکردنی بودجەیە بۆ قەرەبوکردنەوەی زەرەرمەندان.

عەسکەری، بڕوای وابوو، چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری لە٨٠٪ی کێشەکانی مادەی١٤٠ ئاسان دەکات.

کەهیە، داوای لەنەتەوەیەکگرتووەکان کرد، ڕێنەگرن لەسزادانی ئەو کەسانەی کە موڵکی خەڵکیان داگیرکردوە، وتی "دەبێت ئادمیلکر ئاگاداری لیژنەو بڕیارەکانی یاسای ژمارە (٢)ی دەوڵەت بێت کە تایبەتە بەچارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری".

ئەحمەد عەسکەری، باسی لەوەشکرد "گەر نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری بەم میکانزمە ئاسان نەکات، ٥٥ ساڵ دەخایەنێت، چونکە لەکۆی ٤٥ هەزار کێشەی موڵکداری، تەنها پێنج هەزارییان چارەسەرکراوە".

ئەو ئەندامەی لیستی برایەتی، ئاشکرایکرد ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێنج پێشنیاری ئاڕاستەی نوێنەرەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە بۆ گۆڕینی میکانزمی چارەسەرکردنی کێشەکە، لەوانە: هاتنی دادگای تەمیز بۆ کەرکوک، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی بەعس، قەرەبوکردنەوەی ئەنفالەکان، ئاوەدانکردنەوەی گوندە ڕوخاوەکان، گەڕانەوەی ئەو موڵکانەی بەیاسا زەوتکراون بۆ خاوەنەکانیان، کە زۆربەیان کراونەتە موڵکی وەزارەتەکانی بەرگریو نەوت، هەڵوەشاندنەوەی تاپۆکانی عەلی حەسەن مەجیدو پیاوانی بەعس، کە تا ئێستا ملیۆنێکو ٣٠٠ هەزار دۆنم زەوی بۆ خاوەنەکانیان نەگەڕێنراونەتەوە.

عەسکەری ئاماژەی بەوەدا نەتەوە یەکگرتووەکان تاوتوێی پێشنیارەکان دەکەنو دواتر ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەن، بەمەبەستی بەیاسایکردنی ئەو پێشنیارانە.

ڕاکان سەعید جبوری جێگری پارێزگاری کەرکوک لەسەر لیستی گردبونەوەی عەرەبی، دەڵێت نوێنەری نەتەوەیەکرتوەکان هیچی نوێی بۆ کەرکوک پێ نەبووەو هیچی پێناکرێت، وتی "ئەرکی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان چاودێریکردنە نەک جێبەجێکردن، چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری ئاسان نیەو هاتنی نوێنەری نەتەوەیەکگرتوکانیش، تێکدانی بارودۆخی هەڵبژاردنەکانە".

جبوری، بڕوای وابوو ئێستا کاتی ئەو پێشنیارانە نیە، بەڵکو کاتی هەڵبژاردنەو کارەکانی ئەو نوێنەرەش سەرکەوتو نابێت، "دەبێت بۆ دوای هەڵبژاردنی داهاتو دوابخرێت". هەروەک ڕونیکردوە چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری بۆ لایەنی دادگا دەگەڕێتەوە نەک چاودێران.

جێگری پارێزگاری کەرکوک، ئاماژەی بەوەدا ئەوان دژی گەڕانەوەی ئەو موڵکانە نین بۆ خاوەنەکانیان گەر بەیاسا بکرێت، وتی "دەستەی کێشەی موڵکداری لەکارەکانیان جدی نین".

لەتیف فاتیح فەرەج نووسەرو ڕۆژنامەنووس، پێیوایە پێشنیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێویستی بەپرۆژە یاسا نیە، وتی "کاتی خۆی پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی لەعێراق سەرجەم یاساکانی بەعسی هەڵوەشاندووەتەوە".

لەتیف، ڕەخنەی لەدەستەی موڵکداریتی کەرکوک گرت، وتی "دەستەی کێشەی موڵکداری، کێشەکانی نێوان نەتەوەکانی کەرکوکی زیادکردووە، نەک چارەسەری کردبێت"

# پارێزگاری کەرکوك بەبڕینی بودجەی شارەوانی تۆمەتباردەکرێت

## شارەوانی کەرکوک ڕۆژانە توانای پاککردنەوەی کەمتر لە٥٠٪ی شارەکەی هەیە، بەرپرسانی شارەکەش یەکتر تۆمەتباردەکەن

**زانیار داقوقی لەکەرکوک**

بەرپرسانی شارەوانی کەرکوک پارێزگای کەرکوک بەبڕینی ٥ ملیار دینار لەبەشە بودجەی شارەوانی کەرکوک تۆمەتبار دەکەن، پارێزگاری کەرکوکیش هەڕەشەی سزادانی هەر کەسێک دەکات بەبڕینی بودجە تۆمەتباریان بکەن، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش، شارەوانی بەکەمتەرخەم دەزانێت لەئاست پیسبوونی ژینگەی شارەکە.

هاووڵاتیانی شاری کەرکوک گلەیی لەبەرپرسانی شارەکە دەکەن بەوەی لەئاست پاککردنەوەی شارەکەو چەندین خزمەتگوزاری تر کەمتەرخەمنو بەتەنگ کێشەو گرفتی شارەکەوە نایەن.

بۆنی ناخۆشی نێو بازاڕو بەشێکی زۆر لەگەڕەکو کۆڵانەکانی شاری کەرکوک، هاووڵاتیانی شارەکەی بێزارکردووە، شارەوانیو پارێزگاری کەرکوکیش یەکتر بەکەمتەرخەمو بڕینی بەشە بودجەی شارەوانی تۆمەتبار دەکەن، شارەکەش لەچەندین شوێندا بۆنی زبڵو فڕێدانی پاشماوە لەناو جەرگەی شاردا سیمای تێکداوە.

ئاوی خاسەی کەرکوک، کە بەناوجەرگەی شارەکەدا دەڕوات، بەشێکی زۆری ئەو پاشەڕۆیانەی نێو بازاڕو ماڵەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات، کەکەوتووەتە ناوجەرگەی شارەوە،



**ململانێی سیاسیو نەتەوەیی، خاوێنی شاری لەبیر بەرپرسان بردووەتەوە**

لەپردی دووەمی خاسەشدا کە بووەتە شوێنی کاسبکاران، تەواوی پاشماوەی کرێکارو کاسبکاران فڕێدەدرێتە ژێر پردەکەوە، بەوەش نزیکەی تەواوی شارەکەی بەدرێژایی ڕوباری خاسە پڕکردووە لەپاشماوەو بۆنێکی ناخۆشی بەسەر شارەکەدا جێهێشتووە، بەتایبەت لەکاتی سوتانی پاشماوەکاندا لەوەرزی ها ویندا.

محمەد ئەحمەد هاووڵاتی لەشاری کەرکوک، بەدەستووری وت "کاری کەسابەتی ڕۆژانە، لەسەر ئەو پردە پێکهاتووە لەمامەڵەکردنی کڕینو فرۆشتنی پەلەوەرو مریشکو قەل، ئەوەش تەوای ڕوباری خاسەو ژێر پردەکەی پیسکردووەو بۆنێکی ناخۆشی لێدێت".

ئەو هاووڵاتییە وتی "حکومەت دەتوانێت، لیژنەی چاودێری پێکبهێنێت بۆئەوەی زبڵو خاشاک لەژێر پردی خاسە فڕێنەدرێت".

سامان شەریف هاووڵاتییەکی تری شارەکە، تەواوی پیسیو کەمتەرخەمییەکان لەخزمەتکردنی شارەکە گەڕاندەوە بۆ شارەوانی کەرکوک، وتی "شارەوانی هیچ شتێکی بۆ کۆکردنەوەی زبڵی شارەکە نەکردووە، کەس نییە ئەو پاشماوانە پاکبکاتەوە".

سەرۆکایەتی شارەوانی کەرکوک دابیننەکردنی بودجەی تایبەت بۆ پاککردنەوەی شارەکە لەزبڵو خاشاک بەهۆکاری پاکڕانەگرتنی شارەکە دەزانن، هەرچەندە پاکڕاگرتنی شارەکە بەگرنگتر لەپرۆژەکانی تر دەزانن، پارێزگاری کەرکوکیش بەبڕینی بەشە بودجەی شارەوانی تۆمەتبار دەکرێت.

عیماد زەنگەنە بەرپرسی ڕاگەیاندنی شارەوانی کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت ڕۆژانە شارەوانی کەرکوک تەنها توانای فڕێدانی ٤٥٠ تەن پاشماوەی هەیە لەکۆی ١٠٠٠ تەن، وتی "کەمتەرخەمیو پاکڕانەگرتنی شاری کەرکوک، بەهۆی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری کەرکوکەوەیە".

بەپێی وتەی بەرپرسی ڕاگەیاندنی شارەوانی کەرکوک لەلایەن پارێزگای کەرکوکەوە لەکۆی ٨ ملیار دینار لەبودجەی شارەوانی کەرکوک، تەنها ٣ ملیار دینار خەرجکراوە.

عیماد وتی "شارەوانیش توانای پاککردنەوەی ئەو ڕێژە زۆرەی زبڵو پاشماوەی نییە، چونکە ئەو پارەیە کەمە کە بۆ شارەوانی دابینکراوە".

بەرپرسانی پارێزگای کەرکوک، سەبارەت بەپیسبوونی ژینگەی شارەکە، کە ڕۆژانە شارەوانی کەرکوک تەنها توانای پاککردنەوەی کەمتر لە٥٠٪ هەیە، شارەوانی بەکەمتەرخەم دەزانن‌و پێیانوایە تەنها هۆکاری پیسبوونی شارەکە شارەوانییە.

جەمال مەولود ئەندامی لیژنەی خزمەتگوزاری لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەدەستوری وت "ئێمە وەک ئەنجومەن لەهەڵسوکەوتی شارەوانی کەرکوک ڕازینین، چونکە بەهیچ فرمانێکی ئێمە ناجوڵێنەوە".

جەمال بۆ قسەکانی بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە، "شارەوانی بەهۆی ئەوەی بەڵێندەری گەورەی بۆ پاککردنەوەو فڕێدانی پاشماوەی شارەکەی نەگرتووە، شارەکە پێسبووە، ئەوەش کەمتەرخەمی ئەوانە".

ئەو ئەندامەی لیژنەی خزمەتگوزاری پێیوایە شارەوانی بەئەنقەست بەڵێندەری گەورەی بۆ پاککردنەوەی شارەکە نەگرتووە.

جەمال دووپاتیکردەوە "شارەوانی زۆر کەمتەرخەمن، ئەوەندە گوێ بەپاککردنەوەی شارەکە نادەن".

بەڵام جەمال شکور سەرۆکی شارەوانی کەرکوک، پێیوایە کەمتەرخەمییەکە زیاتر لەئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری کەرکوکەوەیە.

سەرۆکی شارەوانی کەرکوک بەدەستووری وت "ئەو بڕە پارەیەی کەگوایە بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری تەرخانکرابوو لەوانە پاککردنەوەی شارەکە، لەلایەن ئەنجومەنو پارێزگای کەرکوکەوە بۆ پرۆژەی تر خەرجکرا".

وتی "گرنگترین پرۆژەی شاری کەرکوک پاککردنەوەو فڕێدانی زبڵو پاشماوەیە، بەڵام ئێمە ئەو پارەیەیان بۆ تەرخان نەکردووین تابتوانین جێگای دەستمان دیاربێت".

جەمال شوکر دەڵێت دەبێت بودجەی تایبەت بۆ پاککردنەوەو شار تەرخانبکرێت، بۆئەوەی بتوانرێت کۆنترۆڵی فڕێدانی پاشماوەی شارەکە بکرێت، وتی "لەشارەوانی سلێمانیو هەولێر مانگی یەک ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ نەهێشتنی زبڵو خاشاک، بەڵام شارەوانی کەرکوک لەو بڕە پارەیە بێبەشکراوە".

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک هەڕەشەی سزادانی هەر لایەنێک دەکات کەپارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگار بەبڕینو پێنەدانی بەشە بودجەی شارەوانی تۆمەتبار بکرێت.

پارێزگاری کەرکوک بەدەستوری وت "ئەو قسەیەی کەئێمەی پێ تۆمەتبار دەکەن، کەگوایە ئێمە پارەی شارەوانیمان بڕیوە، بەهیچ جۆرێک ڕاست نییە".

عەبدولڕەحمان مستەفا کەمتەرخەمی لەپاکنەکردنەوەی شەقامو گەڕەکەکانی کەرکوکی گەڕاندەوە بۆ کەمتەرخەمی شارەوانی.

ئەو وتی "ئێمە سزای ئەو کەسانە دەدەین کەبەبڕینی پارەی شارەوانی تۆمەتبارمان دەکەن".

بەپێی وتەی سەرۆکی شارەوانی کەرکوک بەڵێنی ئەوە بەسەرۆکایەتی شارەوانی کەرکوک دراوە، کە لەبەشە بودجەی ساڵی ٢٠١٠ قەرەبوویان بکەنەوە.

# "ڕێککەوتنی ستراتیژی، دینامیکیەتی یەکێتی کوشت"

## نووسەرو ڕووناکبیر سەردار عەزیز بۆ دەستوور

سازادنی: نەجات ئەحمەد

**نووسەرو روناکبیر سەردار عەزیز لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت خەڵکی کوردستان دیموکراتخواز نین، بۆیە هەمیشە دیموکراسی لێرە لەمەترسی لەناوچووندایە، ئاماژە بەوەش دەدات کە حیزبەکانی کوردستان هیچیان نەریتی دیموکراسیان قبوڵ نییە، بەڵکو ناچار کراون کە دیموکراسی قبوڵ بکەن.**

**دەستوور:** بەبڕوای هەندێک چاودێری سیاسی بەرقەراربوونی ئەو نیمچە دیموکراسیەی لەکوردستاندا هەیە، پەیوەندی بەو هاوسەنگی هێزەوە هەیە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا، ئێستا ململانێکانی گۆڕانو یەکێتی بەئاراستەی بچوکبونەوەی یەکێک لەدوو هێزەکە نییەو ئەمەش نابێتە تێکدانی هاوسەنگی هێز لەکوردستان؟

**سەردار عەزیز:** هاوسەنگی هێز؟ پرسیارەکە نهێنیەکی کراوە دەدرکێنێ، ئەویش ئەوەیە کە وولاتی ئێمە لەژێر دەستی دووهێزدا بەڕێوەدەبرێت کە بڕوایان بەدیموکراسی راستەقینە نیە، چونکە ئەگەر دیموکراسی راستەقینە هەبێت، ئەوا هاوسەنگی هێز لەنێوان ئەو دوو هێزەدا پێویست نەبوو، بەڵکو ئەوەی دەبوو هەبێت چۆن هێزەکان بەردەوام، لەڕێگای پرەنسیپی دیموکراسیەوە دەرفەتیان بۆ برەخسی هەتا لە گۆڕاندا بن، تەنها لەئەگەری گۆڕانی هێزەکاندا دیموکراسی راستەقینە دێتە ئاراوەو دەنگی خەڵک سەنگی دەبێت، ئەگەر بەهاتنی گۆڕان ئەم هاوکێشەیە تێکچوو، ئەوا دەبێ ئەمە بکرێتە دەرفەتێ بۆ هێنانەکارای دیموکراسیەکی راستەقینە کە هێزەکان دڵنیا نەبن لەبردنەوەیان، بەڵکو خەڵک بڕیاردەربێت، ئەو دڵنیاییو مسۆگەریەی کورسیو داهاتو دەستکەوت کە تائێستا هەبووە رێگرێکی راستەقینە بووە لەبەردەم گەشەی راستەقینەی دیموکراسی لەووڵاتی ئێمەدا، بۆیە لەبری ئەوەی بترسین لەوەی ئەزمونەکەمان لەقەیراندایە، دەبێ وەها ببینین کە دەرفەتێکی زێڕینمان لەبەردەمدایە کە دیموکراسیەکی راستەقینە، دیموکراسیەک کە خەڵک دەسەڵاتی هەبێت، بهێنینە ئاراوە.

ئەوەی لێرەدا دەبێ بوترێت ئەگەر ئێمە لەبەردەم ئەگەری تێکدانی هاوسەنگی هێزداین، ئەوا لەهەمانکاتدا لەبەردەم چارەسەریشداین، ئەویش بەجیاکردنەوەی هێز لەحیزبو بەخشینی بەحکومەت، بەکردنی هێزی پێشمەرگە بەهێزی بەرگری لەکوردستان سەر بەحکومەتی هەرێم کە لەلایەن کەسێکی سیڤیلەوە بەڕێوەببرێت، پابەند بێت بەدەستووری هەرێمەوە، ئەو ساتە ئێمە هیچ مەترسیەک نایەتە رێگەمان ئەگەر تەرازووی هێزە سیاسییەکان تێکچن.

بەڵام پرسیارکە وەها ببینین کە ئایا رەنگە ببێتە هۆی قەیران، بەڵێ، بەڵام لەهەمانکاتدا لەدۆخی ئێستای کوردستاندا رەنگە ئەوانەی کە پێی هەڵدەستن لەدۆڕاوەکانی بن، کەواتە ئەگەر ئێمە لەسایەی هاوسەنگی هێزدا نیمچە دیموکراسیەکمان هەبوو، ئەوا لە سایەی گۆڕانی هێزدا، بەبێ دروستبوونی ئاژاوە، ئەگەری ئەوە هەیە ببینە خاوەنی دیموکراسیەکی باشتر.

**دەستوور:** پێتوایە ئەو ململانێیەی گۆڕانو یەکێتی بەدروستبوونی تاک حیزبی بەهێز کۆتاییدێت، یاخود فرە حیزبی هاوسەنگ؟ چۆن ئەوە ڕووندەکەیتەوە؟

**سەردار عەزیز:** گرانە وێنای ئەوەبکرێت کە تاکە حیزبێک بتوانێ لە وڵاتێکی دابەشبووی، جودای، پاش جەنگی ناوخۆ، وەک کوردستاندا دەسەڵاتی هێندە هەبێت هەتا بەبێ هاوپەیمانی حکومەت دروستکات، لەهەمانکاتدا گومان لەوە نیە کە ململانیی نێوان یەکێتیو گۆڕان ئەگەر لەلایەن پارتیەوە بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەوا رەنگە پارتی سودو قازانجی زۆری لێببینێ، بەڵام ئەمە پێویستی بەگۆڕانی پارتیش هەیە، ئەمە گەرچی ئێستا دەنگۆی هەیە، تەنانەت لەناو پێکهاتەی پارتی خۆیدا، بەڵام هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیمان نەبینیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بەم پێکهاتەی ئێستایەوە پارتی ناتوانێت ئەوەندە قازانج لەململانێی نێوان گۆڕانو یەکێتی بکات، پارتی لەداهاتوودا، هەمیشە ناچارە وەک هاوپەیمانێک لەگەڵ یەکێک لەو دوو پارتەدا حکومەت پێکبهێنێت.

گومانی تیانیە کە پارتی وەک هەموو پارتێکی سیاسی تر، کە مافی رەوای خۆیەتی، حەز ئەکات کە بە تەنها حکومەت پێکبهێنێتو دەسەڵاتداربێت، بەڵام هەوڵدان بۆ گەشتن بەم ئامانجە رەنگە سەرکێشیەک بێت پاشاندا بەزیانی پارتی بشکێتەوە، پارتی زۆر لەیەکێتی زیاتر پارتێکی سێنتراڵە، بەمانای ئەوە کە ناوەند بەسەریا زاڵە نەک دیموکراسی، بۆیە هەرگیز خەون بەوەوە نابینیت کە خەڵکانێک بهێنێتە نێو ریزەکانیەوە کە پابەندی بڕیارەکانی ناوەند نەبن، بەتایبەت خۆی لەرابردوویدا خاوەن ئەزمونێکی لەم شێوەیەیە.

**دەستوور:** هەندێک رایانوایە پارتی دەیەوێت درێژە بەو ململانێیە بدات کە لەنێوان یەکێتیو گۆڕاندا هەیە، تا دۆخەکە لەبەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێبێت؟

**سەردار عەزیز:** دەکرێ رایەکی وەها گونجاوبێت، بەڵام سەرەتا پارتی وەها گۆڕانی دەبینی کە هیچ نیە جگە لەهەوڵێک بۆ نۆژەنکردنەوەی یەکێتی، بۆیە بەگومانو زۆرجاریش بێزاریەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، بەڵام پاشان کە دڵنیابوو کە پارتێکی جودایە، ئەوا دەیەوێ وەک پارتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکات، دیارە لەقازانجی پارتیە ئەگەر پارتە هاوپەیمانەکەی لاوازتربێت، چونکە دەسەڵاتو پێگەی زیاتر دەبێ لەوڵاتدا، بەڵام پارتی قەیرانی قوڵتری لەگەڵ گۆڕاندا هەیە، بەتایبەت ئەگەر گۆڕان بخوازێت ببێتە نوێنەری گۆڕانخوازانی کوردستان، بۆیە گەرچی پارتی لەڕووی تاکتیکەوە بیەوێ لەگۆڕان نزیکبێتەوە، بەڵام لەناخەوە هەرگیز هەواداری هێزێکی وەها نیە.

**دەستوور:** ئەگەر سەیری پەیوەندییەکانی ئەمدواییانەی نێوان یەکێتیو پارتی بکەین، دەبینین یەکێتی سازشێکی بەرفراوانی کردووە لەبەردەم پارتیدا؟

**سەردار عەزیز:** ئەگەر حیزبی سیاسی بۆئەوە هاتووەتە ئاراوە کە بکەوێتە ململانێ بۆئەوەی بگاتە دەسەڵاتو بەرژەوەندی ئەو لایەنو کەسانە بەڕێوەبەرێت، کە حیزبەکە نوێنەرایەتیان دەکات، قۆستنەوەی هەموو دەرفەتێک رەوایە، لەپرسیارەکەدا پەنجە گەستنێکی پەشیمانیو ناچاریەک دەبینرێت، دیارە ئاشکرایە یەکێتی لەدۆخێکی سەختو پێکهاتەیەکی لاوازدایە، بەڵام هێشتا دەرفەتی هەیە بۆئەوەی خۆی نۆژەنکاتەوە، بەڕای من تاوان نیە ئەگەر پارتی خەون بەتاکە حیزبی یان باڵادەستی ببینێ لەکوردستاندا، ئەوە خەونی هەموو پارتێکی سیاسیە، حیزبی کوردی سڵی لەرشتنی خوێنی هەزارەها لاوی بێگوناه نەکردووەتەوە بۆ گەشتن بەو ئامانجە، هەروەها ململانێ دەبینرێت لە نێوان دوو دونیابینیدا یەکێکیان ترادیشیونو ئەویتریان مۆدرێن، بەپێی ترادیشیون یەکێتی دەڵێ ئێمە دوو پارتی هاوپەیمانین، ئەگەر من بەقۆناغێکی قەیراندا تێدەپەرم ئەوە نابێت تۆ وەک دەرفەتێک بیقۆزیتەوە بۆ لاوازکردنم، بەڵکو دەبێ هاوکاریم بکەی، لایەنی مۆدرێن، پارتی سیاسی، وەک هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی تر لەململانێیەکی هەمیشەییو بەردەوامدان بۆ گەیشتن بەئامانج، کەواتە یارمەتیو دۆستایەتیو خێرپێکردنو پاڵپشتیکردن بوونی نیە، ئەمە دەبوو زۆر روونبوایە بۆ سیاسەتمەدارانی یەکێتی.

**دەستوور:** ئەگەر هاوسەنگی هێز بنەمای دەستەبەری ئەو نیمچە دیموکراسیە بێت، ئەوە نیشانەی ئەوە نییە؟ کە حیزبەکانی کوردستان بڕوایان بەدیموکراسی نییەو ئەو دۆخەی هەشە (نیمچە دیموکراسی) لەژێر مەترسی کۆتایی پێهاتندایە؟

**سەردار عەزیز:** ئێمە بەڵگەمان زۆرە کە هیچ حیزبێکی سیاسی لەکوردستاندا خاوەن نەریتێکی دیموکراسی نیە، حیزبێک نین توانیبێتی لەڕێگەی هەڵبژاردنی نێوخۆیەوە گۆڕانێک لەسەرکردەکانیا بکات، هەندێ حیزب هەن ئەگەر سەرکردەکانیان لە ژیاندا نەمێنن ئەوا سەرتاپا حیزبەکە دەبێتە مێژوو، ئەوا حیزبێک لەنێو خودی خۆیدا دیموکراسی پیادەنەکات ئەوا هەرگیز چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت کە لەدەسەڵاتدا پیادەیکات، ئەگەر ناچار نەبێت، مۆدێلی حیزب لەکوردستاندا لەتێکەڵکێشکردنی دوو دوونیابینی پێکهاتووە، یەکێکیان کلتوری ناوچەکە ئەویتریان کلتوری نەخۆشی مارکسیزم.

**دەستوور:** ئەو رێوشوێنو میکانیزمانە چین دەتوانرێت بەر بەهاتنەکایەو باڵادەستی تاکحیزبی پێ بگیرێت؟

**سەردار عەزیز:** پرسیارێکی گرانە، لەهەناویا چەند دیدێکی هەڵگرتوە، یەکەم نەبوونی بڕوا بەخەڵکی کوردستان کە خەڵکێکی دیموکراتخوازن، دوو، ئەگەر پارتی لەڕێگای دیموکراسیەوە ببیتە تاکە حیزب ئەوا نابێ رێی بگیرێت، بەڵکو دەبێ پرسیارەکە ئاڕاستەی هێزەکانی تر بکرێت، بۆچی هێزەکانی تری کوردستان رێگەیاندا کە پارتی ببێتە تاکە حیزب، سێ، ئەگەر هاتوو ئەمەش روویدا نابێت بیرلەوە بکرێتەوە جگە لەشێوازی دیموکراسی هیچ شێوازێکی تر بگیرێتەبەر بۆ کۆتایی پێهێنانی.

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرهاتی راپەرین، لەبەشێکی زۆری کوردستان یەکێتی زیاتر لەخەیاڵی خەڵکدا ئامادەبوو هەتا پارتی، بەڵام بۆچی پارتی سەرکەوت لەوەی ببێت بە بەهێزترینو دەوڵەمەندترینو تۆکمەترینو رێکخراوترین پارتی سیاسی کوردستان، کەچی بەپێچەوانەوە یەکێتی پەرتەوازەو لاواز، یەکێتی دەبێ ئەوە بزانێت کە ناتوانێ وەک پارتی لێبێت، چونکە ئەو بنەمایانەی کە پارتی هەیەتی، لەروانگەی خەیاڵو پەیوەندو ستراکتۆرەوە یەکێتی نیەتی، ئەوەی هەیەتی جودایە، بۆیە هەوڵدانی یەکێتی بۆئەوەی وەک پارتی لێبێت، کە دەکرێ لەزۆر رووەوە هەستی پێبکرێت، ئەنجامێکی باشی نەبوو، یەکێتی ئەگەر لە توانایدا مابێت دەبێ خۆی وەک پارتێکی جودا لەپارتی نۆژەنکاتەوە، بەڵام ئایا درەنگە؟

**دەستوور:** ئایا ئەو پاساوانە راستن کە دەڵێن لەپێناو رێگرتن لەباڵادەستبونی تاک حیزبێک، ململانێو جیاوازییەکان خەفە بکرێن؟ لەم نێوەندەدا چارەسەر چییە؟

**سەردار عەزیز:** ڕێککەوتنی یەکێتیو پارتی، مەبەستم شێوازی ڕێککەوتنەکەیە، دینامیکیەتی یەکێتی کوشت، دەبوو هەر لەسەرەتاوە بوار بۆئەوە بهێڵرایەتەوە کە وەک دوو پارتی جودا خاوەن بەرنامەو پلانو ئایدۆلۆژیای خۆیان، سەرباری ڕێککەوتن لە سەر هێڵە گشتیەکان، پێکەوە کاریان بکردایە، بەڵام ڕێککەوتن وەها لێکدرایەوە کە جۆرێکە لەبەیەکبوون، ئەمەش یەکێتی خستە سەر خەیاڵی بەپارتی بوون یان هاوەشێوەبوون، ئێستا کاتی ئەوەیە بۆ یەکێتی کە بەڕێبازو شێوازی نوێوە توانای خۆ-جوداییو دونیابینی تر پێشکەشکات، هەتا ئێستا هەوڵەکان مایەی دڵتەنگین، کێشەکان بەئابووریو هێز یان بەبازاڕیکردنی سیاسەت چارەسەرناکرێن.

**دەستوور:** رایەکی تریش هەیە کە پێچەوانەیە، دەڵێن هاتنەئارای گۆڕان چەند گورز بوو بۆ یەکێتی، دوو هێندەش گورز بوو بۆ پارتی؟

**سەردار عەزیز:** دیارە ئاشکرایە کە گۆڕانخوازان لە کوردستان گۆڕان وەک نەیاری یەکێتی نابینن، بەڵکو وەک هێزێک تەماشادەکرێت کە شێوازێکی نوێ لەسیاسەت، لەئابووری، لەپەیوەندی حیزبو حکومەت بێنێتەکایەوە، گۆڕان یانی گۆڕانی یەکێتی نا، بەڵکو یانی گۆڕانی شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەکوردستاندا، بۆیە پارتی بگرە زیاتر لەیەکێتی دەکەوێتە ژێر فشارەوە.

**دەستوور:** هەندێکیش رایانوایە، تەقینەوەی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی، رێگە خۆشدەکات، هاوشێوەی ئەوە لەناو پارتیدا رووبدات، ئەگەری شتی وا هەیە؟

**سەردار عەزیز:** نەخێرو بەڵێ، نەخێر، چونکە بەهیچ شێوەیەک رێگەنادرێت هێزێکی وەها بگاتە ئاستی لەتکردنی پارتی، هەرزوو لەباردەبرێت، لەلایەکی ترەوە، کاتێک ئەندامانی پارتی لەیەکێتی دەڕوانن، رەنگە بەکاری وا هەڵنەستن، چونکە لەئەنجامدا قازانج مسۆگەر نییە، پارتی هەرگیز پارتێکی ئایدۆلۆژیو دونیابینی نەبووە، ئەگەر جیابوونەوە لەناو پارتیدا رووبدات لەسەر چ شێوەک روودەدات، ئەوەی زیاتر ئەگەر ئاستی کەسایەتیە، پارتی لەوجۆرە ئەگەر توانای جیابوونەوەشی هەبێت ئەوا نابێتە هێزێکی کاریگەر، پارتی ئەگەر ململانێی تێکەوێت چ جۆرە ململانێیەک دەبێت، لەنێوان کەسانی بنەماڵە خۆیاندا، رەنگە ئەمە تا ئاستێک کاریگەربێت، بەڵام لەئەنجامدا بەهیچ کوێ ناگات.


سەردار عەزیز

> لەکوردستان بۆیە دیموکراسی هەمیشە لەئەگەری قەیراندایە، چونکە خەڵک بەپێی پێویست دیموکراتخواز نین

> بەنزیکبوونەوەی پارتیو گۆڕان، رەنگە مەیلی گۆڕانخوازی لەنێو پارتیدا زیاتر گەشەبکات

> بەم پێکهاتەی ئێستایەوە پارتی ناتوانێت ئەوەندە قازانج لەململانێی نێوان گۆڕانو یەکێتی بکات

www.arsivakurd.org

# "هیچ بزووتنەوەیەکی گۆڕانخواز، ناکرێت لەسەر خوانی ماڵەباوانی، خۆراکی گەشەکردنی خۆی هەڵگرێتەوە"

## پشکۆ نەجمەدین، نووسەرو ڕووناکبیر بۆ دەستوور

سازدانی: ئارام عەلی سەعید

**نووسەرو ڕووناکبیر پشکۆ نەجمەدین، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت جیابونەوەکان لەبزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا، لەسەر کێشەی فیکریو دنیابینی جیاواز نەبوون، پێشیوایە ئەقڵێکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵ ئەو جیابونەوانەدا نەکردووە، بۆیە بەکارەسات کۆتایی هاتوون. لەبارەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەڵێت هێشتا بزووتنەوە ئەو ئیشکالییەتە فیکریانەی تێنەپەڕاندووە، کە یەکێتی هەیبوە، پێشیوایە ئێستا دنیابینی بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەکە تەریب نییە لە دنیابینی بزووتنەوە ناڕەزایەتییە خۆڕسکەکەدا.**


پشکۆ نەجمەدین

**دەستوور:** بزووتنەوەی سیاسیی کورد ساڵانێکە دووچاری ململانێی نێوخۆییو ڕکابەری سەخت بووە کە زۆربەی جارەکانیش گەیشتووەتە ئاستی کوشتنو تیرۆری جەستەییو یەکترسڕینەوە، دەکرێ ئەمە بەحاڵەتێکی سروشتی خوازراو وێنا بکەین، کە چاوەڕوان دەکرێ لەنێو هەر جوڵانەوەیەک لەهەر کوێی ئەم دنیایەدا بێت، یاخود ئەمە ئەزمونێکی ناشیرینە؟

**پشکۆ نەجمەدین:** تەمەنی ناکۆکیو ململانێی سیاسیی لەدەروونی حیزبی سیاسیی کوردیداو گوازتنەوەی ئەو ململانێیە بۆ دەروونی بزووتنەوەکە، کە هەمیشە بەرەو کەرتبوون چووەو ئاسەواری نێگەتیڤی نەک هەر لەسەر حزب، بگرە لەسەرجەمی کایە سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کلتوریو ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا داناوە، هێندەی مێژووی پەیدابوونی حیزبو وەگەڕکەوتنی بزووتنەوە سیاسییەکە درێژە.

هیچ دیاردەو دەرکەوتنێک، بەبێ بوونی ناکۆکیو ململانێ، بواری ژیانو گەشەکردنی نییە، واتا کە ناکۆکییەکان مردن، خودی دیاردەکەش دەمرێو جێگا بۆ دیاردەیەکی نوێتر چۆڵ دەکات، ئەمەش سروشتی ژیانە.

ئەوەی کە ناکۆکیو ململانێی دەروونی حیزب، دەبێتە هۆکاری کەرتبوونی بزووتنەوەیەکی سیاسییو دیاردەی کارژەهڵدانو تۆێژاڵ فڕیدانی لێ دەکەوێتەوەو پاشان سەر بۆ کوشتنو تیرۆری جەستەو فیکر دەکێشێت، دیاردەیەکی ناسروشتییەو سەروکاری لەگەڵ بونیادی ناتەندرووستی حیزبو ئەقڵی لێوانڕێژ لەزەبرو توندوتیژیی حیزبەوە هەیە، کە لەکۆئەقڵی کۆمەڵگە پرەمەتیڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوکۆمەڵگانەی کە لەخانەو "یەکە"کانی خوارەوە تا سەرەوە، بە لێبوردەییو یەکترقبوڵکردن نامۆن.

دووکەرتبوونەکان، لەمێژووی بزووتنەوەی سیاسییو فیکری دنیادا، زۆرن، زۆرجارانیش ئەوە فیکری جیاو دنیابینیی جیاواز بوونە کە پرۆسەی جیابوونەوەکانیان بزواندووە، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، ساتێ کۆئەقڵی سەرخانو ژێرخانی کۆمەڵگە، بەئاقارێکی تەندروستدا کاری کردبێت، دەبینین کەرتبوونو جیابوونەوە، لەدەروونی حیزبدا، کارەساتی بۆ بزووتنەوەکە نەخوڵقاندووە، بەڵکو بەهێزی کردووەو بۆ پێشەوەی ئاژواندووە، لەدەروونی بزووتنەوەی سیاسییو حیزبی سیاسیی کوردیدا، کەمتر وا بووە کە جیاوازیی فیکرو دنیابینیی سیاسیی، ماکی کەرتبوونو جیابوونەوە بووبن، پێچەوانە، پێکەوەنەسازانو پێکەوەهەڵنەکردنی بەرژەوەندییەکان، هۆکاری سەرەکی بوون، هەر بۆیە دیاردەیەکی نانۆرماڵو کارەساتهێنەر بووە.

**دەستوور:** لەڕابردوودا ئینشیقاقی سیاسیی لەنێو هێزە کوردییەکاندا ڕەنگدانەوەی دیاری هەبوو کە تەوزیف دەکرا بۆ هەندێ لایەنی ویستی سایکۆلۆژی سەرکردەکانو گەڕانەوە بۆ کلتوری خێڵو بیرکردنەوەی نالۆژیکیانە بەڕۆحی سەردەم، بەڵام تا ئێستاش لەنێو هەندێ لەلایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا دووبارەبوونەوە دەبینرێت، دەکرێ بڵێین ئەمەش دووبارەبوونەوەی هەمان ئەزموون بێت یاخود گۆڕان لەعەقڵییەتەکاندا ڕویداوەو جۆری ململانێکان فۆڕمێکی تریان وەرگرتووە؟

**پشکۆ نەجمەدین:** کۆمەڵگەی ئێمە، لەژێر کارکردی گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، بەشێوەیەک گۆڕاوە، تەکانێکی لەسەرجەمی کایەکانی ژیانی خۆیدا داوە، ناکرێت وەها ببینین کە کۆمەڵگەی ئێمە، بەهەموو خەسڵەتو نێوەڕۆکی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی خۆیەوە، چەقی بەستووەو هیچ زیندووییەکی تێدا نییە، بەڵام سەرجەمی ئەو گۆڕانکارییانە، هێشتا بایی ئەوە نین کە هەژانێکی قووڵی لەئەقڵی حیزبی کوردیو سەرخانی سیاسیی کۆمەڵگەدا خوڵقاندبێتو نوێبوونەوەیەکی دروست کردبێت، ئێمە دەزانین کە نوێبوونەوەی ئەقڵی سیاسیو جێهێشتنی کۆن، هەژانێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیی گەرەکەو ئەم هەژانەش جارێ بوونی نییە.

ململانێکان، ئەگەر لەڕواڵەتداو لەدروشمو پاساوەکانیاندا لێیان بڕوانین، نوێ دێنە پێشچاو، بەڵام لەنێوەڕۆکو ڕەگەزو خەسڵەتە ناوەکییەکانیاندا، هەڵگری پرۆسەی دووبارەبوونەوەی مێژووی ململانێ کۆنەکانو داهێنانێکی نوێیان لەخۆ نەگرتووە.

**دەستوور:** پێتوایە ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە لەڕابردوودا لەنێوان دوو هێزە گەورەکە پارتیو یەکێتییدا هەبوو بۆ پێکەوە ژیان لەڕووی سیاسییو ئیدارەی حزبییەوە، هەنوکە کۆتاییان پێهاتووە؟ یاخود کۆمەڵێک فاکتەری کاتی کە هەردوولایان بەرژەوەندییان هەیە تێیاندا هێشتونیەتیەوە نموونەی دابەشکردنی داهاتی هەرێمو کۆی ئەوشتانەی دی کە لەسەریان دەوترێت؟

**پشکۆ نەجمەدین:** جیاوازییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی، وەکو دوو حیزبی نەیار لەڕابردوودا، هێندەی بۆ ململانێو ڕکابەریی ناسروشتی بووە، نیو هێندە بۆ پیکەوەژیانو پێکەوەهەڵکردنی سیاسییانە نەبووە. تۆ ئەگەر لەمێژووی ململانێکانی ئەم دوو حیزبە، لە٣٠ساڵی ڕابردوودا بڕوانیت، ئەگەرلە سرووشتوخەسڵەتەکانی ناکۆکییە خوێناوییەکان بڕوانیت، لەم حەقیقەتە دەگەیت. تێپەڕاندنی مێژوی شەڕی براکان لەئەزموونی پاش ڕاپەڕینو خۆحوکمکردندا، هەموو لایەکی بەو قەناعەتە گەیاند کە یەکێتیو پارتی ناتوانن دوو حیزبی نەیارو ڕکابەر بنو لەگەمەی دیموکراسیدا ململانێی سروشتی بکەن، بگرە بۆ ئەوەی کە شەڕ نەکەنو کارەسات نەخوڵقێنن، دەبێت یەکو یەکگرتوو بن.

ئەزموونی نانۆرماڵی ژیانی سیاسیی پارتیو یەکێتی، لەپاش ڕاپەڕینەوەو لەدرێژایی شەڕی دەسەڵاتدا، ئەم دوو حیزبەی کردە دوو حکومەت، ئیدی ڕۆشنە کە دوو حکومەت ناتوانن لەپرۆسەی دیموکراتیدا، ململانێ بکەن، بەڵکو دەبێت لەهەوڵی یەکگرتندا بنو زەمەنێکی بدەنێ، تا بتوانن ببنەوە بەدوو حیزبو ئەوسا بەجیا، لەپرۆسەیەکی سروشتیدا، ململانێ بکەن، دۆخی کوردستانو سیستمی حوکمڕانی لەوێدا، لەهەر کۆمەڵگاو وڵاتێکی دیکە جیاوازە، هەر بۆیە میتۆدو میکانیزمی تایبەتو جیای پێدەوێت، تا بۆ دۆخێکی سیاسیو ئیداریی نۆرماڵو خوازراو بگەڕێتەوەو ئەمەش کاری سەختو زەمەنی گەرەکە.

**دەستوور:** ئێستا جوڵەیەک یاخود بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی لەکوردستان هەیە، ئێوە چۆن لەم هێزە دەڕوانن؟ ئاییندەی سیاسیی ئەمانە بە هەموو بیرو بۆچوونەکانەوە چۆن دەبینن؟ پێتانوایە ئەم هێزانە مۆدێلێکی نوێ لەشێوازی خەباتی سیاسیو ئەزموونی حوکمڕانی لەکوردستان دەهێننە کایەوە؟

**پشکۆ نەجمەدین:** ئەم هێزی ناڕەزایەتییەی نێو کۆمەڵگەی کوردستان، دەرهاویشتەی دۆخێکە کە لێوانلیوە لەناعەدالەتیی سیاسییو کۆمەڵایەتیو چەند ساڵان حکومکردنی سەقەتو نانۆرماڵی دەسەڵاتی کوردی خوڵقاندوویەتی، ئەم ناڕەزاییەو ئەم هێزە کۆمەڵایەتیە کە لەبەردەم قەیرانە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکاندا ڕا بووەو خوازیاری گۆڕانکاریی ریشەییە لەسیستمو لەکۆمەڵگادا، هێزێکی ڕەوایە، بەڵام تەنیا ڕەوایی بوونی بزووتنەوەکە، نابێتە گەرەنتی بۆ سەرکەوتنو بەئامانجگەیشتنی، لەمێژوودا، زۆرن ئەو بزووتنەوە ڕەوایانەی کە شکستیان هێناوەو لەباربراون، هیچ نیشانەو ئاماژەیەک نییە کە سەرخانو ئەقڵی بەڕێوەبەری ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە، بتوانێت مۆدێلێکی نوێ بۆ ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان بخوڵقێنێت، بزووتنەوەکە ڕەواو نوێیە، ئەقڵی ڕێبەریکردنیشی هەمان ئەقڵو هەمان دیدی کۆنو کەرەسەو ئامرازی گۆڕانکاریی جدیی پێ نییە.

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنەکانی ٢٥ـ٧دا بۆ یەکەمجار لیستێکی نوێ بەناوی"گۆڕان" ژمارەیەکی بەرچاو لەکورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێنا، بووە باسی نێو میدیا جیهانیو نێوخۆییەکان، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم ئەنجامانە چییە؟ وەکو کادیرێکی پێشوی کۆمەڵەو یەکێتی، خوێندنەوەتان چییە بۆ دروستبوونی ئەم هێزەی کە ناونراوە"بزووتنەوەی گۆڕان"؟

**پشکۆ نەجمەدین:** وەک وتم، ئەم دیاردەیەو ئەو گۆڕانکارییەی لەنەخشەی سیاسیی کوردستاندا ڕوویدا، ئەنجامێکی سروشتیی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستانو ئەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتیو سیاسییە بوو، کە دەسەڵاتی کوردی، لەماوەی ١٨ساڵان حوکمڕانیی خۆیدا خوڵقاندوونی.

٢٥ کورسی، دەنگی ناڕەزایی هەزاران خەڵکی پشتگوێخراوە کە دەیداتە لایەنێکی سیاسیی، کە خەسڵەتو ئەدا سیاسییەکەی بۆ ئەو خەڵکە دەنگدەرە، نادیارو نەناسراو بوو.

بوونی ٢٥ کورسیی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمانداو لەئەنجامی هەڵبژاردندا، گوڕو تینێک دەداتە پەرلەمانو فشارێک بۆ لیستی زۆرینەو دەسەڵاتیش دروستدەکات، کە ئەنجامەکەی بەقازانجی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانو گۆڕانکارییە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانە.

ئەم هێزە سیاسییەی کە ناوی لێنراوە "گۆڕان"، جارێ هەڵگری کۆمەڵێک ئیشکالاتی تایبەت بەخۆیەتیو ریشە سیاسیو فیکرییەکانی، هێشتا زۆر لەو هێزە باڵادەستە دوور نەکەوتووەتەوە کە لەهەناوییەوە دەرپەڕیوە. پێکهاتەی ئەقڵیو سیاسیی ئەم هێزە، بینینی ئەم هێزە بۆ کۆمەڵگەو قەیرانەکانی، ناچوونیەکنو لەگەڵ خواستو ئامانجەکانی بزووتنەوە ناڕازییە خۆڕسکەکەدا، هاوسەنگو هاوتەریب نین.

هیچ بزووتنەوەیەکی نوێی گۆڕانخواز، ناکرێت لەسەر خوانی ماڵەباوانی، خۆراکی گەشەکردنو چارەنووسی داهاتووی خۆی هەڵگرێتەوە، بزووتنەوەی نوێ، پێویستی بە ئەقڵی نوێ، ئامڕازی نوێ، دنیابینیی نوێو میکانیزمی کاری سیاسیی نوێ هەیە.

**دەستوور:** هەنوکە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراق ئامادەکاری دەکرێ، لەکوردستان باس لەوە دەکرێ کە پێویستە کورد یەکهەڵوێست بنو یەک لیست بێت، قسەش لەسەر مەترسی فرەلیستی دەکرێ بۆ سەر ئەزموونی هەرێم، تاچەند ئەم بانگەشەی مەترسییە لای تۆ ڕوویەکی تەواو وەردەگرێ؟

**پشکۆ نەجمەدین:** ئێستا نەخشەی ریزبەندییە سیاسییەکان لەعێراقدا گۆڕاوە، ئیدی هاوسەنگیی نێوان هێزە سیاییەکانی عێراق لەلایەکو نێوان کوردو هێزە عێراقییەکان لەلایەکی دیکەوە، چون جاران نینو کورد دەبێت ئەم گۆڕانکارییانە ببینێتو هەست بەمەترسییەکانی بکات.

هێزە سوننییەکان، خورتترو بەسەنگترو ئاکتیڤترن، شیعەکان، دوو هاوپەیمانیی گەورەیان هەیەو کورد دەبێت لە شەڕی دارشتنەوەی یاسای هەڵبژاردنو فێڵو درۆکانیدا، سەرسەختو وریا بێت، بەم حاڵەشەوە، کورد ناتوانیت وەکو پێشووتر، هێزی دووەم بێت لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا.

فرەلیستی، ئەگەر بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە ئەنجام بدرێت، هیچ مەترسییەکی بۆ ئەزموونی کوردستان نابێت. یەکهەڵویستیو دروستکردنی هاوپەیمانییەتییەکی تۆکمەو فراوانی کورد لەپاش هەڵبژاردنو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لەپرۆسەی سیاسیی کوردستانی عێراقیدا گرنگن، دەبێت هێزو لیستە کوردستانییەکان، بەعەلمانیو مەزهەبییانەوە، بەرژەوەندییە لاوەکییەکانو ناکۆکییەکانییان، لەبەغدا بەلاوە بنێنو بەرژەوەندییە گشتییەکان لەبەرچاو بگرن.

هیچ نیشانەو ئاماژەیەک نییە کە سەرخانو ئەقڵی بەڕێوەبەری ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە، بتوانێت مۆدێلێکی نوێ بۆ ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان بخوڵقێنێت



هێزی ناڕەزایەتی نێو کۆمەڵگەی کوردستان، دەرهاویشتەی دۆخێکە کە لێوانلیوە لەناعەدالەتیی سیاسییو کۆمەڵایەتی

پێکهاتەی ئەقڵیو سیاسیی گۆڕانو بینینی بۆ کۆمەڵگەو قەیرانەکانی، ناچوونیەکن لەگەڵ خواستو ئامانجەکانی بزووتنەوە نارازییە خۆڕسکەکەدا

# ٣٢-٣٦٪ی دانیشتوانی هەرێم کرێچین

## زۆربەی کرێچیو مووچەخۆرەکان ناتوانن یەکەکانی نیشتەجێبوون بکڕن

بیلال جەعفەر



ئەم شوقانە بۆ هەژاران نین

خاوەن کۆمپانیاکانی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لەهەرێمی کوردستاندا، دان بەو راستییەدا دەنێن ئەو شوقەو یەکە نیشتەجێبوونانەی تائێستا دروستیان کردوون تەنها بۆ سەرووی چینی ناوەند بووە، لەکاتێکدا ئامارەکان دەریدەخەن رێژەی کرێنشینان لەچوار یەکی دانیشتوان زیاترە.

رێبین نورەدین عەبدوڵلا خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی دەڵێت "دروستکردنی شوقەو یەکەی نیشتەجێبوون کارێکی باشە، بەڵام گەنجانو هاووڵاتی کەمدەرامەت ناتوانن سوودی لێوەربگرن، چونکە ئەو قیستە زۆرەی کە داوا دەکرێت لەماوەیەکی کورتدا دەبێت بدرێتەوە، لەهەمانکاتدا کەسێک ئەگەر ئەو پارەیەی هەبێت دەتوانێت لەجێگەیەک خانوویەک بکڕێت".

رێبوار محەمەد ساڵح پۆلیسی هاتووچۆیە، دەڵێت "زۆربەی هاووڵاتیان ناتوانن ئەو پارەیە بدەن، تا ئێستا نە خۆمو نە کەسوکارو هاوڕێیانی نزیکم نەیانتوانیوە ئەو شوقانە وەربگرن، چونکە دەبێت نیوەزیاتری موچەکەیان لەبری قەرزی قیستەکان بەکۆمپانیاکان بدەنەوە".

پێشنیاری ئەوەش بۆ حکومەتو کۆمپانیاکان دەکات کە شوقەکان بەنرخێکی کەم دروستبکەن بۆئەوەی ئەو کەسانەی تازە دەچنە ژیانی هاوسەرگیرییەوە بتوانن بیکڕن.

هەندێک لەلێپرسراوانی کۆمپانیاکانی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون، دەڵێن شوقەکانیان لەلایەن چینی ماماوەندو دەوڵەمەندەوە کڕاوە.

فاروق عەباس حسێن جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای هەپی لاند لەهەولێر لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بەهۆی کەمدەرامەتی زۆربەی هاووڵاتیانی هەرێمەوە، ئەو یەکانەی دروستیان کردووە تەنیا لەلایەن چینی ماماوەندو سەروترەوە کڕاوە".

فاروق عەباس ئاشکراشیکرد کە کۆمپانیاکەیان قازانجێکی زۆری لەدروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبووندا دەستکەوتووە، تەنیا لەدروستکردنی (١١٥٠) یەکەدا بڕی زیاتر لە (٤٠,٠٠٠,٠٠٠) چل ملیۆن دۆلاریان قازانج کردووە، راشیگەیاند هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون کەمتر لە ٣٥ هەزار دۆلاری تێچووە بەڵام بە (٥٠,٠٠٠) دۆلار فرۆشتویانەتەوە.

ئاشنا فارس عەبدوڵلا ژمێریاری پرۆژی هاموون ستی لەشاری کۆیە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون نزیکەی (٤٠) هەزار دۆلاری تێدەچێت، کۆمپانیاکەیان لەو (٣٠٠) یەکەی نیشتەجێبوونەی بەنیازە دروستیبکات نزیکەی پانزدە ملیۆن دۆلار قازانج دەکات".

ئاشنا فارس دەڵێت بەهۆی کەمدەرامەتی هاووڵاتیانەوە لەچەند مانگی رابردوودا، تەنها (٣٠) فۆرمی کڕینی یەکەکان پڕکراوەتەوە، "چونکە خەڵکەکەی توانای کڕینی شوقەکانیان نییە، زۆربەی موچەخۆرنو موچەکانیان نزیکەی (٣٠٠٠) هەزارەو ناتوانن مانگانە قیستی ئەو یەکانە بدەنەوە".

گوڵزار مەحمود سکرتێری کۆمەڵەی کرێنشینانی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونو فرۆشتنی بەقیستی مانگانە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون.

ئاشکرایکرد کۆمەڵەکەیان زیاتر لە (٤٠٠٠) ئەندامی هەیەو بەهەزاران هاووڵاتی دیکەش کە کرێچینو نەهاتوون لەکۆمەڵەکەیان خۆیان تۆمار بکەن.

گوڵزار مەحمود وتی "بەگشتی زیاتر لە (٣٢٪ بۆ ٣٦٪)ی دانیشتوانی هەرێم کرێچینو زۆبەیان لەشاری سلێمانیو هەولێرن".

لەچەند رۆژی رابردودا حکومەتی هەرێم پرۆژەیەکی راگەیاند کە بەپێی پرۆژەکە لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا ١٥٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونو ساڵانە بڕی (٣٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ سندوقی نیشتەجێبوون خەرج دەکات.

بەگوێرەی بڕیارەکەی حکومەت، بڕێک پارەش وەکو پێشەکی دەدرێتە ئەو کەسانەی خانوو دروستدەکەن.

هێرش موحەرەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی " ئەو بڕیارەی حکومەتی هەرێم ئەو هاووڵاتیانە ناگرێتەوە کە پێشتر شوقەو یەکەی نیشتەجێبوونیان بەقیست وەرگرتووە".

بەپێی پرۆژەکەی حکومەت هاووڵاتیان بەبێ پێشەکی شوقە لەکۆمپانیا دەکڕن، قستەکانیش بۆ ماوەی دە ساڵ دەبێت.

پرۆژەکەی حکومەت ئەو کەسانەش سودمەند دەبن لێی کە پێشتر زەوییان وەرگرتووە.

سکرتێری کۆمەڵەی کرێنشینانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت ئەو بڕیارەی حکومەت کە دەرکراوە بۆ زیاترکردنی بڕی پارەی سندوقی نیشتەجێبوون، ئەگەر وەک خۆی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، "دەتوانێت بەڕێژەی (٧٠٪) چارەسەری یەکەی نیشتەجێبوون بکات، چونکە کرێچی هەردەمێنێت".

---

ئەلف

فەیسەڵ عەلی

## بۆچی پرۆژەکان لە کاتی خۆیدا تەواو ناکرێن

ئەو پرسیارە بچوکەی سەرەوە چەندین وەڵامی هەمەجۆری دەوێ، هەر لە لاوازی لەتوانای بەڵێندەرانو کەمی شارەزایی نەخشەسازانو لاوازی کەفائەتی ئیدارییو کۆنی سیستەمی تەندەرینگو دواکەوتنی وادەی خەرجکردنی سلفەکان و... هتد.

زۆرێک لەپرۆژەکان کە ملیۆنەها دیناریان بۆ تەرخانکراوە، بەڵام وەک پێویستو لە کاتی خۆیدا تەواو ناکرێن، یان هێندێکیان بۆ ماوەی کاتیو هێندێکی تریان بۆ ماوە درێژو هێندێکی تر لەم یان ئەو بەڵێندەر وەردەگیرێتەوە بەیەکێکی تر دەدرێ، بۆ ئەوەی تەواوبکرێ، هێندێکی تریش چەند ساڵێک بەسەر ماوەی تەواوبونیدا تێپەڕ دەبێ بەڵام هەر لەشوێنی خۆیدایەو هەر لای هەمان کەس ماوەتەوە، یان هێندێک بەهۆی گۆڕینی دیزاینو زێدەکردنو هەموارکردنەوە چەندین جار دوادەخرێن ئەمە جگە لەوەی کە بڕی بودجەی تەرخانکراوی بۆ زیاد دەکرێ و.. هتد.

لێرەدا دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێک هۆکار کە پێویستی بە شەنو کەوکردن هەیە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێنو چیدی ئەو بڕە تەرخانکراوانەی لە بودجەی ساڵانەی حکومەت ساڵ بۆ ساڵ نەگوازرێتەوەو لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا تەواو بکرێت، چیدی نە کاتو نە داهاتی هەرێمی کوردستان بەهەدەر ببرێت، بەر لەهەموو مەسەلەیەک پێویستە چاو بەسیستەمی تەندەرینگدا بخشێندرێتەوەو هەموار بکرێتەوە، بۆئەوەی دەستبەرداری نزمترین نرخ بینو هەرچەندە بەهانەی نزمترین نرخ بۆ پاراستنی داهاتی گشتیو رێگرتنە لەبەهەدەردانی، وەلێ ئەوە ناگەیەنێ کە باشترین ئەگەری رەخساوی بەردەستە، لەبەر ئەوە دەبینرێ کە زۆرێک لە پرۆژەکان دوادەکەوێ یان شکست دەهێنێ یان خراپ جێبەجێدەکرێ بەهۆی ئەوەی دراوەتە کۆمپانیایەک یان بەڵێندەرێک کە هەم توانای هونەرییو هەم توانای مادیو داراییشی لاوازە، بەڵام لەبەرئەوەی نزمترین نرخی لێداوە پرۆژەیەکی گرنگی ئەم وڵاتەی تەسلیم دەکرێت، دەرئەنجامەکەیشی ئەوەیە کە دوای ماوەیەک لەکارکردن لەو پرۆژەیە پرۆژەکەی لێ وەردەگیرێتەوەو ماوەیەک جێبەجێکردنی رادەگیرێ تاوەکو بە کۆمپانیایەک یان بە بەڵێندەرێکی تر دەدرێ بۆ ئەوەی تەواو بکات، کە ئەویش خەرجییەکی زیاتری دەوێ لەوەی کە پێشتر بۆ یەکەم کەس تەرخان کرابو، چ بەحوکمی رێژەی هەڵئاوسانو بەرزبونی ئاستی نرخی پێداویستییەکانی پرۆژەکە، چ بە حوکمی ئەوەی کە ئەو کەسە پێشتر ئامادەنەبوە بەو نرخە ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدا بەوەی بەو نرخە بۆی دەرینەهێناوە، رەنگە چەندین هۆکاری تریشی هەبێت. یان ئەوەیە پرۆژەکە بە نیوە ناچڵی تەواو دەکاتو دوای ماوەیەکی کەم دەست دەکرێ بەچاککردن بەهۆی خراپ جێبەجێکردنیەوە، کە باشتر وابو هەر لە سەرەتاوە دەبوو بەو کۆمپانیا یان بەو بەڵێندەرە بدرێ کە توانای هونەرییو مادیو شارەزایی باشی لەو جێبەجێکردندا هەیە.

لەلایەکی ترەوە، گرفتێکی تری دواکەوتنی پرۆژەکان لای دامەزراوەکانی حکومەتە، هەر لەدیزاینکردنی پرۆژەکەو دواکەوتنی دانی سلفەی کۆمپانیاو بەڵێندەرەکانو ئەو هەموو رۆتینو بیرۆکراسییەی تا شوێنی پرۆژەکە ئامادە دەکرێ، ئەمە جگە لەوەی لە کاتی جێبەجێکردندا دەستکاری دیزاینو نەخشەی پرۆژەکە دەکرێ بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی ئەندازیاری چاک بکرێنەوە، یان گۆڕینو دەستکاریکردنی مەرجو مواسەفاتە هونەرییەکانی بۆ ئەوەی هێندێک لەو تەرخانکردنە بمێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی هێندێک کاری تری تایبەت بەو پرۆژەیە.

لەگەڵ زیادبوونی حاڵەتەکانی دواکەوتنی تەواوکردنی پرۆژەکان، پێویستە حکومەت بەوردی بەهاوکاری لایەنە پەیوەندییدارەکان لەو هۆکارانە بکۆڵێتەوە، چاو بەسیستەمی تەندەرینگدا بخشێندرێتەوەو چوارچێوەو دسپلینی توند بۆ رێگرتن لەروودانی دابنرێت، بەجۆرێک کە مافی هەموو لایەکی تێدا پارێزراوبێو هەموو لایەنەکانی پرۆژەکە لێی سودمەند بنو رێگر بێ لەوەی کۆمپانیایەک یان بەڵێندەرێک لەیەککاتدا چەند پرۆژەیەک جێبەجێبکات.

چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە، تەنیا بۆ کاتی جێبەجێکردنو پابەندبون بە کاتی دیاریکراوەوە ناگێڕێتەوە، بەڵکو لەپارەی تەرخانکراویش دەگێڕێتەوە، بەتایبەتی کە ئەو پرۆژانە لەکاتی خۆی جێبەجێناکرێ، هەروەها لەسایەی هەڵبەزو دابەزی نرخەکانی کەرەستەکاندا زیان بەهەموو لایەنەکانی پەیوەند بەو پرۆژە دەگەیەنێت، لەسەروی هەموویانەوە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانن.

> گرفتێکی تری دواکەوتنی پرۆژەکان لای دامەزراوەکانی حکومەتە

---

# نەوت رێگە بۆ شەڕی کوردو عەرەب خۆشدەکات

## بلومبێرگ: ململانێی نێوان بەغداو هەولێر لەسەر گرێبەستەکان، بەرەوپێشچوونەکان دەخاتەمەترسییەوە

نەوزاد سدیق

سایتی نیوزویک بڵاویکردەوە ناکۆکییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، بەرەوپێشچوونەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوەو ئاوەدانکردنەوەی هەولێرو ئەو بازدانەی شارەکە بەخۆیەوە بینیویەتی لەباردەبات.

لە راپۆرتە هەواڵێکدا، سایتەکە دەڵێت راگرتنی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم، بەهۆی خەرجنەکردنی پارەی ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی کە هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵدا ئیمزاکردوون لەلایەن مالیکییەوە، هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو بەرەوپێشچوونو ئاوەدانییەی هەولێر بەخۆیەوە بینیویەتی لەدروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونو ناوەندی کۆبوونەوەو دانانی کێبڵی ریشاڵی روناکی لەژێر زەوی، جگەلەوەش لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکەی مانگی داهاتوو پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا، هەڕەشە دەبێت بۆ سەر سەقامگیریی عێراق.

ئاماژەی بەوەداوە کە گرژیی لەپەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، پەرەدەسێنێت ئەگەر حکومەتەکەی مالیکی هەوڵی لاوازکردنی حوکمڕانی کوردەکان بدات.

لەو روەوە دەیڤد فلیپس لەپەیمانگای توێژینەوەی ئەتلانتیک لەواشنتۆن بڕوای وایە جەنگی تایەفی لەعێراق سەرهەڵنادات، "بەڵام رەنگە جەنگی ئیتنیکی دروست ببێت".

باسی لەوەشکردەوە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم گرێبەستی بەشداریی بەرهەمی لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیا ئیمزاکردوە لەوانە "کالاگاریی، ئەداکس پیترۆلیۆم کە دواتر لەلایەن کۆمپانیای پیترۆکیمیاوی چینییەوە کڕرایەوە، دی ئێن ئۆی نەرویجی"و تائێستا ئەو کۆمپانیایە پارەی دەرهێنانی ئەو نەوتەیان وەرنەگرتووە، کە لەمانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوودا هەناردەکردنی بۆ دەرەوە دەستپێکرد.

لەبەشێکی راپۆرتەهەواڵەکەی سایتی بلومبێرگ هاتووە "حکومەتەکەی مالیکی کە کۆنترۆڵی بۆرییە نەوتەکانی هەناردەکردنو داهاتەکانی نەوتی کردوە، ئامادەنییە پارەی ئەو کۆمپانیایانە خەرج بکات بەپاساوی ئەوەی حکومەتی کوردەکان مافی ئیمزاکردنی گرێبەستی نەوتی نییە.

لەبەرامبەردا کوردەکان لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردووەوە، هەناردەکردنی نەوتی راگرتوە، "نەوتی بەرهەمهێنراوی دی ئێن ئۆو کۆمپانیاکانی تر لەبازاڕی ناوخۆدا ساغ دەبێتەوە".

فەلاح مستەفا بەکر بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم دەڵێت "خەرج نەکردنی پارەی ئەو کۆمپانیایانە لەلایەن بەغداوە، نادادپەروەرانەو نابەرپرسیارانەو نایاساییەو زیان بەتوانای فرۆشتنی وڵاتەکە دەگەیەنێت".

سایتەکە لەزاری لێپرسراوانی حکومەتی هەرێمەوە نوسیویەتی "ئاستی توانای بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان تاکۆتایی ئەمساڵ دەگاتە ٤٥٠هەزار دۆلارو ساڵی داهاتوو دەگاتە ١٠٠هەزار بەرمیل".

گاری ستانسفیلد شیکەرەوە لەناوەندی توێژینەوەی خانەی چاتهام لەلەندەن دەڵێت "ئەگەر هەولێرو بەغدا رێکنەکەون، ناتوانرێت کار لەکێڵگەکانی غازو نەوتدا بکرێت، هەردوولا قوڕگی یەکتریان گرتوەو ئەمەش رەوشەکەی زیاتر مەترسیدار کردوە".

www.arsivakurd.org

# عێراقییەکان لەسەر بەعسییەکان ناکۆکن

## ئەمەریکا داوادەکات ئەو مەسەلەیە بخرێتە دوای هەڵبژاردنەوە



ئەیاد سامەرائی

ئا: عەبدول محەمەد

هاوکات لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، کێشمەکێشمو گفتوگۆکان، سەبارەت بەهەوڵەکانی حیزبی بەعس بەوەی دەیەوێت لەرێگەی کوتلەیەکی سیاسی یاخود هەر دەموچاوێکی تر بگەڕێینەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسی عێراقو ناو پەرلەمانی عێراق، لەجاران گەرمتربوون.

ئەو قسەو گفتوگۆیانە لەکاتێکدا گەرمتربوون کە بەرەی دیالۆگی نیشتیمانی بەسەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگو لیستی عێراقیە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی یەکیان گرت لە قەوارەیەکی سیاسیدا بەناوی ئیئتیلافی عێراقیەو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەبوون کە ئەو ناوە روویەکە بۆ گەڕانەوەی بەعسییەکان لەژێر چەتری پەرلەمانەوە بۆسەر شانۆی سیاسی عێراق، هۆکاری ئەو گومانەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە هەریەکە لەموتڵەگو عەلاوی رابردوویان لەنێو بەعس هەبووە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە سەرلەبری ئەو تۆمەتانە لەلایەن ئەوکەسایەتیانەو لیستی ناوبراوەوە رەتدەکرایەوە، لەکاتێکدا کە موتڵەکو نزیکەی ٥٠٠ کەسیتری لیستەکان لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەرییەوە، ناویان کوژێنرایەوە لەلیستی ئەو قەوارە سیاسیانەی کە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەن.

لەنوێترین پێشهاتیشدا، دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری کە ئەرکی بنبڕکردنی بەعسی پێسپێردراوە،لەبەیاننامەیەکداداوای لەئاد میلکەرت، نێردراوی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق کرد کە چیتر دەستوەرنەداتە کاروباری یاسایی‌و دەستووری عێراقەوە، لیژنەکە ئەو نوێنەرایەتییەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەفشار خستنە سەر کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمەتباردەکات، بۆئەوەی ناوی ئەو ٥٠٠ کاندیدە نەسڕێتەوە کە لەلایەن لیستو قەوارەکانەوە کاندید کراون بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، دەستەکە بەمافی یاسایی خۆشی دەزانێ کە بەشێوەی پێویستو لەشوێنی خۆیدا وەڵامی ئەو لایانانە بداتەوە کەدەستوەردەدەنەکاروبارەکانەوە، دووپاتیشی کردەوە: دەستەکەیان وەک بەرپرسیارییەتێکی ئەخلاقی چاوەڕوانی رۆڵی بێلایەنانەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەتو دامەزراوە دەستووری‌و یاساییەکان لەعێراقدا.

هاوکات سەرچاوەیەکی بەرپرس لەنێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان رەتیکردەوە: داوای لەوشێوەی ئاراستەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کردبێ، بەڵکو چالاکییەکانی تەنها بۆ نزیکردنەوەی بۆچوونی لایەنەکانە.


ئەو گۆڕانکاری‌و پێشهاتانە لەکاتێکدایە کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەئکیدی کردەوە بڵاوکردنەوەی لیستی ئەو کەسانە دوابخات کە لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریەوە بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە.

لەوبارەیەوە فەرەج حەیدەری بەسەرچاوەکانی هەواڵی راگەیاند: بەهۆی ئەوەی کە هێشتا لیستی کۆتایی سەرجەم ئەوانەی لەبڕیاری دەستەکە دەیانگرێتەوە، تەواو نەبووەو جگەلەوەش بۆئەوەی بواربدرێت بەهەموو لایەک بۆئەوەی مافی تانەلێدانیان هەبێت.

ئەوە لەکاتێکدایە کە ژمارەیەک لەرێکخراوە مەدەنییەکان پێیانوایە ئەو هەڵوێستەی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی لەعێراقدا دووچاری بێهیوایی کردووە، پێدەچێ وایان لێ بکات کە هیچ گەرموگوڕییەکیان نەمێنێ بەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتوودا.

هەرلەبەر بایەخی ئەو مەسەلەیە، واشنتۆن هاتۆتە سەر خەتو چەند سەرچاوەیەک باس لەوەدەکەن کە هەریەکە لەجۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکاو کریستۆڤەر هێڵ باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق، دەستیانوەرداوەتە مەسەلەکەوەو پەیوەندیان بەئەیاد سامەڕائی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە کردووەو داوایانکردووە پێویستە مەسەلەی دوورخستنەوەی ئەو کەسانە بەتۆمەتی بەعسیبوون بخرێتە دوای هەڵبژاردنەکان.

لەوبارەیەوە نووسینگەی سامەڕائی بڵاویکردەوە: بایدن کە سەرپەرشتی دۆسیەی عێراق دەکات، بەتەلەفۆن داوای لەسەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە کە دۆسیەی دوورخستنەوەی ئەو کەسانە دوابخرێت بۆ دوای هەڵبژاردنەکانو هەریەکەیان بەڵێننامەی ئەستۆپاکیان لەحیزبی بەعس پێپڕ بکرێتەوە، ئاشکراشی کرد: بایدن پێیراگەیاندووە کە متمانەی بەدەستەی‌لێپرسینەوەودادپەروەری نییە کە ئەرکی ریشەکێشکردنی بەعسی لەئەستۆدایە.



جۆن بایدن

بەگوێرەی لێدوانەکانی نووسینگەی سامەڕائی، باڵیۆز هێڵ مەترسی خۆی لەدوورخستنەوەی ئەوکەسانە نیشانداوە لەسەر رەوشی سیاسی عێراقو دۆسیەی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق.

بەگوێرەی هەواڵ کریستۆڤەر هێڵ ئاماژەی بەوەش کردووە: ئەگەر کارەکانی لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەری رانەگیرێ، رەنگە واشنتۆن نەتوانێ پشتیوانی لەهەڵبژاردنەکانی عێراق بکات.

# لەنەجەفەوە داوا لەسەرۆکی هەرێم دەکرێت بەڵێنەکەی جێبەجێبکات

دەستوور:

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان لەئەنجومەنی پارێزگای نەجەف داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات بەڵێنەکانی جێ بەجێ بکات.

لە کۆبونەوەیەکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانی پارێزگای نەجەف کە بۆ تاوتوێکردنی پشتیوانی لە پرۆژەی ناساندنی نەجەف وەک پایتەختی رۆشنبیری ئیسلامی تەرخان کرابوو، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق رەتیکردەوە پشتیوانی پرۆژەکە بکات.

ئامادەبوانی کۆبونەوەکە گفتوگۆیان لەسەر چۆنێتی پشتیوانیکردنو ئەنجامدانی پرۆژەکە کرد لەکاتی خۆیا، بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لەوەزارەتی دارایی عێراق کرد کە بودجەیەکی ٩٧ ملیار دیناریان بۆ تەرخان بکات وەک قۆناغی یەکەم بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکەو لیژنەیەکیشیان راسپارد بەمزوانە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات بۆ دیدار لەگەڵ سەرۆکی هەرێم سەبارەت بەو بەڵێنەی کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکاتی سەردانی بۆ شاری نەجەف بەشارەکەیدا بوو بۆ بنیاتنانی سەنتەرێکی رۆشنبیری لەشارەکە. جەختیشیان کردەوە کەداوا لەئەنجومەنی وەزیران بکرێت بەتەرخانکردنی داهاتەکانی بواری گەشتوگوزاری ئایینی شارەکە کە لەبانکەکانی ئێراندا هەڵگیراون بۆئەوەی پرۆژەکانی پارێزگاکەی پێ تەواوبکرێت.



# بەسۆنامییەکی تر، باشووری عێراق ژێرئاو دەکەوێت

دەستوور:

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی زانستی، عێراق بەرگەی سۆنامییەکی تر ناگرێتو ناوچەکانی باشووری دەبێتە رووبار.

ئەو توێژینەوەیە کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی زانیاری کەشوهەواوە ئامادەکراوەو رۆژنامەی وۆرڵد پۆلیسی جۆرناڵ بڵاویکردووەتەوە "یەک مەتر بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی رووبارەکان ٥٦ ملیۆن کەس دەکاتە پەنابەری تێکچوونی ژینگەو سۆنامییەکی تریش ناوچەکانی باشووری عێراق، ژێرئاو دەخاتو دەبێتە بەشێک لەرووباری شەتولعەرەب".

راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەشداوە: عێراقو ڤێتنامو میسرو مۆریتانیاو سوریناموگاناو گینیای فەرەنسی‌و تونس‌و ئیماراتو دورگەی ئەلبەهاما، زەرەرمەندی یەکەمی هەر سۆنامییەک دەبن کە لەداهاتوودا روودەدات، جگە لەوەش ١١٪ی دانیشتوانی گۆی زەوی ئاوارە دەبن ئەگەر بێتو ئاستی ئاوی رووبارەکان مەترێک زیادبکات.



# عێراق شەپۆلی تەقینەوەکان بۆ چەند پایتەختێکی عەرەب دەگوازێتەوە

دەستوور:

سەرچاوەیەکی هەواڵگری خۆرئاوایی لەبێرنی پایتەختی سویسرا ئاشکرایکرد: حکومەتی عێراق لەناوەڕاستی ساڵی رابردووەوە دەستیکردووە بەچالاککردنەوەی دەزگاکانی هەواڵگری دەرەکی.

ئاماژەی بەوەشکرد: لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو شەڕو تەقینەوانەی لەناوچە جیاجیاکانی عێراقدا لەسەردەستی گروپە تیرۆریستییەکانو بەسەرپەرشتی ئەفسەرو پلەدارەکانی ئاسایش کە سەر بەحیزبی بەعسبوون ئەنجامدەدرێت، دەگوازرێتەوە بۆ سوریاوهەندێک لەپایتەختی‌ولاتانی عەرەبی‌و ولاتانی کەنداو، ئامانجی سەرەکی ئەم پلانەش گواستنەوەی شەپۆلی توندوتیژییەکانە لەرێگەی ئەفسەرە بەعسییەکانەوە بۆ هەریەکە لەدیمەشقو ئیماراتو قەتەرو لوبنان، ئەمەش تاکە هیوایەکە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی کردەوە تیرۆریستییەکان لەعێراق.

ئەو دبلۆماتە بەریتانییە لەسویسرا ئاماژەی بەوەشکردووە کە دەزگای هەواڵگرییە نوێیەکانی عێراق لەدەرەوە، زانیارییەکی زۆرو فراوانیان لەبەردەستدایە سەبارەت بەبوونی سەرکردە سەربازییەکانی پێشووی رژێمی بەعس لەدوبەی‌و دەوحەو ئەبوزەبی‌و شاریقەو بەیروتو دیمەشقو لازقیەو حەلەبو ترابلس، ئەم سەرکردە سەربازییانە لەهەوڵی خۆئامادەکردندان بۆ گەڕانەوەیان بۆ عێراق تاوەکو سەرپەرشتی پرۆسەیەکی فراوانتر بکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی کەهەندێک لەو سەرکردە بەعسییانە پارێزگاری زۆریان لێدەکرێتو زۆربەشیان لەناو عێراقدا کاردەکەن.

# لیژنەیەك بۆ سنووربەزاندنی تورکیا پێکهێنرا

دەستوور:

فەرمانگەی کاورباری لیژنەکانی چاودێریکردنی سەر بەئەمانەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، لیژنەیەکی هەماهەنگی پێکهێنان بۆ بەدواداچوونی حاڵەتی بەزاندنی سنور لەلایەن حکومەتی تورکیاوە لەنزیک رووباری هیزل لەباکووری قەزای زاخۆ. سەرچاوەیەک لەفەرمانگەی کاروباری لیژنەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئاشکرای کرد: حکومەتی عێراقو تورکیا بەهەماهەنگی لیژنەیەکیان بۆ بەدواداچوونی ئەو دۆسیەیە پێکهێناوە بۆ دیاریکردنی حاڵەتی بەزاندنی سنوری عێراق لەلایەن تورکیاوە لەنزیک رووباری هیزلی نزیک قەزای زاخۆ.

www.arsivakurd.org

# ئۆجەلان ماندەگرێتو زیندانییەکانیش حکومەت ئاگاداردەکەنەوە

## ئاکەپە هەرچۆنێک بێت دەیەوێت گۆڕانکاری لەدەستووردا ئەنجامبدات!

ئا: محەمەد عەلی خەفاف

**ئۆجەلان مانی لەهاتنەدەرەوە گرتووە**

عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە، لەگەڵ پێنج زیندانی دیکەی هەمان زینداندا بڕیاری مان گرتنیان دا لەبینینی هەرکەسێک کە سەردانیان بکات تا ئەو کاتەی باروردخی نێو بەندینخانەکە چاک دەبێت، ئۆجەلان لە١٢ی ئەم مانگەوە دەستی بەمانگرتن کردووە، ئاژانسی هەواڵی فورات بڵاویکردەوە ئۆجەلان لەدیمانەی هەفتانەی ئاسایدا لەگەڵ پارێزەرەکانی رایگەیاندووە، تەندروستیم باش نییە، رێگەمان پێنادەن لەکاتی چوونە دەرەوەماندا بۆ دەرەوەی ژوورەکە لەگەڵ برادەرانی نێو زیندانەکەدا یەکتری ببینین، هەفتانە تەنها یەک کاتژمێر بۆمان هەیە بچینە دەرەوە، لەکاتێکدا مافی ئاسایی خۆمان ١٠ کاتژمێرە لەهەفتەیەکدا، فەرمانەکانی وەزارەتی داد جێبەجێناکرێن، هەر بۆیە ئێمەش لەگەڵ زیندانییەکانی دیکە بڕیارمان داوە تاکو هەموو هەلومەرجەکان چاکدەکرێنو هەموو مافەکانی خۆمان وەردەگرین نەیەینە دەرەوە بۆ بینینی هیچ کەسێک، هەروەها ئۆجەلان وتوویەتی: من نازانم لەمانگەکانی شوبات وئازاردا چی رووددات، من نە بەکەس دەڵێم شەڕ بکاتو نەپێشیان دەڵێم ئاشتی بکەن، رێنمایی نادەمو هەرچییەک دەکەن خۆیان ئازادن،پێویستە خۆیان بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کە خەبات بکەن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان یان وازی لێبهێنن، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە هەڵمەتەکانیان لەدژی پەکەکە چڕترکردووەتەوەو پلانی سڕینەوەی پارتەکە نۆرەی هاتووە، لەوانەشە لەدوای ئەمەوە هەڵمەتی سەربازی دەستپێبکات، من لەمانگەکانی داهاتوودا واتا لەشوباتو ئازاردا لەنێوەندەکە دێمە دەرەوەو بێلایەن دەبم، هەرکاتێکیش بۆ چارەسەر بێنە ئێرە من هەموو کاتێک ئامادەم هاوکارییان بکەم.

**دەسگیرکراوەکانی پەکەکە، پژاکیش مانیان گرت**

وەک پشتیوانییەک بۆ بڕیارەکەی ئۆجەلان، دەستگیرکراوەکانی سەر بەهەردوو پارتی پەکەکەو پژاک لەبەندینخانەکانی تورکیاو باکوری کوردستان دەستیان بەمانگرتن لەچوونە دەرەوە کردو لەڕوونکردنەوەیەکیاندا رایانگەیاند: ئەوە کە دەگوترێت قسەکردن بەزمانی کوردی لەبەندینخانەکاندا ئازادە درۆیەکی شاخدارە، هەروەک حکومەتی ئاکەپەیان ئاگادارکردەوە لەوەی کە ئەنجامدانی هەرکارێکی ناڕەوا بەرامبەر ئاپۆ ئەنجامدانی خراپەیە بەرامبەر ملیۆنەها کوردو تەنها وشەیەکی بەسە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەتەواوەتی بشڵەقێت.

**ئەو نامەیەی لەقەندیلەوە هات، لە ناو برا**

ئەو نامەیەی ئەندامانی گروپی ئاشتی لە١٩ی ئۆکتۆبەری پارساڵدا لەقەندیلەوە هێنبوویانو بەنیازبوون بیدەنە هەریەک لە سەرۆکایەتییەکانی کۆمارو حکومەتو پارلەمانو ئەرکانی سوپا ، لەناوبراوەو وتەبێژی گروپی ئاشتیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەسەر سنور کەسێک کە خۆی وەک جێگری پارێزگاری شرناخ ناساندووە نامەکەی لێوەرگرتوونو پارێزگاری شارەکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو نامەیە لەلای ئەوان نییەو هیچ زانیارییەکیان لەو بارەیەوە نییە.



ئۆجەلان لەبەردەم چارەنووسێکی نادیاردایە

**"دەستوورێکی ئەوروپی بەڕێوەیە"**

بولەنت ئارنچ جێگری سەرۆک وەزیری تورکیا رایگەیاند: پێویستمان بەدەستوورێکە کە لەسەرەتاوە تاکۆتایی نوێ کرابێتەوەو لەگەڵ رێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ لەئەوروپادا بگونجێو ئازادییەکان فراوانتر بکاتو بەڕاستی دیموکرایی لەخۆبگرێت، ئارنچ وتیشی هەوڵی نوێمان بۆ گۆڕینی دەستوور دەست پێکردووە و لەچوارچێوەی هەوڵەکان بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەوروپاش زیاتر لە٤٠ ماددەی دەستوور تا ئێستا گۆڕاون،لەساڵی ١٩٨٢شەوە زیاتر لە٦٠ ماددە گۆڕاون، کەواتە لەو ١٧٥ ماددەیەی دەستوور سێ یەکی گۆڕاوە، بۆیە پێویستمان بەدەستوورێکە کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی گۆڕانکاریی تێدا کرابێتو گونجاو بێت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لەیەکێتی ئەوروپا.

**وەزیری ناوخۆ: لەمەودوا گۆڕینی دەستوور نەگۆڕترین باسی رۆژ دەبێت**

بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا لەبارەی کرانەوەی دیموکراتییەوە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند:پرۆسەکە دوو ئامانجی هەیە ئەوانیش لەناوبردنی تێرۆرو بەرزکردنەوەی ئاستی دیموکراسیو فراوانکردنی مافو ئازادییە سەرەتاییەکان، وەزیری ناوخۆی تورکیا سەبارەت بەکەمپی مەخمور رایگەیاند: هەوڵەکانمان لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات بەردەوامنو ئەو کارانەی کە ماون زۆرینەی پەیوەندی بەتورکیاوە هەیە نەک عیراق، سەبارەت بەو هەنگاوانەی حکومەت لەپرۆسەی کرانەوەدا ناونی ئاتالای کارەکانی بەکاری کورت مەودا وەسف کردو لەکۆمەڵێک خاڵدا کورتی کردنەوە کە بریتین لە: قسەکردن بەزمانی کوردی لەبەندینخانەکاندا، کردنەوەی تەرەتە شەش،پێدانی مۆڵەت بەڕادیۆو تەلەفزیۆنە کوردییەکان کە پەخشی بەردەوام ئەنجام بدەن، مۆڵەتی دامەزراندنی پەیمانگاو بەشی تایبەت بەزمانی کوردی لەزانکۆکانداو بەم زوانەش خاڵەکانی پشکنین کەم دەکرێتەوەو یاساغی کێڵگەکانیش دادەبەزێنرێ بۆ نزمترین ئاست، هەروەک رایگەیاند: هەندێک کاری دیکە هەن کە مەوداکانیان مام ناوەندن و بریتین : ئەو یاسایەی کە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە بەرەنگاری پۆلیس دەبنەوەو ئەنجامدانی گۆڕانکاری تێیدا، دامەزراندنی دامەزراوەی مافەکانی مرۆڤو بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری لەتورکیا.

**گۆڕانکارییەکانی دەستوور لەپێنج مادده تێناپەڕن**

بە پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای دابەزاندنی ماوەی ریفراندۆم لە١٢٠ رۆژەوە بۆ ٤٥ رۆژەورزی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەدەستووردا لەلایەن حکومەتی ئاکەپەوە دەستپێکراوەو گۆڕانکارییەکانیش پێنج ماددەی دەستوور دەگرێتەوە کە بریتین لە قورسکردنی داخستنی پارتەکانو ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەدادگای دەستووریداو پەرلەمانتاری لەتورکیاو دوو ماددەی دیکە کە تائێستا روونییە چین، سەبارەت بەیاسای داخستنی پارتەکان ئاکەپە پێیوایە کە پێویستە ئەو پارتانە دانەخرێن کە دەستیان لەتوندوتیژیدا نییەو ئەو ئەندامانەیان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکرێ کە ئەندامی یاساییین مەگەر تاوانێک ئەنجام بدەن.

---

# ئاپۆو دەوڵەت

ن: ئەحمەد ئاڵتان

سەرەتا پێویستە دوو پرسیار لەتورکەکان بکەم، یەکەم: زۆرتان پێخۆشبوو کە ئیسرائیلتان خستە حاڵێکی وەهاوە کە بەزۆر داوای لێبوردنتان لێبکات؟ هەستانی تورکیا بەوکارە رەقە،مامەڵەیەکی زۆر توندڕەوانەی بێزیرەکی بوو، دووەم: دەتانەوێ لەگەڵ هەموو وڵاتێکدا پەیوەندییەکی لەوجۆرەتان هەبێت، کاتێکیش مافتان خورا، ویستی ئەوەتان هەبێت کە پێی بڵێن پێ بەقەد بەڕەکەی خۆت راکێشە؟ دەزانم کە وەڵامی ئەم پرسیارانە بە"بەڵێ" دەدەنەوە، بەو پێیەی وەڵامی پرسیارەکانتان دایەوە، ئێستا با ئەو قسەیەشتان پێبڵێم کە زۆر تورەتان دەکاتو پێی دەهری دەبن، بۆ گەیشتن بەم

> **ناعەقڵانییە کە بۆ تۆڵەسەندنەوەی رابردوو، داهاتوو بسوتێنین**

هێزە، بۆ بردنە ئەو ئاستەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دنیادا پێویستە هاریکاریتان لەگەڵ ئاپۆدا هەبێت، پێویست بەوە ناکات یەکسەر لەشوێنی خۆتان هەڵبەزنەوە، بۆ بەهێزبوونی، تورکیا پێویستە "ئاشتی ناوخۆ" وەدیبهێنێ، هیچ کاتێک ناگاتە ئەو هێزە سوپەرەی ناوچەکە کە بێزووی پێوەدەکات، بەبێ وەدیهێنانی ئاشتی ناوخۆو راگرتنی ئەو خوێنبەربوونەی لەجەنگە بێماناکەیدا لێیدەڕواتو بەبێڕاستکردنەوەی سیستمی دادو دیموکراسی لەوڵاتدا. بۆ وەدیهاتنی ئاشتی لەناوخۆی وڵاتداو کۆتاییهێنان بەجەنگو رێگەخۆشکردن بۆ دیموکراسییەکی راستەقینە لەلایەن سوپاوەو ئەنجامدانی ریفۆرم لەو مەترسییانەدا کە لەسیستمی دادوەریدا هەن، ئەمانە هەمووشی ئەوکاتە گونجاوە کە دەنگی هاووڵاتییە کوردەکانی ئەم وڵاتەی لەگەڵدابێتو لەبەرامبەریاندا بڵێن "بەڵێ"، ئەمە لەکاتێکدا کوردەکان بەساردی تەماشای کرانەوە دیموکراتییەکان دەکەن، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی هەیە، کوردەکان خاوەنی هۆکارگەلێکی زۆر ڕەوان بۆ متمانە نەبوون بەدەوڵەت، ئێوە ناتوانن ئەوان هەروا ئاسان لەوە تێبگەیەنن کە جیاوازی گەورە لەنێوان حکومەتو دەوڵەت لەتورکیادا هەیە، ئەوەی کە ئەم دەوڵەتە زووزوو حکومەتەکەی خۆی دەڕووخێنێت، هەوڵدەدات ئەو پارتەی کە حکومەتەکەی دروستکردووە دابخات، لەلای ئەوان حکومەتو دەوڵەتو سوپا یەکپارچەن، دەوڵەتیش درێخی نەکردووە لەوەی وایان لێبکات بەوجۆرە بیربکەنەوە. دەوڵەت لەناکاو لەڕێگەی پۆلیسەکانی حکومەتەوە سەرۆک شارەوانییەکانی سەر بەدەتەپە دەستگیردەکاتو ئێمە بەرەو رووی دیمەنێکی لەوجۆرە دەکاتەوە.

کوردەکان بۆئەوەی باوەڕ بەدڵسۆزی تورکەکان بکەن، پێویستە کەسێک هەبێت کە متمانەیان پێی هەبێتو پێیان بڵێت کە بەڵێ ئەمجارە تورکەکان دڵسۆزن بەرامبەرتان، ئەی ئایا کوردەکان متمانەیان بەکێ هەیە؟ زۆرینەی کوردەکان باوەڕیان بەئاپۆ هەیە، ژمارەیەکی زۆر هەن کە حەز بەئاپۆ ناکەن، بەڵام هەلو مەرجەکان بواری ئەوەیان نەڕەخساندووە کە یەکێکیان ببێتە خاوەن هێزێکی ئەوتۆ کە کوردەکان قایلبکات، ئاپۆ هەموو ژیانی خۆی بۆ کێشەی کورد تەرخانکردووە، شۆڕشی چەکداری لەسەر دەستی ئەو دەستپێکردووە، جەنگاوەو لەو پێناوەشدا ناچاربووە لەتەمەنی شەست ساڵیدا لەبەندینخانە ژیان بباتەسەر، هەر ئەمەشە وایکردووە کە لەهەموو سەرکردە کوردەکانی دیکە گرنگترو باوەڕپێکراوتر بێت، بۆ ئەمکارەش پێویستمان بەوتەی ئاپۆ هەیە، تا ئەو نەڵێت "ئەمجارە بەڕاستیانەو با رێککەوین لەگەڵیان" وادیارە کە ئەم جەنگە کۆتایینایەت، ئەگەر تۆزێک زیاتر چاوەڕوان بکەین ئەوا کاریگەری ئاپۆش کەمدەبێتەوەو ئەوکات ئەویش ناتوانێ جەنگەکە راگرێ، ئاپۆ بەردەوام پەیامی ئەوەدەدات کە ئامادەیە بۆ ئاشتییەک، ئەو ئێستا خاوەنی هێزێکە کە رێگە لەبەردەم تورکیادا دەکاتەوە، روونیشە کە ئەم هێزە لەسەودایەکدا بەکاردەهێنێ، سروشتیشە کە سەرکردەیەک دەساڵی لەبەندینخانە بەسەربردبێت، مەرجو داواکاری هەبێت، بە بڕوای من ئەم دەوڵەتە پێویستە لەگەڵ ئاپۆدا کۆببێتەوە، لەپێشیشدا پێویستە واز لەوکارانە بهێنێ کە سەرکردەیەکی خاوەن ئەو هێزە ئەگەرچی لەزیندانیشدا بێت، وا بیربکاتەوە کە سوکایەتی پێکراوە، تورکەکان ئەگەر ئەو تورەییەی خۆیان بخەملێنن کە بەهۆی دانیشتنی باڵیۆزێکیانەوە لەسەر کورسییەکی نزم تووشی هاتن، ئەوکات باش لەوە تێدەگەن کە هەر هەڵسوکەوتێکی خراپ، چەند ئەو سەرکردەیەی کوردەکان کە لەزینداندایە بریندار دەکات، مەڵێن "چۆن مامەڵە لەگەڵ هەر کەسێک دەکەین بەوجۆرەش مامەڵە لەگەڵ ئاپۆ دەکەین" چونکە ئاپۆ "هەرکەسێک" نییە، بەڵکو کەسێکە خاوەنی وتەیەکە، قەدەری ئەم وڵاتە دەگۆڕێ، ئەوەندەش ئەشکەنجەی کوردەکان بدەن، دەرەنجام دەبن بەتووشی کەسێکەوە کە حەز لەچارەشی ناکەنو خاوەنی قسەشە بۆ گۆڕینی داهاتوو. ئەوەشتان لەبیرنەچێت کە سپی پێستەکانی ئەفریقای باشوور لەئێوە زیاتر کەرقتان لەئاپۆیە، رقیان لەنێلسن ماندێللابوو، بەڵام سەرەتا خستیانە کێڵگەیەکەوە تا تیا بژیو دواتریش ناچاربوون کە ئازادی بکەن. ئایا بۆئەوەی ببینە وڵاتێکی بەهێزو تەواوی دنیا بەچاوی رێزەوە تەماشامان بکاتو هەمووان پێکەوە بەخۆشگوزەرانیو ئازادیو یەکسانی بژین، ئەوە ناهێنێت قسە لەگەڵ ئاپۆ بکەین؟

ناعەقڵانییە کە بۆ تۆڵەسەندنەوەی رابردوو، داهاتوو بسوتێنین، لەڕابردوودا لەموڵاتەدا زەمانێک قسەکردن بەزمانی کوردی یاساغبووە، ئێستا ئەو یاساغە لەلای هەموو کەسێک چەند گاڵتەجاڕانەیە، تەنانەت دەنیز بایکاڵیش نایەوێت زمانی کوردی یاساغ بکرێت، وا دیارە کۆنەبوونەوەو قسەنەکردن لەگەڵ ئاپۆش لەداهاتوودا ئاوها گاڵتەجاڕانە دەبێت، ئەوکاتیش لەوانەیە زۆر دواکەوتبێتین.

لەدوای یەک دوو رەشادییەو یەک دوو دەستگیرکردنی دیکە، لەوانەیە وتەکانی ئاپۆش کاریگەرییان نەمێنێ، ئەوکات چی دەکەن؟ ئەوکاتە نەک باڵیۆزەکەتان لەسەر کورسییەکی نزم دانیشێنن، بەڵکو ئەگەر لەسەر زەویش دانیشێنن دەنگتان لێوەنایەت، بۆئەوەی تورکیاش بکەوێتە حاڵێکی لەوجۆرەوە چەندین وڵات ئەوەی لەدەستی بێت دەیکات، دەستوەردەدەنە کاروبارەکانی ناوخۆی تورکیاو تێکیدەدەن. دەی لەودووانە یەکێکیان هەڵبژێرن، قسەکردن لەگەڵ ئاپۆ یان سوکایەتی پێکران لەلایەن ئیسرائیل یان وڵاتێکی لەوچەشنە؟ من قسەکردن لەگەڵ ئاپۆ هەڵدەبژێرم، چونکە نەحەز لەوەدەکەم سوکایەتیم پێبکرێو نە سوکایەتی بەکەس بکەم.

**و: محەمەد عەلی کەمال**
**رۆژنامەی تەرەف، ٢٠١٠/١/١٧**

www.arsivakurd.org

# ئـەم دەوڵـەتـە کـەی دەڕووخـێ؟



ناڕازییان سەرچاوەی هێزی زۆرو بەرفراوانیان هەیە

نازەنین ئەنساری- جاناتان پاریس

ئۆلتیماتۆمدان بەئێران بۆ قبوڵکردنی پێشنیاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەهەمبەر گەلاڵەی پرسهەڵگری ئەتۆمی، لە٣١ی دێسەمبەردا کۆتاییپێهات، ئەمە دان بەوەدا دەنێت کە سیاسەتە تاقیکراوەکان بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتووەتەوە، لەکاتێکدا کە واشنتۆن سەرقاڵی تاوتوێکردنی هەنگاوەکانی داهاتووی دەوڵەتی ئۆبامایە، مەشروعییەتی دەسەڵات لەئێران خەریکە لەدەوڵەتێکی ناوەندیی لەرزۆکەوە بۆ بزووتنەوەیەکی سەوزی پتەو دەگوازرێتەوە، بەشێک لەکارناسان بەودەرەنجامە گەیشتوون کە پرسیاری سەرەکی لەئێران ئەوە نییە کە ئایا دەوڵەت دەڕووخێت، بەڵکو ئەوەیە کە دەوڵەت کەی دەڕووخێت.

خراپبوونی ئابووری وڵات کە لەژێر سێبەری سوپای پاسداراندا مۆنۆپۆلکراوەو هێرشی میلیشیا چەکدارەکان بۆ سەر پرسەگێڕانی ڕێورەسمی ئایەتوڵڵا حسێن عەلی مونتەزری لەمانگی ڕابردوودا، ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو ئێرانییەکان ئاشکرا کرد کە حکومەت ئایینی بەکارتێڵێکی نامەشروعی ژێر دەسەڵاتی میلیشیا چەکدارەکان گۆڕدراوە، لەهەمانکاتدا گروپگەلێکی جیاجیا لەژێر دروشمی بزووتنەوەی سەوز هاوپەیمانییەکیان پێکهێناوە، ئامانجەکانی کۆمەڵێکی بەرفراوان لەئێرانییەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی کۆمەڵایەتی، دیموکراسیو مافی مرۆڤ خستووەتەڕوو.

بەشی باوەڕمەند بەئایین لەناو بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا لەکارمەندانی دەوڵەت، مامۆستای زانکۆ، مامۆستای خوێندنگاکانو بەساڵاچووانێک پێکهاتووە کە لەگەنجێتیدا بەئەندامبوون لەسوپای پاسدارانو بەشداریکردنی لەجەنگی هەشت ساڵەی عێراق، ئێستاکەش بەمەشروعییەتی شۆڕشی ئیسلامی ٧٩ وەفادارن، لیبراڵەکانو ئازادیخوازەکانیش بریتین لەژنانو گەنجان، کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینیەکان، کرێکارانو سەندیکا کرێکارییەکانو سەربازانی سوپا.

ئازادیخوازانی ئایینی، بزووتنەوەی سەوز بەبزووتنەوەیەکی مەدەنی پێناسەدەکەن نەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ، ئەوان خوازیاری ئەوەن کە گۆڕانکاری لەچوارچێوەی سیستمدا ڕووبداتو یاساکان بەپاراستنی چوارچێوەی هێزی هەییو لەناو کۆماری ئیسلامیدا ریفۆرم بێت، بەڵام لیبراڵو ئازادیخوازەکان بەچاویلکەی مافە جیهانییەکانو مافەکانی مرۆڤەوە لەسیستم دەڕوانن، پێداگری لەسەر ئەوەدەکەن کە بارودۆخی هەنووکەییوچوارچێوەی سیاسیی هەیی، بەربەستە لەبەردەم مافە بنەڕەتییە مەدەنییەکان، ئەوان لەو بڕوایەدان کە هەوڵدان بۆ گۆڕان لەناو ئەم سیستمەدا بەوێنەی ئاڵوگۆڕکردنی کورسییە، ئەوان دەڵێن کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ریفۆرم هەڵگر بووایە، ریفۆرمیستەکان زیندانی نەدەکران یان ناچار نەدەکران کە لەدەرەوەی وڵات نیشتەجێ بن.

نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزماتیکو شانە ڕێکخەرەکان لەبەرامبەر تێڕوانینی ئەمنیو ئیستخباراتی ڕژێم، چوارچێوەی بزووتنەوەکەی ئێستا بەرەو سەرپێچیو شۆڕش دەبات، لەرەهەندی ئامانجە جیاجیاکانی ئەم بزووتنەوەشەوە پرسیار ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە چۆن لەبزووتنەوەیەکی خۆڕاگرەوە بۆ هێزێکی سیاسیی ڕکابەرو شیاو بۆ دەسەڵات، دەگۆڕدرێت؟

نوێنەرانی بزووتنەوەی سەوز درک بەم مەسەلە دەکەن کە درەنگی لەدیالۆگێک بۆ نەهێشتنی دووبەرەکی لەریزەکانیانو هاوکاری بۆ تێپەڕکردنی ڕووداوەکان، دەبێتە هۆکارێک بۆ مەترسی شۆڕشو تەنانەت لەئەگەری سەرکەوتن لەگەڵ مەترسی قەیران بۆ کاتی وەرگرتنی ئیمتیاز بەرەوڕوون، بەخوێندنەوەی مێژووی ئێران دەکرێ بڵێین کە ئەم دیاردانە بەلەدایکبوونی دیکتاتۆرێکی دیکە کۆتاییپێدێت، تێگەیشتن لەم ئەندێشە گرنگانەیە کە ڕێبەرانی بزووتنەوەی بەرەو کەڵکوەرگرتن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک سکایپ، پاڵتاکو ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندی گشتی بۆ دوورکەوتنەوە لەسەرکوتی توندی ڕژێم، ڕێنوێن کردووە، ئەم دیدارانەی ڕێگەی دوور کە بە" کۆبوونەوەی هاوبەستەگی" ناسراوە، لەئاراستەی وەڵامدانەوە بەنیگەرانییە سیاسی، یاسایی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها دەرخستنی خاڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەکییە. بەشداربووانی ئەم دیالۆگە کەسانێکن کە لێکۆڵەرانی دوو نەوەی ڕابردووی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئێرانیان ڕێنوێن کردووە، هەروەها کەسانێکن کە ئێستا وێناکردنی داهاتوو لەروانگەیەکی ئاییندەگەرو مۆدێرنیان لەئەستۆدایە، ئێرانێک کە هەم ئامانجەکانی هاووڵاتیانی مسۆگەر دەکاتو هەم لەهێڵی هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەنگاودەنێت.

ناڕازییان سەرچاوەی هێزی زۆرو بەرفراوانیان هەیە، ئەم هێزە لەتۆڕە نهێنییەکانی ناو دامەزراوە دەوڵەتییەکان تا خەباتکارانی نەترسی ئامادە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فیشەک لەشەقامەکان، سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لەم شانۆیەدا لەتێکی ونبووی نێودەوڵەتی بوونی هەیە، نوێنەرانی بزووتنەوەی سەوز ئاگادارن کە هەرچەندە قورسایی بەرهەمهێنانی گۆڕان لەسەر شانی ئێرانییەکانە، بەڵام ئێستا کە ڕژێم لەبەردەم ئەزمونکردنی ئابڵوقە قورسەکان بەهۆی سەرپێچیکردن لەبەڵێنە ئەتۆمیو مافە مرۆڤییەکانە، ڕۆڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بنەماو گرنگە.

ئەم نوێنەرانە بەپشتیوانی بەردەوامی نێودەوڵەتی بۆ هەوڵی خەڵکی ئێران لەپێناو بەدەستهێنانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ لەپاڵ خواستە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی لەلایەن ڕژێمەوە، هیوادارن، کەسایەتییە ناسراوەکانی ئێران داوایان لەکۆمەڵگای جیهانی کردووە لێپرسینەوە لەپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بکرێتو سەرجەمی بەندکراوان ئازاد بکرێن، هەروەها ئەوان پشتیوانیان لەیاساغکردنی دانی ڤیزاو سەفەرکردنی بەرپرسە ئێرانییەکانو جێبەجێکردنی ئابڵوقەی ئامانجداری سەرچاوە داراییەکانی سوپای پاسداران کردووە.

ئەمە ڕاستە کە هیچ کەس ناتوانێ تواناییەکانی ڕژێمێکی بێهیوا لەدەستبردن بۆ هەر ڕەفتارێک لەبەرچاونەگرێ، ڕژێمێک کە بۆ مانەوەی خۆی هەر کارێک بکات، بەڵام هەناسەکانی ئەم حکومەتە سواربووە، خرۆشانی بزووتنەوەی سەوز دەتوانێ لەکۆتاییدا بەدەوڵەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی بگات. ئێرانییەکان بۆ دڵنیابوون لەدەوڵەتێکی نزیکی کارامەو خاوەن ئەندێشە بەردەوامن لەپەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکتر بۆ ڕێکخستنی ڕوانگەکانو نەخشەی ڕێگا لەداهاتوو.

بەمزووانە کاتی هەڵبژاردن بۆ ڕۆژئاوا دەگات، هەڵبژاردن لەنێوان ئێرانێک لەژێر حکومەتکی کارتێلی بێبەزەیی ناسەقامگیرو سەربازی، یان ئێرانێکی ئاشتیخوازو پتەو کە بۆ ڕزگاربوون لەچنگی ڕژێمێکی سەرکوتکەر خەبات دەکات.

دەبێ چاوەڕوان بین کە ئایا گوشارە قورسەکانی خەڵک لەئێرانو دوورنەمای ئابڵوقەکان لەدەرەوە دەتوانێ لەساڵی ٢٠١٠ ئامانجێکی هاوبەش بپێکن یا نا، کۆمەڵگای جیهانیش دەبێ هەڵبژێرێت کە کام جۆرە لەئێران بۆ پەیوەندی هەڵدەبژێرێ.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ-١٣ی January-٢٠١٠**

# دۆخـی ئـێـران تـادێـت ئـاڵـۆزتـر دەبـێـت

## هاوکات لەگەڵ بزووتنەوە مەدەنییەکە تەقینەوەکان لەئێران پەرەدەسێنێت

ئا: هیوای سەلیمی

کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممەی هەفتەی ڕابردوو لەگەڕەکی قەیتەریەی تاران، بۆمبێکی چێندراو لەناو ماتۆڕێکدا تەقیەوەو بەهۆیەوە مەسعود عەلی محەمەدی، مامۆستای کۆلێجی فیزیای زانکۆی تاران کوژرا، کوژرانی ئەم زانا ئێرانییە کاردانەوەو لێکدانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، تا ئێستا پەنجەی تاوان بۆ چەندین لایەن درێژکراوە، لەدوای ئەم تەقینەوەو کوژرانی مەسعود عەلی محەمەدی، دوو تەقینەویتر لەشارەکانی نەهاوەندی سەر بەپارێزگای هەمەدانو مەشهەد، ڕوویداوەو تەقینەوەکەی مەشهەد لەلایەن کەسێکی خۆکوژەوە ڕاگەیەندراوە.

**ئەم ڕووداوە لەڕووداوە هاوشێوەکانی خۆی گرنگی زیاتری پێدرا**

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، شەپۆلێک لەتەقینەوەو تیرۆری بەرپرسانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی هاتەئاراوە کە زۆربەی ئەو کردەوانە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی نەیاری کۆماری ئیسلامیو لەسەرووی هەموویانەوە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانەوە ئەنجامدرا، چەندین مانگ لەمەوپێش چەندین هەوڵی لەمشێوە لەپارێزگای بلوجستان هاتەکایەوەو لەدوو تەقینەوەی بەهێزی خۆکوژی لەو پارێزگایە، سەدان کەسو بەتایبەت چەندین فەرماندەی باڵای سوپای پاسدارانی ئێران کوژران، کەچی هیچکام لەو تەقینەوانەی ڕابردوو بەرادەی تەقینەوەکەی ڕۆژی سێشەممەی هەفتەی ڕابردووی تارانو کوژرانی مەسعود عەلی محەمەدی، دەنگدانەوەو لێکدانەوەی جیاجیای لێنەکەوتووەتەوەو هۆکاری گرنگیدان بەم ڕووداوەش لەزەمینەکانی بارودۆخی سیاسیی ئێرانەوە سەرچاوەدەگرێت.

**مەسعود عەلی محەمەدی کێ بوو؟**

مەسعود عەلی محەمەدی دکتۆرای فیزیاو مامۆستای زانکۆی تاران بوو، هەر لەیەکەم کاتژمێرەکانی کوژرانی ناوبراو، وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی ئێران ناوبراوی وەک مامۆستاو زانایەکی ئەتۆمی ناوزەدکرد، ڕۆژێک دواتر زۆربەی شاگردانی ئەو مامۆستایەو هاوڕێ نزیکەکانی لەچەندین دیمانە لەگەڵ بی بی سیو چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی دیکە، باسیان لەوەکرد کە بواری کارکردنی مەسعود عەلی محەمەدی فیزیای ئەتۆمی نەبووە، ناوبراو لەگەڵ هیچ یەک لە دەزگا پەیوەندیدارەکان بەپرسی ئەتۆمییەوە کاری نەکردووە، هاوکات ماڵپەڕی "جەڕەس" کە سەر بەباڵی ریفۆرمیستەکانە، دکتۆر محەمەدی وەک ئەندامێکی بزووتنەوەی سەوز ناساندو بەڵگەیەکی لەپشتیوانیکردنی ناوبراو لەموسەویی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بڵاوکردەوە.

**مەسعود عەلی محەمەدی کێ کوشتیو بۆ کوژرا؟**

چەند سەعات دوای کوژرانی مەسعود عەلی محەمەدی،




حکومەتی ئێران ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلی تاوانبار کرد، هەریەک لەئەمریکاو ئیسرائیلیش ئەم تۆمەتانەیان ڕەتکردەوە، دواتر گروپێکی نەناسراو بەناوی "ئەنجومەنی پاشایەتی" ئەم تیرۆرەی لەئەستۆگرتو کەچی کەس ئەم بانگەشەیەی بەهەند وەرنەگرت، زۆربەی چاودێرانی سیاسی تیرۆری دکتۆر عەلی محەمەدی لەلایەن تۆڕە ئەمنیو سیخوڕییەکانی ڕۆژئاوا بەلاواز دەزانن، هۆکاری ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ناوبراو بەشێوەیەکی جدی کاری بۆ دەزگا ئەتۆمییەکانی ئێران نەکردووە، لەهەمانکاتدا باس لەوەدەکەن کە ناوبراو زانیارییەکی تەواوی لەبەردەستدابووە دەربارەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران، هەر لەیەکەمین سەعاتەکانی دوای تیرۆرکردنی، پەنجەی تاوان بۆ لای خودی حکومەتی ئێرانی ڕاکێشراو زۆربەی چاودێرانی سیاسی ئێرانیان تۆمەتبارکرد.

فاروق وەکیلی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو دەرچووی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی، باس لەناڕۆشنبوونی مەسەلەکە دەکات، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت "لەڕاستیدا جگە لەوەی کە ئاشکرایە دکتۆر مەسعود لایەنگری موسەوی بووە، هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە ئاشکرای بکات کوشتنی ناوبراو کاری چ لایەنێکە".

وەکیلی دەڵێت پرسیار ئەوەیە کێ لەهەلومەرجی ئێستای ئێران دەست دەبات بۆ تیرۆر یان ڕەفتارێکی توندڕوانەی لەو چەشنە؟ بەبڕوای ئەو بزووتنەوەی نارەزایەتی (سەوز) هیچ قازانجێک لەتیرۆر ناکات، وتی "بەڵام لایەنی دەسەڵاتدار تووشی قەیرانێکی جدی بووەو هەر بۆیەش هەموو ڕێگاکان تاقیدەکاتەوە".

فاروق وەکیلی باس لەقازانجەکانی دەسەڵات لەڕەفتاری لەمشێوە دەکاتو "یەکەم، پاوانخوازان دەیانەوێ نارەزایەتییەکان لەمەدەنیبوون بخەنو هانیبدەن دەست بۆ پەرچەکرداری توندڕەوانە ببات، ئاسانتر پرۆژەی سەرکوت جێبەجێبکەن، دووەم، لەڕێگەی تیرۆرەوە جەماوەر تووشی ترس بکەنو لەشەقامەکانەوە بۆ ماڵ بیانگێڕنەوە".

**تەقینەوەکان درێژەی هەیە**

چەند هەفتەی دوای دەستپێکردنی ناڕەزایەتییەکان عەلی خامنەئی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، لەلێدوانێکدا ئاماژەی بەسەرهەڵدانی تەقینەوەو پەرەسەندنی تەقینەوە لەئێران کرد، ڕۆژێک پاش قسەکانی خامنەئی تەقینەوەیەک لەنزیک گۆڕی خومەینی ڕوویدا، لەهەفتەی ڕابردووشدا لەشاری نەهاوەندی سەر بەپارێزگای هەمەدانو لەتەنیشت نووسینگەی ئیمام جومعەی ئەو شارە، بۆمبێکی چێندراو تەقێندرایەوە، لەدرێژەی ئەو زنجیرە پەلامارانەدا شەوی شەممە لەبەردەم نووسینگەی پارێزگای مەشهەدیش تەقینەوەیەک ڕوویدا، دواتر ئەم تەقینەوەیە بەکردەوەیەکی خۆکوژی ڕاگەیەنراو هەندێک لەسەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە کەسی خۆکوژ، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەستداوە، ئاماژەکان باس لەئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئەمنی لەئێران دەکەنو پێدەچێت قۆناغێکی مەترسیدار بێتەئاراوە.

# "وڵاتانی دراوسێ سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەرن لەکوردستان"

## محەمەد ناسر مستەفا مامۆستای زانکۆ بۆ دەستوور

سازدانی: شاهۆ خواپەحم

بەرهەمهێنانو بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان دیاردەیەکی جیهانییەو لەهەندێک وڵاتدا بووەتە چەکێکی کوشندە بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتیو بەردەوام کێرڤی قوربانییەکان لەزیادبووندایە، لەهەرێمی کوردستاندا کە هێشتا مەترسی مادە هۆشبەرەکان لەقۆناغی کێشەدایە، دەرفەتی ئەوە ماوە کە حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەر بەم کێشەیە بگرن، بەڵام مامۆستا محەمەد ناسر مستەفا مامۆستای دەروونناسی لەکۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە، لەمیانەی گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەستوور، پێیوایە حکومەت کەمتەرخەمە لەهەنگاونان بۆ رێگرتن لەتەشەنەکردنی مادە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان.

دەستوور: چەند ساڵێک لەمەوبەر عێراقوهەرێمی کوردستان یەکێک بوون لەپاکترین ناوچەکان لەڕووی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرەوە، بەڵام ئێستا ئەو مادانە بەشێوەیەک بڵاوبوونەتەوە، رۆژانە دەبیستین چەندین کەس لەسەر کێشانو بازرگانیکردن پێوەی دەستگیردەکرێن؟ هۆکارەکانی چین؟

محەمەد ناسر مستەفا: روودانی شەڕ لەهەر ناوچەیەکدا قەیرانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هێنانی هێزی جیاجیاو کۆکردنەوەیان لەناوچەیەکدا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیو بەدیلگرتنو بەدیلگیران، جگە لەزیانە ئابووریو ماڵییەکان، قەیرانی کۆمەڵایەتیشی لێدەکەوێتەوەو مەترسی مادەی هۆشبەر زیاددەکات، فاکتەرێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی ئەو مادە هۆشبەرانە بەشێوەیەکی خێرا لەهەرێمی کوردستان، چڕبوونەوەی دانیشتووانە لەشوێنێکدا، لەچەند ساڵی رابردوودا نەک تەنها هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لەناوچە پاکەکانبوون لەڕووی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی گۆڕانکارییەکانو چوونی کۆمەڵگە بەرەو جیهانی پیشەسازیو چڕبوونەوەی دانیشتووان لەیەک شوێندا، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، خەمو خەفەتو چەندین دەردی دیکەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی خەڵک خۆیان سەرخۆش بکەنو خۆیان بخڵافێنن، مادە هۆشبەرەکانیش بەهێزترین ئامرازن بۆ ئەو خۆخڵافاندنە.

دەستوور: باس لەوەدەکرێت بەشێک لەوڵاتانی دراوسێ بەنەخشەو پلانەوە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکانن لەوڵاتدا؟

محەمەد ناسر مستەفا: پێموانییە وڵاتانی دراوسێ ئەوکارە بکەن، بەڵکو دەزگا هەواڵگرییەکانیان بەنەخشەو پلان سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەو کارەن، چونکە بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتان نایانەوێت لەو مەسەلەیەوە تێوەبگلێن، چونکە دواجار ئەم کێشەیە بەرۆکی خۆشیانی گرتووەتەوە، لەساڵانی رابردوودا وڵاتە زلهێزەکانی وەکو فەرەنساو ئەڵمانیا پێیانخۆشبوو کە ئەشکەنجەو مادە هۆشبەرەکان لەو وڵاتانەدا پەرەبسێنێت کە ژێردەستەی خۆیانبوون، بەڵام کاتێک ئەو دووکەڵە گەنجو لاوەکانی خۆیانی ئالودەکرد، ئینجا هەستیان بەمەترسی مادە هۆشبەرەکان کردو ئێستا دەیانەوێت بەری لێبگرن، لەبەرئەوەی ناتوانین بڵێین دەوڵەتێک یان دوو دەوڵەتی دیاریکراو بەو کارەوە سەرقاڵن، بەڵکو لقێکی سەربازی یاخود هەواڵگری ئەو وڵاتانە لەناوچەیەکی بچوکدا بۆماوەیەکی کاتی ئەو سیاسەتە بەکاردەهێنن، چونکە لەئێستادا نەتەوەیەکگرتووەکانو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوو، بەتوندی دژایەتی ئەو کارە دەکەنو لەئەفغانستان لەگەڵ قاچاخچییەکان شەڕ دەکەنو لەلوبنانیش هەمان کێشە بەردەوامەو شەڕ لەدژی دەکرێت، هەربۆیە لەئێستادا وڵاتانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە تەنانەت ناشتوانن مادە هۆشبەرەکان وەک چەکێک یاخود وەک ئامرازێک لەدژی نەیارەکانی خۆیان بەکاربهێنن، چونکە دواجار دووکەڵەکەی بەرۆکی خۆشیان دەگرێت.



محەمەد ناسر

دەستوور: بۆنمونە باس لەتێوەگلانی ئێران دەکرێت، باس لەوەدەکرێت کە دەوڵەتی ئێران هۆبەیەکی سەربەخۆی لەنێو بەشی ئیتڵاعاتی سوپادا بۆ راپەراندنی ئەو کارە تەرخانکردووە کە پێشتر ئیتڵاعات ئەو کارەی ئەنجامدەدا؟ ئێوە لەمبارەیەوە دەڵێن چی؟

محەمەد ناسر مستەفا: هیچ زانیارییەکم لەوبارەیەوە نییە، ماوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەوکارە لەلایەن ئیتڵاعاتەوە کراوە، بەڵام لەئێستادا زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەری نییە کە بەچ مەبەستێکو لەلایەن چ هێزیکەوە ئەوکارە ئەنجامدەدرێت، بەهەرحاڵ هەرکەسێک مافی مرۆڤ پێشێلبکات، هەموو شتێک دەکات کە بیەوێت، ماوەی ١٠ بۆ ١٥ ساڵە زۆربەی حکومەتەکان خۆیان دەپارێزن لەمادە هۆشبەرەکان، چونکە نەتەوەیەکگرتووەکانو پۆلیسی نێودەوڵەتی زۆر بەوردی چاودێری ئەو مەسەلەیە دەکەن.

دەستوور: لەدوو ناوچەی دیاریکراوی‌کوردستاندا،لەقەزاکانی سۆرانو خانەقیندا بەڕێژەیەکی بەرچاو مامەڵە بەمادەی هۆشبەرەوە دەکرێت، رێژەی کەسانی ئالودەبووش بەم مادانە زیادیکردووە، بەشێک لەخەڵکی سۆران لەئێران گەڕاونەتەوە، خەڵک خانەقینیش کە هاومەزهەبن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بەربڵاوی مادە هۆشبەرەکانی لەوناوچانەدا خێراترکردووە؟

محەمەد ناسر مستەفا: ئەو ناوچانەی کە کوردە ئاوارەکان گەڕاونەتەوەو ئەو ناوچانەشی کە هاومەزهەبن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، دەتوانین بڵێین پێش کۆماری ئیسلامیش ئالودەبوون، بەتایبەت سنوری خانەقینو کرماشانو ئەو ناوچەیە، هەندێک سنوری دیکەش هەیە لەوانە مەریوانو پیرانشارو سەردەشت کە تا١٥ ساڵ لەمەوپێش زۆر پاکو خاوێن بوون، بەڵام ئێستا ئالودەبوونو ئەوانەش زۆر مەترسیدارن، لەلایەکی دیکەشەوە لەتەویڵەو بیارەو سنور هەڵەبجەش وردەوردە لەزیادبووندایە، بەشێوەیەکی گشتی رەنگە بەربڵاوی مادە هۆشبەرەکان هەر تەنها پەیوەندی بەوڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێرانەوە نەبێت، بەڵکو پەیوەندیشی بەپەروەردەی کۆمەڵایەتیو گۆڕانی ژینگەییەوە هەیە، ناکرێت تەنها سنوری بەرگری لەمادە هۆشبەرەکان ببەستینەوە بەسنوری جوگرافییای سیاسییەوە، بەڵکو ئەو سنورە پەیوەندی بەمێشکی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، چونکە پەروەردەی خێزانی لەم کۆمەڵگەی ئێمەدا بەئاقارێکدا دەڕوات کە چیتر سنوری نامێنێت.

دەستوور: لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە سنورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێراندا کرانەوەیەکی باشی بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەک کە خەڵک بەئۆتۆمبێلی خۆی هاتوچۆ دەکات، پێتانوانییە ئەمانە هەموو کارئاسانیو یارمەتیدەر بن بۆ خێراو ئاسان گواستنەوەی ئەو مادانە؟

محەمەد ناسر مستەفا: پێموایە ١٠٪ بۆ ١٥٪ی کێشەی مادە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان پەیوەندی بەجوگرافییای سیاسییەوە هەیە، ٨٥٪ بۆ ٩٠٪یشی پەیوەندی بەگۆڕانکارییە پەروەردەییو ژینگەییو دەروونییەکانو گۆڕانکارییەکانی پێشکەوتنی پیشەسازییەوە هەیە، لەبەرئەوە کرانەوەی سنورەکانو هاتنی کەسانی بیانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر زیادبوونی مادە هۆشبەرەکان.

دەستوور: تا ئێستا لەهەرێمی کوردستان باسی ئەوە نەکراوە کە رێژەی ئەو مادەی هۆشبەرانەی دێنە هەرێمی کوردستانەوە چەندە؟ چەندی بەکارهاتووەو چەندیشی دەستی بەسەرداگیراوە؟

محەمەد ناسر مستەفا: پێموایە دەزگاکانی هەواڵگری ئێرانو عێراق بەخەملاندن دەزانن رۆژانە چەند کیلۆ مادەی هۆشبەر دێتە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام ئەوەی کە بەوردی لەچ ناوچەیەکداو چۆنو لەچ تەمەنێکدا بەکاردەهێنرێت، ئەوانە نازانن، بۆ ئەمەش ئێمە کە سێ پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسی بووین ماوەی سێ ساڵ پێش ئێستا پرۆژەیەکمان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتووەتەوە، لەکاتێکدا دەمانتوانی لەماوەی شەش مانگدا هەڵسەنگاندنێکی خێرا، بەڵام کارپێکەر بۆ ئەو کێشەیە بکەین، بەداخەوە تائێستاش حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەناوەو پێدەچێت ئەو کێشەیەی بەلاوە گرنگ نەبێت، گرفتی ئەم وڵاتەی ئێمە ئەوەیە کە حکومەت نایەوێت کەموکوڕییەکانی بۆ دەستنیشانبکەیت، نایەوێت پێی بڵێیت دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس نەیانتوانیوە وەک پێویست ئەرکەکانی خۆیان راپەڕێنن، وەزیرو پەرلەمانتارەکانی ئێمە لەگەورەیی کێشەکە حاڵی نەبوون، بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە مادە هۆشبەرەکان پێویستی بەوە هەیە دەزگایەکی تایبەتی هەبێت کە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی وردی لەبارەوە بکات.

# لەکوردستان بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان پەرەدەسێنێت

## بەرپرسانی ئاسایش دەڵێن ناتوانین سنورەکان کۆنترۆڵ بکەین

شاهۆ خواپەحم

بەپێی ئامارەکان بازرگانیکردنو کێشانی مادە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان لەتەشەنەسەندندایە، حکومەتیش بەخەمسارد ناودەبرێت لەبەرەنگاربوونەوەی کێشەکەدا.

عەمید جەلال ئەمین بەگ لێپرسراوی هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی، رایگەیاند: تەنها لەساڵی رابردوودا زیاتر لە٥٠ کەس دەستگیرکراون، لەچەند رۆژی رابردووشدا لەخانەقین باندێکی بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەستگرکران کە لە١٠ کەس پێکهاتبوون.

عەمیدجەلال‌ئاماژەی‌بەوەکرد: مادە هۆشبەرەکان لەسنوری ئێرانەوە بەتایبەت لەپێنجوینو هەڵەبجەو خورماڵەوە، دەهێنرێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە.

بەپێی ئەو ئامارانەی ئاسایشی سلێمانی کۆیکردووەتەوە، کۆی گشتی ئەو مادە هۆشبەرانەش لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا لەسنوری پارێزگای سلێمانی دەستی بەسەرداگیراوە، زیاتر لە٥٠ کیلۆگرام مادەی هۆشبەربووە، لەگەڵ دەستگیرکردنی ٣٥٠ کەس کە زۆربەیان حوکمدراون.

فرسەت دۆڵەمەڕی بەڕێوەبەری هۆبەی مادە هۆشبەرەکان لەئاسایشی هەولێر، لەلێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند: ساڵ بەساڵ هێنانی مادە هۆشبەرەکان لەسنورەکانەوە بۆناو هەرێمی کورستان لەزیادبووندایە، وتی "تائێستا تەنها ٣٠٪ ئەو سنورانە کۆنترۆڵکراون".

دۆڵەمەڕی وتی "لەساڵی ٢٠٠٩ ژمارەیەکی زۆر بەهۆی بازرگانیکردنو بەکارهێنانی ئەو مادانەوە دەستگیرکراونو بڕێکی زۆریش لەتلیاکو حەشیش دەستیان بەسەرداگیراوە".

زمناکۆ عەزیز بەرپرسی کۆمەڵەی قەڵاچۆکردنی مادە هۆشبەرەکان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت: رێژەی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان رۆژبەرۆژ هەڵدەکشێت، وتی "مەترسی ئەوە هەیە کە باندەکانی بازرگانیکردن بەو مادانە، واقیعی کۆمەڵگەی کوردی بەدەردی وڵاتانی ئێرانو تورکیا ببات کە خەڵکەکەی بەشێوەیەکی ترسناک ئالودەی ئەم مادانە بوون".

لوقمان سیوەیلی مامۆستای کۆمەڵناسیو پسپۆڕ لەبواری مادە هۆشبەرکان لەزانکۆی سلێمانی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، دەڵێت: لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەتا ساڵی ٢٠٠٣ لەسەروەختی رووخانی رژێمی بەعس مادە هۆشبەرەکان حاڵەتی تێنەپەڕاندووە، بەڵام لەدوای رووخانی رژێم مادە هۆشبەرکان قۆناغی حاڵەتی تێپەڕاندوو گەیشتە قۆناغی کێشە، لەم قۆناغەدا کاریگەری بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، سنوری تاک تێدەپەڕێنێتو دەگاتە سنوری خێزانەکان، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە سنوری کۆمەڵگە ببەزێنێت.

سیوەیلی وتی "مانەوەی ئەو کێشانە بەبێ چارەسەر، مەترسی ئەوەی لێدەکرێت لەچەند ساڵی داهاتوودا ببێتە دیاردەو کارەساتی لێبکەوێتەوە، هەروەک ئەوەی کە لەئەفغانستانو ئێران روودەدات".

پارێزەر کارزان عەبدولفازیل دەڵێت: بەهۆی کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی وڵاتانی دراوسێو جیهاندا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەو مادانە زیادیکردووە، وتی "بەشێوەیەکی گشتی هاووڵاتیانی کوردستان زیاتر بەبازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەگیرێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرێمی کوردستان وەک خاڵی پەڕینەوەی ئەو مادانە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراقو وڵاتانی دیکە سودی لێوەرگیراوە".

بەرپرسی کۆمەڵەی قەڵاچۆکردنی مادە هۆشبەرەکان ئاماژەی بەوەکرد: لەسەرانسەری وڵاتانی جیهاندا دەزگایەکی نیشتمانی مەرکەزی هەیە کە لەتۆڕێکی فراواندا بە نە تە وە یە کگرتوو ە کا نە وە بەستراونەتەوە، بەڵام لەکوردستانو عێراقدا ئەو دەزگایە نییە، "حکومەتیش لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا زۆر خەمساردەو گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەداوە".

زمناکۆ عەزیز وتی "پێدەچێت ئەو کەسانەی بازرگانی بەمجۆرە مادانەوە دەکەن خۆیان لەناو دەسەڵاتدا بن، یاخود کەسانی دەسەڵاتیان لەپشتەوە بێت".

عەمید جەلال دەڵێت: دابینکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە توشبوون، لەگەڵ دروستکردنی گرتووخانەیەکی تایبەت بۆ دەستگیرکراوەکانو جیاکردنەوەیان لەکەسانی دیکە، یارمەتیان دەدات ئاسانتر چارەسەری ئەو گرفتە بکەن.

بەڵام پارێزەر کارزان عەبدولفازیل دەڵێت: تا ئێستا گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستانو عێراقیش نەبوونەتە شوێنێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، "زیندانەکان نەیانتوانیوە ئامانجەکانی خۆیان بهێننەدی کە ئەویش چاکسازی کۆمەڵایەتییە، زیندانی هەبووە بەبەرتیلو بەفێڵ مادەی هۆشبەری بۆ براوەتە ناو گرتووخانەکان، لەبەرئەوە تەنها زیندانیکردن ناتوانێت ئەو کەسانە بگەڕێنێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، بەڵکو پێویستە ناوەندێکی چاودێری تەندروستی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە، بۆئەوەی ئەوکەسانە لەڕووی تەندروستیو یاساییو کۆمەڵایەتییەوە بگەڕێنەوە بۆ باری ئاسایی خۆیان".

# مادە هۆشبەرەکان هەڕەشە لەجیهان دەکەن

## هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان سەرکەوتوو نەبوون

ئا: ئارام مەحمود

دیاردەی بەرهەمهێنانو بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یەکێکە لەو کێشە مەترسیدارانەی کە بەرۆکی بەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتووە، بەهۆی ئەو شوێنەوارە نەرێنییانەی لەسەر تەندروستی مرۆڤەکانو ئاسایشی نەتەوەیی میللەتان دروستیدەکات، بەپێی لێکۆڵینەوەکان، ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان لەپێناو بەرگرتن لەبڵاوبوونەوەی ئەو ماددەیەو هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیانو چارەسەرکردنی ئالودەبووان، ساڵانە بڕی ١٢٠ ملیار دۆلار تێپەڕدەکات، قەبارەی بازرگانی مادده هۆشبەرەکان ٨٪ کۆی بازرگانی جیهان پێکدەهێنێت، ژمارەی ئالودەبووانیش لەسەرانسەری جیهاندا بەزیاتر لە١٥ ملیۆن مرۆڤ دادەنرێت کە وڵاتانی ئێرانو روسیاو ئەورووپا لەڕیزی پێشەوەی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکاندا دێن.

راپۆرتی ئاژانسی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکانو تاوان کە سەر بەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، ئاماژەی بەوەکردووە: ساڵانە بەبەهای ٦٥ ملیار دۆلار مادەی هۆشبەر لەئەفغانستان بەرهەمدێت (مەبەست نرخە نێودەوڵەتییەکەیەتی)و ١٩٪ی ئەو مادەیە لەوڵاتانی خۆرئاوا، ١٥٪ی لەئێرانو روسیا، چین ١٢٪، هند ٧٪ بەکاردەهێنرێت، دوای ئەوانیش وڵاتەکانی پاکستان، ئەفریقا، ئەمریکا ٦٪ی مادەی هۆشبەر تیایاندا بەکار دەهێنرێت، بەپێی راپۆرتەکە هەموو ساڵێک ٣ هەزارو ٥٠٠ تەن لەو مادەیە لەفغانستانەوە رەوانەی دەرەوە دەکرێت، هاوکات لە٢٪ی ئەو مادەیە پێش دەرچوونی لەئەفغانستان دەکرێت بەهێرۆیینو ئەوانی تریش وەک تلیاک رەوانەی دەرەوە دەکرێت.

لەبەشێکی تری راپۆرتەکەدا باس لەوەکراوە ئەو بڕە تلیاکەی کە دەستی بەسەردا دەگیرێت، زۆر کەمترە لەو بڕەی کە مامەڵەی پێوەدەکرێ، لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە ئەو بڕە هێرۆیینەی کە دەستی بەسەردا دەگیرێت، لەڕێژەی ١٠٪ ئەو بڕە تێپەڕناکات کە بازرگانی پێوەدەکرێت، هاوکات بڕی کۆکاینی دەستبەسەراگیراویش تەنها ڕێژەی لە٣٠٪ ئەو مادەیە پێکدێنێت کە بازرگانی پێوەدەکرێت.

لەبەشێکی تری راپۆرتەکەدا باس لەوەکراوە کە بەکارهێنانی جۆرە کلاسیکییەکانی مادده هۆشبەرەکان وەک کۆکایینو حەشیشو قەنب جێگیربوونێکی ڕێژەیی یاخود نزمبوونەوەیەکی تێبینیکراوی بەخۆوە بینیوە، لەکاتێکدا بەکارهێنانی مادە دروستکراوەکان لەنمونەی ئەنفیتامینو ئێکستاسی بەرزبۆتەوە بەتایبەت لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا.

ماده هۆشبەرەکان لەبنەڕەتدا دووجۆرن:

* مادە هۆشبەرە سروشتییەکان
* مادە هۆشبەرە دروستکراوەکان

لەڕووی رەنگیشەوە بۆ چەند جۆرێک دابەشدەکرێن کەدیارترینیان:

مادە هۆشبەرە رەشەکان: وەک حەشیشو ئەفیون (ژەهری رەش).

مادده هۆشبەرە سپیەکان: وەک هیرۆیینو کۆکاین.

لەڕووی کاریگەریشییانەوە لەسەر دەزگای مێشکی مرۆڤ، دابەشدەکرێت بۆ سێ جۆر ئەوانیش:

- مادە هۆشبەرە چالاککەرەکان.
- مادە هۆشبەرە دابەزێنەرەکان.
- مادە هۆشبەرە ئارەزوو بزوێنەکان.

کۆمەڵەی حەشیش، رووەکی (قەنب)، حەشیشی (راتنج)، تۆزی حەشیش، زەیتی حەشیش، رووەکی قەنبی وشک (ماریجوانا-بانجۆ).

حەشیش پوختەی ماددەی راتنجە کە پوختەی دەرهاویشتەی رووەکی قەنبە، قەنب وشەیەکی لاتینیە بەمانای ژاوەژاو دێت، بەکارهێنەرانی ئەو ماددەیە لەکاتی بەکارهێنانیدا ژاوەژاو دروستدەکەن.

حەشیش هەشتجار لەماریجوانا بەهێزترەو کاریگەری زۆر لەسەر هەستی بەکارهێنەرانی دروستدەکات، هاوکات ئەدای سێکسی لاوازدەکات، چونکە بەکارهێنانی دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی هۆرمۆنی تیستیستیرۆن.

### رووەکی خەشخاش

رووەکی خەشخاش ئەو سەرچاوەیەیە کە ئەفیونی لێوە بەرهەمدێت، خەشخاش گوڵێکە رەنگەکەی لەنێوان سورو سپیو وەنەوشەییو ئەرخەوانیدایە، بەڵام دیارترین رەنگە ناسراوو بڵاوەکانی رەنگی سپییە.

ئەفیونیش لەسەرەتادا لەشێوەی شلەیەکی سپیدا کە لەشیر دەچێت، لەسەری ئەو گوڵە خەشخاشەوە دێتەدەرەوە، کاتێکیش بەرهەوا دەکەوێت ئەو شلەیە توندتر دەبێتەوەو رەنگەکەشی دەگۆڕێت بۆ رەنگێکی قاوەیی تێر.

مادەی ئەفیون یەکەمین


ژیانی هەزارەها کەس وێراندەکەن


ساڵانە (١٢٠) ملیار دۆلار بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەر خەرجدەکرێت


سنووری دەوڵەتە ئیسلامییەکان گەورەترین بازاڕی مادەی هۆشبەرن

مادەی هۆشبەرە کە خراوەتە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە بەپێی پەیماننامەی ئەفیون کە لەمانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٢دا لەشاری لاهای هۆڵەندا ئیمزاکرا.

### مۆرفینس

بریتیە لەتوخمێکی چالاک کە لەشێوەی تۆزێکی سپیدایەو تامەکەی تاڵە، لەڕێی پرۆسەیەکی کیمیاوییەوە لەماددەی ئەفیون وەردەگیرێت.

ئەفیون وشەیەکی وەرگیراوە لەوشەی ئۆپیوم بەمانای گوشین، بۆ یەکەمجاریش لەلایەن زانایەکی ئەڵمانییەوە پوختەی مادەی مۆرفین لەئەفیونەوە بەرهەمهاتووە.

ناوی مۆرفین لەناوی خوداوەند مۆرفیسەوە وەرگیراوە کە خوداوەندی خەونەکانبووە لای ئیغریقییە کۆنەکان.

### هیرۆیین

هیرۆیین یەکێکە لەو مادە زۆر ترسناکانەی لەمۆرفینەوە وەردەگیرێتو کاریگەری لەسەر کۆی دەزگای مێشکی مرۆڤ دروستدەکات.

ئەم مادە ترسناکە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٨٧٤ لەلایەن زانایەکی بەریتانییەوە دۆزراوەتەوە، لەساڵی ١٨٩٠دا لەسەر دەستی زانایەکی ئەڵمانی بەرهەمهاتووە، لەوشەی (Heroisch)ەوە وەرگیراوە، ماناکەشی لەفەرهەنگی پزیشکی ئەڵمانیدا بەمانای ئەو دەرمانەدێت کە کاریگەریەکی زۆر بەهێزی هەیە.

هیرۆیین زۆر لەمۆرفینو ئەفیون خراپترەو کاریگەریشی دەهێندەی مۆرفین بەهێزترە.

هیرۆیین تۆزێکی رەنگ سپییە کە تامەکەی تاڵەو لەئاودا دەتوێتەوە

### کۆکایین

نەمامی کۆکا، کراک، هەویری کۆکایین.

کۆکایین کۆنترین چارەسەری بواری پزیشکییە کە بۆ سڕکردنی چاوو لوتو قورگ بەکارهاتووە.

ناوە زانستییەکەی (بیتا کا ر بۆ میسۆ کسی) یە و لەهایدۆکلۆرید پێکهاتووە.

کۆکایین یەکێکە لەو مادە کیمیاوییانەی کە کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر خانەکانی مێشک، ماوەی کارکردنی لەلەشدا کورتە، بەوهۆیەشەوە ئالودەبووانی بەشێوەیەکی بەردەوام بەکاریدەهێنن، کۆکایین مەترسیو زیانی زیاترە لەهیرۆیین.

### درەختی کۆکا

لەساڵی ١٨٦٠دا لەلایەن زانا (ئەلبرت فیمان) دۆزراوەتەوە،

درێژی ئەم درەختە لەنێوان ٩٠ بۆ ٢١٠ سم دایە، گەڵاکانی سەوزن، گوڵەکانی لەپێنچ پارچەی هاوشێوە پێکدێن کە رەگیان سپییەو لەدەستلێدانداا چەورن، لەساڵێکدا سێجار گەڵاکانی کۆدەکرێتەوە، رێژەی مادەی چالاک لەهەر گەڵایەکدا ١٪و هەر ١٥٠ کیلۆگرامێکیش یەک کیلۆگرام کۆکایینی لێبەرهەمدەهێنرێت.

کۆکایین لەڕێی لوتەوە هەڵدەمژرێتو ئەتوانرێت لەئاویشدا بتوێنرێتەوەو بخورێت، لەکاتی هەڵمژینیدا پەردەی لوت هەڵیدەمژێت بۆ ناو خوێن، دواتریش دەگاتە مۆخو ئاسەوارەکانی دوای ٣-٥ دەقیقە دەردەکەوێت.

### هەویری کۆکا

دروستبوونی ئەم مادەیە دەکەوێتە نێوان گەڵای کۆکاو کۆکایینەوە، بەدەستهێنانی ئەم مادەیە دوای وشککردنەوەی گەڵاکانو کوتانەوەی لەگەڵ تێکەڵکردنی چەند ماددەیەکی تری وەک جیرو کیرۆسین بەرهەمدەهێنرێت، دوای وشکردنی گیراوەکەش ترشی کبریتیکو کاربۆناتی سۆدیۆمی تێکەڵدەکرێتو ئەو مادەیەی لێبەرهەمدەهێنرێت.

شێوازی بەکارهێنانی لەگەڵ توتنی جگەرەو حەشیشو ماریجوانادا تێکەڵدەکرێت.

### کراک

ئامادەکردنی ئەم مادەیە لەڕێی گێڕانەوەی کۆکایینەکەوە دەبێت بۆ سولفاتی کۆکایین، بریتیە لەچەند پارچەیەکی بچوک کە رەنگەکەی زەردە، بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٨٤دا لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرهەمهاتووە، کاریگەرییەکەی لەکۆکایین بەهێزترە، ناوی نراوە کراک لەبەرئەوەی بیکاربۆناتی سۆدیۆم کە لەناویدا نیشتووە، لەکاتی کێشانیدا پارچە پارچە دەبێت.

ئەم مادەیە بەشێوەی جگەرە دەکێشرێتو بەچڕی دەچێتە سییەکانەوە.

### ناوچەکانی بەرهەمهێنانی مادە هۆشبەرەکان

**یەکەم: ئەفیونو هیرۆیین**

أ- ئێرانو پاکستانو تورکیا: بەپێی خەملاندنەکان ساڵانە ٦٠٪ کۆی ئەو مادانە لەجیهاندا بەرهەمدەهێنن کە بەهەرێمی مانگی ئاڵتونی ناسراوە.

ب- لاوسو بۆرماو تایلەند: بەهەرێمی سێگۆشەی ئاڵتونی ناسراوەو ساڵانە ١٥٪ کۆی ئەو مادانە لەجیهان بەرهەمدەهێنن.

ج- مەکسیک: رێژەیەکی بەرچاو بەرهەمدەهێنێتو بەپێی خەملاندنەکان دەگاتە نزیکەی ٢٥٪ی کۆی بەرهەمی جیهان.

٤٠٪ی هێرۆیینی بەرهەمهاتوو لەجیهاندا لەرێگای پاکستانو ٣٠٪ی لەرێگای ئێرانو ٢٥٪ی لەرێگای وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستەوە رەوانەی دەرەوە دەکرێن.

**دووەم: کۆکایین**

لەهەریەک لەوڵاتەکانی کۆلۆمبیاو پۆلیڤیاو پیرۆ بەرهەمدەهێنرێت، بەجۆرێک کۆلۆمبیا نیوەی کۆکایینی جیهانی لێ بەرهەمدەهێنرێت کەراستەخۆ بەقاچاغ دەبرێتە بازاڕەکانی ئەمریکا.

**سێیەم: ماریجواناو حەشیش**

ئەم رووەکە لەئەفغانستانو هیندو کۆلۆمبیاو جامایکاو مەکسیکو لوبنانو پاکستانو مەراکیش دەچێنرێت، پاکستان لەپێشەوەی ئەو وڵاتانە دێت، بەجۆرێک بەرهەمەکەی دەگاتە ٤١٪ کۆی بەرهەمی جیهان.

سنوری نێوان ئەفغانستانو پاکستانو ئێران بەگەورەترین بازاڕی ئازاد دادەنرێت بۆ ساغکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان لەجیهاندا.

> سنوری نێوان ئەفغانستانو پاکستانو ئێران بەگەورەترین بازاڕی ئازاد دادەنرێت بۆ ساغکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان لەجیهاندا

# تەنها حکومەت نییە کە لەگوشارو فەرمانەکانی ئایین رزگار دەبێت، بەڵکو خودی ئایینیش لەخەوشو قورسایی سیاسەت ئازاد دەبێت

## بەیان عەزیزی بۆ دەستوور:

سازدانی: نەجمەدین حەمەعەلی
بەشی یەکەم

**بەرمەبنای ئەو ئیشکالیەتەی کە لەنێوان هەریەک لەچەمکی ئایینو دەوڵەتو سیاسەتو سیکۆلاریزمدا هەیەو ئەو گفتوگۆو دیالۆگانەی کە بەردەوام لەسەر ئەم بابەتانە دەخرێنەڕوو، لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم چەمکانە لەچ پانتاییەکدا دەتوانرێ راڤەیەکی تەندروستیان بۆبکرێتو لەکوێدا دەتوانن خۆیان مانیفێست بکەن، بەوپێیەی کە هەریەک لەوان بەمانا پۆزەتیڤەکانی خودی خۆیان ئاشنابینو لەحاڵەتێکی پاسیڤەوە بەرەو حاڵەتێکی ئەکتیڤ ئاراستەبکرێن، لەبەر رۆشنایی ئەم ئیشکالیەتانە رۆژنامەی دەستوور گفتوگۆیەکی لەگەڵ خاتوو بەیان عەزیزی مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین سازداو بەسوپاسەوە بەڕێزیان سەرنجەکانی خۆی بۆ رۆژنامەکەمان خستەڕوو. هەروەها لەبەرنامەماندایە هەر لەسەر ئەم بابەتە لەداهاتوودا درێژە بەم گفتوگۆیە بدەینو رووناکبیرو کەسانی تری خاوەن بیروڕای جیاواز بدوێنین.**

..............................

**دەستوور:** سیکۆلاریزم وەک یەکێک لەدەرهاویشتەکانی جیهانی مۆدێرن تا چ رادەیەک ئەم بیرکردنەوەیە لەو شوێنو کۆمەڵگایانەی کە ئەم ئایدیایە پرەنسیپی حوکمکردنو بیرکردنەوەی سیاسیانە، توانیوەیەتی رۆڵی پۆزەتیڤی خۆی ببینێ؟

**بەیان عەزیزی:** بێئەوەی بمەوێ باسێکی وردو دوور لەوەبکەم کێ بۆ یەکەمجار ئەم چەمکەی بەکارهێناو لەچ رێککەوتننامەیەکداو لەبەرچی سیکۆلاریزم سەریهەڵدا، هەوڵ ئەدەم راستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، جیهانی مۆدێرن زیاتر لەهەموو چەمکو پرۆسەکانی بەسیکۆلاریزمەوە مانا دەگرێتو لەهەموو رەهەندەکاندا بڕیاردەرە، بەڵام ئەم چەمکە حەجمێکی ئاڵۆز نییە کە بکرێ بەگشتیبێژییەوە پێناسەبکرێت.

سیکۆلاریزم بەپێی شوێنی بەکارهێنانی واتای جیاوازی هەیە، فەلسەفەی سیکۆلاریزم لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە بایەخەکانی مرۆڤ سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوەو بێدەستێوەردانی ئایین یان باسکردن لەجیهانێکیترو دەسەڵاتێک بەناوی خوا، هەر لەم جیهانەدا باس لەباشتربوونی ژیانی مرۆڤو بەختەوەری ئەو بکرێت، لەکۆمەڵناسیشدا کاتێ کۆمەڵگایەکی سیکۆلار بوونی هەیە کە ئایین لەوێدا تەنیا یەکێکە لەنیهادو دامەزراوە (Institution)کانی پێکهێنەری کۆمەڵگە (پێنج نیهاد هەیە: بنەماڵە، پەروەردەو فێرکاری، ئابووری، حکومەتو ئایین)و هیچ خاڵێکی جیاوازیو بەسەرترزانین نادرێت بەئایین، لەم کۆمەڵگەیەدا ئایین بڕیاردەر نییە، بەڵکو شێوەژیانی تاکەکانەو بەپێی لێکدانەوەی خۆیان جێو پێگەی دین هەم لەبنەماڵەداو هەم لەکۆمەڵگادا دیاریدەکەن، لەدەڤەری سیاسیدا کە بەباوەڕی زۆرکەس گرنگترین لایەنی سیکۆلاریزمە، دارشتنی یاسا، جێبەجێکردنیو شێوەی حکومەتکردن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین مسۆگەردەبێت، لێرەدا بایەخەکانی مافی مرۆڤ باڵاتر لەبایەخەکانی هەرگروپو نەتەوەو چینو رەگەزێک رادەوەستێت، لەدایکبوونی ئەم چەمکەو یەکەمین رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کلێسادا هەر لەم خاڵە گرنگەوەبوو، کاتێک دەسەڵاتی کلێسا تێکشکاو سامانو سەروەتو حکومەتکردن لەدامەزراوەیەکی ئایینەوە گوێزرایەوە بۆ دامەزراوەیەکیتر بەناوی دەوڵەت یان حکومەت، قەیران دەرکەوت، ئەو وتە بەناوبانگەی کە کاری قەیسەر بسپێرن بەقەیسەرو کاری خواش بەپاپاو کلێسا، چەندین سەدەو دەیان شەڕی خایاند، لێرەدا تەنها حکومەت نییە کە لەگوشارو فەرمانەکانی ئایین رزگاردەبێت، بەڵکو خودی ئایینیش لەخەوشو قورسایی سیاسەت ئازاددەبێتو پیرۆزبوونەکەی دەپارێزرێت.

لەهەموو کۆمەڵگاکاندا ئەگەر هەموو رەهەندو لایەنەکانی سیکۆلاریزم بەتەواوەتی بوونی نەبێت، بەڵام دەکرێ دەرکەوتەکانی لەباری فەلسەفی، کۆمەڵایەتی یان سیاسییەوە ببینینو لێکیبدەینەوە. لەبەرئەوەی پرۆسەی سیکۆلاریزاسیۆن (کە جیاوازە لەسیکۆلاریزمو هەوڵدەدەم باسی بکەم) لەرۆژئاواوە دەستیپێکرد، هەربۆیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ئەبێ فاکت لەوێ بهێنینەوە، مەبەستە زێڕینەکانی سیکۆلاریزم یان ئەو ئاواتانەی بۆ کۆمەڵگای دەبینی زۆرن، بەڵام ئەوەی کە تا چ رادە مسۆگەربوون لەکۆمەڵگایەکی رۆژئاواییەوە بۆ ئەویدی جیاوازە.

زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ستراکتۆرێکی دیموکراتیان هەیە، بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسیداو بڕیاردان لەسەر هەموو رووداوەکان، یان لانیکەم ئاگاداربوون لەوانە مافی تاکەکانەو سیستمی ئیدارەکردنی وڵات لائیسیتەیە، بەڵام لەرەهەندەکانی تردا رادەی وەدیهاتنی ئاواتەکان جیاوازە، کەمتر وڵاتێکی ئەوروپایی ئەمڕۆ، وڵاتێکی یەکدەستە بەو مانایەی کە ئەم کۆمەڵگایانە تاک فەرهەنگو تاک ئایین نین. لەحاڵێکدا کە کۆمەڵگایەکی لائیکییان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە موسوڵمانان لەوێ دەژین، بۆ نمونە لەفنلەندا خودی حکومەت بودجە تەرخاندەکات بۆ دروستکردنی مزگەوت، لەفەرەنسا موسوڵمانان لەجەژنی قورباندا، قوربانی دەکەن، بەڵام ژنان ناتوانن بەلەچکەوە بڕۆن بۆ زانکۆ، ئەم پارادۆکسانە لەبواری کۆمەڵایەتیدا کاتێک روودەدات کە فرەچەشنی کۆمەڵایەتی (society variety) لەوڵاتێکدا زۆربێت، بەڵام لەسەروی هەموو ئەمانەوە مافی تاک بەهەرجۆرە دین یان بێباوەڕییەکەوە پیرۆزەو بەناوی ئایین بایەخ یان جیاوازی مافەکان لەمرۆڤێکەوە بۆ ئەویدی دروستنابێت، ئەم ستراکتۆرە زۆر جیاوازە لەکۆمەڵگایەکدا کە سەرەتا ئایینێک بەناوی ئایینی باڵاتر پێناسەدەکرێتو پاشان هەموو ئایدیاکانی دیکەو باوەڕەکان بەپێی دوورو نزیکی لەو ئایینە بەسەنتەرەوە، ریزبەندی دەکرێنو مافێکیان پێدەبەخشرێت.

**دەستوور:** وەک دەزانین بیرکردنەوەی سیکۆلار سەرەتا لەئەوروپا سەریهەڵدا، ئەویش بەرامبەر بەدەسەڵاتی کەنسەرڤاتیڤی کەنیسە، پێتوانیە ئەم چەمکە وەک مۆدێلێکی سیاسی هەر لەسەرەتاوە لەگوتاری خۆیدا رووبەڕووی توندڕەوی بوویەوە، بەتایبەتی لەکاتێکدا وەک پەرچەکردارێکی گوتاری کەنیسە دێتە ئاراوە؟

**بەیان عەزیزی:** پرسیار لەسەر دەسەڵاتی کۆنسێرڤاتیڤی کلێسایەو مۆدێلی سیاسیی سیکۆلاریزم، بۆیە هەوڵدەدەم کەمتر باس لەبەرەورووبوونەوەی سیکۆلاریزم لەباری فەلسەفیو کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنسێرڤاتیڤی کلێسا وەک خاوەن حکومەت بکەم، بەرەورووبوونەوەی سیکۆلاریزمو کلێسا خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژە کە وەک شەڕێک تاکتیک، کردارو پەرچەکرداری هەردوولای پێوەدیارە، لەوێدا کلێسایە کە لەبەرابەر ویستێکی تازەدا رادەوەستێتو بەهەموو ئامێرەکانییەوە دەیەوێ سامانو حکومەتکردنی خۆی بهێڵێتەوە، ئەندێشەی سیکۆلاریزم لەسەدەی ١٩دا گەشەیەکی زۆری کردو شەفافبووەوە، بەڵام ستونەکانی چەند سەدە پێشتر دامەزرابوو، لەسەدەکانی١٧و ١٨ دا، خودی ئەوفەزایەش کە مۆڵەتی دانانی ئەو ستونانەی دا لەرێنیسانسەوە دەستپێدەکات، سەردەمی رۆشنگەری لەپاش سەدەکانی ناوەڕاستو دووکەڵی خەستی سووتاندنی کتێبو مرۆڤەکان، هەڵگری قەیرانێکی پێویستبوو لەنێوان جیهانی سوننەتیو جیهانێکی تازەدا، بۆماوەی چەندین سەدە تیۆری سەروەری هێزو دەسەڵاتی کلێسا بەسەر هەر دەسەڵاتێکی نائایینیدا گەیشتە خاڵی کۆتایی خۆیو سامانی کلێسا بەشێوەی پراکتیکی ئەوەندە زۆربوو کە بەدەر لەخەونەکانی ئیمپراتۆرو پاشاکانیش بوو، هەتا ئەوکاتەی شەڕە سەلیبییەکان بەرەو کۆتاییچوونو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەرنەخشەی سیاسیوکۆمەڵایەتی ئەوروپا دانا، لەکەشوهەوای ئاڵۆزاویدا لەلایەکەوە شەڕی نێوان دەوڵەتو کلێسا بەرجەستەبوو، لەلایەکی ترەوە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لێکهەڵوەشا، ئەمە هاوکاتبوو لەگەڵ دروستبوونی چینێکی تازەی کۆمەڵایەتی لەبازرگانو هەرە دەوڵەمەندەکان، ئەم چینەتازە بەقەدەر پاپاو خاوەن کلێساکان مەیلی پارەو سامانیان هەبوو، جیا لەوەش ئامادەبوون بۆ ئەو سەرمایە جیهانییە، قیامەت بدۆڕێنن، ئەوان کە دەکرێ بوترێ بورژواکانی ئەوکات بوون توانیان نفوز بکەنە نێو فیئۆدالو لایەنگرە گوندییە سوننەتییەکانی کلێساوەو خوازیاریی بهەژێنن بۆ ژیانێکی ئابووری سەربەخۆو لابردنی کلێسا.

لەلایەکی دیکەوە سەرەتا لەفەرەنساو پاشان لەبەریتانیاو ئیسپانیا حکومەتە سەڵتەنەتییەکانیش بەهێزبوونەوەو مەیل بەپەسیوکردنی کلێسا لەوانیشدا سەریهەڵدابوو، لەئاکامدا ئەو دوولایەنە یەکیانگرتو لەدوای رێککەوتننامەی (وێستفالی١٦٤٨) کلێسا سەرەتا سامانە زۆرەکەیو پاشان حکومەتدارییو لایەنی سیاسی خۆی دۆڕاند، دیارە کلێسا بۆ راگرتنی دەسەڵاتی خۆی چاوپۆشی لەهیچ جۆرە توندوتیژییەک نەکردو دیارە ئەندێشەی سیکۆلار بەبێ ئەو ژێدەرە مێژوییەو هەموو گۆڕانکارییە ئابووریو سیاسییەکان نەیدەتوانی لەبەرابەر چەمەرەی کلێسادا کە بەردەوام ئەو جیهانەی تریشی بەموڵکی خۆی دەزانی بوونی خۆی بسەلمێنێت.

**دەستوور:** ئێمە وەک کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی بەردەوام هاوردەی ئەو چەمکو ئایدۆلۆژیاو بیرکردنەوانە دەکەین کە لەدەرەوە بۆمان دێن، ئایا کێشەی ئەمە بۆچی دەگێڕێتەوە؟ حاڵەتێکی لەمجۆرە تا چ رادەیەک تەندروستە، لەکاتێکدا ئەمانە بیرکردنەوەو چەمکو ئایدیان نەک ماتریالو تەکنەلۆژیا؟

**بەیان عەزیزی:** ئەمە پرسیارێکە کە چەندین وەڵامی هەیە، وەک زۆرێک لە (ئیزم)ەکانیتر ئەم چەمکەش لای ئێمە بوونی خۆی رانەگەیاندو پاش ماوەیەکی زۆر ئێمە تەنیا لەدوورەوە ناومان بیست، بەڵام خودی ئەم چەمکەش سێ رەهەندی هەیە کە پێکەوە جیاوازن: سیکۆلاریزاسیۆن، سیکۆلاریزمو سیکۆلاریتە.

سیکۆلاریزاسیۆن یان هەمان واقعییەتی مێژوویی بەپرۆسەی زەمانیی سەندنەوەی دەسەڵاتو سامان لەکلێسا دەوترێ، ئەمە جیایە لەسیکۆلاریزم کە ئیدئۆلۆژی پێشکەوتنو رۆشنگەرییەو بارێکی مەعریفی هەیە، هەروەها جیاوازە لەکۆمەڵگای سیکۆلاریتە کە دیدێکی رەخنەگرانەی هەیەو بەمۆدێرنێتەوە دەستپێدەکات، ئەو گۆڕانکارییە سەدەکانی ناوەڕاستی پچڕاندو ئێستارتی سەردەمی مۆدێرنی لێداو ئەمەش خۆی لەسەر بنەمای جەوهەرێک روویدا کە واقعییەتی مێژوییە، بێهەبوونی وەها تێپەربوونێکی مێژوویی ئێمە لەرۆژهەڵاتو لەناو ئایینی ئیسلامدا ناتوانین باس لەسیکۆلاریزاسیۆن بکەین، لەبەرئەوەی دیارنییە لێرەدا چ شتێک سیکۆلار بۆتەوە کاتێک لەوەها تێپەڕینێکی زەمانییدا ئامادە نەبووبێتین، پاش ئەو رووداوو گۆڕانکارییانە بەهەموو ئاڵۆزییەکانییەوە لای ئێمە تەنیا گێڕانەوەیەکن، بۆیە باسکردن لەوە ئێمە تووشی کێشەدەکات، هەر لەم فەزا بەتاڵەوەیە (Empty space) هەندێ لەلایەنگرانی ئایینی باس لەوەدەکەن کە جیاکردنەوەی حکومەت لەسیاسەتو سیکۆلاریزم هیچکات گرفتی ئێمەنەبووەو ئیسلام یەکسەرە بەدوورە لەو جیاکردنەوەیە، بەڵام لەرەهەندێکی تردا دەستکەوتەکانی سیکۆلاریزمو چەندین سەدە ئەندێشەو بنەما فەلسەفییەکانی بۆ ئێمە چارەنووسساز بووە، پاش ئایینی مەسیحی، لای ئێمە چەند دەیەیەکە باسکردن لەریفۆرمی ئایینیو بەراوردکردنی ئیسلامو مەسیحییەتو بنەماکانی ژیانی مۆدێرن دەستیپێکردووە، ئەویش بەوەرگێڕانی چەمکەکانو بەشێک لەو پرۆسە بەزمانەکانی خۆمان.

ئەبێ ئەم راستییە قبوڵ بکەین ئێمە ناچارین لەناو ئەو چەمکانەدا بیربکەینەوە، بەڵام بەردەوام دەبێ بگەڕێینەوە بۆ جیاوازیی بەکاربردنی ئەو چەمکانە لەئاخێزگەکەیو لای خۆمان، ئەمەش بریتییە لەبیرکردنەوەی کونکرێتیو رەچاوکردنی شوێنکات. کێشەیەک ئەگەر ببێت لێرەدایە، واتە کێشە لەوەدا نییە ئێمە چەمکەکان لەکەسانی دیکە وەردەگرین، کێشەکە لەوێدایە ئەمانە بارگاوی ناکەین بەمانای تایبەتو داهێنەرانە سوودیان لێوەرناگرین، واتە زیاتر میکانیکی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین.



ئازادی پانتایی بیرکردنەوە جیاوازەکان

> ئێمە لە رۆژهەڵاتو لەناو ئایینی ئیسلامدا ناتوانین باس لە سیکۆلاریزاسیۆن بکەین، لەبەرئەوەی دیارنییە لێرەدا چ شتێک سیکۆلار بۆتەوە

> کێشە لەوەدا نییە ئێمە چەمکەکان لە کەسانی دیکە وەردەگرین، کێشەکە لەوێدایە ئەمانە بارگاوی ناکەین بە مانای تایبەت و داهێنەرانە سوودیان لێوەرناگرین

حەسەن یاسین

## قەیرانی نێوخۆیی ئیخوان موسلمینو رابەری هەشتەم

لەماوەی چەند مانگی رابردوودا، سەرچاوەکانی هەواڵ، بەشێوەیەکی جیا جیاو ناکۆک بەیەکتر، باسیان لەوە دەکرد کە رابەری ئیخوان موسلمین محەمەد مەهدی عاکف، کە حەفتەمین رابەری حیزبەکەیەتی، وازهێنانی خۆی لە پۆستەکەی بەنووسینگەی ئیرشادی ئیخوان راگەیاندووە. بێگومان بەوەش ئەوەی بۆ هەموو لایەک، رۆشنتر لەجاران، دەرخست کە ئیخوان موسلمین بەقەیرانێکی ناوخۆییدا تێدەپەڕێتو رۆژ بەرۆژ رووی لە بەرفراوانبوونو قووڵبوونەوەیە!

ئەگەرچی قەیرانەکە لەئەنجامی هەواڵی وازهێنانی رابەردا، راستیی بوونی قەیرانەکەی بۆ چاودێرانی رەوشی ئیخوان ساغکردەوە، بەڵام دەرکەوت لەواقیعدا ئیخوان هەر بەدەستی ئەو کێشەیەوە نانالێت کە بەکێشەی سەرکەوتنی عیسام عەریان بۆ نووسینگەی ئیرشاد ناوی دەرکرد. کێشەی ناوبراو، بەکورتی ئەوەیە کە پاش مردنی ئەندامی مەکتەبی ئیرشاد محەمەد هیلال دەبوو یەکێکیتر، بەپێی ئەو هەڵبژاردنەی ساڵی پێشوو کرابوو، بخرێتە جێگەی، کە عیسام عەریانو لایەنگرانی، یان راستتر بڵێین کوتلەکەی، پێیانوابوو مافی خۆیەتی ئەو جێگەیە پڕبکاتەوە، کەچی (محەمەد نەجیب)ی ئەندامی مەکتەبی ئیرشاد لەلێدوانێکدا رایگەیاند کەرابەر هەموو دەسەڵاتێکی خۆی بەدانانو دانەنانی کەسێکیتر لەو جێگەیە بەخشیوەتە ئەو. بەو پێیەش کە محەمەد نەجیبو زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی ئیرشاد رایان وایە نووسینگەی ئیرشاد بەر لەمردنی محەمەد هیلال (١٩)کەسبوونو (٤) کەسیان زیادە لەژمارەی ئەندامانی مەکتەبی ئیرشاد، بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئیخوان. بۆیە دانانی کەسێکیتر لەجێگەی محەمەد هیلال، کارێکی ناپێویستە، ئەمەش بووەمایەی قووڵترکردنەوەی کێشەکەو پیشانی هەموو لایەکیدا کە ئیخوان موسلمین لەقەیراندایە!

کوتلەکەی عیسام عەریان، کەوتنە بەکارهێنانی مۆبایل کە وەسیلەیەکی تازەی تەکنەلۆجییە، بۆ فشارخستنە سەررابەرتا فەرمان بفەرموێ بەسەرخستنی عەریان بۆ ئەندامێتیی نووسینگەی ئیرشاد، ئەمەش لەرێگەی ناردنی کورتە نامەوە بۆ سەدان کەس لەناوەوە و دەرەوەی ئیخوان. لە هەر نامەیەکیشدا جگە لەوەی ئەوەیان تێدا دەنووسی کە ئێمە پشتگیری لەسەر خستنی عیسام عەریان بۆ ئەندامێتی نووسینگەی ئیرشاد دەکەین باسی ئەوەشیان تێدا دەکرد کە ئەم نامەیە بۆ رابەر بنێرە. لە کۆتایی نامەکەشدا ژمارەکانی مۆبایلی رابەریان تێدا تۆمار کردبوو! ئەگەرچی، رابەری ئیخوان موسلمین محەمەد مەهدی عاکف، وای نیشاندا پێشکەشکردنی وازهێنانەکەی و سپاردنی هەموو دەسەڵاتێکی خۆی، بۆ ماوەی چەند مانگێک بە محەمەد نەجیب تاوادەی هەڵبژاردنی رابەری نوێ، بەهۆی بەتەمەنی‌یەوەیە، نایەوێت وەک رابەر لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەردەوام بێت و بۆ جاری سێیەم خۆی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێرێتەوە، بەڵکو دەیەوێت جیاواز لە رابەرانی پێشوو، کە مەرگ پۆستەکەی لێوەرگرتوونەتەوە، ئەو خۆی بەر لە مردن ئەو پۆستە بەیەکێکی تر لە (برا)یان بسپێرێت، بەڵام واقیع دەریخست کە وازهێنانەکەی لە سۆنگەی بوونی قەیرانێکی ناوخۆیی قووڵەوەیە لە نێو ئیخواندا، محەمەد عاکیف ئەگەرچی رابەرەو دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە، بەڵام لە خۆی رانابینێت قۆڵی چارەسەرکردنی قەیرانەکەی لێهەڵماڵێت.

> ئەگەرچی قەیرانەکە لەئەنجامی هەواڵی وازهێنانی رابەردا، راستیی بوونی قەیرانەکەی بۆ چاودێرانی رەوشی ئیخوان ساغکردەوە، بەڵام دەرکەوت لەواقیعدا ئیخوان هەر بەدەستی ئەو کێشەیەوە نانالێت کە بەکێشەی سەرکەوتنی عیسام عەریان بۆ نووسینگەی ئیرشاد ناوی دەرکرد

قەیرانەکە، راستە لە واقیعەوەیە، کە کوتلەی عیسام عەریان داوایان دەکرد ناوبراو، کە بە دەمڕاستی لایەنگرانی (ئیسلاح) و چاکسازی لە نێو ئیخوان موسلمین دادەنرێت، بۆ ئەندامێتی نووسینگەی ئیرشاد سەربخرێت، بەڵام ئەو کێشەیە دەریخست کە ناکۆکیەکی گەورە لە نێو نووسینگەی ئیرشاددا هەیە. لەو کێشەیەشدا تەنها رابەر لەگەڵ ئەوەدا بوو عەریان ئەو پۆستەی پێبدرێت، دەنا هەموو ئەندامانی نووسینگە، کە بەلایەنگری باڵی موحافیزکار لە نێو حیزبەکەدا دادەنرێن، دژی ئەو سەرخستنە بوون! باڵی موحافیزکاری ئیخوان موسلمین، کە لەبەردەم بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ناوخۆیی وڵاتدان لە میسر، وا پێدەچێت بیانەوێت ئەو بەرنامە چاکسازییەی کوتلەی ئیسلاح بکەن بەبەرنامەیەکی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی وڵات، بەمەش دەیانەوێت لێنەگەڕێن ئەو چاکسازییە نێوخۆی پەیکەری ئیخوان بگرێتەوە، بەمەش سیمایەکی چاکسازیو ئیسلاحی بە حیزبەکەیان دەبەخشن، لەبەردەم رای گشتیدا. رۆژی ٢٠١٠/١/١٦، رابەری گشتی ئیخوان محەمەد مەهدی عاکف هەڵبژاردنی (د. محەمەد بەدیع سامی) ی وەک رابەری هەشتەمی گشتی ئیخوان موسلمین راگەیاند. بەمەش رابەری ئیخوان هەموو ئەرکەکانی خۆی، بەو ناکۆکیانەشەوە لەنێو حیزبەکەیدا هەیە بەرابەری هەشتەمی سپارد. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا د. بەدیع توانای بەرەنگاربوونەوەو خاوکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێو دێرینترین حیزبی ئیسلامی سیاسی، کەبە دایک دادەنرێت دەبێت؟

# قوربانیی دەستی فەقیهەکانی نائەقڵانیەتی ئایینی

## شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی

د. ئەحمەد خەلیل
بەشی دووەم

سوهرەوەردی بەیەکەم کەس دادەنرێت، کە لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا، رووبەرووی فەلسەفەی مەشائی بووتەوەو لەکتێبەکانیدا باسیئەوەی کردووەو رێچکەی فەلسەفەی ئیشراقی گرتووەتەبەر، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە ئەو زیاتر سۆفی بووە، وەک ئەوەی فەیلەسوف بێت. هەروەها فەلسەفەو سوفیگەری لەیەک پەیوەندی تایبەتیدا داناوە کە لەهیچ جێگەیەکدا ئەمەنەکراوەو نییە، دوو جۆر حیکمەتیشی لێک جودا کردووەتەوە:

- دانایی (حیکمەت)ی لێکۆڵینەوەیی/ پشت بە شیکردنەوەو پێکهاتەو بەڵگەو سەلماندن دەبەستێت، کە ئەمەش حیکمەتی فەیلەسوفەکانە.
- حیکمەتی شەیدایی (ذوقیة): ئەمەش بەرهەمی کۆششە رۆحییەکانە کە مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت دەریانبڕێتو تەعبیریان لێبکات، ئەمەش حیکمەتی ئیشراقیەکانە.

بۆیە سوهرەوەردی هیچ ناکۆکیو دژایەتییەک لەنێوان ئەم دوو حیکمەتەدا نابینێت، هەروەک ئیشراقی ڕاستەقینە ئەوەیە کە حیکمەتی لێکۆڵینەوەییەو لەهەمان کاتدا دەگاتە نهێنیەکانی حیکمەتی شەیدایی.


"شێخی ئیشراق" وادادەنێت، بیرو فیکری مرۆڤ بەتەنها ناتوانێ زانینو مەعریفەی تەواو بەدەستبهێنێت، مەگەر پشت بەئەزموونی ناوخۆییو شەیدایی ناوەکی ببەستێت.

ئەم دیدگایەی سوهرەوەردی بوو بەو بیرکردنەوەیەی کە بەکتێب تەواو نابێو بەشێخیش کورتناکرێتەوەو لەچوارچێوەی فەلسەفەشدا ناوەستێتەوە، ئەوەی سوهرەوەردی دایهێنا بریتییە لەکۆیەک نێوان حیکمەتی "فارسو یۆنانو میسری کۆنو هیند"، هەروەها بوو بەکۆکردنەوەی هەریەک لەئەفلاتوونو زەردەشت لەلایەکو "فیساگۆرسو هورمز" لەلایەکی دیکە.

### بەرهەمە فیکرییەکانی سوهرەوەردی

ئەو چارەنووسە مەرگبارەی کە سوهرەوەردی کۆتایی پێهێنا، لەهەندێک کاتدا بووە هۆی ئەوەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی نەناسرێت، بەتایبەت ئەوکاتەی کە فەقیهەکان دژایەتییەکی زۆری فیکرو بیرکردنەوەکانیان دەکرد، بەڵام قوتابییەکانی هزرو فکرەکەیان کورتکردەوەو گرنگیان بە بەدواداچوونی زانستو رێکخستنی بەرهەمە زانستیەکەیدا، هەروەک لەهەندێ سەرچاوەدا ئاماژە بەناوی چلو نۆ کتێبی کراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر باڵایی پلەی زانستییەکەی.

هەندێک لەبەر هەمەکانی سوهرەوەردی بریتین لە "حکمە الإشراق، هیاكل النور، التلويحات، واللمحات في الحقائق، الالواح العماديه، المشارع و المطارحات، المناجاه، مقامات الصوفيه و معاني مصطلحاتهم، التعرف للتصوف، كشف الغطا لإخوان الصفا، رساله المعراج، عوارف المعارف، اعتقاد الحكماء صفير سيمورغ"، سەبارەت بەسیمورغ کە باڵندەیەکی ئەفسانەییە لەکلتوری میللی کوردیدا بوونی هەیە، بەمنداڵی چیرۆکی ئەفسانەیم لەسەر ئەم باڵندەیە لەلای دایکانو داپیرەکان بیستووە.


سوهرەوەردی

ئەمەش بەڵگەی زۆری زانستو زانیاریو ئاسۆی فراوانی رۆشنبیری سوهرەوەردیمان بۆ دەردەخات.

(ماسینیون) بەرهەمە زانستیەکانی بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکردووە:

- قۆناغی گەنجێتی، سەردەمی ئیشراقی، (الالواح العمادية، وهياكل النور، الرسائل الصوفية)
- قۆناغی سەردەمی مەشائی (التلويحات، اللمحات، المقاومات، المطارحاتو المناجاة).
- قۆناغی سەردەمی کۆتایی: کە لەژێر کاریگەری ئەفلاتونی نوێو ئیبن سینادا بووە.

کتێبەکانی ئەم قۆناغەی شێخی ئیشراق: (حكمه الاشراق، اعتقاد الحكماء كلمه التصوف).

### ململانێ توندوتیژەکان

سەدەی سیانزەهەمی زاینی (٦) کۆچی کەسەردەمی ژیانی سوهرەوەردییە، سەردەمی لێبوردنی هزری نەبوو، بەڵکو سەردەمی ململانێی سیاسیو مەزهەبی توندبوو، سەردەمی زنجیرە ململانێ دوور و درێژەکانی سەدەکانی چوارەمو پێنجەمی کۆچی بوو.

لەڕووی مەزهەبییەوە، لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا، "ئەبو حەسەنی ئەشعەری" (٣٢٤) ک کەلەموعتەزیلەکان بوو لێیان هەڵگەڕایەوەو شۆڕشی لەدژیان راگەیاندو مەزهەبی موعتەزیلەکانی تێکو پێکدا، ئەو بوو بەهەڵگری ئاڵای سوننە مەزهەبەکان دژی مەزهەبە (باطنی)و تەئویلییەکان.

لەڕووی سیاسییەوە، جیهانی ئیسلامی لەنێوان فەرمانڕەوایی "عەباسی سوننی مەزهەب"و فەرمانڕەوایی "فاتیمی شیعە مەزهەب"دا مابوویەوە، لەوکاتەدا بووبەهە شیعەکان کاروباری ئێرانو کوردستانو عێراقیان لەساڵانی (٣٣٤-٤٤٧)ک گرتبووە دەستو بەرواڵەت لەسەر فەرمانڕەوایی عەباسییەکان مابوونەوەو لەراستیدا کۆنترۆڵی فەرمانڕەواکانیان لەدەستدا بوو. لەو کاتەشدا تورکمانە سەلجوقییەکان کە لەسەر مەزهەبی سوننی بوون، لەخۆرهەڵاتدا دەرکەوتن، بۆ ئەوەی فەرمانڕەوا عەباسییەکان پشتیان پێ ببەستن بۆ رزگاربوون لە بوەیهیە شیعەکان، سەلجوقییەکانیش ئەمەیان جێبەجێکرد. دواتر سەلجوقییە فەرمانڕەواکان تێبینی ئەوەیانکرد کە بەرەی ئەشعەرییەکان چاکترین چەکێکە بۆ سەرکەوتنی ئایدۆلۆژی بەسەر بوەیهیەکاندا، بۆیە دوای ئەم سەرکەوتنە پێیان وابوو کە بەم شێوەیە دەتوانن بەربەرەکانی "فاتمییەکان"ی پێبکەن.

زەنگیەکان کە تورکمانبوونو شوێنکەوتەی سەلجوقیەکانبوون، رێچکەی گەورەکانیان گرتەبەر. دواین سوڵتانیان کە "نورەدین زەنگی" بوو فشاری خستە سەر "سەڵاحەدینی ئەیوبی" کە والی میسر بوو، بۆ ئەوەی لەمیسردا فەرمانڕەوایی فاتمییەکانلەساڵی (٥٦٧ک-١١٧١ز) هەڵبووەشێنێتەوە، داوایکرد بچنە سەر مەزهەبی شافیعی بەئاڕاستەی ئەشعەرییدا، وەکو مەزهەبێکی فەرمی دەوڵەت بیچەسپێنێت. هەروەها بوەیهییەکوردەکان ئەو رۆشنبیرییەیان وەرگرت، ئەوەش ئاساییبوو بۆ مەزهەبی شافیعی بەئاڕاستەی ئەشعەرییدا پلەی یەکەمی هەبێت لەسەرتاسەری دەوڵەتی ئەیوبیدا.

### لە مەیدانی مونازەرەدا

لەم کەشو هەوایەدا، کە سیاسیەت بە رۆشبیریەوە لکێنرابوو ترسی ئەوە هەبوو کە شوێن کەوتوانی فاتمی شوێنی خۆیان لە جیهانی ئیسلامیدا بەدەست بهێنن، لە بەختی رەشی سوهرەوەردی کە ژیانی بە شێوەیەکی ئازار بەخشو مەرگەساتبار، بوو بەقوربانی لەم ململانێ سیاسیەدا.

سوهرەوەردی رۆشت بۆ حەلەب، لەو کاتەدا لەگرنگترین شارەکان بوو لە رۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبیدا، کە پشتگیری لە مانەوەی دەوڵەتی زەنگیەکانیان دەکرد، لە ناوچەکانی موسڵو سەلجوقیەکانی ئەنادۆڵ، کە ئەمان لەمپەریان لەبەردەم ستراتیجی ئەیوبیەکاندا دائەنا.

هەروەک حەلەب دەروازەی ئەیوبییەکان بوو بۆ کوردستانو کۆگایەک بوو بۆ جەنگاوەرانی هۆزە کوردیەکان لە بارودۆخە ناهەموارەکاندا، لەو کاتەدا سەلاحەددین فەرمانڕەوایی دەکرد. پاشتر کوڕە گەنجەکەی مەلیک زاهیری لەگەڵ کۆمەڵێک لەفەقیهەکان نارد بۆ حەلەب.

ئەوەش سروشتی بوو، کە پێکدادان لە نێوان سوهرەوەردیو فەیلەسوفو سۆفی ئیشراقیوگروپی فەقیهەکانی مەزهەبی ئەشعەریدا رووبدات، کە ئەوان رێگریان لە ئازادی بیر دەکردو ترسیان لە سەرهەڵدانەوەی موعتەزیلەکان دەکرد کە عەقڵیان پێش نەقڵ دەخست، هەروەها دژی فەلسەفە بوونو رێگریان لە سۆفیگەری وەک بیرکردنەوەیەکی (باطنی) دەکردو دەترسان لە پەیوەندی نێوان روحانیەکان و شیعەکان، ئەگەر فاتمی بن یان فاتمی نەبن.

مەلیک زاهیر سەرسام بوو بە سوهرەوەردیو بگرە زیاتر بوو بە یەکێک لە هاوڕێکانی، هەرچەند ناکۆکیەکی توند لە نێوان سوهرەوەردیو فەقیهەکان دا هەبوو، زاهیری کوری سەلاحەدین داوای مونازەرەیەکی فیکری کرد لەنێوان سوهرەوەردی و فەقیهەکان دا، بەشێک لەو رووبەروو بوونەوەیەی نێوان سوهرەوەردیو فەقیهەکان دا رووی دا بەم شێوەیە بوو:

- فەقیهەکان: تۆ لەپۆلێن بەندیەکانتدا وتت کە خوا توانای خەلقکردنی پێغەمبەرێکی هەیە، کە ئەمە مەحاڵە.
- سوهرەوەردی: سنوورێک نیە بۆ توانای ئەو؟! ئایا خودای بەتوانا کە ئیرادەی شتێک بکا ناشتوانێ قەدەغەی بکا؟
- فەقیهەکان: نەخێر.
- سوهرەوەردی: خوا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە؟
- فەقیهەکان: جگە لە خەلقکردنی پێغەمبەر کە مەحاڵو موستەحیلە.
- سوهرەوەردی: ئایا ئەم موستەحیلە کەئێوە دەیڵێن رەهایە یان نا؟!
- فەقیهەکان: کوفرت کرد.

لەم رووبەڕوبونەوەدا سوهرەوەردی جیاوازی کرد لە نێوان نەقڵ و عەقڵ دا، وەهەروەها (ئەگەریەتی مێژوویی) و (ئەگەریەتی عەقڵی)، جودا کردەوە، کە لێرەدا هیچ هەوڵدانێکی رەهانیە بۆ پوچەڵکردنەوەی توانای خودایی، لەو کاتەشدا هیچ نارەزایەتیەک لەسەر دروستی دەقە ئاینیەکان نەبوو، کە ئەیووت پێغەمبەر موحەمەد دواین پێغەمبەرە، بەڵام فەقیهەکان پشتیان بە رواڵەتی دەقە ئاینیەکان دەبەستو وایان دەزانی ناتوانن دەربازبن لەو ئاسۆ فیکریو فەلسەفیانەی، کە سوهرەوەردی لەسەری دەرۆشت.

و: عومەر عەبدولکەریم قادر

> ئەوەی کە سوهرەوەردی دایهێنا بریتیە لە کۆیەک لەنێوان حیکمەتی فارسو یۆنانو میسری کۆنو هیندا. هەروەها بووەهۆی کۆکردنەوەی هەریەک لەئەفلاتوونو زەردەشت لەلایەکو فیساگۆرسو هورمز لەلایەکی دیکەوە

# هـــیگـــڵ، داهـێـــنـــەری چـــەمکـــی رەهـــا

ن: برایان ماگی
بەشی یەکەم

**بەلای هیگڵەوە هەموو شتێکی ناو جیهانو مێژوو، وەک گەشەکردنی شتێکی نا ماتەرییە، پرۆسەیەکی مێژووییە، وەک لەفەلسەفەکەیدا باسی دەکات، بەخود هەستی دەگاتە لوتکە.**

جـۆرج ڤیلهیلم فریدریک هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) لەشاری شتوتگارت لەدایکبووە، یەکێ لەهاورێکانی لەزانکۆی توبینگن (شیلینگ) بـووە، ئەو کاتانەی شیڵنگ روناکبیرێکی خاوەن ناوبانگبوو، هێشتا ئەم ناوی نەبوو، فەلسەفەکەی ئەم ساڵانێکی زۆر دوای شیڵنگ هاتەئاراوە، زۆریش کاریگـەری ئـەوی لەسەربوو، سـەرەتـا هیگڵ وەک مامۆستا کاری کردووە، دواتر لەرۆژنامەدا، پاش ئەوەش بووە بەبەڕێوەبەری قوتابخانەو دواتریش سەرەنجام بـوو بەپرۆفیسۆری فەلسەفە لەزانکۆی هایدلبیریگو دواتریش لەزانکۆی بەرلین.

خـــاوەن بـەرهـەمـێـکـی زۆرەو کـاتـێـک کــە مـرد گـەورەتـرین روونـاکـبـیـری ئەو سـەردەمـەی ئەڵمانیابوو، لـەشـاکـارە بەناوبانگەکانی کتێبی فینۆمینۆلۆجیای رۆح (Phanomenologre des Geistes)ەکە ١٨٠٦ چاپکراوە، ١٨١٢ (Die Wissenschaft der logic) چـاپـکـراوە لـەگـەڵ (Grudlineinder Phlosophae des Rechts) (١٨٢١) چاپکراوە.

یـەکـەم کـتـێـبـی کـە بـڵاوکـردۆتـەوە، سـەبـارەت بەجیاوازییەکانی نێوان فەلسەفەی فیختەو شیڵینگ بووە، فەلسەفەی ئەمیش تارادەیەک دەکرێ وەک تێکەڵکردنێکی فەلسەفەی ئەم دووانـە سـەیـر بکرێت. بەلای هیگڵەوە هـەروەک شیڵینگ هـەموو واقـیـع یـەک یەکەیەو نەوەستاوەو بەردەوام لەپرۆسەی گەشەکردندایە، هەروەک شیڵینگ ئەمیش بـاوەڕی وابــووە دوا ویستگەو ئامانج لەم گەشەکردنە گەیشتن بـووە بەخودئاگاییو خۆناسین، بـەڵام لەبەرامبەر فـەلـسـەفـەکـەی شیڵینگدا، هیگڵ هەموو پرۆسەکەی تەنیا لەسروشتدا نەبینیوە، بەلای هیگڵەوە پرۆسێسەکە زیاتر لەفیختەوە نزیکە.

بەلای هیگڵەوە هەست یان گیان شتێک نیە لەسروشتێکی بێگیانەوە دروستبووبێت، بەڵکو لەسەرچاوەیەکەوەیە کە بنەڕەتی بوونی پێکهێناوە، هەروەها خۆی پرۆسە مێژووییەکەیە کە بریتییە لەواقیع، لەم خاڵەدا، هیگڵ کێشە دەنێتەوە بۆ ئەوانەی بەزمانی ئەڵمانی بەرهەمەکانی ناخوێننەوە، بەڵکو پشت بەوەرگێڕان دەبەستن، هـۆکـاری پـرۆسـەی گـۆڕانـە مێژووییەکان بـەلای هیگڵەوە ئەو شتەیە کە بەئەڵمانی پێی دەوترێت (Geist)، ئەم وشەیە واتـای شتێکە لەنێوان گیانو هەست (رۆحو ئیدراک)، نەوەک رۆح بێلەشو نـەوەک شتێکی وەک هەست یان ئیدراک کە تەواو پابەندە بەجەستەوە.

بـەلای هیگڵەوە (Geist) ماتەری بنەڕەتی بوونەو هەموو ئـەو پرۆسە مێژووییەی واقیع پێکدەهێنێت گەشەکردنی (Geist)ە بـەرەو خودئاگاییو خودناسین.

هـەرکـاتـێـک گەیشتن بەم قۆناغە هاتەدی هەموو بوونێک لـەیـەک یـەکـەدا لـەگـەڵ خۆی لەهارمۆنیدا دەبێت. هیگڵ ئەم یـەکـە هـەسـت بـەخـود کـردەی ناوناوە "رەها" لەبەرئەوەی بەلای ئەمەوە سروشتی یان بنەڕەتی هەموو شتێک کە بوونی هەیە نا ماتەرییە، بەفەلسەفەکەی دەگوترێت "ئایدیالیزمی رەها"، ئەم خۆی فەلسەفەکەی لەگەڵ ئاینی مەسیحی گونجاندوە، بەڵام هەندێک لەوانەی دوای خۆی خەریکی شیکردنەوەو راڤەکردنی فـەلـسـەفـەکـەی ئـەم بـوون، بەجۆرێکی پانتیزم (یەکبوونی بـــوون) (وحـــدە الـــوجـــود) یـان دانـــاوەو هەندێکی تریش لایانوایە فەلسەفەکەی ئەم خۆی ئایینێکی سەربەخۆیە، بەبێ خوا، لەهەمووشیان رادیکاڵتر (کارل مارکس)ە کە زۆربەی بیرۆکەکانی هیگڵی وەرگرتووە، دەڵێت هەموو ئـەو پرۆسە مێژووییەی هیگڵ شتێکی عەقڵی یان رۆحی نییە، بەڵکو شتێکی ماتەرییە.

یاسای گـۆڕان یان هەبوون (صیرورە)

روانینە ناوەندییەکانی هیگڵ زۆر بەڕوانینەکانی هیراکلیتۆس چـووە، بـەلای ئـەمـەوە هەموو شتێک بـەردەوام لەگەشەکردندا بــووە، هـەرچـی بـوونـی هەیە بـەرهـەمـی ئـەم پرۆسەیەیە، لەبەرئەوە هیگڵ لایوابووە زانیاری دەربارەی هەر بوارێکی بەرفراوان، هەمیشە بریتییە لەپرۆسەی گۆڕان (هەبوون)، هەموو حاڵەتێکی ئاڵۆز لەخۆیدا هەڵگری تۆوی ناکۆکییە لـەگـەڵ یەکتری، ئـەم یەکانە لەحاڵەتی نائارامیدانو لەبەرئەوە ناکرێت ئـەو حاڵەتە نائارامە هەتاهەتایە بەردەوامبێت، دەبێت ناکۆکییەکان گەشەبکەن تا ئەو رادەیەی لەناودەچنو حاڵەتێکی نوێ دروستدەبێتو هەڵبەتە ئەم حاڵەتە نوێیەش ناکۆکی نوێی تێدایە، بـەلای هیگڵەوە ئەمە لۆژیکی بنەڕەتی گۆڕان (هەبوون)ە، ئەم سیستمێکی تێرمینۆلۆگی تایبەتی داناوە بۆ باسکردنی ئەوە، بەهەموو پرۆسەکەی گوتووە پرۆسەی دیالێکتیکی یان بەتەنیا (دیالێکتیک)ی بەکارهێناوە.

شیکاری بۆ سێ قۆناغی سـەرەکـی ئـەم یـاسـەی کـردووە، قۆناغی ئێستا لەهەر حاڵەتێکدابێت ناوی لێنراوە تێز thes ئەو کاردانەوەی هەمیشە لەدژی یەکتر کارکردنی ئەو دوو یەکە دژ بەیەکە دروستدەبێت، ئەم ناوی ناوە ئەنتی تێز antithes وردە وردە ناکۆکییەکەی نێوانیان نامێنێتو حاڵەتێکی جیاواز دێتەئاراوە کە لەهەندێک خەسڵەتی هــەردوو یەکەکەی تیایەو هەروەها هەندێک خەسڵەتی هــەردوولای تیا لەناوچووە، هیگڵ ئـەم قـۆنـاغـەی ناوناوە Synthes، بـەڵام لەبەرئەوەی (Synthes) رەوشێکی نوێیە، ئـەوا ئەمیش ناکۆکی نوێی تێدایەو دەبێت بەسەرەتاو هەوێن بۆ سێکوچکەیەکی تـری نوێ لەتێزو ئەنتی تێزو (سینتێز)*، بەمشێوەیە پرۆسەی گۆڕانەکە بەردەوامدەبێتو لەهەناوی خۆیدا گۆڕانی نوێ دێنێتەکایەوە، هیگڵ دەڵێت لەبەرئەوەیە هیچ کاتێک هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێت، لەبەرئەمەیە کە هـەمـوو بیرو ئایینو هونەرو زانستو ئابووریو بەشەکانی کۆمەڵگەو تەنانەت کۆمەڵگەش هەمیشە لەگۆڕاندایەو هــەر لـەبـەرئـەمـەشـە شێوازی گۆڕانکارییەکان لەهەر حاڵەتێکدا دیالێکتیکییە، (دوای هیگڵ وشەی دیالێکتیک زۆرجار لەبری یاسای گۆڕان بەکارهێنراوە).

** * دکـتـۆر مـحـەمـەد کەمال لەبەرامبەر تێز (بابەت) و لەبەرامبەر ئەنتی تێز (دژە بابەت)و بۆ سینتێز تێهەڵکێشی داناوە.**

**و: لـەسـویـدیـیـەوە عوسمان حەمەرەشید گورون**



هیگڵ

# حوسییەکان لەنێوان سعودیەو مەدی ئێرانیدا

ئەحمەد گەرمیانی

بزووتنەوەی حوسییەکان گروپێکی چـەکداری شیعەی توندڕەوی یەمەنینو لەباکووری ئەو وڵاتە شـەڕی هـێـزە دەوڵەتییەکان دەکەن، ئەوەی بەلای چاودێرانی سیاسییەوە جێگای لێکدانەوەو تیشک خستنەسەرە کاریگەریو جوڵانی ئەو کەیسە چەکدارییە سیاسییەیە بەگۆشەنیگایەکی ئـێـرانـی، یـان بـەواتـایـەکـی تر خوێندنەوەی بابەتەکە بەچاویلکەی شـیـعـیـزمـیـانـەوە، لەپێش هەموشیانەوە سەنگەرکردنی ئەم گروپە چەکداریی لەرکابەرە ناوچەییەکانی ئـێـران، وەک یەمەنو پاشانیش عەرەبستانی سعودیە.

گومانی تێدانیە هەڵکشانو داکشانی سیاسەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەخێرایی زۆرجار هـێـزە سـەرەکـیـەکـان دەخاتە بـەربـیـرکـردنـەوەی وردو ژیربێژیکردنی زیاتر تاکو لەلایەک سەنگو قورسایی خۆی بپارێزێتو لـەلایـەکـی تـریـشـەوە گلۆڵەی بەرامبەرەکەی بخاتە لێژی، ئەو کـاتـەی حوسیەکان پەلاماری چـەنـد بنکەیەکی سەربازی هێزە سعودیەکانیان دا، لەسەر سنور زەنگێکی ترسناک لێدرا بەئاڕاستەیەک کە جوڵانەوەکەی (عبدالملک) حوسی پاڵپشتی دەرەکی هەبێتو خەنجەرێکی تیژ بێو رووەو هەریەکە لەیەمەنو سـعـودیـە ئاڕاستەکرابێت، هەرچەند ئەم بابەتە لەبازنەی داواکـاری چینێکی مافخوراوی یەمەنیدا دەخـولـێـتـەوە بەڵام زۆرێـک سەرچاوەکانی هەواڵو شارەزایانی سیاسی بەیارییەکی سیاسی گەورەتری لێکدەدەنەوە کە لەوانەیە ستراتیژێکی قوڵی فرەبازنەیی لەخۆدا شاردبێتەوە.

کـۆمـاری ئیسلامی ئێران هەمیشە بەپاڵپشتیکردنی ئەو گروپو لایەنە شیعانە ناودەبرێت کە خۆشەویستیو لایەنگیری دینـیو سیاسیان بۆ حـەوزەو خوێندنگە دینیەکانی شیعە هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێگەو مەقامیان لەجێگای هەستیاردایە، یان بەمانایەکی تر ئەو شوێنانەی کە نەیاری ئێرانیەکانی تێدایە، حوسیەکان لەپارێزگای سەعدیەو جوفو چەند ناوچەیەکی تری بـاکـووری یـەمـەنـدا تەنگیان بەهێزەکانی دەوڵـەت هەڵچنیو سوپای ئەو وڵاتەیان ناچار کرد داوای یارمەتی دەرەکی بکاتو حاڵەتی نائاسایی رابگەیەنێت، ئەمە دوای ئـەوەهـات، سەرۆک عەبدوڵڵا ساڵح هێرشی توندی کردە سەر ئێران لەیارمەتیدانی چەکدارەکانو بەربەستنەکردنی پاڵپشتی حەوزە دینییەکانی ئەو وڵاتە بۆ چەکدارە حوسیەکان، بێگومان وەڵامی ئێرانییەکانیش جۆرێک لە توندی پێوەدەبینرا، کـاتـێـک ئـاژانـسـەکـانـی سەر بـەدەوڵـەت قسەکانی سەرۆکی یەمەنیان بەناوزڕاندنی ئێران لەبەرامبەر قەیرانی وڵاتەکەی لەقەڵەمدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە میدیا ئێرانییەکان لەپێشەنگی راگەیاندنەکانی تردان لەوروژاندنی زیاترودنەدانی زیاتری بزووتنەوەکە بەتایبەتی بڵاوکـردنـەوەی ئەو دیمەنانەی کە هەستی شەقامی شیعەگەری دەوروژێنێت، وەک ئاوارەبوونی خەڵکانی مەدەنیو تێکشکانی هێزە دەوڵەتییەکان لەبەرامبەر ئەم بزووتنەوەیەدا، شارەزایانی سیاسی ئەم شۆڕشە وەک کارتێکی شـاراوەو نوێی ئێرانییەکان دەبینین لەبەرامبەر کـێـبـڕکـێ ئیقلیمیەکانیاندا بەتایبەتی دەوڵەتی سعودیە، چونکە بەم دوایانە پریشکی ئەم ئاگرە دەوڵەتی ئالی سعودیشی خستۆتە تالوکەوە، بەتایبەتی ئـەم بـزووتـنـەوە شیعەگەرە دژی بـزووتـنـەوەی وەهابیەتو سەلەفیەتەو پـردی گەیاندنی ئێرانییەکانە بەسنورە ئارامەکانی وڵاتانی سوننە مەزهەبی عەرەبی، بەتایبەتی سعودیە لەپێناو لاوازکـردنـی پـێـگـەی ئاینیو سیاسی ئەو وڵاتە، بەم نزیکانە کەناڵی ئاسمانی پرێس تیڤی ئێرانی نیگەرانی وڵاتەکەی لەمەڕ بـەزانـدنـی سنورەکانی یەمەن لـەلایـەن هـێـزە سەربازەکانی سعودیەوە راگەیاند، کاتێک ئەو هێزانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی چـەکـدارە حوسییەکان چەند کیلۆمەترێکیان لەباکووری یەمەن بەزاند لەپێناو دامرکانەوەی ئەو ئـاگـرە گــڕدراوەی کـە لەنزیک سنورەکانی ئەو وڵاتەوە کڵپەی سـەنـدووە، لـەوانـەشـە ئەمڕۆ یان سبەی پریشکی گەرمتری بەربکەوێت.




لەململانێ سیاسییەکانەوە بۆ گۆڕینی تابلۆی شەقامەکان

شارەزایانی بـواری سیاسی ئەم هاندانەی ئێران بۆ چەکدارانی حوسی وەک کاردانەوە دەبینن لەبەرامبەر دەوڵەتی سعودیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی سعودیە چەند سـەرە داوێکی ئیقلیمی کـەوتـەدەسـت، تـا رادەیـەک هـێـوربـوونـەوەی بـارودۆخـی فەلەستینو هاتنەوەکایەی هێزە سونییە عێراقییەکانو دابەزینو دووکەرتبوونی پارتە شیعەکانی عـێـراق لـەتـەک سەرکەوتنی دۆستـانـی رۆژئــاوا لەلوبنانو شکستهێنانی پشتیوانەکانی ئێران، بێگومان ئەمانە باڵانسی ئێرانی تـاڕادەیـەک دابەزاند، هەربۆیە ئێرانییەکان بـەدوای چانسێکدا دەگەڕان تا دەستی سـعـودیـەکـانـی پـێ بـابـدەنو بەشێوەیەک سەرقاڵی بکەن بـواری پەلهاوێشتنی نەبێت، هـێـرشـکـردنـی حوسیەکانیش بەئاراستەی باشووری سعودیە گـەواهـیـدەری ئـەو راستییە، عـەلـی لاریـجـانـی ئۆپراسیۆنە سـەربـازیـیـەکـانـی سعودیەی بەپێچەوانەی یاسا شەرعییە ئیسلامییەکان نـاوەزەدکـردو وتی: برا سعودییەکانمان خۆیان بەموسڵمان ئەژماردەکەنو خەڵکی مەدەنیو دانیشتوانی سەرسنوری وڵاتێکی تریش ئاوارە دەکەن کە ئەمەش لەدینی ئێمەدا یاساغە، پـاشـان نـاوبـراو وتــی: ئەگەر سعودیەکان خـاوەن رۆکێتو بۆمبی لەوچەشنە پێشکەوتوون بۆ لەدژی زایۆنیزم بەکارینا‌هێنن؟ ئەم قسانەی لاریجانی پوختەیەکە لەسەر ئـەو تێڕوانینە وردەی کە لـەچـوارچـێـوەی فیکرەی دەوڵەتەکەیدا جێگای کراوەتەوە بەبردنەپێشەوەی داشەکانیان لەبەرامبەر ناحەزو نەیارەکانیاندا، چونکە وەک زانراوە ئێرانییەکان یاریزانێکی سەرەکی ناوچەکەنو خــاوەن ئـەزمـوونـێـکـی باشی یاریکردنن لەگەڵ بەرامبەرەکانیان، بەمانایەکیتر ئـاغـاکـان زۆر حـەکـیـمـانـە کـارتـەکـانـیـان بەکاردەهێننو کشو ماتی سیاسی بەبەرامبەرەکانیان دەکەن، ئەوان رێگەنادەن رکابەرەکانیان پێ زیاتر درێژبکەن، ئەویش بەهاندانی بزووتنەوە ئیسلامیە ئوسوڵیەکان یان دزەکردنە دڵی نێو دەوڵەتانو بەرزکردنەوەی گێرفی باڵانسیان، بۆ نمونە، حەماسو حیزبولڵاو پاشانیش بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەی حوسیەکان، ئەمەش لەلایەکەوە بـۆ بـردنـەپـێـشـەوەی دەستی خۆیو لەلایەکەی تریشەوە بۆ سوتاندنی کارتی چەند وڵاتێکی عەرەبی وەک سعودیەو میسر، چونکە هـەنـدێـک لەوڵاتانی عەرەبی لەهەوڵی خەفەکردنی مەدی ئێرانیدان بەتایبەتی دوای دروستبوونی شۆڕشی سەوز، بۆ نمونە کۆمەککردنی گروپە تـونـدڕەوەکـانو هـەوڵـدان بۆ دروستکردنی ئاژاوەو دوبەرەکی لـەنـاوخـۆی ئـێـرانـدا پاشان هـەوڵـدان بـۆ دوورخستنەوەی هاوپەیمانەکانی.

دەستبردنی ئاشکرای ئێران بەئاراستەیەک کە لەبەرژەوەندی بـزووتـنـەوەی چـەکـداری حوسیەکاندایە پەیامێکی تەواو روونە بەنیسبەت سنوردانانێک لەمەڕ بێبەشکردنی شیعەکانی دەرەوەی ئێران کە بێگومان ئەمەش یەکێکە لەپرەنسیپەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران.

www.arsivakurd.org

# ئەشکەوتی پۆست مۆدێرنیتی...

## "ئایا ئەم زیندانییانە، جگە لەو سێبەرەی کە ئاگرەکەی دەرەوەی ئەشکەوت خستوویەتیە سەر دیواری ناوەوەی ئەشکەوت، هیچی تر دەبینن؟" کۆماری ئەفلاتون ـ کتێبی حەوتەم



ئـــازاد عــەلی ساڵح
بەشی یەکەم

### ئێمە کێین؟

ئێمە مرۆڤگەلێکین لەنێو تراژیدیاوە هاتووینەتەبوون، ئێمەو تراژیدیا لەیەکدی موتوربە کراوین. ئێمەو ترسو مەرگو کۆچ پێکەوە پیتێنراوین. رووبەری یادەوەری‌و کۆنەستو هەستی ئێمە شێوێندراوە، مێنتاڵیتی‌و جیهانبینی‌و بوونمان دەستکاریکراوە، مرۆڤگەلێکیان لێدروست کردووین جیاواز لەخۆمان...

گەر بەشێک لەگرفتەکانی ئێمە لەدەرەوە هەناردە کرابێت، ئێمە خۆشمان فاکتەرێکی سەرەکی‌و کارابووین بۆ کارەساتو بەسەرهاتو مەرگەساتی ناو مێژووی خۆمان. کێشەی بنەڕەتی ئێمە پێنەگەیشتن‌و نەشونمانەکردنی رۆح‌و ئیرادەو عەقڵمانە. لێرە، عەقڵ نەگەیشتۆتە قۆناغی دەسەڵاتی خۆی، ئێمەش نەگەیشتووین بەدۆخی "خود" ئاگایی ڕاستەقینە. عەقڵی ئێمە بەبنبڕی لەهەناوی "سروشت" جیا نەبۆتەوە، ئێمە لەبایەخو بەهاداری عەقڵمان بۆ دۆخی ئێستا نەکۆڵیوەتەوە...

توانا نوستووەکانی نەستو هێزە شاراوەکانی عەقڵو بزوێنەری ئیرادەی گشتیمان کارا نەکردووە، بەبێ کارایی ژیان‌و مێژووی ئێمە ئاراستە دەکەن. ئێمەش لەبێهێزیدا، خۆمانداوەتە دەست هێزی ئارەزووە سەرکوتکراوەکانی تەمەنی منالی‌و هەرزەکاریمان، هەر ئەو هێزە چالاکە لەپانتایی بیرکردنەوەو خەیاڵدانمانی بۆ خۆی دەستەمۆ کردووە. تا ئەمرۆش ڕانەچڵەکیووین، وتەکانمان نەداوە بۆ ئاقاری ڕابوون‌و بوژانەوە. کاراکردنی هێزە خوودییەکان‌و بەگەڕخستنی توانا ناوەکییەکان‌و ئەو کێشە وجودییانەی کە تێیکەوتووین، نەبووین بەبابەتێک بۆ گفتوگۆکردن‌و ڕامانی ڕاستەقینە، لەخۆمان ڕانابینین ئەو دۆخە متبووەو ئەو ژیانە جێگیرەو ئەو مێژووە چەقبەستووە، تێپەڕێنین‌و بێینەوە نێو مێژووی ڕاستەقینەی خۆمان...

مێژووی ئێمە مێژووی گومان و ڕەخنەو داهێنان و هونەر و هزرو زانین‌و زانست نییە، بەڵکو مێژووی شەڕی خۆبەخۆو مێژووی سەنگەرلێدانە. ئێمە لەنێو مێژووی شۆڕشی بوژانەوەی فیکری‌و ئەدەبی‌و ڕۆشنگەری، شوێنێکی شایستەمان نییەو لەپەراوێزەوە لەنگەرمان گرتووە. "کات" تێپەڕیوەو

لەدوای کاتەوە بەئیفلیجییەوە پاڵکەوتووین. جێماوین‌و "تەپڵی سەرمان" لەناوەوە تەپیوە، وشکەساڵی فیکری‌و مەعریفی بەرۆکی گرتووین. ئێمە لەبەدەستەوە گرتنی کتێبێک سڵدەکەینەوە، بەڵام زۆرێکمان باشترین تفەنگچی‌و باشترین نیشانشکێنین‌و لەپێکانی یەکدی شارەزاو بەسەلیقەین...

ئێمە مرۆڤگەلێکی بایۆلۆژی‌و میکانیکین، لەنێو دالانەکانی ژیاندا سێبەری ڕوحی مردووی خۆمان بەداماوی ڕادەکێشین‌و نیهیلیستییانە گوزەر دەکەین. جیهانی هۆشەکی‌و هەستەکیمان جیهانێکی وشکو دەستکورتو بێبەرووبوومە، جیهانێکە کەس ئیرەیی پێنابات. ئێمە لەباوەشی سروشتدا گرۆگاڵ دەکەین، زمانمان نەپژاوەو گەورە نابین. ئێمە هەر لەخاڵی دەستپێکی گەورەبوون، هەر لەسەرەتای پرۆسەی بەنەتەوەبوون، هەر لەقۆناغی یەکەمی پڕۆژەی "خۆ دروستکردن وەک گشتێک"، گیرمان خواردووەوهەرلەسەرەتای دەستپێکی پڕۆژەکەشدا تووشی هەناسەسواری‌و کەڵکەڵەی خۆدزینەوە بووین. لەگەڵ ئەوەی فاکتەرە بابەتییەکان (زمان، کلتور، ئەفسانە، مێژوو، ئیتنیک، سەرزەمینی هاوبەش،...) ئامادەگییان هەیە، بەڵام کارمان لەسەر ڕێکخستن‌و فۆرمەڵەکردن‌و دەوڵەمەندکردنی هۆکارە ناوەکی‌و خودییەکان نەکردووە، لەوبوارەدا کەمتەرخەمی‌و بێخەمی گەورەکراوە. ئیرادەو فەنتازیاو بڕیاری ئێمە بۆ دروستکردنی نەتەوە، بەمانا کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و مۆدێرنەکەی نەخەملیوەو ڕیشەگیر نەبووە، ئامادەگی ڕوحی‌و دەروونیمان لەو بوارەدا لاسەنگییەکی کوشندەی تیایە. گەر "بوون بەنەتەوە" پێداگرتنی ڕۆژانە بێت لەسەر تازەکردنەوەی ئینتیماو پشتیوانی‌و پابەندی‌و بەخششی بەردەوام، ئەوا ئێمە ڕۆژانە لەنێو بۆشایی بێئینتیمایی‌و

بێدەربەستی ژیانی تایبەتیمان دەگوزەرێنین...

کێشەی یەکێتی نەتەوەیی‌و ناسنامەی نەتەوەیی‌و ئاسایشی نەتەوەیی، نەک بەکێشەیەکی ستراتیژی‌و وجودی نازانین کارمان بۆ نەکردووە، بەڵکو خۆمان بەرهەمهێنەری گرفتو بەربەستین لەو بوارەداو کێشەکەمان ئاڵۆزتر کردووە. باشە گەر کۆستو ترس‌و پەژارەو ئازاری هاوبەش‌و جینۆسایدو پاکتاوکردنی نەژادی، ئێمەی لەسەر خوانی نەتەوەیەک جۆشنەدابێت‌و کۆینەکردبێتینەوە، ئەی چی ئیرادەی ئێمە دەهەژێنێ، کێ بەشەکانی ڕوحی دابەشکراوی گرێ کۆمەڵایەتییەکانی ئەم نیشتیمانەپێکەوە گرێدەداتەوە!؟

ئێمە تا ئەمڕۆش دروستکردنی شوناسی گشتی‌و پتەوکردنی بوونیادی نەتەوەیی‌و دەوڵەمەندکردنی کلتورو نوسین‌و زمانمان نەبووە بەخەم‌و خولیاو خەیاڵمان. تا ئێستاش بەخۆمان ئاشنانین‌و خۆمان ناناسینەوە، لەمێژووی کەینوونەی خۆمان ڕانامێنین‌و هەڵسەنگاندنێک بۆ مەترسییەکانی سەربوون‌و ژیانی ئێستامان ناکەین! بێباکو بێدەربەستو بێهەستین لەئاست "بوون"دا، خۆ بە"هەبوون"ەوە هەڵدەکێشین‌و بوونی ڕاستەقینەمان کردووە بەقوربانی هەبوونی (دەستکەوتە مادییەکان). ئێمە نەتەوەیەکین گەورە نابین‌و پێناگرین،

هەنگاوەکانمان خواروخێچ دەهاوێژین، چونکە ئیرادەو ڕوحی دەستەجەمعیمان "خاوەن پێداویستی تایبەتین"...

ئەوە کارەساتە کە ئێمە"نیگەران" نین لەگرفتەکانی بوونی خۆمان‌و نەشمان زانیوە نیگەرانی پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە! کەس ناپرسێت من کێم‌و چۆن دەژیم‌و چییەتی بوون چییە؟ بەڵام هەمیشە بەتاسەوە لەخۆمان دەپرسین، ئێستا چیمان هەیە، چەندمان هەیەو چۆن‌و کەی ئارەزووە زگماکی‌و ناوەکییەکان دەستەبەر دەکەین. ئەفسوس ژیانمان، ئازادیمان، بوونمان، ڕۆحمان لەخاچ دراوەو بەهەڵواسراوی لەناو ئەم ئەشکەوتانەدا ڕەجم دەکرێین، هەر خۆیشمان خاچ دروستدەکەین!

**ئەشکەوت:**

ئێمە مرۆڤگەلێکین ژیانی دۆخی سرووشتیمان جێنەهێشتووە. جیهانی مادی‌و دنیای دەرەوەی خودیمان، تا ڕادەیەک شەقڵو مۆرکی مۆدێرنەو جیهانگیری گرتووە. بەرهەمە تەکنەلۆژی‌و پیشەسازییە هەمەجۆرەکانی ژیانی هاوچەرخ کە هیچی بەرهەمی فیکرو کاری داهێنەرانەی ئێمە نین، لەبەرداستدا هەن، بەڵام شێوەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتو تێفکرین‌و بیرکردنەوەو خەیاڵمان، شەقڵو مۆرکی ژیانی پێش مەدەنییەتو ژیانی سەردەمی کۆچەری

پێوە دەبینرێت. گەر وانییەو زیادەڕەویم لەم بۆچوونەمدا کردووە، با لەخۆمان بپرسین: ئەمڕۆ ئێمە بەبەراورد لەگەڵ گەلان‌و نەتەوەکانی نەک ڕۆژئاواو باکوور، بەڵکو ڕۆژهەڵاتو باشووریش، بەکام شارستانییەتو بەچ ڕووداوێکو بەکام سومبوول‌و بە چ مێژوویەکەوە دەناسرێینەوە؟ ڕەنگە وەڵام ئەوەبێت ئێمە لەوەتەی هەین هەر داگیرکراو بووین. جەوهەریترین پرسیار پاش ئەو وەڵامە ئەم پرسیارەیە، بۆ بەشێکی زۆر لەگەلانی جیهان لەم سەر تا ئەو سەر، لەچرکە ساتێکی مێژوویدا داگیرکارو فراوانخواز بوونەو داکشاون بۆ دەرەوەی سنووری خۆیان، ئەی بۆ ئێمە هەمیشە داگیرکراو بووینە؟ مەبەست لێرە بوون بەداگیرکار نیە باپێکەوە بەقووڵی "بیر" لەجینالۆجی هۆکارەکان‌و بیر لەرەگو ڕیشەی گرفتە کوشندەکە، بەشێنەیی بکەینەوە...

لێناگەڕێن بیربکەینەوەو لەناو ئەم ئەشکەوتانەدا ئاوڕێک بۆ دواوە بدەینەوە، کەواتە بیرمان لەوەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییەی سەرەوە نەکردەوە! نەلێدەگەڕێن‌و نەخۆشمان حەزی بیرکردنەوەمان هەیە. ئێمە هەین کەچی بیرناکەینەوە، بەڵام "بوونی مرۆڤو بیرکردنەوە"، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکییان هەیەو توند بەیەکەوە بەستراونەتەوە. کەواتە ئاماژە بەیەکێک لەهۆکارە هەرە سەرەکییەکان‌درا "بیرنەکردنەوە". ئەی جگە لەخودی خۆمان، کێ لەمپەرە لەبەردەم خۆشنەکردنی هەلومەرجی "ئازادی بیرکردنەوە"دا؟

ئێمە لەنێو ئەشکەوتە تاریکەکانی ئایدیۆلوژیای "ئەوانی دی"و دۆگمای وشکهەڵاتووی خۆماندا دەژین‌و ژیان دەگوزەرێنین. ئەم ئەشکەوتانە شوێنی ڕاستەقینەی ژیانی ئێمە نین. کەی خەون بە ژیانێکی ڕەسەنەوە دەبینین‌و بیر

لەڕەسەنایەتی خۆمان دەکەینەوەو ناتەواوییەکانی بوونی خۆمان تەواو دەکەین؟ ئەشکەوتووانانی ئەو تاریکستانە حەقیقەتییان لێشاردووینەتەوە، هێندەش خەمساردو سستو خاوین، بەدوایدا ناگەڕێین. حەقیقەت ناوەڕۆکی ئازادییە، گەر ئازادیش نەبێت، "ئازادی بیرکردنەوە"ش نابێتو ئەستەمیشە حەقیقەت بناسرێتەوە...

مێشکمانیان هەڵکۆڵیوە، پەتای خورافەو خوڕەی وەهم هەراسانی کردووین‌و بڕستی لەبەر بڕیووین. چاوبەستەگیمان لێدەکەن‌و دیمەنەکان‌وڕاستییەکان وەک خۆیان نابینین. تەنیا سێبەرو تەم‌و تارمایمان پێنیشان دەدەن. ئەو ژیانە ڕاستەقینەیە نییە، ڕەسەن نیە، سیخناخە لەگیروگرفتو لەشڵەژان، پڕاوپڕە لەناکامی‌و نادڵنیایی. ئەو چوارچێوەیە قەیرانی لێدەڕژێ، قەیرانی ویژدان، قەیرانی هەڵکردن، قەیرانی لێبووردەیی، قەیرانی دادپەروەری، قەیرانی یاسا، قەیرانی پەروەردە، قەیرانی بێمانایی بوون‌و بێمانایی ژیان، کەچی ئەو دیوە پڕ لەتەنگەژەو پڕ لەتەڵەزگەیە شاردراوەتەوەو دیوێکی تر نمایش دەکرێت...

لێرە مرۆڤ، بەهەزاران مرۆڤی زەبوون‌و کلۆڵو کۆڵەوار، لەسەر کۆمەڵێ بیروباوەڕو دۆکترینی نامۆ بۆخۆی کرکەوتووەو دووچاری سڕبوون‌و بێهەستی‌و بێهۆشی‌و بێزمانی کردووە. ئەو شێوە ژیانە سادەو پریمەتیڤو نامەدەنییە، کەسایەتی مرۆڤەکانی بەشێواوی ڕەنگرێژ کردووەو پێشمەرجەکانی "بوون بەمرۆڤی ڕەسەن"ی لێسەندووەتەوە...

بۆ دەربازبوون‌و ئازادبوونمان لەم دۆخە نامەدەنییە، پێویستە کۆتو بەندی بەندیخانەی هەستو ویژدان‌و ڕۆح‌و عەقڵمان بشکێنین‌و بەپەرۆشەوە گفتوگۆی گەرم‌و عەقڵانی لەسەر پرسە گشتی‌و چارەنووسسازو ئۆنتۆلۆژی‌و ژیانییەکان بکەین. بنەمای بەها مۆراڵی‌و کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەیی‌و مرۆییەکان بەهێزتر بکەین، ژیرانە لەتەک ناکۆکییەکانماندا دەرگیربین‌و بەئاگابین لەوەی مەیل‌و ئەنگێزەی باڵادەستی‌و دەمارگیری‌و توندوتیژی پەلکێشمان نەکات بۆ هەڵدێرو خلۆربوونەوەو هەرەس...

ئێمە بوونەوەرێکی ناتەواوین، پڕۆژەکانی ژیانمان هەر ناتەواوە، کەواتە تا ئەم ساتە وەختە ناکامڵ‌و بێ پڕۆژەو پێنەگەیشتووین‌و نەهاتووینەتە نێو دۆخی ژیاری‌و دۆخی مەدەنییەوە. پێویستە خودی خۆمان تەواوبکەین، کەواتە با لەویژدانمانەوە، با لە "سەرمانەوە" دەستپێبکەین. ئەوە سوڕی ژیانە، خەڵوەتو خۆ لەقاوغدان‌و خەمساردی، سوڕی ڕەوڕەوەی ڕابوون‌و ڕاسانمان ڕادەگرێت. لەئێستادا مانەوە لەنێو ئەشکەوت، بێگومان ئەفەرۆزکردنی بوون‌و تەرێزکردنی ڕۆحی نەتەوەییمانە. گەلێ زۆر زۆر درەنگە با ببینەوە بەمرۆڤگەلێکی ڕەسەن، با "ماڵێکی ئارام" بۆ هەمووان دروستبکەین...

azadalisalih@yahoo.com

> مێژووی ئێمە مێژووی گومان‌و ڕەخنەو داهێنان‌و هونەرو هزرو زانین‌و زانست نییە، بەڵکو مێژووی شەڕی خۆبەخۆو مێژووی سەنگەرلێدانە.



تابیرنەکەینەوە رزگاربوونمان مەحاڵە

www.arshivakurd.org

# هەڤاڵ ئیبراهیم: ناوی دزەکە ئاشکراناکەم



سیزار سەلیم لەهەولێر

هەڤاڵ ئیبراهیم ئەو گەنجە ڕۆحسوکەی لەماوەیەکی کەمدا جەماوەرێکی باشی سۆرانی بۆ خۆی پەیداکرد، داوادەکات هونەرمەندان ئاگاداری خۆیان بن‌و گۆرانییەکانیان لەستایلی عەرەبی‌و تورکی نزیکنەکەنەوە.

هەڤاڵ لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی دەستوور، باس لەهەندێ کاری خۆی‌و هونەری ئێستا دەکات‌و دەڵێت "نامەوێت ناوی ئەوکەسە بڵاوبکەمەوە کەچەند تراکێکی لەبەرهەمە نوێیەکەم بردو بەو هۆیەوە بەرهەمەکەم دواکەوت".

**دەستوور:** لەسەرەتای ژیانتەوەوە لەموسڵ گەورەبووی، چوونی ئێوە بۆ ئەو شارەو هاتنەوەتان بۆ کوردستان چۆنبوو؟

**هەڤاڵ:** بەرلەوەی من لەدایکبم، ماڵی ئێمە چووبوو بۆ شاری موسڵ، من نازانم ئەوان بۆچی لەکوردستان چووبوون بۆ ئەوێ، تاوەکو من بوومە پۆلی سێی ناوەندی ئێمە هەر لەموسڵ بووین، دوای ئەوە هاتینەوە کوردستان‌و من ئەوەندەی لەموسڵ بووم تەنها فێری زمانی عەرەبی‌و فێری مۆزیکی عەرەبی بووم.

**دەستوور:** تۆ لەوێ ژیاوی لەهەمانکاتدا تۆ کار لەسەر ستایلی عەرەبی ناکەیت، چۆنە تۆ کارت لەسەر ئەو ستایلە نەکردووە؟

**هەڤاڵ:** پێویستە هونەرمەند خۆی ئاگای لەوەبێت‌و خولیای هونەرمەندیش هەرکەسەو خولیایەکی هەیە، پێموابێت لەئێستادا دەبێت ئێمە مۆزیک‌و هونەری کوردی پێشبخەین، نەک خۆمان بەمۆزیکی نەتەوەی تر خەریک بکەین.

**دەستوور:** دوای ئەوەی تۆ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان دەرچووی، ئێستا دەتوانی بەتەواوی پشت بەخۆت ببەستیت‌و پێویستیت بەکەس نەبێت؟

**هەڤاڵ:** تاڕادەیەکی زۆرباش دەتوانم پشت بەخۆم ببەستم، پەیمانگا بەتەنها ناتوانێت دروستتبکات، دەبێت خۆت هەوڵبدەی‌و خۆت ماندووبکەیت، تاوەکو بتوانی بگەیتە ئەو ئاستەی کەوا پشت بەخۆت ببەستی‌و خۆت کارەکانی خۆت ئەنجامبدەی.

**دەستوور:** دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمی (خۆزی) ئەوەی ئاگاداربین تۆ ماوەی شەش مانگ لەدەرەوەبوویت، زۆرێک دەچنە ئەوروپاو ناگەڕێنەوە چۆنە تۆ گەڕایتەوە کوردستان؟

**هەڤاڵ:** کاری سەرەکیم ئەوەیە خزمەتی هونەری کوردی بکەم، هیوادارم بتوانم کارێکی جوان پێشکەشبکەم، چوونم بۆ ئەوروپا چوونم بۆ گەشت نەبوو، من لەوێ نزیکەی ١٤ ئاهەنگم سازداو ٥ بەرنامەی تەلەفزیونیم هەبوو، لەوێ تێکەڵاویم لەگەڵ هەندێ شاعیرو ئاوازدانەر پەیداکرد، هەرچەندە ژیانی ڕۆژئاوام خۆشتربوو، بەڵام حەزمکرد بگەڕێمەوە بۆ کوردستان.

**دەستوور:** تۆ لەسەر زاراوەی سۆرانی کارتکردووە حەزدەکەی لەسەر چ زاراوەیەکی تر کاربکەی؟

**هەڤاڵ:** حەزدەکەم لەسەر هەموو زاراوەکان کاربکەم، بەڵام زیاتر ئێستا حەزدەکەم لەسەر زاراوەی زازاکی کاربکەم.

**دەستوور:** لەئێستادا زۆریک لەو بەرنامانەی کەوا بەناو پێگەیاندنی گەنجی بەهرەمەند هەن، ئەو بەرنامانە چەندە دەتوانن کەسانی چالاک لەبواری هونەردا بەرهەمبێنن؟

**هەڤاڵ:** من زۆر سەیری ئەو جۆرە بەرنامانە ناکەم، ئەوەندەی هەستبکەم ئەو بەرنامانە زیاتر بونەتە بەرنامەی بازرگانی، لێرەدا دەبێت باس لەوەبکەین کەوا لەئێستادا زۆرێک هونەرمەند هەن دەبێت سەرەتا کێشەکانی هونەرمەندانی نێو گۆڕەپانەکە چارەسەربکرێت، ئینجا پەرە بەوانیتر بدرێت‌و پێبگەیەنرێن.

**دەستوور:** ئێوە هونەرمەندەکانی دەڤەری بادینان زیاتر بەئاهەنگە تا یبە تییە کا نە و ە سەرقاڵن، چی وایکردووە ئێوە بچن بۆ ئەو ئاهەنگە تایبەتییانە؟

**هەڤاڵ:** ئێمە ناچارین بچینە ئاهەنگە تایبەتییەکان، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ کۆمپانیایەکی تایبەت بەوە نییە کەوا پشتگیری تەواوی هونەرمەندان بکات، بۆیە دەبێت خۆت هەوڵبدەیت، بۆ هەندێ شت پارە خەرجدەکرێت، بەڵام بۆ هەندێ کاری هونەری پارە خەرجناکرێت، چوونمان بۆ ئاهانگی تایبەتی باشترە لەوەی داوا لەهەندێ بەرپرس بکەین تاوەکو یارمەتیمان بدات.

**دەستوور:** لەدوایین بەرهەمی بەرێزتان بەرلەوەی بڵاوبێتەوە چەند تراکێک لەبەرهەمەکەت دزران، ئەوکارە چۆن کرا؟

**هەڤاڵ:** ئەوە لەڕێگای کەسێکەوەبوو کە گۆرانییەکانی لەکۆمپیوتەرەوەرگرتبوو بڵاویکردبۆوە، ئێمە دەزانین ئەو کەسە کێبوو، حەزناکەم قسەی لەسەربکەم، ئەمەش وایکرد کەوا بەرهەمەکەم لەکاتێکی نەگونجاودا بڵاوبکەمەوە کەپێش هەڵبژاردنی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩بوو، بڵاوبوونەوەی بەرهەم پێش هەڵبژاردن کارێکی هەڵەبوو، بەڵام ناچاربووین ئەو کارە بکەین.

# لەیلا فەریقی دواکەوت



دەستوور لەسلێمانی

هەرچەندە بڕیاربوو لەساڵی نوێدا خانمی گۆرانیبێژ لەیلای فەریقی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ تەواوکردنی چەند کارێکی نوێی هونەری، بەڵام ناوبراو لەئێستادا سەفەرەکەی دواخستووە بۆ کاتێکی دیارینەکراو.

سەرچاوەیەکی نزیک لەلەیلا فەریقی بەدەستووری وت "لەیلا بەنیازبووە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ کلیپکردنی گۆرانییەکی نوێی کەبەزمانی ئینگلیزی وتویەتی، بەڵام پێدەچێت سەفەرەکەی سەرکەوتوو نەبووبێت".

لەیلا فەریقی هەرچەندە لەسەرەتای کاری هونەرییەوە بەلاساییکردنەوە دەستپێکردو زۆرجار گۆرانییەکانی هونەرمەندی کۆچکردوو مامۆستا تایەر تۆفیقی دەوتەوە، بەڵام دواتر بەگۆرانی (تۆتۆ) ناسرا کەتێکستی گۆرانییەکە هی ڕزگار خۆشناو بوو.

لەیلای فەریقی لەساڵی ١٩٩١وە چووەتە وڵاتی سویدو ئێستا لەوێ دەژی، تا ئێستا چوار ئەلبومی بڵاوکردووەتەوە کە ئەوانیش (ئەستێرە، ئەوین‌وئازار، سیاچەمانە، گوێم لێگرن).

# "شوێنێك نییە بۆ یاری" دەگاتە كەركوك

سیزار سەلیم لەهەولێر

فیلمی سینەمایی (شوێنێک نییە بۆ یاری) بڕیارە لە٢٠ی ئەم مانگەدا لەشاری کەرکوک‌و دواتر لەشاری هەولێر نمایشبکرێت.

(شوێنێک نییە بۆ یاری) کە دواین فیلمی سینەمایی دەرهێنەری سینەمایی کورد شەوکەت ئەمینە، بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا لەشاری کەرکوک نمایشبکرێت‌و دواتریش لەشاری هەولێر.

ناسر حەسەن بەڕێوەبەری سینەما لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بەدەستووری وت "لە٢٠ی ئەم مانگە لەشاری کەرکوک سەعات ٣ی دوای نیوەڕۆ لەهۆڵی چالاکی قوتابخانەکان، فیلمەکە نمایشدەکرێت، دواتر لەمانگی شوبات لەشاری هەولێر لەهۆڵی پێشەوای وەزارەتی ڕۆشنبیری نمایشدەکرێت". هەروەها وتی "بڕیاریشە لەدوای نمایشکردنی لەکوردستان لەچەند فێستیڤاڵێکی دەرەوەدا بەشدار ببێت".

فیلمی (شوێنێک نییە بۆ یاری) تائێستا لەسێ فێستیڤاڵدا بەشداربووەو لەهەر سێ فێستیڤاڵەکەدا خەڵاتی باشترینی فیلمەکانی وەرگرتووە.

# بەقسەی ناسلی بکەن!

پ. دەستوور

ناسلی کچە گۆرانیبێژی تازەپێگەیشتووی کورد، لەئایندەیەکی نزیکدا بەنیازە بەئەلبومێکی نوێوە، زیاتر بێتە ناو دونیای هونەری گۆرانیبێژییەوە، ئەویش بەئەلبومی (بەقسەم بکە).

سەرچاوەیەکی نزیک لەگۆرانیبێژ ناسلی، بەرۆژنامەی دەستووری ڕاگەیاند "کچە گۆرانیبێژ (ناسلی) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، ئەویش بۆ تەواوکردنی کارەکانی ئەلبومەکەی کە نۆ گۆرانی لەخۆگرتووەو ئێستا بەشێک لەکارەکانی تەواوبووە".

تێکستی گۆرانییەکانی ناسلی لەلایەن (حەمە سەعید ئیبراهیم‌و هەڵکەوت زاهیر)و چەند شاعیرێکی ترەوە نووسراون، هەروەها سەرجەم ئاوازی گۆرانییەکان لەلایەن "هەڵکەوت زاهیر"ەوە دانراوە.

ناسلی لەئێستادا سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانییەکە بەناوی (بەقسەم بکە)، بەنیازیشە لەئایندەدا کلیپ بۆ دوو گۆرانی تر بکات.



www.arsivakurd.org



# نازێ گۆرانی فۆلکلۆر دەڵێت

پ. دەستوور

نازێ عەزیزی خانمە گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەنێو ئەلبومە نوێیەکەیدا کە ١٠ گۆرانی لەخۆگرتووە، یەکێک لەگۆرانییەکانی فۆلکلۆرییەو بڕیارە لەماوەیەکی نزیکدا بڵاوبێتەوە.

نازێ کەئێستا لەشاری هەولێر دەژی، خاوەنی دوو ئەلبومی گۆرانییەو لەئێستاشدا سەرقاڵی تەواوکردنی کارەکانی ئەلبومە نوێیەکەیەتیو بەنیازە لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاوییبکاتەوە.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور نازێ وتی "ئەلبومەکەی ١٠ گۆرانی لەخۆگرتووە، یەکێک لەگۆرانییەکان بەزاراوەی کرمانجییەو پێشتر موراد بەکتاش وتویەتی، گۆرانیەکی تریشی فۆلکلۆرییەو کۆمپانیای چوارچرا بڵاویدەکاتەوە".



# دانا غەنی: گۆرانیبێژە ئافرەتەکانی ئەمرۆ چاوم زەقدەکەنەوە

**سازدانی موحسین یاسین**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ دانا غەنی، هەفتانە چوارجار ریشی دەتاشێت، لەوەتەی جگەرەشی تەرککردووە نزیکەی ١٠ کیلۆ زیادی کردووە، دڵی بەوەش خۆشە کە هەستدەکات کچەکەی ڕێگای (رازو عیتابی) باوکی دەگرێت.

دانا غەنی لەبارەی گۆرانیبێژە ئافرەتەکانی ئەمرۆ دەڵێت "ئەوان زووزوو چاوم پێزەقدەکەنەوە، بەڵام گوێچکەم هەست بەهیچ ناکات".

دەستوور: لەمنداڵیدا چۆن بوویت؟

دانا غەنی: زۆر هاربووم.

دەستوور: تۆ منداڵی گەڕەکی (چواریاخ) بوویت، هیچکاتێک بەشداری شەڕەبەردت کردووە، سەرت شکاوە لەشەڕەبەرد؟

دانا غەنی: بەشداری شەڕەبەردم نەکردووە، بەڵام شەڕم کردووەو شەڕم بووە لەگەڵ منداڵی تردا، بەواتای ئەوەش نا کەشەڕانی بووبێتم، بەڵام زۆرجار شەڕم کردووە، بەکوردییەکەی منداڵێکی عەجول بووم.

دەستوور: لێیانداوی کە منداڵبووی؟

دانا غەنی: وەڵڵا لێیانداومو لەمناڵیشمداوە.

دەستوور: لەقوتابخانە زیرەک بوویت یان تەمبەڵ، مامۆستا لێیداوی؟

دانا غەنی: بەدڵنیاییەوە، مامۆستای بیرکاری لێیداومو زۆر رقم لەوانەی (بیرکاری)بوو، ئێستاش رقم لەوانەی بیرکارییە، بەڵام لەوانەی کوردی، ئەدەبو ڕێزمان بەتایبەتی لەهۆنراوەدا زۆر زیرەکبووم، بەڵام لەوانەی جەبرو هەندەسەو ژمێریاری زۆر کۆڵم.

دەستوور: لەگەڵ خواردندا چۆنیت؟ دەزانیت خواردن دروستبکەیت؟

دانا غەنی: دەزانم خواردن دروستبکەم، لەکاتی لێقەوماندا نایەڵم پەکمبکەوێت، بەڵام هەمووکات دروستیناکەم، بۆئەوەی بڵێم خواردنەکەم خۆشە.

دەستوور: کێشت چەندە؟

دانا غەنی: ٨٤ کیلۆبووم، بەڵام لەوکاتەوەی کە جگەرەم تەرککردووە قەڵەوبوومو کێشم گەیشتووەتە نەوەتو شتێک.

دەستوور: کەواتە جگەرەش دەکێشیت؟

دانا غەنی: بەڵێ دەمکێشا، بەڵام ئێستا وازملێهێناوە.

دەستوور: ئەی نێوانت لەگەڵ مەشروبدا چۆنە؟

دانا غەنی: زۆر بەباشی لێی دوورکەوتوومەتەوە.

دەستوور: لەهەفتەیەکدا چەندجار ریشت دەتاشیت؟

دانا غەنی: ٣ تا ٤جار.

دەستوور: تۆ بەچ گۆرانییەک ناسرایت؟

دانا غەنی: هێندەی لەبیرمبێتو گوێم لێبووبێت بەگۆرانییەکانی (ئەوین، لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم، رازو عیتابی هێنا) ناسرام، ئەو گۆرانیانە خۆشەویستبوون لەلای خەڵک.

دەستوور: گۆرانییەکانی تۆ درەنگ چوونە ناو خەڵکەوە، درەنگیش ونبوون؟

دانا غەنی: ئەوەخۆی شایەتییە بۆ گۆرانییەکانم، سوپاس بۆ خوا کەوای دەبینم شتێکم کردووە کەگۆرانییەکانم نەمرن، ئەوە جێگەی خۆشحاڵیو گەورەییە بۆ من.

دەستوور: کەی ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟ چەند منداڵت هەیە؟

دانا غەنی: لەساڵی ١٩٨٧ ژیانی هاوسەریم پێکهێناوەو ٤ منالم هەیە، ئەوانیش کچێکو سێ کوڕن، خۆشەویستی لەنێو ئەندامەکانی خێزانەکەمدا زۆرە.

دەستوور: هاوسەرەکەت بەخۆشەویستی هێناوە یاخود بەرێکەوت؟

دانا غەنی: بەخۆشەویستی.

دەستوور: چۆن دەڕوانیتە دەنگی گۆرانیبێژە ئافرەتەکانی ئەمرۆ؟

دانا غەنی: زۆرینەیان ئەوەی کەمن گوێم لێیە تەنهاو تەنها رەسمەو هەر بەرەسم دیارن، گەرنا وەکو دەنگ نازانمو هەست بەهیچ هونەرێک ناکەم، بەڵام دەزانم زووزوو چاوم پێزەقدەکەنەوە، بەڵام گوێچکەم هیچ نابیتسێت.

دەستوور: منالەکانت کامەیان ڕێچکەی تۆی گرتووە؟

دانا غەنی: من زۆر لەمناڵەکانم ناکەم، بەڵام ئەوەی کەهەستی پێبکەم کچەکەمە کەگۆرانبێژ دەردەچێت، کوڕە بچکۆلەکەشم هەر لەئێستاوە دەبێت بیبەمە قوتابخانەی مۆزیکا.

دەستوور: هیچکات مریشکت سەربڕیوە؟

دانا غەنی: جارێکیان ویستم مریشکێک سەربڕم، بەڵام نەمتوانی سەرییبڕم دەستی خۆم بڕی، ئیتر مریشکەکەم بەرەڵاکردو تاکو ئێستاش ئەو برینە بەپەنجەمەوە دیارە.

دەستوور: کەواتە پەشیمانیت؟

دانا غەنی: سەرم نەبڕی، پێش ئەوەی ملی ئەوببڕم پەنجەی خومم بڕی.

دەستوور: ئەو ئاهەنگو بۆنانەی ئەورووپا کەبەشداریت تیایدا کردوون کامانەن؟

دانا غەنی: لەزۆربەی بۆنەکاندا بەشداریمکردووە، بەتایبەتی یادی کارەساتی هەڵەبجە کەساڵانە بەشداری تیادەکەم، هەروەها بۆ ئەنفالو لەهەندێ کۆنسێرتی پیتاککۆکردنەوەشدا بەشداریم کردووە، ساڵێکیان لەگەڵ هونەرمەند ناسری رەزازی ئاهەنگێکمان کرد کەداهاتەکەی گەڕایەوە بۆ یەکێتی هونەرمەندان، لەساڵی ٢٠٠٠ کەباسیشی دەکەم بۆئەوە نییە کەبیدەمەوە بەچاویاندا، لەگەڵ هونەرمەندان ناسری رەزازیو مەرزییە ئاهەنگمان کردووە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەخەڵکێکی زۆرو وارۆیەکی زۆرمان کۆکردەوە، من لەبری وارۆکردن بەقەڵەم بەخوێنی پەنجەی دەستم وارۆمکرد لەگەڵ خەڵکدا بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتەکە.

دەستوور: هیچ شتێک هەیە لەژیانی رابردووت لێی پەشیمان بیت؟

دانا غەنی: بڕواناکەم شتێک هەبێت.



# بەرهەمە نوێیەکەی زەکەریا لەنەورۆزدا بڵاودەبێتەوە

**سیزار سەلیم**

بەرهەمە نوێیەکەی زەکەریا عەبدوڵڵای گۆرانیبێژ، بڕیارە لەسەروبەندی جەژنی نەورۆزدا بڵاوببێتەوە کە لە ١٤ گۆرانی پێکدێت.

سەرچاوەیەکی نزیک لەهونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا بەدەستووری ڕاگەیاند "بەرهەمە نوێیەکەی زەکەریا کە لە١٤ تراک پێکدێت، کاری ستۆدیۆی تەواوبووەو کاری میکسو ماستەرینگی ماوە".

ئەو سەرچاوەیە وتیشی "زەکەریا کاری تۆمارکردنی لەتورکیا ئەنجامداوەو کاری میکسو ماستەرینگیش لەوڵاتی سوید ئەنجامدەدات، هۆنراوەکانی هی شاعیران (سامی ئەرگووشیو عەبدولڕەحمان بێلاف)ن.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا: بڕیارە لەسەروبەندی نەورۆزی ئەمساڵدا، بەرهەمی نوێی زەکەریا بڵاوبێتەوە.



# کاروان کامیل بە سۆرانی دەگەڕێتەوە

**پ. دەستوور**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ کاروان کامیل، دوای ئەوەی لەدوای سەری ساڵەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان، بڕیارە تا تەواوکردنی کارەکانی بۆ ئەلبومە نوێیەکەی لەکوردستان بمێنێتەوە.

کاروان کامیل لەلێدوانێکیدا بەرۆژنامەی دەستووری وت "ئەلبومەکەم ١٠ گۆرانی لەخۆگرتووە کە سێ گۆرانیم بەزاراوەی سۆرانی وتوەو دوو گۆرانیش لەو ئەلبومە نوێیە کلیپ دەکەم، لەئایندەیەکی نزیکدا تەواوی ئەلبومەکە بڵاودەکەمەوە".

# مەرگو ئاواییو هەندێکیش ئەولاتر

ڕەنجە باوەنووری

شەبقە ئینگلیزیەکانمان کردە سەرو قولاپەکانمان هەڵدایە ئاوەکەوە، پاشان چەماینەوە بەسەر کتێبەکانداو لەوێوە کە جێمانهێشتبوو، دەستمانپێکردەوە، سیروان بەهێمنی دەڕۆیشت، شنە بایەک خۆی دەدا لەپێستی ئاوەکەو فێنکی دەکردینەوە، وێنەی چەندین وردە شەپۆل دەکەوتە سەر لاپەڕەی کتێبەکانمان، پۆلە پۆلەش مراوی لەشێوەی نوکە ڕمێک بەسەرماندا تێدەپەڕینو ڕووی خۆڵە مێشی ئاسمانیان ڕەنگاڵە دەکرد، پەرچەکەش دەکەوتە بەرامبەرمان، دیمەنگەلێک بوون ئاسودەییەکی زۆریان دەخستە ڕۆحمانو نەک هەر دڵو دەروونمانی بەڕووی خوێندنەوەدا دەکردەوە، بەڵکو حەزمان دەکرد کتێبەکان بەوشەو پەڕەو پەراوێزەوە بخۆین!، بەو گیانەوە دەمانخوێندەوە، دەمەو ئێوارەش کە لێدەبووینەوە وەک بوبێتینە بەشێک لەسروشتی لێوارەکە چەندین ئاو ڕۆشنکەرەوە بەوایەری قولاپەکانماندا هەڵنیشتبوون چەندین پوشە بەقنگەش بەشەبقەکانمانەوە!.. بەڵام ئەوڕۆژە وادیار بوو نەستمان بۆنی ڕووداوێکی پێشوەختی دەکرد، بێئەوەی هەستی پێبکەین پاڵی دەنایین کە هەرچی زووتره بگەڕێینەوە بۆ ئاواییو ببینین ئاخۆ چی دەقەومێ، من هەستم بەشڵەژانێ کرد کە لەناکاو پەڕییە ڕۆحمەوە، هەستم دەکرد مەوداکان لەمەزەندەم هەڵدێنو چەندە دەکۆشام هێڵی گشتی ڕووداوەکە لەخەیاڵمدا کۆ نەدەکرایەوە، بەدوایدا دەچووم ماندوو دەبووم، لەبیرو ئەندێشەی ئەوە دابووم کە لاوازی نووسەرە نەیتوانیوە نووسینەکەی لەمیزاجی خوێنەر نزیکبکاتەوە، لەپڕ هاوڕێکەم بەتوندی دەمی کتێبەکەی داخستەوەو وتی: مۆتەکەیەک لەکتێبەکەدایە، چاوەکانم ڕێچکەو پێچکە دەکەن! بەو ڕەفتارەی هاوڕێکەم حەپەسام، نەمزانی بۆ لەپڕ هەردوو پێکەوە سروتەکەمان لێشێوا، نەمزانی بۆ بەو ناکامیە دۆخەکە بەجێدێڵین؟! هاوڕێکەم وتی هیچ نییە ڕۆژەکەی شومە چوارشەمەیە!، بەڵام کاتێ کە گەڕاینەوەو چووین بەسەر ڕووداوەکەدا، تێگەیشتم کە خەڵکی ئاوایی پەیوەندیەکی زهنییان بەمەرگەساتەکانەوە هەیە، بێئەوەی ڕێککەوین لەسەر گەڕانەوە هەنگاوێکمان کردە دووانو ملی ڕێگەمان گرت بەرەو ماڵەوە!، هەموو جارێکیش بۆئەوەی ڕێگەکە کورتبکەینەوە بابەتێکمان دەوروژاندو گرەوی تواناکانمان لەسەر ئەو کتێبانە دەکرد کە پێشتر خوێندبوومانەوە، ئەو ڕۆژە من باسی ئەمیللی برونتیو سیحری زمانی ئەو نووسەرەم دەکرد، هاوڕێکەشم باسی بەختیار عەلیو هزری بەربڵاوی ئەوی دەکرد، دواتریش لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە لەداهاتوودا ئەو بەرزاییەکانی ویزەرینگ بخوێنێتەوەو منیش شاری مۆسیقارە سپییەکان، هەتاوبرستی لەمرۆڤ دەبڕی، چەند هەنگاوێکیش دەیگەیاندینە سەر شەقامە گشتیەکە ئەو شەقامەی کە ئاوایی دەکرد بەدوولەتەوە، ئۆتۆمبێلەکان ماندوو دەهاتنە بەرچاو، شێوەیان وەک ئەوەی ڕەنگی خۆیان نەدەن وابوون، بۆئەوەی تاوێ زووتر بگەینەوە ماڵ، قاچەکانمان خێرا هەڵدەبڕیو زاقێکی زیاترمان دەدایە خۆمان، لەتاو تیرو توانجی خەڵکیش شەبقەکانمان نابووە بن باڵو کتێبەکانمان کردبووە سێبەری دەموچاومان، دەترساین هەستی ئەوەبکەن کە لێیان جیابووینەتەوە، هاوڕێکەم لەسەر گرنگی شەبقە قسەی بۆ دەکردم بەتایبەت بۆ ناوچەی خۆمان، پاشان لەپڕ شتێکی بیرهاتەوە، ئێرە گەرمە یان ئینگلتەرا؟ بێگومان ئێرە! ئەی کەواتە دەبوایە خۆمان شەبقەمان دابهێنایە! من پێکەنیم، حەوسەڵەی قسەکردنم لێبڕابوو ویستم شتێک بڵێمو وتووێژەکە هەڵگرین بۆ سبەی، بەڵام قیژەی وەستانی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر تێکەڵ بەهۆڕنێکی ناساز لەکتوپڕدا، ڕای چڵەکاندین، ڕاچڵەکاندنێک وەختبوو ملمان لەلاشەمان جیابکاتەوە، ئێمە لەوکاتەدا سەرمان داخستبوو سەیری بەرپێی خۆمانمان دەکرد کە سەرمان هەڵبڕی ئۆتۆمبێلەکە پێچاوپێچ هێڵی ڕەشو لارو قەوچی لەدوای خۆیەوە جێدەهێشتو دوای ئەوەش خۆی گرتەوە، چەند کەسێک داباریینو دەستوبرد کەسێکی تێکشکاویان لەبەر هەوێڵیدا هەڵگرتەوە کە هەڵیانگرتەوە هەر لەپەڕۆو پاتاڵێکی خوێناوی دەچوو، سرو ساردو بێگیان لێیان نەویو گواستیانەوە بۆ خەستەخانە!، فەرهادە فەرهادی پورەفاتە... بەتۆنێکی ترسناک دەماودەمی دەکرد فەرهادە فەرهادە.. نەک خودی مرۆڤەکان، بەڵکو گەڵای دارەکانیشی دەهێنایە حەشۆکان، ئەو ڕۆژە بەنیگەرانی لەماڵ دەردەچیو پاش چەند دەقیقەیەک هەواڵی ڕووداوەکە دەگاتە دایکی، خەڵکی ئاوایی شڵەژان، لەهەموو لاوە ڕوویان دەکردە شوێنی ڕووداوەکە، خەڵکێکی پەشۆکاو، دڵ داکەوتو، هەندێ پێخاوس، یەخەکراوە، سەرپەتی کە ئەوە گوناهێکی گەورەبوو، هێمای کارەساتێک بوو کە خودی مرۆڤی لەدەستی خۆی دەردەکرد، هەندێکیش تیکەی نیوەڕۆی لەدەمدا قەتیسمابوو نەیانتوانی قوت دەدراو نەیان تف دەکرایەوە، هەندێکی تریش هێڵنجی دەهات، بەڵام هیچ کام لەئەوان نەگەشتنە ئەو ئازارەی کە هێزی زرانی دایکی ئەنگاوت، هەواڵەکە وەک ئەوەی مشتەکۆڵەیەک بێت بەقورساییەکی زۆرەوە دەداتە سەر دڵیو پرزەی لەبەر دەبڕێ، هەر لەگەڵ بیستنی ناوی فەرهاد لێڵایی بەچاوەکانیدا دێتو گزوەکەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە، کاتێکیش کە پێیەکانی هەڵدەگرێت هەستدەکات هەنگاوەکانی درۆی لەگەڵ دەکەن، حەزی دەکرد زووبگاتو ڕێوەندەکە دوورتر دەکەوتەوە، چاوەکانی هەرچەندە ڕەنگی کەژاوەی مەرگیان گرتبوو ئەو پەڵە خوێنەی بینی کە بەسەر جادەکەوە بەجێمابوو، بەڵام چاوی بەرچەی ئەو خوێنە نەکەوت کە وەک تاڵە بەنێکی مۆر تا بەردەرگای خەستەخانەکە درێژ ڕاکێشرابوو، حەوشەی خەستەخانە تادەهات چڕتردەبوو، نەخۆشو پیرو پەککەوتەکان تاوێ درەنگتر دەگەیشتن، هەندێ کەس دەستیدەکرد بەچەپەرو لەشوشەی پەنجەرەکانەوە تەماشای ناوەوەی خەستەخانەکەیان دەکرد، هەندێ کەسیش لەکێلۆنی دەرگاکانەوە، دایک دەگریا، خوشک یەخەی دادەدڕی، برا بێهۆش دەکەوت، خزمان هەموو دەگریان، دەنگێک وەک گوێلک دەیبۆڕان یەکێک وەک قاز دەیقیقاند، دیواری خەستەخانەکەش مەراسیمەکەی دووهێندە دەکردو دەیدایەوە بەسەر خەڵکەکەدا، هاوارو دادو فیغان بەجارێ بەگوڕوتینێکی گەرمترەوە تەنورەی دەکردو دەچوو بەئاسماندا، ئەو کەسانەی کە دەیانویست خۆیان ڕاگرنو لەبەردەم ڕووداوەکەدا جوامێری بنوێنن، ناخود ئاگا دەخزانە نێو کەژاوەکەوەو دەیاندایە پرمەی گریان، چەند کەسێکی بەتەمەن هەوڵیاندەدا هێوریان کەنەوە بەنێو خەڵکەکەدا دەهاتنو دەچوونو دڵنەواییان دەکردن، بەڵام بێهوودەبوو، وەک ئەوەی کەس لەئەوان ئیرادەی لەکۆنترۆڵی خۆیدا نەمابێ، گاه دەگریان گاه لەخۆیانیاندەدا، هاوڕێکەم دەمی خستە پەنا گوێمو پێی وتم دەزانی ئەگەر بەچاوێکی پەتی سەیری ڕووداوەکە بکەینو دیمەنەکە لەهەر پەیوەندییەکی دەروونی دابماڵین، وادێتە پێشچاو خەڵکەکە لەبەردەم بەسەرهاتەکەدا خۆیان بەتاوانبار دەزانن بەوشێوەیەش سزای خۆیان دەدەن؟! وتم بەڵێ لەدیدی غەوارەیەکدا وایە!، بەڵام شەکەتی ژێری دەکردنەوە، هێدی هێدی ئەو گەرموگوڕییەی سەرەتایان لەکاردەکەوت، گرژی دەکەوتە ماسولکەکانیان، دەنگەژێیەکانیان هەڵدەئاوسا سەرئێشەیەکی زۆر ڕووی تێدەکردن، بەڵێ ئەوان هەموو جارێکو لەهەر ڕووداوێکی کارەساتباردا گریان تا ئەو ڕادەیە دەیانبات!! واتێدەگەن چیتر لەدونیادا کاتێ نامێنێ خۆیانی تێدا ببیننەوە. لەگەڵ ئەوەی هەندێک بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشان کەچی دۆخەکە هەر ترسناکبوو، بەتایبەت دیمەنی ژنەکان کە هەمیشە لەکەژاوەی خەمەکاندا سەرچۆپی دەگرنەدەست، کاتێ کە هەندێ خاودەبوونەوە، هەستیان بەئازارێکی زۆر دەکرد، بەسەرو سیمای ئاڵۆزەوە، بەگۆنای خوێناوییەوە، بەیەخەی دڕاوەوە لەو پەڕی دڵتەنگیدا دەیانڕوانیە یەکتر، وەک ئەوەی بەزەییان بەخۆیاندا بێتەوە، بەڵام کزەکزەی دایک کە ئەوە خەمناکترین شێوەی گریانە، تەلیسمەکەی دەشکاندو موچڕکی دەخستە گیانی دارو دیوار، چەند منداڵێکیش هەنسکیاندەدا، هەموو لەدۆخێکی ئاوا سامناکدا دڵیان لەناو لەپی دەستیاندا دەگوشیو چاوەڕوان بوون، چاوەڕوانییەک کە نەیاندەزانی تاوێکی تر چی ڕوودەدات، بەرەو چ ئاقارێک دەڕۆن، بەرەو هەواڵێکی مژدەبەخش کە لەدەرگاکەوە بدرێ بەگوێیاندا، یان بەپێچەوانەوە ئەوەی ئەوان مەترسی لێدەکەن ببێ بەحەقیقەتو بورکانی شینو شەپۆڕ بەگوڕێکی تازەوە بتەقێتەوە، زرە تەقینەوەیەک دەرحاڵ میللی کاتژمێرەکان بوەستێنێو دیسانەوە ئاوایی نوقمی ماتەم ببێتەوە، دیسانەوە وەک دیسانەکانی تر سروتی مەرگ باڵ بکێشێتەوە بەسەر نان، ئاو، تەنانەت پێخەفەکانیشدا!، ئاخر هەر کەسەو لێرە دڵتەنگییەک ئەوەتا لەنێو چاوەکانیدا، دڵتەنگییەک کە لەشاییو زەماوەندەکانیشدا بۆیان ناشارێتەوە، تا ئەو ئاستەی زۆرجار خۆیانیان لەلاڕێکاندا بیردەچێتەوە! ئەوکاتەش وەک ئەوەی چاوەڕوانی بردبێتنیە ئەوپەڕی شتەکانو لەخۆیانی دوورخستبێتنەوە، هەتاو خاوی دەکردنەوە، تینوێتی بڕستی لێدەبڕین، مێشێکی زۆر لەزامەکانیان دەئاڵسکا.

بەهاوڕێکەم وت ئێستە دەزانیت بۆ شەبقەمان دانەهێناوە؟! چاوەڕێی وەڵامم لێکرد کەچی ئەو بەحەپەساوییەکی قوڵەوە لەخەڵکەکەی دەڕوانی کە فرمێسکەکانیم بینی تێگەیشتم ئەویش لەکەژاوەکەدایەو ئەوەی لای منە جەستەیەکەو هیچی تر، بەڵام جیڕەی دەرگای خەستەخانەکە کردنیەوە بەناخی خۆیانداو کۆی کردنەوە، ئەوەی دووربوو نزیک کەوتەوە، ئەوەی دانیشتبوو هەستایەوە، ئەوەی ڕووی لەلایەکیتر بوو، ڕووی وەرچەرخاند، لەنێوان چرکەساتی ئەرێو نەرێدا تەماشایان بۆ دەرگاکە هەڵخست، کاتێ کە دەرگاکە بەتەواوی کەوتە سەرپشت، فەرهاد لەسەر نەقالەیەک بەچەند پینەی سپییەوە دەرکەوت، پاشان وەک ئەوەی کە فەرمانی پێکرابێ بەبێئەوەی بزانێ بۆ ئەوە دەکات دەستی لەڕۆکو نیوەگیانی هەڵبڕیو حەشیمەتەکەی لەمانەوەی خۆی دڵنیاکردەوە، بەڵام ڕەنگە سروشتیەکانیان نەهاتەوە، پەڕیبوو.

ئەوان هیچ کاتێ وەک خۆیان ناگەڕێنەوە هەموو جارێکو لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا بەشێک لەخۆیان وندەکەن، مەرگەساتەکان دەیانبات، ئەوانیش ئاوایی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، ئاواییەک دەکەوێتە ئامێزی گۆڕستانەکەو بەیانیان کاتێ کە پرشنگی هەتاو بەر کێلە مەڕمەڕیەکان دەکەوێ، دەشکێتەوە بۆ داڵانی ماڵەکانی.



ڕەنجە باوەنووری

# ئەم تووتکانە بۆ فرۆشتن

ن: دان کلارک*

تووتک بۆ فرۆشتن، ئەم ڕستەیە بەسەر تابلۆی دوکانێکەوە هەڵواسرابوو، بێگومان نووسینی لەمجۆرەش سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت، بۆیە هەرزوو منداڵێک لەبەردەمی دوکانەکەدا وەستاو لەدوکاندارەکەی پرسی "تووتکی بەچەندە؟"

" یەکی بە٣٠-٤٠ دینار"، منداڵەکە دەستی بەگیرفانیدا کردو وتی "من هەر ئەم دوو دینارەم پێیە، دەتوانم تووتکەکان ببینم؟"

دوکاندارەکە زەردەخەنەیەکو فیکەیەکی بۆ کردو پێنج تووتکی سپی بەدوای دایکیانەوە لەڕێڕەوە تەسکەکەوە هاتنەدەرێ، دوایین تووتکەیان کەمێک دەشەلیو بەخوشکو براکانی نەدەگەیشت، ئەم تووتکە شەلە هەر زوو سەرنجی منداڵەکەی ڕاکێشاو لەدوکاندارەکەی پرسی " ئەم تووتکە چییەتی؟"

پیاوەکە بۆی ڕوونکردەوە کە دوای پشکنینی پزیشکی ڤێتەرنەری پێیوتوە ئەم تووتکە بەهۆی گێڕیی ئێسکی کەمەرییەوە هەروا بەشەلی دەمێنێتەوە، منداڵەکەش بەخەمێکەوە لێیپرسی "بەچەند دەیفرۆشیت؟"

"پارە ناکات، ئەگەر ئەتەوێ بەخۆڕایی ببەیە"

منداڵەکە تەماشایەکی دوکاندارەکەی کردو بەتوڕەییەوە وتی "نەخێر، بەخۆڕایی نا، ئەمیش وەک خوشکو براکانی جیاوازیی نییە، پارەی خۆیت بەتەواوی دەدەمێ تۆ ئێستا ئەم دە دینارەم لێوەرگرە، دوایی هەموو مانگێک دینارێکت بۆ دێنم تا نرخەکەی تەواو دەبێت".

بەڵام دوکاندارەکە بەنابەدڵی پێیوت "بەقسەی من دەکەی مەیکڕە، ئاخر ئەمە تووتکێکی شەلەو نە ئەتوانێ ڕابکاتو نە یاریشت لەگەڵدا بکات، بۆ دانەیەکی تریان ناکڕیت؟"

لێرەدا منداڵەکە دانەوییەوەو دەرلنگی پانتۆڵەکەی هەڵدایەوەو قاچە سەناعییەکەی دەرخستو بەدوکاندارەکەی وت "ئاخر هەر ئەمیان لەحاڵی من دەزانێ"

*** نووسەرێکی هاوچەرخی ئەمریکییە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی (القصە العراقیە)**

**و: عەبدوڵڵا زەنگەنە**

# هیچ نییە

ئیسحاق ئەزیمۆف*

تەواوی خەڵکی سەر زەوی چاوەڕێی ئەوە بوون چاڵە گەردوونیە ڕەشە بچکۆلەکە زەوی خاپوور بکات. چونکە پرۆفیسۆر هیرۆم هیرۆنیمۆس لە ساڵی (٢١٢٥) دا بە تەلیسکۆبەکەی ئەو چاڵەی دۆزیبووەوە و دەریخستبوو ئەوەندە لە زەوی نزیک دەبێتەوە کە بە تەواوی وێرانی بکات.

خەڵکی سەر زەوی وەسیەتەکانیان نووسی و بەسەرشانی یەکتریدا گریان و فرمێسکیان ڕشت و دەیانوت: "ماڵئاوا، ماڵئاوا، خواحافیز!"، ئیتر هاوسەرەکان، خوشک و براکان، باوک و فرزەندەکان، خاوەن ئاژەڵە ماڵییەکان لە ئاژەڵەکانیان، ئەویندارانیش بە چرپە ماڵئاواییان لە یەکتری کرد. بەڵام کاتێک چاڵە ڕەشەکە نزیک بوەوە، پرۆفیسۆر هیرۆم تێبینیی کرد هیچ هێزێکی ڕاکێشان لەئارادا نییە، بەوردی و لە نزیکەوە کەوتە لێکۆڵینەوە و دواتر بە پێکەنینێکی شاراوەوە ڕایگەیاند کە چاڵی ڕەش لەئارادا نییە: "هیچ نییە، تەنیا ئەستێرۆکەیەکی ئاساییە و کەسێک بۆیەی ڕەشی کردووە"

پرۆفیسۆر لەسەر دەستی جەماوەری تووڕە کوژرا، بەڵام لەسەر ئەم هەواڵەی نەبوو، لەبەر ئەوە کوژرا کە بەو خەڵکەی وت لەوبارەیەوە شانۆییەکی خۆش دەنووسێت، ئەو وتی: "شانۆییەکە ناو دەنێم: گرمەی ئاشی ماڵئاوایی، بەڵام بێئارد"

تەواوی مرۆڤایەتیش یادی مردنەکەیان کردەوە.

***ئیسحاق ئەزیمۆف/ نووسەرێکی هاوچەرخی ئەمریکیی بەرەگەز ڕووسییە.**

**و: عەبدوڵڵا زەنگەنە**



# پاڵەوانە خۆڵەمێشییەکان

## خوێندنەوەیەک بۆ فیلمی کوێری

**ئا: هێمن حوسەینی**

ناوی فیلم: Bilindness
دەرهێنەر: Fernando meirells
ئەکتەرەکان: mark ruffalo, julianna moove

که بۆ یەکەمجار رۆمانی سەیرو بێوێنەی کوێری بڵاو بۆوەو ژیانێکی تراژیدی بەوێناکێشا، هەمووان دەیانزانی ئەم بەرهەمەی ساراماگۆ بێگومان شیاوی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵەو هەرواش بوو، کوێری خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ١٩٩٨ی پێبەخشرا، کوێری چیرۆکی پەتایەکی چاوەڕوان نەکراوە بەشێوەیەک کە کوێرییەکی سپی وەک تاعوون بڵاودەبێتەوە، لەشارێکی بێناوو کەسانێکی بێناودا، ئەم پەتایە لەرووداوێکەوە دەبێ بەقەیرانێکی گشتی.

فیلمی کوێری کە وەرگیراو لەم رۆمانەیە لەلایەن فێرناندۆ مێرلێس، دەرهێنەری بەرەچەڵەک بەرازیلی نیشتەجێی ئیتاڵیاوە بەرهەم هاتووە.

فێرناندۆ مێرلێس بەر لەفیلمی کوێری کۆمەڵێک بەرهەمی تری بەرهەمهێناوە کە لەگرنگترینیان "شاری خودا"و "باخەوانی بەوەفا"ن.

کە باس لەفیلمی کوێری دەکرێ ئەگەر خۆشمان نەمانەوێ بێویستی خۆمان کتوپڕ دەکەوینەوە یادی رۆمانی کوێریو ساراماگۆ، رەنگە بۆ ئەو کەسەی کتێبەکەی نەخوێندبێتەوەو تەنها فیلمەکەی دیبێت، فیلمەکە لەئاستی سەرو مامناوەندا ببینێ، هەڵبەت گومان لەوەدا نییە ئەگەر نەڵێین هەموو دیمەنی فیلمەکە لانیکەم دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆر لەدیمەنەکانی فیلمەکە قەرزاری رۆمانی کوێریو ساراماگۆیە، بەڵام دەربارەی کەڵک وەرگرتنی سینەمایی لەشاکارێکی ئەدەبیێ، بەر لەلێکدانەوەی فیلمەکە باشتروایە بڵێین ناسراوترین دەرهێنەرەکانیش ناتوانن بەئەندازەی شاعیرانو رۆماننووسەکان سەرکەوتوو بن لەوێناکردنو وەسفی دیمەنەکاندا، بەڵام پرسی سەرەکی لێرەدایە، دەرهێنەری فیلمی کوێری تا چەند کەڵکی لەم کتێبە وەرگرتووەو تا چەند توانیویەتی سەرکەوتوو بێت، گێڕانەوەی چیرۆکی فیلم هەرچەن بەهۆی ماوەی کورتەوە ناتوانێ هەموو چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، بەڵام بەهەندێ گۆڕان دەیتوانی سەرکەوتووتر بێت، ئەگەر سەرەتای چیرۆکەکە بەهێزە قەرزداری پێشەکییەکی بێوێنەیە کە ساراماگۆ لەدەستپێکی رۆمانەکەیدا نووسیویەتی، بەڵام وادیارە گەورەترین خاڵی لاوازی فیلمەکە نەخولقانی کەسایەتییە.

هەرچەندە فیلمەکە دەیتوانی کەسایەتی جیاواز بخاتەروو، ئەو گروپەی لەچیرۆکەکەدا هەیەو درێژەدان بەبەوێناکێشانی رۆمان، لانیکەم چاوەڕوانییەک بوو کە لەم فیلمەو دەرهێنەرەکەی دەکرا، جگە لەکەسایەتی ژنی دکتۆر کە بەڕاستی، خاتوو مۆرۆ زۆر جوان ئەم رۆڵە دەگێڕێ، کەسایەتییەکانی تر جۆرێ تارماییو ناڕوونیان پێوەدیارە، یان لانیکەم زۆر جیاوازن لەوەی کە دەبایە بەوێنا بکێشرایەن، بەڵام فیلمەکە بەرلەوەی هەوڵبدا تەرکیز بکاتە سەر کەسایەتییەکی دیاریکراو، هەوڵیداوە بەرهەمێکی هۆڵیوودی گشت پەسەندبێتو زۆر دوور بکەوێتەوە لەفیلمێکی تەواو سەرکەوتوو.

وادیارە لەبیری کردووە ئەم کوێرییە بەرلەوەی رووداوێکی کتوپڕ بێت، توانجێکی رۆشەنگەرانەی فەلسەفییە، بەڵام کوێرییەکە کەسێکی تایبەت ناناسێتو تەنها بەبیرهێنەرەوەی بەها لەبیرکراوەکانی جیهانی مرۆڤایەتییە کە لەم رۆژانەدا شارستانییەتی بۆرژوازی وەک تاعوونێک قووتی داوە، دیمەنە دڵتەزێنەکانی توندوتیژی، نادادوەریو تەنانەت دەستدرێژی سێکسی لەناو گێڕانەوەکەدا ژیانی واقعو وێرانییەکانی بۆرژوازی بەوێنا دەکێشێ، رۆمانی کوێری خوێنەر لەرەشییەوە بەرەو سپێتی دەباو دەیەوێ ئەو بەناو پشتی پەردەیە بخاتەڕوو، بەڵام ئاخۆ بینەری فیلمەکەش وەها تەعبیرێکی هەیە لەم فیلمە؟

ئاخۆ بینەری فیلمی کوێری دوای بینینی فیلمەکە قووڵ دەبێتەوە مەبەست لەکوێری، کوێری عەقڵو بیرکردنەوەیە، مەبەست دەسەڵاتی زاڵی زوڵمو گەندەڵییە کە بەرهەمی بۆرژوازییە؟ لەرۆمانەکەدا هەرچەند کەسایەتییەکان ناویان نییە، بەڵام هەریەکێکیان ئاماژەن بۆ گروپ یان تاکەکانی کۆمەڵگا، جگە لەژنی دکتۆر کە لەراستییدا وەک قارەمان لەفیلمەکەدا دەردەکەوێو بەدرێژایی فیلمەکە قورسایی کەسایەتییەکان هەڵدەگرێ، بەڵام کەسایەتی تریش هەن کە جێگای تێڕامانن وەک کچە، خودی دکتۆرو تەنانەت پیرەپیاو. حیکایەتی پیاوێک کە یەکەمجار کوێربوو، ژنەکەی زۆر سووکتر لەخودی چیرۆکەکە نییە، بەڵام بەداخەوە دەرهێنەر زۆر بەهای نەداوە بەخوازەکان، بەمەشەوە ئەم فیلمە لەهەندێ لەدیمەنەکاندا سەرکەوتوو بووە، چوونە ناوەوەی کتوپڕی ژمارەیەک کوێر بۆ ئەو بینایەی کە بۆیان لەبەرچاو گیراوە، بەدیمەنێکی سپییەوە لەکەسان لەناو تیشکی سپییدا بەباشترین شێوە بەوێنا کێشراوە.

فیلم لەهەندێ شوێندا نەیتوانیوە ئەو دڵەڕاوکێیەی کە هەیە بەدروستی بەوێنا بکێشێ، بەڵام دیمەنی ئازاردانی زیندانییەکان دیمەنێکی سەرکەوتووە، خاڵی سەرکەوتووی فیلمەکە ئەو ترسو دڵەڕاوکێیەیە کە دەرهێنەر بەهۆی ئەزموونییەوە لەدەرهێناندا بەئاسانی بەوێنای کێشاوە.




# ئەو دیوی زمان

**ن: رناتە شمیدگال***



جارناجار لێم دەپرسن کە کاری وەرگێڕان چۆن چۆنییەو من بەچ شێوەیەک وەرگێڕان دەکەم؟ لەکاری وەرگێڕاندا، جگە لەزانینی دوو زمان، مرۆڤ دەبێت خۆی بخاتە جێگای کەسێکی دیکە، وەرگێڕ دەبێت توانای شتێکی بەئاستێک زۆرتر لەناسینی زمانی سەرەکیو زمانەکەی خۆی هەبێت، بەڵام دژوارە کە رێک ناوێک لەسەر ئەم شتە دابنرێت.

لەگەڕان بەدوای وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارەدا، وەرگێڕ بێگومان دەستەواژەی "هەست" دەدۆزێتەوە، وەرگێڕ پێویستی بەهەستی دەقو بەشێوەیەکی گشتیش هەستی ئەدەبییە، بەم پێیە وەرگێڕ پێویستی بەشتیکی بەرچاوە، واتە ئەوشتەی کە لەدەرەوەی زمان لەئارادایە، پێویستیەتی کاری وەرگێڕان، واتە گواستنەوەی دەق لەزمانێک (زمانی سەرەکی)ەوە بۆ زمانێکی دیکە (زمانی مەبەست)، شتێک کە سەرێتی زیاتری هەیە بەسەرکاری وەرگێڕاندا: تێگەیشتن- واتە وەرگێڕانی زمانی سەرەکی بۆ زمانێک لەودیوی زمانەوەیە، بۆ زمانێک ناتوانرێت بەدەستەواژەکانو وشەکان دەرببڕدرێت. ئەوەی کە نووسەری مەجارستانیLaszlo foldeny ناوی لێناوە "گیانی شتێک کە نەتوانرێت ناوێکی بەسەردا بنرێت"و لەودیوی هەر زمانێکەوەیە، ئەم کارە، کارێکی خێراییە کە پێویستیەکی بەزمان نیە، وەرگێڕ دەبێت بەخێرایی بەرەو ئەولاکەیدی زمان، سەرکەوێت بەسەر ئەودیوی زمانی شێوەی باوی بەرهەمەکەدا، هەرکات زمانی سەرەکی ئەم شتەی لێبەربەست بکات، هەرکات تێگەیشتنی خێراو بێنێوانی دەق نەلوێت، وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو نایەتەکایەوە، وێناکردنی ئەمەی کە وەرگێڕان دەبێتەهۆی تێگەیشتنی دەق، وێنایەکی بێواتایە، بابەتەکە رێک بەپێچەوانەوەیە.

کەوایە تێگەیشتنی ناواخنی دەق، وەرگێڕانەکەی دەشێوێنێت، قسە لەسەر ئەمە نییە کە وشە بەوشە، رستەبەڕستە وەربگێڕدرێتەوە، هونەری وەرگێڕان زیاتر لەهەموو شتێک لەمەدایە کە ناواخنی دەقەکە فام بکرێت، ریتمی دەقەکە وەربگێڕدرێتو میلۆدی دەق هەست پێبکرێتو دوایی بەزمانی خۆ دابڕێژرێتەوە، سەرسوڕهێنەر نییە کە وەرگێڕی دەقە ئەدەبیەکان، کارەکەیزۆرتربەکارێکی ئۆبجێکتیڤ دەزانن نەک بەکارێکی تەکنیکی، تەکنیک، پێویستیەتی کارەو کاتێک ئاگاداریو سەرەوەیشی پێ زیاد دەکرێت، هونەر دێتەکایەوە، کاری وەرگێڕ، ناڕاستی بیرۆکەی باوی ئەمڕۆیی دەسەلمێنێت کە داواکاری ئەوەیە هونەر نابێت پەیوەندییەکی ببێت بەتواناییەوە، کاری وەرگێڕ، ئەگەر توانایی نەبێت، ئەگەر لەکارەکەیدا پسپۆڕ نەبێت، خێرا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەبابەت کاری نووسەرانو هونەرمەندان، رەخنەگر زۆربەی کات چاوێک لەسەر کارەکەیان دەنووقێنێت، بەو مەرجەی چاوەکەی دیکەشی کوێر نەبێت!

وەرگێڕ لەسەرەتای پرۆسەوە، خوێنەرێکیوردوهەستیارە، Stefan chein لەوتوێژێکدا وتویەتی بۆ خوێندنەوەیەکی راستەقینەی بەرهەمێک-کە مەرجێکی پێویستە بۆ رەخنەگرێکی چاکی وێژەیی- کەسایەتی خوێنەر گرنگە، تەنیا کەسێک دەتوانێت بخوێنێتەوە کە کەسایەتی هەیەولەهەلومەرجێکدایە کە "وەڵامی خۆی" بەبەرهەمەکە بداتەوە، وەها وەڵامدانەوەیەک بەبەرهەمە وێژەییەکە کاری نرخاندنێکی وێژەییو وەرگێڕانی بەرهەمێکی وێژەییە، بۆ کەسێک کە دەقێکی خوێندووەتەوەو دەیەوێت وەریبگێڕێت (لەبەرئەوەی کە بەچەشنێک کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەوە یان شەیدای بووە) خوێندنەوەی ناکارایانە (پاسیڤانە) بەس نییە، ئەو لەمەش زیاتری دەوێت، ئەو دەیەوێت لەم بەرهەمە شتێک بخولقێنێت، وەکو نرخێنەر بەرهەمێک کرۆکاش دەکات، ئەو دەیەوێت بەشێوازی خۆی هەڵوێستێک دەربڕێت، بەرهەمەکە بەزمانێکی دیکە دابهێنێتەوەو بەچەشنێک شێوەو رواڵەتی پێببەخشێت، من دوای ئەوەی کە وەرگێڕانی رۆمانی Andrzej stasiuk (ئەندرزێج ستاسیوک) م لەژێر ناونیشانی Neuen (٩) تەواوکرد، زۆر بەداخ بووم کە دەقەکە کۆتایی پێهاتووەو بۆ ساتێک ئەم ئاواتە جەربەزەییانەیەم خستە سەرمەوە کە درێژە بدەم بەنووسین، وەها وروژانێک بنەڕەتیە، لەبەرئەوەی کە نووسینو وەرگێڕان نەک تەنیا لەسەر بناوانی توانای هونەرییەوە دەبنە هاوبەش، بەڵکو لەهەرشتێک زیاتر، هەر ئەم خولەکە داهێنەرەی "شەیداییە" کە نووسینو وەرگێڕان لێک نزیکدەکاتەوە، Andre weckmann، لەپارچە شیعرێکدا کە بەزاراوەی "ئێلیزاسی- ئەڵمانی هۆنیویەتیەوە دەڵێت: ئێمەو کەسانێکی وەکو ئێمەمانان، خاوەنی سێ زمانین، ئێمەو کەسانێکی وەکو ئێمەمانان، سێ گیانمان هەیە، "لەبەرئەوەی کە من لەساڵانی منداڵیمدا، بەزاراوەی خەڵکی باشووری رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا دەئاخافتمو ئەمڕۆکەش، هەم زمانی ئەڵمانیو هەم زمانی پۆڵەندی زمانی منە، مانای شیعرەکەیم بۆ روونو شیاوی تێگەیشتنە، بڕێک جار لەم زاراوە، یان زمانە هەرێمیە، سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانێک لەو ژینگەیە دووربووم، گەلێک وشەی شیاوم دەست دەکەوێت بۆ وەرگێڕان لەزمانی پۆڵەندییەوە بۆ زمانی ئەڵمانی، ئەو وشانەی کە لەزمانی فەرمی ئەڵمانیدا جێگایان بەتاڵە، خاوەنی سێ زمان بوون، واتە خاوەنداری سێ زەینو گیان کە ئەڵبەت تایبەتیو دەگمەنە، بەڵام وەرگێڕ بێگومان خاوەنی دوو گیانو هزرە، مرۆڤ دەبێت زمانە بێگانەکەی لانیکەم وەکو زمانەکەی خۆی خۆشبوێت، هەتا خەریک بێت بەکاری تاقەت پڕوکێنی وەرگێڕانەوەو ئەم تاقەت پڕوکێنیە هەست پێنەکات، وەرگێڕ دەبێت دەقو ئەو فەنتازیاو دنیایانەی کە دەقەکان لەبەرانبەریدا دەیکەنەوە خۆشبوێت، هەم هەلومەرجی سروشتیو هەم بارودۆخێکی لەدەرەوەی سروشتی ئەم دنیایە، لێرەدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرو ئەو سەفەرەی لەگەڵی لەناوچەیەکدا کە لەدەقدا باس دەکرێن گرنگیان هەیە، بەڵام ئەم بابەتانە جیاوازن، زۆربەی گەشتەکان لەبەتاڵی وەرگێڕدا پێکدێت یان لەسەر نەخشەی جوگرافیای ناوچەو شارەکان کە وەک فەرهەنگو واژەنامەکان کەرەسەی کاری وەرگێڕە. کاری وەرگێڕ لەتەنیاییو بێدەنگیدا بەئەنجامدەگات، وەرگێڕ جگە لەهەندێک بابەتی ئێجگار دەگمەن کە کارەکەی دەکەوێتە بەر رەخنەلێگرتن یان بانگێشت دەکرێت بۆ کۆبوونەوەی کتێب خوێندەوەو دەکەوێتە بەر ستایشەوە. لەگەڵ بەرهەمەکەیدا بەتەنیا بەسەردەبات، ئەڵبەت وەرگێڕ لەگەڵ نووسەری بەرهەمدا پەیوەندی هەیەو شتگەلێکی لێدەپرسێتەوە، هەروەها لەگەڵ ئێدیتۆردا پەیوەندی هەیە، لەبەرئەوەی کە لەدەقەکەی دادەبڕێتو بەئاشکرا ئەوەی کە لەوانەیە وەرگێڕ لەدەقەکەی "خۆیدا" نەیدیبێت، دەیبینێت.

بەڵام ئەم پەیوەندیانە جارناجارەو چاوپێکەوتن لەکۆتایی کاری وەرگێڕانەکەدا دێتەکایەوە، ژیانی وەرگێڕ، ژیانی مرۆڤێکە کە لەبەرانبەر "pc"ەوە دادەنیشێتو لاپەڕە بەلاپەڕە دەقێک دەخولقێنێت کە ئەگەرچی هەموو دەقی خۆی نییە، بەڵام دەق نامۆ نییە، لەبەرئەوەی هیچ وەرگێڕانێک بێکەموکوڕی نییە، (هەمیشە شتێک لەدەست دەچێت یان لەباشترین حاڵەتیشدا شتێک دەبێتە جێگرەوەی شتێکی دیکە) کاری وەرگێڕان لەپاڵ شادمانیدا، دڵەڕاوکێو گومانو رەنجو ئازاری لەگەڵدایە- رێک وەکو هەر عەشقو خۆزگەیەکی شەیدائاسا، هۆکارەکەشی ئەمەیە کە هاندەرەکانی وەرگێڕ عەقڵانی نین، بەڵکو کارێکی هە ڵنە سە نگێند را و ە کە ناتوانێت دەستی لێهەڵگرێت. ئەو مرۆڤێکی شەیدایە، هەندێکجار دامەزراوە بڵاوکەرەوەکان ئەم شەیداییەی بەگوێدا دەدەنەوە، ئێوە عاشقی ئیشەکەتانو بۆ ئیشەکەتان دەتانەوێت پارەش وەربگرن؟ لەبەرئەوەی کە وەرگێڕ خەسڵەتو تایبەتمەندییەکەی وایە کە مرۆڤێکە پەی بەهەڵەکەی خۆی دەبات، لەبەرانبەر ئەم پرسیارەدا ویژدانی دەڕوشێتو ئازار دەبینێت.

پێش چەند ساڵێک من کەوتمە دووڕیانێکەوە کە دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرم، یان وەکو وەرگێڕ کاربکەم یان واز لەیشە دڵنیاکەی خۆم بهێنم کە فەرمانبەری زانستی ئەنیستیتۆی ئەڵمانیا- پۆڵەندا بووم. هەڵبژاردنی یەکێک لەم دووانە ئەوەندە ئاسان نەبوو، وەک ئەوە وابوو کە لەمرۆڤێکی راهاتوو بەخواردنەوەی خواردنەوە رۆحییەکان داوابکەیت لەنێوان خواردنی خۆراکو ئەم خواردنەوانەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەڕاستی کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام لەلایەکەوە هەڵبژاردنی یەکێک لەم دووانە بۆم روون بوو، من نەمدەتوانی رێگاچارەی عەقڵانی لەبەرانبەر کاری وەرگێڕاندا هەڵبژێرم، من بەهۆی شەیداییەوە بڕیاری خۆم لەدژی پیشە دڵنیاکەم داو لەم بڕیارەش پەشیمان نیم.

سەرچاوە: گۆڤاری kafka (کافکا)، ٢٠٠٣/١٢ (بەرلین)

* renate schmidgall، نووسەرو وەرگێڕی ئەڵمانیو وەرگری چەندین خەڵاتی وێژەیی.

**و: شەماڵ**




# شیعر ئەگەر مرۆڤی لێدەربهێنین هیچی نامێنێتەوە

## ناسر حیسامی بۆ دەستوور

دیمانە: ئەنوەر حسێن
بەشی یەکەم

**بێگومان لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی کوردیدا، هەر کات باس لە ناسر حیسامی بکرێ، کوت و پڕ و بێ یەک و دوو دەکەوینەوە یاد وەرگێڕانی شیعرەکانی ئەحمەد شاملوو گەورە شاعیری ئێرانی لە لایەن ئەم وەرگێڕ و شاعیرە بە تواناوە. وەک ئەوەی لە زەینی ئێمەدا شاملوو و ناسری حیسامی بووبێتن بە ئاوڵدوانەی لێک جیا نەبووەوە. لە وتووێژێکی تایبەتدا ناسر حیسامی باسی لە ئەزموونی ئەدەبی و وەرگێڕانی خۆی کردووە. هەروەها باسی لە روانگە و تێڕوانینی خۆی کردووە بۆ ئەدەب.**


ناسر حیسامی

**دەستوور:** ئەحمەد شاملو لەوەڵامی شیعرچییەو چۆنی دەبینی دەڵێ: تائێستا هیچ وەڵامێکم پێنییە، تائێستاش کەس نەیتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، "ئەرستۆ"ش دەڵـێـت "شیعر باسکردنی ئەو رووداوانەیە کە دەشێت لەداهاتوو رووبـــدەن" دەکـرێـت لەروانگەی ناسری حیسامیەوە بزانین شیعر چییە؟

**ناسر حیسامی:** مـن خۆم بۆ پرسیارێکی لەوجۆرە ئامادە نـەکـردووە، گەرچی زۆرجـار ئەو باسە دێتەگۆڕێ شیعر چیە؟ من دەتوانم ئەوەندە بڵێم لەڕوانگەی خۆمەوە بڵێم چی بەشیعر دەزانم، چی بەشیعر نازانم، بەڵام ناتوانم باسی پێوانەکانم بـکـەمو بڵێم پێوانەکانم چین؟ من کاتێک دەقێک دەخوێنمەوە دەتوانم باوەڕ بەخۆم بهێنم کە ئەوە شیعرە یان نا، بەڵام ناتوانم بەتۆ بڵێم، کە پێوانەکانم چین، منیش بەداخەوە تائێستا پێناسەیەکم بۆ ئەوە نییە کە بڵێم شیعر چییە؟ دەتوانم بزانم بڵێم (چی شیعر نییە)، بەڵام ناتوانم شیعر خۆی بەچی دەڵێن.

**دەستوور:** چی شیعر نییە؟

**ناسر حیسامی:** ئـەوەی کەپەیامێکی پێنەبێت بۆ وتن، ئەوەی کەزمانێکی شایستەی نەبێت بۆ دەربڕین، ئەوەی کەنەتوانێت لەتۆدا هەستێک وەئاگابێنێت، یا نەتوانێت لەگەڵت بدوێت، تۆ هەست بەوەبکەیت ئێستا ئەو دەقە دەخوێنیتەوە، لەگەڵ ئەو کەسەی کە نووسیویەتی پەیوەندییەک دامـەزرێـنـی، پەیوەندییەک بەرقەرار دەکەیت کە بەزمانێکی واوەتـر لەزمانی ئاسایی رۆژانەدا دەیبیستیت، دەتـوانـی بدوێی، دەتوانی گوێی لێبگریت، دەتوانی تێیبگەیت.

**دەستوور:** وەک فروغ دەڵێت "گەرهاتوو شیعرو شاعیر، یان دەقو کەسەکە، یاخودی مرۆڤەکە یا شاعیرەکە، ئەم دووانە لەناوەڕۆکو جـەوهـەردا وەکـو یـەک نەبوون، قابیلی ئەوەنییە پێی بڵێی شیعر" بـەواتـای نـاوەڕۆکـی مرۆڤەکانو رەنـگـدانـەوەی شیعر دووشتی هاوتەریبن، پێویستە وەکو یەک بن تۆ لەگەڵ ئەو رایەدایت؟

**ناسر حیسامی:** ناتوانم بڵێم ئا یان نا، لەبەرئەوەی ئەمە زۆر تەفسیر هەڵدەگرێت، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تۆ چ پێناسەیەک بۆ مرۆڤ بکەی؟ لەچ روانگەیەکەوە بڵێیت ئایا شیعرەکە لەگەڵ مرۆڤەکە هاوتەریبە، هاومانایە هاوناوەڕۆکە یـان نـا، چ پێوانەیەکمان هەیە بۆمرۆڤ؟ چ پێوانەیەکمان هەیە بۆئەوەی شیعرەکە دەڵێت چی، گرنگ ئەوەیە ئایا ئێمە لەشیعرەکە باش گەیشتووین، بۆ نموونە من کاتێک شیعری فروغ بخوێنمەوە، چۆن بزانم ئەمە هەمان فروغی فـروغ زادە کـە لەشیعرەکەیدا رەنگدەداتەوە یان نا، پێویستە پێشتر من لەوە دڵنیابم کە ئایا لەشیعرەکەی گەیشتووم یان نا؟ ئایا من پەیامی شیعرەکەم وەرگرتووە یان شیعرەکەم بەهەمان جۆر خوێندووەتەوە کەشاعیرەکە خـۆی وتـوویـەتـی، بۆیە دژوارە ئەم بەراوردکردنە، ئایا شاعیرەکە لەشیعرەکەیدا رەنگیداوەتەوە.

**دەستوور:** ئایا تۆش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایت کەشیعر راستەو راست هەر خودی ژیانە؟

**ناسر حیسامی:** وایە، بەڵێ، پێموایە شیعر ژیان هەر خۆیەتی.

**دەسـتـوور:** لەکتێبی لەودیو رەنگو پەردەوە کە لەساڵی (١٩٩٥) دەرچووە، لەبابەتی (هێمن لەپێناو بیری ئـازاد)دا، تۆ دەڵێت: نەک هەر شیعری پەچەو بەندە، بەڵکو بەشێکی زۆر لەشیعرەکانی هێمن دەبێت بخرێنەلاوە، ئەم بۆچوونەی تۆ بۆچوونێکی تازەبوو، قسەیەکی جدی بوو لەسەر پەچەو بەندە، لەوخوێندنەوەی پێشتر لەرۆژنامەی (برایەتی) بۆی کراوە، مەبەستت لەوە چیبوو کە ئایا زۆربەی ئەو شیعرانەی تر بخرێنەلاوە، ئایا مەسەلەکە مەسەلەیەکی ئایدۆلۆجی بوو، یا رەخنەیەکی واقیعیو جدی بـوو لـەو شیعرەو لەشیعرەکانی هێمن؟

**ناسر حیسامی:** نەخێر، ئەوەی من لەوێ دەیڵێم، ئەگەر بەپێوانەی ئەو رەخنەگرە، ئەوەی رەخنەی لەشیعرەکانی هێمن گرتوە، وتومە ئەگەر بەو پێوانەیە شیعری هێمن هەڵبسەنگێنین دەبێت زۆربەی شیعرەکانی هێمن بخرێنەلاوە، من لەو وتارەدا داکۆکیم لەهێمنو لەبیری ئـازادیـخـوازانـەی هێمن کردووە، وتومە ئەوەی هێمن لەوێ دەیکات داکۆکیەکی راشکاوانەیە لەژن، لەبایەخە مرۆڤیەکانی ژن، وەکو مرۆڤ، وتوومە نابێت شیعری هێمن ئـەو داوەریـــەی بەسەردا بسەپێنرێ کە ئـەو رەخنەگرە کردوویەتی بەپێوانە بۆ شیعرەکانی هێمن، ئەو دەڵێت نەدەبوو هێمن ئـەوهـا بەسوکی باسی پەچەو رووبەند بکات، من پێموتوە بەشێکی زۆری شیعری هێمن داکۆکیکردنە لەئازادی ژنو بایەخەکانی مرۆڤ، بۆ نمونە دەڵێت (هەتا چارشێو بـەسـەرتـۆوە دەبینم نازەنینی کورد، بەسەر بیلبیلەکەی چاوی مندا دەکشێ تەمێکی تر) ناکرێت بەو پێوانەیە قسە لەهێمن بکەین، ئــەوە داکۆکیەکی راشکاوانەیە لـەژن، پێموایە ئـەو داوەرییەی ئەو رەخنەگرە کردوویەتی لەسەر هێمن، بەداخەوە ئێستا ناوەکەیم لەبیر نییە، نازانم رەخنەگرەکە کێ بوو، پێموایە ئەو لەوروانگەیەوە بۆی چووە کە زۆر زۆر جیاوازە لەشیعری هێمنو لەکەسایەتی هێمن، بـۆیـە پێموابوو ئەگەر کەسێک بێت رەخنە لەهێمن بگرێت، ناکرێت تەنها رەخنە لەو شیعرەی بگرێت، ئەگەر لـەو روانگەیەوە رەخنە لەهێمن بگریت، لەروانگەی داکۆکیکردن لەپەچەو رووبەندەوە، دەبێت بەشی هەرە زۆری شیعری هێمن رەخنەی لێبگرین، من خۆم لایەنگری ئەو شیعرانەی هێمنم، پێموایە هێمن یەکێک لەو شاعیرە کوردانەیە کە مرۆڤ لەشیعرەکانیدا زۆر زۆر جێگایەکی بەرزی هەیە، پێموایە لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، لەشیعری کەم شاعیردا مـرۆڤ ئـەوەنـدە بایەخی بەرزی پێدراوە بەقەدەر هێمن.

**دەستوور:** باسی گرنگیپێدانی مـرۆڤـت کـرد لـەنـاو شیعرکانی ئـەحـمـەدی شـامـلـودا، پێموایە بـەپـلـەی یـەک کـاری کــردووە لەسەر مەسەلەی ژنو منداڵ، تۆش بەهەمان فۆڕم کارت لەسەر مـرۆڤ کــردووە، مـرۆڤ قابیلی ئەوەیە شیعر لەخزمەتیدابێت، ئایا ئەمە پەیوەستە بەمەسەلەی ئایدۆلۆجیەوە، وەکـو کەسێکی چەپ یا شتێکی ترە؟

**ناسر حیسامی:** ئەمن پێموایە شیعر ئەگەر مرۆڤی لێدەربهێنین هیچی نامێنێتەوە، واتای ئەوەی پێی دەگوترێت کەلەپوری مرۆڤ، ئەوەی پێی دەگوترێت، دەسکەوتنی مـرۆڤ لەبواری شیعردا، ئەوەی کەمرۆڤ بەدرێژایی ژیانی خۆی خوڵقاندویەتی لەبواری شیعردا، ئەگەر رەگەزی مرۆڤی لێدەربهێنیت، بەبڕوای من چی تری لێنامێنێتەوە، تەنانەت ئەو شیعرانەش کەباسی سـروشــتو جـوانـی سروشتو بـەهـارو خۆشەویستی دەکـەن، چونکە خۆشەویستیش راستەوخۆ پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە، بۆیە ئەگەر شیعرت لـەوەدا تەکاندو ئەوەت لێبەتاڵکردەوە، من نازانم چی بۆ دەمێنێتەوە. بۆیە من پێموایە ئـەوە لایەنێکی زۆر زۆر گرنگە لەشیعردا، بەڵێ لەشیعری شاملودا ئـەوە لایەنێکی بەهێزو بەرچاوە، لەشیعری هێمندا لەشیعری زۆر شاعیری ئازادیخوازی دیکەدا، لەشیعری فروغیشدا هەروایە.

**دەسـتـوور:** شاملو دەڵێت: مـەلـەی نـاو کـانـیـاوی زوڵاڵـم پێخۆشە، تا خۆشۆردنی حەمامی دەوڵەمەندانەی حـەوزی چینیو لوولەی زیـوی" دیـارە ئەو قسە لەروانگەی ئایدۆلۆجیەوە دەکات، قسە لەسەر ئەوەیە کەشاملو لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆجی چەپدابووە، ئەوە وایکردووە تۆ لەژێر کاریگەری شیعرەکانی شاملو دابیت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەژێر کاریگەری ئەو شیعرانەی ئەحمەدی شاملودا بووی؟

**نـاسـر حـیـسـامـی:** شاملو، کەسێکی مرۆڤدۆست بوو، ژیانی خۆشی هەر ئاوا ژیا، ژیانێکی وەکو مرۆڤێکی ئاسایی دوور لەزەوقو بەرقو ئەوانە، بەڵام ئەو نمونەی کە تۆ لێت باسکرد بەشێوەی دیاریکراو ئەو وەک نمونەیەک بۆ چۆنیەتی شیعرەکەی باسدەکات دەڵێت من پێمخۆشە شیعر وەکـو کانیەکی زوڵاڵ هەڵبقوڵێ، من پێمخۆشە وەکو کانییەک بێت بەبێ بەربەست. حەزناکات هیچ خەونێکی دیکە، هیچ لەمپەرێکی دیکە بەربەرەوتی ئاسایی شیعرەکەی بگرێت، بۆ نمونە سەرواو قافیە، کێش، دەڵێت نامەوێت ئەوانە رەوتی شیعرەکەم بۆ دیاریبکەن، رەوتی شیعرەکەم بگۆڕن، دەیەوێت بڵێت کە ئەو شیعرەی ئەو مەبەستیەتی وەکو کانیەکی زوڵاڵ وایە لەجێی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شیعرەی کە سەروا، کێش کەرەستەی شیعری تێیدا زۆر بەکاردەبرێن، وەکو ئـەوەوایـە تۆ بـۆت گرنگ بێت، حەتمەن بەلولەیەکی زیـوودا هاتبێت. ئـەو دەڵێت من لوولە زیویەکەم بۆ گرنگ نییە، گۆزەکەم بۆ گرنگ نییە، ئاوەکەم بۆ گرنگە، ئاوەکە کەئەو ئاوەیە بەشێوەیەکی ئاسایی لەکانیەک هەڵدەقوڵێت، ئەو دەیەوێت بڵێت شیعریش بۆ من هەر ئەوەیە، شیعریش بۆ من گرنگە، جەوهەری شیعر، ناوەڕۆکی شیعر، ئـەو شتەی کە کاکڵەی شیعرەکەیە، نەک سەرواکەی، نەک کێشەکەی، نەک سەنایعی لەفزی، نەک سەنایعی شیعری، ئەوەی بۆ نمونە لەلموعجەمدا لەبابەت شیعری فارسییەوە حەفتاوهەشت لەمپەر دروستدەکرێت کەشاعیر دەبێت شیعرەکەی ئـەوا بێت، وابێت، ئەنواعی بەحری جـۆراو جۆری گرانیو دژواری، دەڵێت نامەوێت هیچ کام لەوانە کانیاوی شیعری من بەربەست بکات.

**دەستوور:** لەگەڵ ئەو بۆچوونە ناتەبایەی کە لەمسەر بۆ ئەوسەری شیعرەکانی شاملو بەرگرین لەمرۆڤـو لەچەوسانەوەی ژیان، لەچەوسانەوەی منداڵانی سەرجادەو کۆڵانەکان، مانای ئەوەیە کەشاملو لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆجیایەکی تایبەتدا شیعری نووسیوە؟

**ناسر حیسامی:** من ناتوانم لـەسـەر ئـایـدۆلـۆجـیـای شاملو قسەبکەم، رەنـگـە باشتربێت ئەم بابەتە بۆخۆی جێبهێڵێنو پێداچوونەوە بەخۆی بکەینەوە، بزانین خۆی لەبابەت ئایدۆلۆجیای خۆیەوە چی وتوە، من ئەوەندەی ئاگادارم شاملو ساڵانێک هەڵسوڕانی سیاسی حزبی هەبوو، بەڵام خۆی زۆرزوو لەو هەڵسوڕانی سیاسی حزبیە جـیـابـووەوەو وەلای نا، لەدرێژەی ژیانیدا من لێم نەبیست کە وتبێتی من ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراوم هەیە، بۆیە ناتوانم لەو بابەتەوە دادوەریـەک بکەم، بەڵام بەگشتی خۆی بەمرۆڤێکی ئازادیخوازو لایەنگری مافەکانی مرۆڤ دەزانێ، ئەگەر ئەوە کەسێک بتوانێت نـاوی ئایدۆلۆجیایەکی لێبنێت خـۆی دەزانـێـت؟ من ناتوانم لەزمانی ئـەوەوە ناوێک لەمرۆڤدۆستییەکەی بنێم، یان مرۆڤدۆستییەکەی بەرمەوە سەر ئایدۆلۆجیایەکی تایبەت، خۆی مەبەستی یا من پێناسەی بکەم.

**دەستوور:** مەریوان وریا قانع لەلێکۆڵینەوەیەکدا، کاریگەری شیعری سێ شاعیرلەسەرئەدەبیاتی شیعری کوردی باس دەکات کە ئەوانە لەرووی زمانەوە زۆر بەقوڵی چوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو توانیویانە کاریگەری گەورە لەسەر شیعری کـوردی بەجێبهێڵن، لەشاعیرە کلاسیکەکان (مەحوی) یـە، دووەم (شێرکۆ بێکەسە) لـەسـاڵانـی هەشتاکان، سێیەم (بەختیار عەلی)یە لەئێستادا، ئایا تۆ لەگەڵ ئەم بۆچوونەی مەریوان وریا قانعدایت؟

**ناسر حیسامی:** لەبەرئەوەی لەکوردستان شیعر بەشێکی هەرە دیاری ئەدەبی نوسراوی کوردییە، منیش پێموایە شیعر کاریگەریەکی زۆری لەسەر زمانی کوردیو لەسەر قوڵبوونەوەی زمانەکەیە، بەڵام ئێستا من ناتوانم بڵێم تەنها سێ شاعیر دیارییکەین، من ناتوانم بڵێم سێ یا چوار شاعیر یا چەند شاعیر، بـەڵام بەگشتی مرۆڤ دەتوانێت باسی ئـەو شاعیرانە بـکـات کـەکـاریـگـەریـان هەبووە لەسەر زمانی کـوردی، پێموایە ئەو شاعیرانەی کە باستان کرد کاریگەریەکی بەرچاویان هەیە، لەهەمانکاتیشدا ناتوانم بڵێم، من ئەگەر لێم پرسن تەنها ناوی ئەو سێ شاعیرە دەبەم.

**دەسـتـوور:** ئـەوەنـدەی من دیقەتم لەئەدەبیاتی تۆ داوە هەر لەسەرەتاوە جەنابت بەشیعرەکانی ئەحمەدی شاملو زۆر کاریگەر بوویت، زۆربەی شیعرەکانی ئەوت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، یـەکـەم لـێـت دەپـرسـم بۆچی ئەحمەدی شاملو، دووەم پێتوایە سـەرکـەوتـووبـووی لەوەرگێڕانی شیعرەکانیدا؟

**ناسر حیسامی:** با لەپێشدا من وەڵامی پرسیاری دووەم بدەمەوە، ئـەوەی من ئایا سەرکەوتووبووم یان نا، ئەوە خۆم ناتوانم داوەرەیی بکەم، لەبەرئەوەی ئەو شیعرانە خەڵک دەیان خوێنێتەوەو داوەریان لـەسـەر دەکـات، هـەنـدێ کەس پێیانوایە سەرکەوتووبوومو هەندێک پێیانوایە سەرکەوتوو نەبووم، من لەم بابەتە خۆم ناتوانم ئەم داوەریە بکەم، ناتوانم بڵێم تا چەند سەرکەتوو بـووم، بـەڵام دەتوانم بڵێم زۆر تێکەڵاوی شیعرەکان بـووم، هەموو توانای خۆم داوە بەوەی کە ئەو شیعرە وەربگێرم، ئەوەی کەئایا سەرکەوتووبووم یان نا، نازانم، رەخنەو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەو وەرگێڕاوانە نووسراوە، هەندێک پێیوابوو، باش وەرگـێـڕدراوە، بـەڵام بێ هەڵەش نین، هەندێکیش بەگشتی پێیوابوو وەرگێڕانی شیعر کارێکی باش نییە، هەندێک دەڵێن ئێمە هەمان چێژ لەو وەرگێڕاوانە وەردەگرین کە لەفارسییەکەوە گوێمان لێبووە، من زۆربەیان لەگەڵ ماندووبووم زۆرێـک لەو شیعرانە جـاری وایە کەوەرمگێڕاون تاسێ مانگ چوار مانگیشو تەنانەت تا ساڵیش بڵاومنەکردونەتەوە، چەندینو چەندینجار پێداچوومەتەوە تـا ئــەوەی زیـاتـریـن دڵنیایی بەدەستبهێنم.

بەڵام بۆچی ئەحمەدی شاملو مـن لـەسـەرەتـادا بەوەرگێڕانی شیعرەکانی ئەحمەدی شاملو دەستمپێکرد، تائێستاش زۆربەی ئـەو شـیـعـرانـەی وەرمگێڕاون شیعرەکانی ئەحمەدی شاملون، بـەڵام بێجگە لـەو مـن شیعری شاعیری دیکەم وەرگێڕاوە، ئێستا شیعری پێنج شاعیری ئێرانیم وەک وەرگێڕان هەیە، بۆ چاپکردن ئامادەیە، یەکەمیان (ئەحمەدی شاملو، شیعری نیما یوشیج، شیعری شیاوەیسی کەسرایی، شیعری فـەرەیـدونـی موشیری، شیعری هۆشەنگی ئیبتیهاج) ئـەوانـەشـم کــردووە بەکوردی، هـەنـدێـک لـەوانـە لەکوردیشدا کراونەتە گۆرانی، ئەمانە زۆریان لەفارسیشدا کراونەتە گۆرانی، بەڵام لەکوردیدا ناسری رەزازی دوو لەوەرگێڕانەکانی کردووە بەگۆرانی، یەکێک لەو شیعرانە "ئەگەر غەمی نان لێم گەرێ" لەراستیدا شیعرەکە ناوی (غەزەلی نەتوانین)ە، هی ئەحمەدی شاملوە، شیعرێکی دیکە کە ناسر کردوویەتی بەگۆرانی شیعرێکە بـەنـاوی (نـــەداری) (دانیشتووی خاکێکم کەخاکی مـن نـیـیـە، هـیـلاکـی رەنجێکم کەرەنجی من نییە) ئەوە هەر هی ئەحمەدی شاملوە، بێجگە لەوە وەرگێڕاوی شیعرێکی هۆشەنگی ئیبتیهاج بەناوی "بەهاری دڵشکاو" نەجمەدینی غوڵامی کردوویەتی بەگۆرانی، شیعری منداڵانی نێو قووڵەکەکانیش کاک "رەزای یوسف" گۆرانیەکی لەسەر دانەوە ئەوانەی لەبیرم بن ئێستا ئەوانەن، بەڵام بەهەرحاڵ وەڵامـی پرسیارەکەت ئەوەندەی پەیوەندی راستەوخۆی هەبێت شیعری شاعیری دیکەشم کردووە بەکوردی.

**دەستوور:** بۆچی شیعرەکانی شاملو؟

**ناسر حیسامی:** لەبەرئەوەی هەست بەنزیکایەتی دەکەم لەگەڵ شیعری شاملوو هەم وەکو شیعر زۆر چێژی لێوەردەگرم.

> من ناتوانم لەسەر ئایدۆلۆجیای شاملو قسەبکەم، رەنگە باشتربێت ئەم بابەتە بۆخۆی جێبهێڵێنو پێداچوونەوە بەخۆی بکەینەوە

# شەرم لە پاول ئاستێر مەکەن، ئەگەر چیرۆك ناخوێننەوە

و: مستەفا زامیدی

**دەقی وتاردانی پاول ئاستێر، لە کاتی وەرگرتنی گرنگترین خەڵاتی ئەدەبی ئیسپانیا لە ساڵی ٢٠٠٦. دەمەوێ حیکایەتێکتان بۆ بگێڕمەوە.**

نازانم بۆ ئەم کارە ئەکەم. ئەگەر دەمزانی رەنگە بە پێویستم نەزانیبا ئەم کارە بکەم. تەنها دەتوانم بڵێم و بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ، هەر لە سەردەمی تازە لاوییەوە هەستم بەم پێویستییە کردووە. بە تایبەت مەبەستم "نووسین"ە. نووسین وەک ئامرازێک بۆ چیرۆک بێژی ، ئەو چیرۆکە خەیاڵیانەی کە هیچکات لە جیهانێکدا کە پێی دەڵێین واقع، روو نادات. ئەوەی کە چەندین کاتژمێر، چەند رۆژی بەردەوام، ساڵ دوای ساڵ، تەنها و بە قەڵەمێک بە دەستەوە، لە چواردیواری ژوورەکەتدا دانیشی وهەوڵ بدەی کۆمەڵێک وشە بێنیتە سەر کاغەز ، بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە تەنها لە زەینتدا هەیە بخولقێنی، بێ گومان رێگایەکی سەیرە بۆ بە سەر بردنی ژیان. بۆ دەبێ کەسێک بیهەوێ وەها بژی؟ تەنها وەڵامێک کە بە زەینم دەگا ئەوەیە: لە بەر ئەوەی ناچاری، رێگایەکت نییە.

ئەم پێویستییە بە درووست کردن، بە خولقان، بە داهێنان، بێ گومان حەزێکی بنەڕەتی مرۆڤانەیە. بەڵام بۆچی؟ هونەر، بە تایبەت هونەری چیرۆک، چ کەڵکێکی هەیە لەو جیهانەدا کە پێی دەڵێین جیهانی واقع؟ من خۆم هەرچی بیری لێ دەکەمەوە دەبینم بە کەڵکی هیچ نایە، لانیکەم بە کردەوە بە کەڵک نایە. کتێبێک هیچکات سکی منداڵێکی برسی تێر ناکات. کتێبێک هیچکات بەری بەوە نەگرتووە فیشەک نەدات لە کەسێک و بیکوژێت. کتێبێک هیچکات بەری بە کەوتنە خوارەوەی بۆمب بۆ سەر خەڵکی بێ تاوان نەگرتووە لە جەنگدا.

هەندێ لە سەر ئەو باوەڕەن ، ناسینی قووڵی هونەر، دەمانکات بە کەسانێکی باشتر. بە وێژدانتر، هەستیارتر و تێگەیشتوو تر. رەنگە ئەم خاڵە لە هەندێ نموونەی ناوازەو دەگمەندا راست بێت، بەڵام لە بیرمان بێت هیتلەر ژیانی وەک هونەرمەند دەست پێ کرد. دیکتاتۆرەکان و دەسەڵاتداران و زاڵمەکان رۆمان دەخوێننەوە. قاتڵەکان لە زینداندا رۆمان دەخوێننەوە. کێ دەتوانی پێم بڵێ ئەو چێژەی دیتران لە خوێندنەوە وەری دەگرن ئەو کەسانە وەری ناگرن؟ بە واتایەکی تر، هونەر بێ کەڵکە: لانیکەم ئەو کاتەی لە گەڵ کاری لوولەکێشێک، پزیشکێک یان ئەندازیارێکی رێگای ئاسندا بەراوردی دەکەین. بەڵام ئاخۆ بێ کەڵک بوون شتێکی خراپە بەڵام بێ کەڵک بوون کارێکە بەو مانایەی کتێب و وێنە و کوارتتەکان بە داخەوە جۆری کات بە سەر بردنن؟ زۆر کەس بەم جۆرە بیر دەکەنەوە. بەڵام من لام وایە، بەهای هونەر لە بێ کەڵک بوونی هونەردایە و خولقانی هونەر، ئێمە لە بوونەوەرەکانی تری ئەم ئەستێرەیە جیا دەکاتەوە، یان وەک دەڵێن، هونەر هونەر تایبەتمەندییەکی مرۆڤانەیە: ئەنجام دانی کارێک تەنها لە بەر چێژ و جوانی. هەوڵ و کۆشش و ماوەیەکی زۆر پرۆڤە و رێک و پێک بوون پێویستە بۆ ئەوەی ببی بە پیانیست و سەماکار، بیر لەوە بکەنەوە، چەند دەبێ ئازار بچێژێ! چەن کارێکی تاقەت پڕووکێن! چەندە دەبێ لە خۆ بردوو بیت بۆ ئەو کارەی بە تەواوی و وەها شکۆدار.... بێ کەڵکە! هەرچەند چیرۆک تا رادەیەک جیاوازە لە هونەرەکانی تر. ئامرازی پێوەندی گرتنی چیرۆک زمانەو زمان خاڵی هاوبەشی ئێمەیە گەڵ یەکتر. بە واتایەکی تر هەموومان بە شێوەیەکی هاوبەش زمان بە کار دەهێنین. لە گەڵ ئەوەی فێر قسە کردن دەبین، تینووی ئەوەین چیرۆک ببیستین . ئەوانەی منداڵی خۆیان لە بیرە، دەزانن بە چ حەز و خۆشییەکەوە گوێیان ئەدایە چیرۆکی بەر لە خەو. ئەو کاتەی دایک یان باوکمان دەهاتنە ناو ژووری نیوە تاریکمان، لە تەنیشتمان دادەنیشتن و حیکایەتی پەرییەکانیان بۆ دەگێڕاینەوە.


پاوڵ ئاستێر

ئێمە کە باوک و دایکین، نیگای پڕ لە حەزی منداڵەکانمان لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا دێنینەوە یاد. بە راست بۆچی منالان ئەوەندە حەزیان لە بیستنە؟ حیکایەتی پەرییەکان، بە زۆری توندووتیژئامێز و وەحشیانەیە، دیمەنی سەر بڕین، مرۆڤ خواردن، گۆڕانی شکڵ و شێوەکان بە شێوەیەکی سەیر بە وێنا دەکێشێ. رەنگە لاتان وا بێت ئەم چەشنە چیرۆکانە بۆ منالێک بچووک زۆر ترسێنەرە، بەڵام ئەو شتەی منالەکان بە بیستنی ئەم چیرۆکانە ئەزموونی دەکەن ئەوەیە راست بە ترس و ئازارە دەروونییەکانەوە، خۆیان لە ژینگەیەکی پارێزراو و بێ مەترسیدا دەبیننەوە. راست پەڕجووی چیرۆک لێرەدایە، چیرۆکەکان دەمانبەنە قووڵایی جەهەنەم، بەڵام لە کۆتاییدا بێ مەترسین.


تەمەنمان دەڕواتە سەر، بەڵام ناگۆڕدرێین. ئاڵۆزتر دەبین، بەڵام لەم بنەمایەدا وەک خود (Ego) ە گەنجەکەمان دەچین، خوزایاری بیستنی چیرۆکەکانی دواتر و دواتر و دواترین. ساڵانێکی زۆرە لە رۆژئاوا، وتار دوای وتار لە پرسەی ئەم راستییەدا، کە ژمارەی کتێب خوێنەکان کەم و کەمتر دەبێتەوە، ئێمە پێمان ناوەتە ناو سەردەمێک کە هەندێ پێی دەڵێن "سەردەمی پاش هەڵکەوتەیی"، بڵاو دەبێتەوە. رەنگە لە خۆڕا نییە وا دەڵێن، بەڵام ئەم راستییە هیچ شتێک لە حەز و خولیای جیهانی بۆ چیرۆک کەم ناکاتەوە.

بە هەموو ئەمانەوە، تەنها رۆمان نییە کە سەرچاوەی چیرۆک بێژییە. فیلم و تەلەفیزیۆن و تەنانەت چیرۆکە وێنەدارەکان، تا دڵت بخوازێ گێڕانەوەی چیرۆکییان هەیە و خەڵکیش بەردەوام بە حەزەوە قووتیان دەدەن. هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مرۆڤ پێویستی بە چیرۆکە، خەڵک بە هەمان رادە پێویستیان بە خواردنە، پێویستیان بە چیرۆکەو وێنا کردنی ژیان بێ چیرۆک، بە هەر شێوەو ستایلێک،_ چ لە سەر کاغەز بێت یان شاشەی تەلەفیزیۆن_ دژوارە.

بەمەشەوە، ئەو کاتەی باس لە دۆخ و داهاتووی رۆمان دەکرێ، من گەشبینانە لێی دەڕوانم. لەو شوێنەی پرسی کتێبە دێتە گۆڕێ، ژمارە و تیراژ هیچ گرینگییەکی نییە، لە بەر ئەوەی تەنیا خوێنەرێک بوونی هەیە و بەس. هەموو جارێ تەنیا خوێنەرێ. هێزی تایبەتی رۆمان و ئەوەی بۆچی- بە بۆچوونی من- رۆمان ستایلێکی هەمیشەییە و لە ناو ناچێت، هەر لەم شتەوە سەرچاوە دەگرێ. هەموو رۆمانێک هاریکاری یەکسانی نێوان نووسەر و خوێنەرو تەنیا لە شوێنێک لە جیهاندا، دوو کەسی نەناسراو، بەو پەڕی هەست بە لێک نزیک بوونەوە رووبەڕووی یەک دەبنەوە. ژیانی من بە وتووێژ لە گەڵ ئەو خەڵکاندا تێپەڕییوە کە هیچکات نەمدیون و هیچکاتیش نایانناسم ، هیوادارم تا ئەو رۆژەی زیندووم ، درێژەی هەبێت. ئەمە تەنها پیشەیەکە هەموو دەم خوازیاری بووم.

# وتووێژ لەگەڵ کەیخوسرەو پوور نازری

## ئاوازەکانی مۆسیقای تەنبوور سەر بە مۆسیقای کوردی نییە



موحسین زەوری
و: ئەنوەر عەبدوڵڵا

**بەشی سێهەم و کۆتایی**

**دەستوور:** دەکرێ هۆکاری ئاشنایەتیتان لەگەڵ ئامێری تەنبوور باسبکەن؟

**کەیخوسرەو:** جارێکیان لەگەڵ باوکم لەماڵی هاورێیەکی ئەو بووین بەناوی خراباتی کە پیاوێکی عارفو گەورە بوو، پەیوەندی هەبوو لەگەڵ ئەو کەسانەی ئامێری تەنبووریان دەژنی. تەنبوور ئامێرێکی مەعنەویو عیرفانیو ئایینی "یارسانەکان"ە کەنیشتەجێی پارێزگای کرماشانن، ئەو عەشیرەتە لەحەوسەد بۆ هەشتسەد ساڵ لەمەوپێش ئەم ئامێرەیان وەک ئامێری ئایینی خۆیان هەڵبژاردووە. شانسێکی گەورەی نەوەکانی ئێمە ئەوە بووە کە ئەم تایفەیە کارەکانی تەنبووریان بەشێوەی وتنەوەی پشاوپشت گواستووەتەوە بۆ نەوەکانی دیکە، هەڵبەت سەرجەم کارناسانو مۆسیقاژەنان لەسەر ئەوە کۆکن کە مۆسیقای تەنبوور مۆسیقایەکی "کەونارایی"ە، من ناوی ئەم ئامێرەشم نەدەزانی، من تارو سێتارم دەژنیو کاتێک ئەم ئامێرەم لەماڵی خراباتی چاوپێکەوت زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بەهۆیئەوەی کە بینیم لەتار بچوکترەو لەسێتاریش گەورەتر، پرسیاری ناوەکەیم لێکردنو لەوەڵامدا وتیان "تەنبوور"ی ناوە، ئەو کاتە لەشوێنێک بەناوی"ماڵی کلتوری" کرماشان چالاکی مۆسیقاییم دەکرد، ژەنیارێکی ناوچەی خۆمان بەناوی "غولام زندە دل" هات بۆ ئەو شوێنەو تەنبووری ژەنیو لەهەمان کاتدا ئاوازیشی خوێند، زۆر کارەکەیم بەدڵبوو، من بەتەواوی شەیدای ئەو دەنگو ئاوازە بووم، کە کەوتینە قسەکردن وتی، من قوتابی "دەروێش خان" بوومو مەدالیای تەوری زێڕینم بەدەستهێناوە، بەڵام دەروێش خان پێی وتووم، ئەو ئامێرەی دەیژەنی بۆ تۆ تەواوە، دەتەوێت تار بژەنی بۆچی؟ بەهەرحاڵ بۆ یەکەمین جار دەنگی ئاوازەکانی ئامێری تەنبوورم لەم مامۆستایەوە بیستو زۆریش شەیدای بووم، دواتر لەگەڵ بەرێزان "مورادیو نەمر عالی نەژاد" کە تەنبووریان دەژەند، یەکمان ناسیو ئەوانیش زۆر بەشێوەیەکی لێزانانە لەو کۆڕو کۆبوونەوانەی بۆخۆمانمان دەگرت تەنبووریان دەژەند. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە من دەستبکەم بەپرۆڤەی تەنبوورو ئاواز دانان بۆ ئەم ئامێرە.

**دەستوور:** هەموو ئەندامانی گروپەکە تەنبووریان دەژەند؟

**کەیخوسرەو:** نا، ئامێرەکانی دیکەشیان دەژەند، "کەیهانی کەلهوڕ" هەم سێتارو هەم چەلۆشی بەباشترین شێوە دەژەند، لاوێکی تەمەن "١٧ بۆ ١٨" ساڵ بوو، بەڵام زۆر لێهاتوو ئامێرەکەی دەژەند، "نەمر عالی نەژاد"یش سێتاری دەژەند، پاشان دەستیکرد بەژەنینی ئامێری تار، هەموومان بەزۆری دەستی ژەندنی یەک دوو ئامێرمان هەبوو، بەڵام ئامێری هاوبەشمان "تەنبوور" بوو.

**دەستوور:** مۆسیقای تەنبوور جۆرێکە لەمۆسیقای کوردی؟

**کەیخوسرەو:** واباشترە بڵێین زۆرتر مۆسیقایەکی کرماشانییە تا کوردی، چونکە بەشێکی دیکەی ناوچە کوردنشینەکان ئەم جۆرە مۆسیقایەیان نییەو ئەم مۆسیقایەش خودی تەنبوورەکەیە، ئەو مەقامانەی کە لەمۆسیقای تەنبووردا لێدەدرێن، لەمۆسیقای کوردیدا کەڵکی لێوەرناگرن. مۆسیقای کوردی بەزۆری لەسەر بنەمای مۆسیقای دەزگاکان بنیاتنراوە، ئەم قسەیەش کە من دەیکەم تەواو کامڵ نییە، مۆسیقای کوردی زۆر مۆسیقای دیکەی هەیە کە تەنبوور لەخۆناگرێت، مۆسیقای کوردی جۆری جیاوازی هەیە، بۆ نموونە مۆسیقای بێ ئامێرو بێڕیتمی هەیە، مۆسیقای ڕیتمێکی بێئامێری هەیە، مۆسیقای بەئامێری لۆکاڵی وەکو "شمشاڵ"ی هەیە، مۆسیقای بەئامێری "دەهۆڵو جووزەلە یان دۆنای" هەیەو لەسەرو ئەوانەش چەند مۆسیقایەکی دیکەی هەیە کە بەئامێری سوونەتیو لەسەر بنەمای دەزگاکانی مۆسیقا دەژەنرێت، ئەگەر تەنبوور بەبەشێک لە مۆسیقای کوردی بزانین، مۆسیقایەکی جیاوازە لەوانەی ناوم بردن. ئاوازەکانی مۆسیقای تەنبوور سەر بەمۆسیقای کوردی نییە، راستە هەندێک لەئاهەنگەکان هاوبەشییان پێوە دیارە، بەڵام خاڵی هاوبەشی دیکەیان نییە.

**دەستوور:** ئێوە لەکارە سەرەتاییەکانتاندا تەنها سووتتان لەمۆسیقای تەنبوور وەردەگرت؟

**کەیخوسرەو:** مۆسیقای تەنبوور لەگەڵ مۆسیقای دەزگایی، هەندێک خاڵی هاوبەشو ناهاوبەشیان پێکەوە هەیە، ئێمە کەڵمان لەوانە وەرگرتووە کە هاوبەشبووین پێکەوە، زمانی تەنبوور زمانێکی جیاوازە لەمۆسیقای دەزگاییی، کەسێک ئەگەر بیەوێ لەسەر ئامێری تەنبوور کار بکات، دەبێت زمانو کلتوری ئەم ئامێرە بەباشی بناسێنێت، تا بتوانێت لەکارەکانیدا زەوقی تاقی بکاتەوە،" مترب مهتاب رو"ش لەمۆسیقای تەنبووردا پێشکەشکراوە.

**دەستوور:** واتا لەئامێری تەنبووردابۆپێشکەشکردنیمۆسیقای دەزگایی کەڵک وەرگیراوە؟

**کەیخوسرەو:** نا، ئێمە کاری لەو جۆرە ناکەین، کۆمەڵێک پەردەی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو جۆرە مۆسیقایەدا هەیە، بۆنموونە پەردەیەکی وەکوو ئەسفەهان لەتەنبووردا هەیە، بەڵام کاتێک تەنبوور دەژەنین بەهیچ جۆرێک ئەسفەهان نییە، تەنبوور تاڕادەیەک توانای سێتارو تاری نییە.

**دەستوور:** بۆچی ماوەیەکە ناوی تەنبوورتان لەسەر گروپەکەتان لابردووە؟

**کەیخوسرەو:** بەهۆی ئەوەی کە ئێستا کاری سوونەتیو کاری کوردیو کاری تەنبووریش بەڕێوەدەبەین، ناوی تەنبووری شەمس تایبەت بوو بەکاری تەنبوور، بەشێوەیەکی تایبەت.

**دەستوور:** بەڵام هێشتا تەنبوور ئامێری سەرەکی گروپەکەتانە؟


**کەیخوسرەو:** بەڵێ، هێشتا عەشق بۆ تەنبوور لەناوماندا بەزیندوویی ماوەو ئەگەرچی لەپاڵیشیدا سەرقاڵی کاری مۆسیقای سونەتیین، ئەوە بەمانای ئەوەنییە کە ئێمە تەنبوورمان وەلانابێت، تەنبوور یەکێکە لەبەنرخترین دیارەکانی ژیانی خودی منە.

**دەستوور:** ئێوە یەکەمین "گروپ" بوون کارتان لەسەر شیعرەکانی مەولەوی کردووە، دەکرێت بپرسم بۆچی پێش ئێوە کەس خۆی لەو کارە هەڵنەقورتاندووە؟

**کەیخوسرەو:** مەولەوی شیعرەکانی زۆر بەهێزەو هەورازو نشێوی زۆری تێدایە، لەهەندێک گۆڕانی مۆسیقادا ئاسایی ناگونجێ. شیعرەکانی مەولەوی هەناوێکی ئاگرینیان لەخۆیاندا حەشارداوە کە مۆسیقای سونەتی ئێمە بەهۆی ئەوەی کەمێک ئارامترە، نەکئەوەی کە نەتوانێ، بەڵکو دەتوانێت بەشێوەیەکی خرۆشاویی وەڵامی بداتەوە، ئەم نموونانە پێش لەکارەکانی ئێمە کەمتر بەڕێوەچووەو ئێمەش زۆر خۆشحاڵینو جێگەی شانازییو سەربەرزیی ئێمەیە کە زۆرترین شیعرەکانیمان لەدیوانی مەزنی "شەمس" هەڵبژاردووە، شیعرەکانی مەولانا زۆر لەتەنبوورەوە نزیکن تەنبوور ئەو توانایەی هەیە کە لەگەڵ شیعرەکانی مەولەویدا خۆی هاوئاهەنگ بکاتو ببێتە تەواوکەری.

**دەستوور:** چیتان بەدەستەوەیە بۆ داهاتوو؟

**کەیخوسرەو:** کاری دواترمان، بڵاوکردنەوەی فیلمی کۆنسێرتی ڕێزلێنانە لەمەولانا، بڵاوکردنەوەی فیلمی "ئۆرکێسترای ئۆکراین"و بڵاوکردنەوەی کارێکی هاوبەشی "تەهمورسو بەرێز جەماڵی" کە تا دوو سێ مانگی داهاتوو بڵاو دەکرێنەوە.


کەیخوسرەو پوورنازری

# لەنیشتمانی خۆیاندا پەناهەندەن

## ئەو کوردانەی سەدام حوسێن ئاوارەی کردن، دوای ٣٥ ساڵ لەگەڕانەوە بۆ نیشتمانەکەیان، خۆزگە بەژیانی ئاوارەییان دەخوازن

**سەلام فەرمان لەخانەقین**

ئەو خێزانە کوردانەی لەسەدەمی سەدامدا ئاوارەی ئێران کران، دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق لەخانەقین لەخێمەدا ژیان بەسەردەبەن و خۆزگە بەژیانی ئاوارەیی دەخوازن.

بەرپرسانی ناوچەکە لەگەڵئەوەی دەڵێن ناتوانین هیچ شتێکیان بدەینێ، پێیانناخۆشە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش خزمەتگوزارییان پێشکەشبکەن.

دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٧٥دا سەدام حوسێن چەندین هەزار خێزانی کوردی دانیشتووی بەغداو مەندەلی و خانەقین و بەعقوبەی بەبیانووی پاشکۆیەتییان بۆ ئێران (تابعیین الایرانیون) گواستەوە بۆ سەرسنووری ئێران، وڵاتی ئێرانیش ئەو خێزانانەی وەک پەناهەندەی عێراقی جێکردەوەو شوێنی نیشتەجێبوون و کاری بۆ دابینکردن، هەروەک چۆن حکومەتی عێراقی پێناسی باری شارستانی پێنەدابوون، ئاوهاش حکومەتی ئێران پێناسی باری شارستانی بەو خێزانە کوردانە نەداو بەمەش لەزۆربەی مافەکانیان بێبەشبوون.

ساڵی ٢٠٠٩ وەفدێکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق سەردانی وڵاتی ئێران دەکەن و داوادەکەن ئێران بەشێک لەو خێزانە کوردانە بنێرێتەوە بۆ عێراق و بەڵێنیش دەدەن شوێنی نیشتەجێبوون و کارو ناسنامەی عێراقیان پێبدەن و بۆیان دابینبکەن، دواتر لەسەرەتای ساڵی ڕابردوودا ٩٠ خێزان لەو خێزانە کوردانە لەلایەن ئێرانەوە گەڕێنرانەوە بۆ عێراق.

ئەو خێزانانە ئێستا لەگەڕەکێکی نیمچە ئاوەدانی خانەقین (گەڕەکی بەختیاری) نیشتەجێکراون، جگە لەخێمەو کەلوپەلی نووستن و سۆپا کە ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی پێشکەشیکردوون، هیچ خزمەتگوزارییەکیان بۆ نەکراوەو منداڵەکانیشیان لەخوێندن بێبەشن.

ئاوو کارەباو فۆڕمی خۆراکو موچەو نەخۆشخانەیان نییە، بێکارن، شەقام و شۆستەو پارکو خوێندنگەیان نییە، بەرپرسانی ئیداری خانەقینیش دەڵێن "ئێمە ناتوانین هیچ هاوکارییەکی ئەم خێزانانە بکەین، بگرە کێشەش بۆ ئێمە دروستدەکەن".

سەلاح محەمەد حەسەن بەخێوکەری یەکێک لەو خێزانانەیەو خاوەنی ٩ سەرخێزانە، باس لەنیگەرانی خۆی و خێزانەکەی دەکات و ئاماژەی بەوەدا: تەنها لەبەرئەوەی کوردبوون و بەبیانووی ئەوەی ناوەکانیان ناوی ئێرانییە بەبێ ناسنامە سەدام لەساڵی ١٩٧٥ لەوڵات دەریکردن.

هەرچەندە دوای دەرکردنیان ئێران شوێنی نیشتەجێبوون و کاری بۆ دابینکردن، "بەڵام نەمنداڵەکانمان مافی خوێندنیان هەبوو، نەناسنامەشیان بۆ کردین" سەلاح وای وت.

سەلاح وتی "حکومەتی عێراق نەک پێشوازیان لێنەکردین، بەڵکو هەر خۆیشیان بەخاوەنمان نازانن، تەنانەت یەک خێمەشیان پێنەداین".

سەلاح داوادەکات حکومەتی عێراق لانیکەم هەروەک حکومەتی ئێران کەبێگانەش بوون لەوێ، شوێنی نیشتەجێبوون و کاریان بۆ دابینبکەن.

مەهدی جومعە محەمەد خاوەنی ٦ سەرخێزانە، بەدەم گریانەوە وتی "هیچیان بۆ نەکردین، بێکارو بێخانوو بێموچەو ناسنامەو کۆبوونی خۆراکو نەخۆشخانەو خوێندنگا لەم دەشتە چۆڵە فڕێیان داوین و نانی شەومان نییە بیخۆین".

هەروەها وتی "دەبێت ئێمە گوناهمان چی بێت، بەمشێوەیە بەبێکەس و بێپشت و پەنا ئاوارەو دەربەدەر بووین؟!".

فاتیمە وەهاب حەسەن دایکی ٥ منداڵەو بەدەستووری وت "ئەم زستانە چەند باران باریوە بەسەر ئێمەدا باریوە، چەندین شەو لەناو قوڕاوی ئەم زستانەدا خەومان لێکەوتووە".

فاتیمە ئاواتەخوازە هەرچۆنێک بێت بیانگەڕێننەوە بۆ دۆخی جارانیان، پێشئەوەی لەئێران بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

چەند خێزانێک لەو خێزانانە تەنانەت خێمەشیان پێنەدراوە، ئەحمەد فەرەج خاوەنی ٩ سەرخێزانە، لەکەلاوەی ژووری بیرێکی ئیرتیوازی نزیک گەڕەکی بەختیاری ژیان بەسەردەبەن وتی "داواکارین خێمەیەکمان بدەنێ بۆئەوەی بیدەین بەسەر سەقفی بیرەکەدا، چونکە بەلێزمە ئاوی لێ دێتە خوارەوە".

د.سابیر جیهانگیر ئەندامی خاچی سووری نێودەوڵەتی لەگەرمیان کەدانیشتووی خانەقینە، ڕاگەیاند "زیاد لە٨٠ خێمەو ٩٠ سۆپاو ٩٠ پێخەفی خەوتن و بڕێک خۆراکو پێداویستی چێشتلێنانمان پێشکەش بەوخێزانە ئاوارە کوردانە کرد، ئیتر ئەوەی تری لەسەر حکومەتە شوێنی نیشتەجێبوون و کارو ناسنامەو کۆبوونی خۆراکیان بۆ دابینبکات و خزمەتگوزاری زیاتریان پێشکەشبکات".

سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقین دەڵێت "هیچ پارەیەک لەبەردەستماندا نییە بۆ ئەو ئاوارانەی سەرف بکەین، جگەلەوەش ئەم خێزانانە خەڵکی خانەقین نین، بەڵکو کوردی خەڵکی مەندەلین ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مەندەلی سوودی بۆ کورد دەبێت لەبەرئەوەی ئێستا مەندەلی ڕێژەیەکی کەم کوردی تێدا ماوەو ڕێژەی عەرەب لەهەڵکشاندایە".

سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقین سەرەڕای پشتگوێخستنی ئەو ماڵە ئاوارانە، دەڵێت "ئەو خێزانانە کێشە بۆ ئێمەش دروستدەکەن، چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێت یان کێشەی خزمەتگوزاری بێت یان جینائی".

سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقین پێی باش نییە خاچی سووری نێودەوڵەتی خێمەی بەو ئاوارانە داوە، "ئەوان تازە لەشارەکەی ئێمە نیشتەجێبوون، ئەوە کێشەیە بۆمان".

> لانیکەم هەروەک حکومەتی ئێران کە بێگانەش بووین، شوێنی نیشتەجێبوون و کارمان بۆ دابینبکەن



لەئاوارەیی خانوو کار، لەنیشتمان خێمەو بێکار. فۆتۆگراف: سەلام عەبدوڵڵا

# ٧٥٠ منداڵ و ١١ خێزان لەباخچەیەکی ساوایاندان

## ئەو خێزانانەی باخچەکەیان داگیرکردووە دەڵێن تاوەکو قەرەبوونەکرێینەوە چۆڵی ناکەین

**کانی کەمال لەکەرکوک**

باخچەیەکی ساوایان لەلایەن ١١ خێزانەوە داگیردەکرێت و پارێزگای کەرکوکیش ماوەی ١٥ڕۆژی بۆدیاریکردوون تاوەکو چۆڵی بکەن، ئەو خێزانانەش داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی یۆنامی لەکەرکوک ٣٣ فەرمانگەی حکومی لەلایەن خەڵکییەوە داگیرکراوە، گفتوگۆ لەنێوان تیمی یۆنامی و حکومەتی بەغداو پارێزگای کەرکوک بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

باخچەی ساوایانی هەڵاڵە لەپاش پرۆسەی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ عێراق، بەشێکی زۆری لەلایەن ١١ خێزانەوە داگیرکراوە.

بەپێی وتەی ئەو خێزانانە هەریەک لەو خانووانە بە١٠ تا ١٥ ملیۆن دینار کڕیویانە، باخچەی ساوایانی هەڵاڵە نزیکەی شەش ساڵە ٧٥٠ منداڵی لەخۆگرتووە، بەهۆی داگیرکردنی ئەو بەشەزۆرەیەوە بەیانیان و ئێواران دەوامی تێدا دەکرێت، ئەمەش بۆتە جێگەی نیگەرانی بەڕێوەبەری باخچەکەو منداڵەکان.

بەر لەچەند ڕۆژێک لەلایەن پارێزگای کەرکوکەوە ئاگاداری ئەو خێزانانە کراوەتەوە بۆ چۆڵکردنی، بەپێی ئەو بڕیارەی لەلایەن "نوری مالیکی"یەوە دەرچووە، دەبێ ئەو ماڵانەی فەرمانگەی حکومییان داگیرکردووە چ بەکڕین و چ بەخۆڕایی، دەبێ چۆڵیبکەن پاش ١٥ ڕۆژ لەدەرچوونی بڕیارەکە.

بێخاڵ فەوزی بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانی هەڵاڵە ئاماژەی بەوەدا بەرلەساڵی ٢٠٠٣ ئەو باخچەیە بنکەیەکی حیزبی بووە، کەسی تیانەماوەو کەسانێک داگیریانکردووەو بەو ماڵانەی فرۆشتووەتەوە.

بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانی هەڵاڵە زۆر نیگەرانبوو لەوبارودۆخەی چەند ساڵێکە بۆیان چارەسەر ناکرێت، وتی "لەسەرەتاوە ئاگادارمان کردنەوە، بەڵام بێسود بوو، ئەوەبوو سکاڵامان بەرزکردەوە بۆ پۆلیسی ڕەحیماواو دادگای کەرکوکو هێزی هاوپەیمانان، بەڵام هەر بێسوودبوو، ئەمان داوای قەرەبوودەکەنەوە کە کاتی خۆی لەخەڵکانێک کڕیویانە بەپارەیەکی زۆر".

ئاوی ئەو ماڵانە ڕاستەوخۆ دێتە ناو باخچەکەوەو کاریگەری کردووەتە سەر ژینگەی باخچەکەو تەندروستی منداڵانیش، وەک بەڕێوەبەری باخچەکە ئاماژەی پێدا لەهاتنەناوەوەی ئاوو ئاوەڕۆی ئەو ماڵانە بۆناو باخچەکە هانایان بۆ حیزبەکان برد، "بەڵام نەک هەر ئاوڕیان لێنەداینەوە، بەڵکو موحاسەبەی منیان کردو وتیان ئەمانە ئاوارەن بۆ سکاڵات لێکردوون، لەکاتێکدا بەبەڵگەوە پێیانم وت ئەمانە ئاوارە نین،




ئاوو ئاوەڕۆی ئەو ماڵانە دەچێتە ناو باخچەی ساوایانەکەوە. فۆتۆگراف: کانی کەمال

بەڵکو خانووی خۆیان هەیە لەتەنیشت باخچەکە".

ئەو یانزە ماڵە نکۆڵیان لەوە نەدەکرد کەئەو خانووانەیان بەشێوەیەکی نایاسایی کڕیوەو نەتاپۆیەو نەلەجێگەیەکی ئاساییە، بەڵام داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن لەبەرئەوەی دەڵێن "ئێمە کڕیومانە".

لەیلا ئەحمەد یەکێکە لەنیشتەجێی ئەو خانووە نایاساییانەی نێو باخچەکە، وتی "ئێمەش پێمانخۆش نییە لێرە دانیشتووین و هەر جارەو لایەنێک دێتە سەرمان بۆ دەرکردنمان، ئێمە بەپارە ئەم شوێنەمان کڕیوە، دەبێ یاسا تەداخول بکات و قەرەبووبکرێینەوە".

بەپێی قسەکانی ئەو خێزانانە پارێزگای کەرکوک ئامادەیی دەربڕیوە هەرخێزانێک ٥ ملیۆن دیناریان پێبدات لەبەرامبەر چۆڵکردنی باخچەکەدا، بەڵام ڕازینەبوون.

قاسم محەمەد ئەمین دانیشتووی یەکێک لەو خانووانەیە وتی "من بە١٥ ملیۆن ئەم خانووەم کڕیوە، با پارێزگای کەرکوک قەرەبوومانبکاتەوە تاوەکو دەربچین و ئێمەش لەم حاڵەتە ناشایستەیە ڕزگارمان بێت".

کوردستان ئەحمەد سەرپەرشتیاری باخچەکانی ساوایان لەپەروەردەی کەرکوک وتی "ئەوەی من ئاگاداربم بەر لەکابینەکەی مالکیش بڕیارێکی لەوجۆرە دەرچوو، بەڵام بێسوودبوو، پێموایە ئەو بڕیارەش بەدەردی ئەوەی پێشوو دەچێ، تەنها لەدەسەڵاتی ئێمە ئەوەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی کەرکوکو خوێندنی کوردی هەماهەنگ بین بۆ هاندانی ئەم ماڵانە بۆ چۆڵکردنی بەڕێگەیەکی ئاشتیانەو یاسایی".

بەڕێوەبەری باخچەکە ئەوەشی وت: حکومەتی بەغدا بەرپرسی یەکەمە لەچارەسەرنەکردنی ئەم دۆخە، لەبەرئەوەی ئەو کێشەیە تەنها بەپارە چارەسەر دەکرێت.

# "پێویستە ٣٠٪ی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی خورماتوو هەڵبوەشێنرێتەوە"

## قایمقامی قەزای دوزخورماتوو بۆ دەستوور

زانیار داقوقی لەکەرکوک

شەلال عەبدول قایمقامی قەزای دوزخورماتوو ئاماژە بەوەدەکات کە لە٩٥٪ی ئاوی خورماتوو مەرجی تەندروستی نییە، بۆیە بیریان لەوە کردووەتەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سەلاحەدین‌و ئاوی دوزخورماتوو چەند بیرێکی ئاو هەڵبکەنن، تاکو ئاوی خواردنەوە لەو بیرانە دابینبکەن.

شەلال عەبدول لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا دەڵێت "زۆربەی گوندەکانی سەر بەقەزای خورماتوو تائێستا نەگەڕاونەتەوە، چونکە تائێستا هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری پێویستیان بۆ نەکراوە".

**دەستوور:** تائێستا ئاوارە کوردەکانی دوزخورماتوو لەقەرەبووی مادەی ١٤٠ بێبەشکراون؟

**شەلال عەبدول:** کۆمەڵێکی زۆر لەئاوارەکان قەرەبووکراونەتەوەو بەشێکی ئاوارە بەهۆی یەک فۆرمەوە لەو قەرەبووە بێبەشکراون ئەو ئاوارانەی کەقەرەبوو نایانگرێتەوە رێژەیەکی بەرچاون.

**دەستوور:** قەزای خورماتوو چەند گوندێکی ئاوارەنشین لەخۆدەگرێت، تاچەند ئەو خێزانە ئاوارانە گەڕاونەتەوە؟

**شەلال عەبدول:** رێژەی گوندە رووخاوەکانی ئەو قەزایە ١٦٥ گوندە، زۆربەی ئەو خێزانانە نەگەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان، بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە تائێستا هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری پێویستیان بۆ نەکراوە.

**دەستوور:** قەزای خورماتوو چەند ناحیەی لەسەرە، دوو ناحیەی رووخاو هەیە تائێستا نەگەڕاونەتەوە سەر قەزای خورماتوو؟

**شەلال عەبدول:** قەزای خورماتوو پێکهاتوە لە (٤) ناحیە، بەڵام دوو ناحیەی وەک نەوجول‌و قادرکەرەم دوای روخاندنیان تائێستا نەگەڕاونەتەوە، قادرکەرەمی خراوەتەسەر قەزای چەمچەماڵ، ناحیەی نەوجوڵیش ئاوەداننەکراوەتەوە.

**دەستوور:** قەزای خورماتوو بەدەست نەبوونی ئاوی خواردنەوە دەناڵێنن تاچەند چارەسەرکراوە؟

**شەلال عەبدول:** زۆرێک لەقەزاکە کێشەی ئاوی چارەسەرکراوە، بەڵام بەشێکی هاووڵاتیان ئاوی خواردنەوەیان لەپڕۆژەکەی کەرکوک ئاویان پێدەگات، هیچ مەرجی تەندروستی تەواوی تێدا نییە، بەڵکو لە٩٥٪ ئاوی خورماتوو مەرجی تەندروستی نیە، بەڵام هەوڵی ئەوەمان داوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سەلاحەدین‌و ئاوی دووزخورماتوو، چەند بیرێکی ئاو هەڵکەنین تاکو ئاوی خواردنەوە لەو بیرانە دابینبکەین.

**دەستوور:** زۆربەی هاووڵاتیان گلەیی لەنەبوونی پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ قەزاکەیان دەکەن، ئێوە دەڵێن چی؟

**شەلال عەبدول:** زۆر پڕۆژەی خومەتگوزاری بۆ قەزای خورماتوو کراوە، بەڵام زۆربەی ئەو پڕۆژانە بەهۆی نەبوونی پلانەوە سەرکەوتوو نەبوون‌و پێویستیان بەهەڵوەشاندنەوە هەیە، دەتوانم بڵێم لە٣٠٪ی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی ئەو شارۆچکەیە پێویستی بەدووبارەکردنەوە هەیە.



شەلال عەبدول

**دەستوور:** تاچەند ئێوە بەڵێندەر یان فەرمانگەو دەزگا حکومیەکانتان بەهۆی خراپی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەوە سزاداوە وەک خۆت ئاماژەت پێدا؟

**شەلال عەبدول:** تائێستا بەهۆی سەقەتکردنی ئەو پڕۆژانەوە ئەنجومەنی قەزاکەوە، بەشێک لەکارگەو کۆمپانیاو بەڵێندەری خستۆتە لیستی رەشەوە.

**دەستوور:** نزیکەی ٣٠٠ مولیدەی ئەهلی لەقەزاکە هەیە لە٧٥٪ی بەشەگازەکانیان کەمکراوەتەوە، هۆکار چییە؟

**شەلال عەبدول:** بەهۆی کەمبوونی بەشە گازی مولیدەو گرانی نرخی ئەمپێری کارەبا لەقەزاکەمان لە١٠٠٪ هاووڵاتیانی قەزاکە گلەییان هەیە، لەلایەن ئێمەوە لیژنەیەکمان پێکهێناوە بەمەبەستی زیادکردنی بەشە گازی مولیدە ئەهلییەکان، هەوڵی ئەوەمان داوە نرخی ئەمپێری مولیدە کەمبکەینەوە، چونکە تەنها لەوقەزایە ئەمپێری مولیدە ١٠ هەزار دینارە.

قەزای دوزخورماتوو یەکێکە لەناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان‌و دەکەوێتە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ەوە، بەڵام زۆرێک لەئاوارە کوردەکان لەقەرەبووکردنەوەی مادەکە بێبەشکراون‌و قایمقامی قەزای دوزخورماتوو ئاماژەی بەوەدا: تائێستا لە٥٠٪ی خەڵکی ئەو گوندانەی دەکەونە چوارچێوەی قەزای خورماتووەوە نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.

> زۆربەی ئەو خێزانانەی خەڵکی گوندەکانن نەگەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەتەوە

# ئاگرێك بكەوێتەوە هەموو خدران دەسوتێت!

## دانیشتوانی ناحیەی خدران بەهۆی نەبوونی فەرمانگە حکومییەکانەوە رووبەڕووی کێشە بوونەتەوە

هاوژین محەمەد لەچوارقوڕنە

ماوەی ١٠ ساڵە خدران بووەتە ناحیە، بەڵام تائێستا چەندین فەرمانگەی حکومی تێدا نییە، بەرپرسانی ئیداری ناوچەکەش هۆکارەکەی بۆ کەمی بودجەو کەسە ئیدارییەکانی پێش خۆیان دەگێڕنەوە.

ناحیەی خدران لەساڵی ٢٠٠٠ەوە کراوە بەناحیەو ٢٣ گوندی سنوورەکەشی خراوەتەسەر، تەنها پێنج فەرمانگەی هەیەو دانیشتوانی ناحیەکە بۆ کارە رۆژانەییەکانیان دەبێت سەردانی ناحیەی خەلەکان یان قەزای دووکان بکەن، وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن ئەمەش کێشەو گرفتی زۆری بۆ دروستکردوون.

ناحیەی خدران تەنها فەرمانگەکانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیە، پۆلیسی مەدەنی، پۆلیسی دارستان، ئاو، شارەوانی تێدایەو تائێستا فەرمانگەکانی رەگەزنامە، هاتوچۆ، ئاگرکوژێنەوە، ئاسایش، لقی کشتوکاڵی، فەرمانگەی تاپۆ، بەداله)ی تێدا نییە.

خەڵکی ناحیەکە تووڕەن، گلەیی‌و رەخنە ئاراستەی بەرپرسانی ناحیەکە دەکەن، تادێت رێژەی کۆچی گوندنشینەکان بەهۆی کەمی پڕۆژەی خزمەتگوزارییەوە لەوناوچەیە زیاتر دەبێت، دانیشتووانەکەی دەڵێن دوورنییە مانگرتن‌و خۆپیشاندان دەستپێبکەن.

مستەفا عەلی قادر دانیشتووی ناحیەی خدران تەمەن ٣٥ ساڵ وتی "تائێستا بۆ ئیشوکاری نفوس دەبێ بچین بۆ ناحیەی خەلەکان، یان قەزای دووکان ئەوەش مەسرەفێکی زۆری بۆ هاووڵاتیانی ناحیەکە دروستکردووە".

مستەفا ئاماژە بەوەدەکات کەیاریگایەکیان بۆ گەنجان‌و یاریزانان دروستکردووە، بەڵام تەنها ناوی یاریگایە دەنا لەراستیدا مەلەوانگەیە، "لەهەمانکاتدا مزگەوتمان هەیە هیچ کارمەندێکی بۆ دانەمەزرێنراوە، مەڵبەندی تەندروستیمان هەیە تەنها یەک دکتۆری هەیە، بەهەموو بناری کۆسرەت ئەوە بەشی هەمووی دەکات؟".

دانیشتووانی گوندەکانی سەر بەناحیەی خدران گلەیی لەکەمی خزمەتگوزارییەکان دەکەن‌و بەوهۆیەشەوە بەشێک لەگوندەکان چۆڵکراوە، یان چەند خێزانێکی کەمی تێدا ماوە.



بەڕێوەبەری ناحیەی خدران نەکردنەوەی فەرمانگە حکومییەکان دەخاتە ئەستۆی بەرپرسەکانی پێشخۆی. فۆتۆگراف: هاوژین

حەسەن عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی مێوژە، ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی دوورخستنەوەی رێگاکەیان زیانی زۆری بۆ ئەوان هەبووەو وتی "ئێستا ئەگەر باران بباریێ ئەو مامۆستایانەی لەگوندەکەی ئێمە وانە دەڵێنەوە دەبێ بچنەوە گوندی باسەرێ، لەپاشدا بگەڕێنەوە، ئەگەرنا لەبەر قوڕو چڵپاو دەرناچن".

مام حەسەن باسی لەوەکرد مزگەوت‌و قوتابخانەو نەخۆشخانەیان نییە، ئەوەش بەهۆکارێکی چۆڵبوونی گوندەکان دەزانێت.

ئەو وتی "من کوڕەکەم لەبەرئەوەی سێ منداڵی لەخوێندنگە بووەو لێرە خوێندنگە نەبوو، بۆیە ناچاربووە لادێ بەجێبهێڵێ".

حەوێز محەمەد خەڵکی گوندی ئالیقەی سەروو ٤٢ ساڵ، وتی "پڕۆژەی ئاویان بۆ کردوین، بەڵام ئەویش بەرەو وشکانی دەڕوات، نەخۆشخانەمان هەیە، بەڵام دەوام تەنها تا کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆیە، ئەگەر کەسێ تووشی کارەساتێ بێ، وەک مارێ یان دوپشکەیەک بەکەسێکەوە بدات، ئەوا یان دەمرێ یان دەبێ بیگەیەنینە چوارقوڕنە یان رانیە".

حەوێز ئاماژەی بەوەکرد: خراپی رێگاوبانەکان، نەبوونی ئاو، نەبوونی قوتابخانەو نەخۆشخانەی پێویست، خراپی ژیانی جوتیاران هۆکاری چۆڵکردنی گوندەکانن.

حەوێز وتی "ماوەی سێ ساڵە تەماتەی خۆمم نەخواردووە".

> تائێستا بۆ ئیشوکاری نفوس دەبێ بچین بۆ ناحیەی خەلەکان

ئەو گوندانەی بەرەوچۆڵبوون رۆیشتوون (بنگەردان، شیوەشان، ئالیقەی خواروو، کەلکان، کانی سپیان)ە.

مەولود حەمەد ئەحمەد سەرۆکی شارەوانی خدران نەبوونی ژمارەیەک فەرمانگە لەناحیەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ "کەمی بودجە"، وەک دەزانن بودجە بەپێی ژمارەی دانیشتووانە، ئێمە ژمارەی دانیشتووانمان کەمە.

سەبارەت بەگلەیی گوندەکان سەرۆکی شارەوانی خدران وتی "ئەوەی گلەییمان لێدەکات ئەوە قبوڵمانە بەهەند وەریدەگرین، بەڵام بودجەمان کەمە".

مەولود حەمەد ئاماژەی بەوەدا: کێشەی گەورەی ئەوان نەبوونی فەرمانبەرە.

سەرۆکی شارەوانی خدران خەڵکی ناحیەکەی دڵنیاکردەوە کەکۆنکرێتی شەقامەکانیان خستووەتە بەرنامەوەو وتی "دراویشە بەتەندەر بۆئەوەی جێبەجێبکرێت".

بەڕێوەبەری ناحیەی خدران پێیوایە کەمی پڕۆژە لەناحیەکەدا بۆ ئەو بەرپرسانە دەگەڕێتەوە کەپێشتر ناحیەکەیان بەڕێوەبردووە.

حاکم ساڵح کلێسەیی بەڕێوەبەری ناحیەی خدران ئاماژەی بەوەدا: چەند ساڵە خدران ناحیەیە، بەڵام پڕۆژەی کەمی بۆ کراوەو وتی "ئەو برا بەڕێزانەی پێش من لێرەبوون لەشوێنی دوورەوە هاتوون بەدواداچونیان بۆ ئیش کارەکان نەکردووە، کەمتەرخەمی پێوەدیاربووە، ئەوەش وایکردووە کەموکوڕی هەبێ".

بەڕێوەبەری ناحیەی خدران وتی "بەڕێوەبەری ناحیە نوێنەری حکومەتە، بۆیە دەبێت بەدواداچوون بۆ کردنەوەی فەرمانگەکان بکات، ئەگەرنا ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی نایەت ئەوەمان بۆ بکات".

بەرپرسانی ناحیەی خدران مژدەی ئەوەیان بەهاووڵاتیانی ناحیەکەو گوندەکانی دەوروبەریدا کە لەهەوڵدان لەماوەیەکی نزیکدا هەریەکە لەهۆبەی کشتوکاڵی‌و فەرمانگەی باری شارستانی بەتەواوی ستافی ئیدارییەوە بکرێتەوە.

حاکم ساڵح وتی "رەزامەندیمان بۆ هێزەکانی ئاسایش وەرگرتووە، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، هەروەها بانکی زانیاریش رەزامەندی وەرگیراوە، بۆ فەرمانگەکانی تریش نووسراومان کردووە، بەڵام ئەوانیش تا رەزامەندی دێتەوە کاتی دەوێ".

www.arsivakurd.org

# بڕیارێکی پەروەردەی سلێمانی مامۆستایان تووڕەدەکات

## پێویستە مامۆستایان چوار کاتژمێر لەقوتابخانەکاندا بمێننەوەو وەزارەتیش ئاگاداری بڕیارەکە نییە



مامۆستایان دەڵێن مانەوەمان بەبێ وانەوتنەوە "بەهەدەردانی کاتە". فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد

سەنگەر تاوگۆزی لەسلێمانی

بڕیارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، داوا لەسەرجەم مامۆستایانی سنووری پارێزگای سلێمانی دەکات کە دەبێت لەناو قوتابخانە نەچنە دەرەوە تاکۆتایی دەوامی ڕەسمی، هەرچەندە وانەشیان نەبێت، وەزارەتی پەروەردەش بێئاگایی خۆی لەدەرکردنی ئەو بڕیارە ڕادەگەیەنێت.

بەپێی بڕیارەکەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی پێویستە مامۆستایان چوار کاتژمێری تەواو لەناو قوتابخانەکانیاندا بمێننەوەو سوود لەکاتی مانەوەیان وەربگرن.

پەخشان عەبدولقادر مامۆستای قوتابخانەی گەلی بنەڕەتی لەسلێمانی، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: ئەو بڕیارە دژی بەرژەوەندیو خواستەکانی مامۆستایانەو دەبێتە هۆی "زیادکرنو قورسکردنی ئەرکی مامۆستا".

مامۆستایان ناڕازین لەدەرکردنی ئەو بڕیارەو پێیانوایە کاتی مامۆستایان بەهەدەردەرواو بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانیش دەڵێت: بۆ سوودبینینی مامۆستایانە بۆ زیاتر تێکەڵبوونیان بەکێشەو گرفتو داخوازییەکانی قوتابیان.

مامۆستا پەخشان ڕوونیکردەوە: ئەم بڕیارە هیچ ئامانجێکی لەپشتەوە نییە جگە لەبەهەدەردانی کاتی مامۆستایان.

ئەو وتی "مانەوە لەقوتابخانە ئەگەر وانەت نەبێت کێشەیە، چونکە مامۆستا ئەو کاتانەی لەئیدارەی خوێندنگادا دەمێنێتەوەو وانەی نییەو هەر خەریکی قسەو قسەلۆکەو بەشتی بێماناوە خۆی خەریک دەکات".

ئیدریس جەبار مامۆستای قوتابخانەی مەتینی بنەڕەتی لەسەیدسادق، پێیوایە ئامانجی ئەو بڕیارەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بۆ زیاتر گونجاندنی مامۆستایە لەگەڵ ئەو سیستمە سویدیەی کە ئێستا پەیڕەودەکرێت.

ئەو وتی "لەم بڕیارەشدا جارێکی تر کەوتنە هەڵەوەو بەهەمان شێوەی پێشوو بەبێ هیچ ئەزموونو شارەزاییەک ئەو بڕیارەیان دەرکردووەو دەیانەوێت مامۆستایەک چۆن لەسوید دەوام دەکات، مامۆستایانی ئێمەش بەهەمان شێوەبن، بەڵام ئەو بەڕێزانە ئەوەیان لەبیرچووە کە مامۆستایانی لای ئێمە مووچەکەی تەنها بەشی کرێی هاتووچۆو خانوو دەکات، بۆیە ناچارە لەپاڵ مامۆستایەتییەکەدا کرێکاری بکات".

مامۆستا مەهدی غەفور ئەوەی خستەڕوو کە ئەو بڕیارە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییەو لەبڕیارەکەشدا ئاماژە بەهیچ دەقێکی یاسایی نەکراوە، بۆیە داوادەکات بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی لەبری دروستکردنی کێشە بۆ مامۆستایان هەوڵی ئاسانکاریو چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدات.

مامۆستا غەفور وتی "ئەم بڕیارە دەبێتە هۆی بێزاریو کێشە بۆ مامۆستایان".

وەزارەت بێئاگایی خۆی لەبڕیارێکی لەوشێوەیە ڕادەگەیەنێت، مامۆستایانیش ناڕەزایی خۆیان بۆ ئەو بڕیارە دەردەبڕن.

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی بەدەستووری وت "پێمانوایە ئەم سیستمە نوێیە پێویستی بەزیاتر تێکەڵاوبوونی مامۆستاو قوتابی هەیە، بۆیەش مامۆستا لەوکاتانەدا کەوانەی نییە دەتوانێت بچێتە ناو خوێندکارەکانو لەگرفتو کێشەکانیان بپرسێتەوە، چونکە مامۆستا تەنها ئەرکی فێرکردن نییە، بەڵکو ئەرکی پەروەردەکردنو پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروستە".

لەبارەی ناڕەزاییەکانی مامۆستایانیشەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی وتی "مامۆستایان ئیمتیازاتو مافی زۆریان هەیە لەهیچ وڵاتێکدا نییە کە مامۆستا سێ پشووی هەبێت، بەڵام لای ئێمە سێ پشوی ڕەسمیان هەیە، بۆیەش دەبێت لەبەرامبەر ئەو مافانەدا ئەرکەکانی خۆیان وەک مامۆستا جێبەجێبکەن".

پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی ئاماژە بەوەدەدەن کە بەتوندی سزای ئەو مامۆستایانە دەدەن کە پابەندی بڕیارەکەنابنو لەڕێگەی چاودێرەکانیشەوە چاودێری مامۆستایان دەکرێت.

بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە ئەوان ئاگاداری دەرکردنی بڕیارێکی لەوجۆرە نینو لەهەولێرو دهۆک بڕیاری لەوجۆرە دەرنەکراوە.

لوتفی سدیق بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە وتی "ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەو بڕیارە نینو ئێستا لەئێوەی دەبیستین لەپارێزگای هەولێرو دهۆکیش بڕیاری وانەدراوە، ئەو بڕیارە بڕیاری وەزارەت نییە".

> لەپارێزگای هەولێرو دهۆک بڕیاری وانەدراوە، ئەو بڕیارە بڕیاری وەزارەت نییە

## جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

### ڤیگۆجیسکی.. لەئەدەبەوە بۆ پەروەردەناسی

منداڵانی ڕۆژئاوا تا قوتابخانەی ئامادەیی تەواو دەکەن چەندین ڕشتەو بابەتو زمانو تەنانەت هاوسەریش دەگۆڕن تا بەقەناعەتەوە بوارێک هەڵدەبژێرنو پسپۆڕی تێدا پەیدادەکەن، بەپێچەوانەی وڵاتە دواکەوتووەکانەوە کە لەقۆناغی زانکۆدا ئەوجا مرۆڤەکان دەیانەوێت ڕشتەکانیان بگۆڕنو ئەو دەمەش زۆر درەنگەو یاساکانیش ڕێگری دەکەن.

فیگۆجیسکی یەک لەو زانا ناودارانەی جیهانە کەحەزێکی زۆری لەئەدەب هەبوو، بەڵام لەزانکۆدا دەستی بەخوێندنی پزیشکی کردو دواتریش وازیهێناو دەستی بەخوێندنی یاسا کرد، بەڵام بەردەوامبوو لەخوێندنی ئەدەبو مێژوو فەلسەفەش تا دواجار دەستی بەخوێندنی دەروونزانی کردو بووە یەکێک لەو دەروونزانە زۆرو زەبەنانەی جیهان کە لەبواری پەروەردەناسیدا توانیان ڕۆڵێکی زۆر پڕبایەخ ببینن.

ڤیگۆجیسکی لەخێزانێکی جولەکە لەساڵی ١٨٩٦ لەدایکبوو تا مردنی لەساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵێ کاری کرد ئەگەرچی زۆر نەبوون، بەڵام توانی بەهۆیانەوە ڕۆژئاوا بەتەواوی سەرقاڵبکات، بەڵام دوای مردنی خۆی.

نەگبەتی ڤیگۆجیسکی لەوەدابوو کە لەوڵاتێکی تارادەیەک دواکەوتوو دەژیاو بەزمانی ڕوسی بابەتەکانی بڵاودەکردەوە، وەکو هەر ڕۆژهەڵاتییەکی دیکەش لەوڵاتی خۆیدا ڕاوەدونراو بایکۆت دەکراو نووسینەکانی لەسەردەمی ستالیندا قەدەغەدەکران، بەڵام لەوڵاتەکانی دیکە بەبایەخەوە تەماشادەکرا.

کارکردنی ڤیگۆجیسکی لەتاقیگە دەروونناسییەکانی شورەویدا دەنگو ڕەنگێکی بۆ ئەو پەیداکرد، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە جێگەی سەرنجە کارکردنی ئەوبوو لەدوو بواردا، کۆدەماری عەسەبیو بەستنەوەی بەوشیاریو بیرکردنەوەوە، هەروەها دانانی تیۆرییەک لەسەر کارکردنی قوتابخانەکان.

بۆ یەکەمینجار لەشەستەکاندا بەرهەمەکانی ڤیگۆجیسکی کران بەئینگلیزیو کەوتنە ژێر میکرۆسکۆبی زانا ئەمریکاییەکانەوە کە لەلێکۆڵینەوە زانستییەکاندا پشکی شێریان هەبوو، ئەمە بەدەرلەوەی هەمیشە ئەمریکاییەکان خۆیان لەچاو وڵاتەکانی دیکە بەگەورە زانیوەو ئەم هەستەش زۆر بەئاسانی تاوەکو ئەمڕۆش هەستی پێدەکرێت.

ناسینی لیونتێڤ لەمۆسکۆ ئاراستەی کارو لێکۆڵینەوەکانی ڤیگۆجیسکی بەشێوەیەکی گشتی بەلای خوێندنو خوێندکارو سیستمی خوێندن گۆڕی یا بەکورتی قوتابخانەی کلتوری-مێژوویی، دوای ئەوەی ڤیگۆجیسکی لەڕۆژئاوا ناوی دەرکرد، ئەوجا مارکسییەکانی وڵاتە سۆسیالیستەکان دەستیان بەگەڕان کردو بەدوای داهێنانەکانی ئەودا دەگەڕان.

ناسینی ئەلیکساندەر لوریاش کە لەبواری دەروونناسی ئەعسابدا پسپۆڕبوو، بەیەکجاری سەرنجی ڤیگۆجیسکی بەرەو وشیاریو بیرکردنەوەو سیستمی خوێندن ڕاکێشا، لەم ناوەندەشدا ژان پیاژێ کە بۆ ماوەیەکی درێژ تەنها کاری لەسەر بیرکردنەوەو سترۆکتۆرە مەعریفیەکانی منداڵ دەکرد بۆ ڤیگۆجیسکی جێگەی بایەخو ڕەخنەشبوو، لەمکاتانەدا ڕۆژئاوا لەژێر کاریگەری هیومانیستەکاندابوو، بەڵام شورەوەی تا ئەو کاتە لەژێر کاریگەری تیۆرییەکەی بافلۆفدابوو، ڤیگۆجیسکی لەتیۆرییەکەی خۆیداو بەتایبەت ئەو بەشەی پەیوەندی بەبیرکردنەوەوە هەبوو پشتی زۆری بەهیگڵ بەستبوو، بەتایبەت لەو بەشەدا کەهیگل پێیوایە مرۆڤ تەنها لەگەڵ ئەوانی دیکەداو لەچوارچێوەی ژیانێکی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە مرۆڤ، ئەم بیروبۆچوونانەی هیگل لەتیۆرییەکەی ڤیگۆجیسکی بەتەواوی دەبینرێت کاتێک ڤیگۆجیسکی قسە لەسەر گەشەسەندنی زمانو پرۆسەی فێربوون دەکات، لێرەدا بەتەواوی جیاوازییەکانی نێوان خۆیو پیاژێ دەردەکەون، ڤیگۆجیسکی بەپێچەوانەی پیاژێ پێیوایە زمان شتێک نییە منداڵ لەخۆیەوە فێری ببێت، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەو کەشوهەوا کۆمەڵایەتیەدا فێری دەبێت کەتیایدا گەورەبووە. بواری زمان تاکە بوار نییە کەپیاژێو ڤیگۆجیسکی لەسەری ناکۆکن، بەڵکو چۆنێتی فێرکردنی منداڵیش جێگەی بگرەو بەردەیەکی زۆرە لەنێوان هەردووکیاندا. من پێموایە ئا لێرەوە ڤیگۆجیسکی توانی خاڵێکی دیکەش بۆ خۆی تۆماربکات، بەڵام دوای مردنی پیاژێ، بەشێوەیەکی دی تا ساڵی ١٩٨٠ کەپیاژێ مرد، هەر پیاژێ لەناوەندی باسو لێکۆڵینەوەدابوو، بەڵام لەوە بەدواوە ڤیگۆجیسکی شوێنی گرتەوەو ئەوەی لەزانکۆکانی ڕۆژئاواوە نزیک بێت ئەوە دەزانێت کەئەمڕۆ بایەخێکی بێوێنە بەڤیگۆجیسکی دەدرێتو ساڵانە دەیان کتێبی نوێ لەچەندین وڵاتی ڕۆژئاوایی لەسەر کارەکانی ڤیگۆجیسکی چاپدەکرێن.

من پێموایە یەکێک لەو خاڵانەی جێگەی سەرنجبوو بۆدەروونناسو پەروەردەناسەکانی ڕۆژئاوا تیۆرییەکەی ڤیگۆجیسکی-بوو بەناوی نزیکترین زونی گەشەکردن، ڤیگۆجیسکی لەم تیۆرییەدا بەپێچەوانەی پیاژێ-وە پێ لەسەر ڕۆڵی مامۆستا دادەگرێت لەپرۆسەی فێربووندا، لەکاتێکدا پیاژێ پێ لەسەر خودی خوێندکار دادەگرێ، پەروەردەناسەکانی ڕۆژئاوا ئەوە بەڕوونی دەبینن کەلەوخاڵەدا ئەمڕۆ هەوڵدەدرێت بایەخێکی زیاتر بەڤیگۆجیسکی بدرێت.

ڤیگۆجیسکی لەتیۆری کلتور-مێژوودا پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت کە گەشەسەندنی مەعریفی پەیوەندی بەئاوێتەکردنی زمان، کلتور، ئاڵوگۆڕی نێوان تاکو ژینگەدا دێتەدی، ئەمەش بوارێکی دیکەیە کەپیاژێ هەموو تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

> ڤیگۆجیسکی لەتیۆری کلتور-مێژوودا پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت کە گەشەسەندنی مەعریفی پەیوەندی بەئاوێتەکردنی زمان، کلتور، ئاڵوگۆڕی نێوان تاکو ژینگەدا دێتەدی

faiekk@hotmail.com

www.arsivakurd.org

# دەنگی ئازاری کچانی دهۆک دێت

## توندوتیژیو خۆکوشتنی ئافرەتان لەدهۆک پەرەدەسێنێت کەزۆربەیان تەمەنیان لەنێوان ١٦-٢٥ ساڵدایە

دەستوور لەدهۆک

ڕێژەی خۆکوشتنی کچانو توندوتیژی بەرامبەر بەژنانو ئافرەتان لەدهۆک لەزیادبووندایەو یاساناسانو چالاکوانانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی داوادەکەن ئەو بڕگە یاساییانەی ڕێگا بەکوشتنی ئافرەتان دەدات لەسەر مەسەلەی شەرەف گۆڕانکاری تێدا بکرێتو لاببرێت.

کۆمەڵێک ئەکادیمیو چالاکوان لەبواری کومەڵگای مەدەنی لەدهۆک، داوایان لەدەزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد کاربکرێت بۆ نەهێشتنی بڕگەی ٤٠٩ لەیاسای سزای عێراقی هەموارکراو کە بەبۆچوونی ئەوان ئەو ماددە یاساییە ڕێگادەدات بەکوشتن لەسەر مەسەلەی ناموسو شەرەف.

دکتۆر وەعدی سلێمان مزوری سەرۆکی بەشی یاسا لەکۆلێژی یاساو سیاسەت لەزانکۆی دهۆک، پێیوایە بەکارهێنانی بڕگەی ٤٠٩ لەیاسای سزادانی عێراقی "ڕێگادەدات بەکوشتنی ئافرەت بەئاسانی، چونکە ئەو ماددە یاساییە بواری کوشتنی ئافرەتی تێدا زۆرە".

ماددەی ٤٠٩ لەیاسای سزای عێراقی دەڵێت: ئەگەر هەرکەسێک ژنەکەی یان یەکێ لەمەحرەمەکانی لەگەڵ کەسێکدا لەکاتی زیناکردندا ببینێو بیکوژێت، ئەوا سزاکەی لە٣ ساڵ زیندانیکردن تێناپەڕێت.

دکتۆر وەعدی سلێمان ئاماژە بەوەدەکات: تائێستا کار لەدادگاکانی هەرێم بەو بڕگەیە دەکرێت، ئەوەش هاوکارێک دەبێت بۆئەوەی توندوتیژی یاخود دیاردەی کوشتنی ئافرەت لەناو کومەڵگای کوردیداو بەبیانووی جیاجیا بەردەوامبێت، ئەو وتی "لەبەرئەوە ئێمە داوا لەدەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەکەین ئەو ماددە یاساییە لاببرێت".

بەگوێرەی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەپارێزگای دهۆک ٤٩٣ سکاڵای لەپارێزگای دهۆک، لەساڵی ٢٠٠٩دا ١٢حاڵەتی کوشتنی ئافرەت تۆمارکراوەو هەروەها ٧٥ حاڵەتی خۆسوتاندن، ١٢٣ کەسیش لەسەر ئەنجامدانی توندوتیژی دەستگیرکراون، ٢٩ کەس حوکمدراون لەسەر کێشەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، هەروەها ٨ ئافرەتیش حوکمدراون لەبەرئەوەی درۆیان کردووە کە تووشی توندوتیژی بوونەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەپارێزگای دهۆک ٤٩٣ سکاڵای جۆراوجۆر تۆمارکراوە.

ڕەوشەن ئەتروشی بەرپرسی کاروباری ئافرەتان لەڕێکخراوی هاریکار ئاماژەی بەوەکرد: بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن ڕێکخراوەکەیانەوە ئامادەکراوە "ڕێژەی کوشتنی ژنان لەسەر ناموس لەدەڤەری دهۆک کەمبووەتەوە، بەڵام ڕێژەی خۆکوشتنی ئافرەتان روو لەزیادبوونە".

ئەتروشی ئەوەشی روونکردەوە "زۆربەی ئەو کچانەی خۆیان دەکوژن لەتەمەنی ١٦-٢٥ ساڵیدانو زۆربەیان شوویان نەکردووە".



کوشتن لەسەر شەرف کەمبووەتەوە، بەڵام خۆکوشتن زیادی کردووە

لەساڵی ٢٠٠٩دا ١٢ حاڵەتی کوشتنی ئافرەت تۆمارکراوەو ١٢٣ کەسیش لەسەر ئەنجامدانی توندوتیژی دەستگیرکراون

بەرپرسی کاروباری ئافرەتان لەڕێکخراوی هاریکار هۆکاری ئەو دیاردەیەی گەڕاندەوە بۆئەوەی کە لەناو خێزان فشارێکی کومەڵایەتیو دەروونی زۆر لەسەر ئافرەتان هەیە، وەک ترساندنو بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەییو دەروونی کەئەو ئافرەتانە ناچاردەکات پەنا بۆ خوکوشتن بەرن، چونکە ڕێگایەکی تر نابینن.

ئەتروشی ئاماژەشی بەوەدا: زۆربەی ئەو دیاردانە لەناو خێزانی نەخوێندەوار روودەداتو هەروەها ئەو ئافرەتانەش کە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن زۆربەیان نەخوێندەوارن، زۆربەی ئەو ڕووداوانە لەکۆمەڵگاو گوندەکان تۆماردەکرێت.

ڕەوشەن ئەتروشی وادەبێنت ئەگەر چارەسەری گونجاو بۆ ئەو دیاردانە نەکرێت، ڕەنگە کۆمەڵگا بەرەو دیاردەیەکی ترسناک بڕوات، "دەبێت هەنگاو بنرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیەو چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە".

لەو ڕێگەچارانەی ئەو چالاکوانەی بواری ژنان ئاماژەی پێدەکات "فراوانکردنی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، لەمەترسی ئەو دیاردەیە ئاگاداربکرێنەوە، بەتایبەتی پیاوانی ئاینی دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا کە ئەو دیاردەیە دژی بنەمای ئاینی پیرۆزە".

ئەتروشی پێیباشە دەزگا یاساییەکان لەوانەش داواکاری گشتی ڕۆڵی خۆیان ببینن، ئەو وتی "جگەلەوەش دەبێت کاربکرێت بۆئەوەی ئافرەت بتوانێت لەلایەنی ئابوورییەوە بژێوی ژیانی خۆی بکاتو پتر پەرە بەبەرزکردنەوەی تواناکانیان بدەنو دەرفەتی داهاتی ئابووری بۆ دابینبکرێت".

داواشیکرد ڕێکخراوەکانی NGO پتر ڕۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ کاری نەهێشتنی توندوتیژیو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا.

# خاڵکوتان، گەڕانەوە بۆ ڕێچکەی باپیران

## مێردمنداڵانی گەرمیان، دوورلەچاوی خێزانەکانیان پێستی خۆیان خۆڵەمێشی دەکەن

دەشتی ئەنوەر لەگەرمیان

مێردمنداڵانی ناوچەی گەرمیان هێشتا وازیان لەخاڵکوتان نەهێناوەو جەستەی خۆیان بەدەرزیو خۆڵەمێش "شین" دەکەن، هەرچەندە گەورەکان پەشیمانی دەردەبڕن.

هێشتا دیاردەی خاڵکوتان لەناو مێرمنداڵانی گەرمیاندا لەبیرنەکراوە، مێردمنداڵان ڕێچکەی باوباپیرانیان دەگرنو لەجەستەی خۆیاندا خاڵ دەکوتن، دیاردەکەش بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لەزیادبوون کردووە.

خاڵکوتان مێژوویەکی کۆنی هەیە لەکوردستاندا، لەکۆندا زیاتر ژنان خاڵیان دەکوتا، بەڵام پیاوانیش هاوشانی ژنان ئەو کارەیان کردووە، ئەم دیاردەیە لەهەموو جیهاندا بڵاوەو بەشێوەی جۆراوجۆر پەیڕەوی لێدەکرێت کەپێی دەوترێت "تاتۆ".

هێمن قادر منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵانە، ئەو چەند خاڵێکی لەسەردەستی کردووەو پەشیمانە لەوەی کە لەچەند شوێنێکی تریش ئەو خاڵانەی نەکوتاوە، هێمن وتی "یەکەمجار نەمزانی چەند خاڵێکم کوتا، بەڵام دواتر کە لەماڵەوە هەڕەشیان لێکردم ناچار وازم لەخاڵکوتان هێنا".

هەروەها وتی "ئەگەر یەکەمجار بمزانیبایە لەماڵەوە هەڕەشەم لێدەکەن، ئەوا ئەو خاڵانەم لەچەند شوێنێکی تریشدا دەکوتا".

ئەو منداڵە پێیوایە ئەو خاڵانە جوانو دیمەنێکی جوانی بەخشیوە بەدەستو پەنجەکانیو دەڵێ "هەر چەند تۆزێک لارو ئەملاولا دەرچوون، بەڵام دیمەنێکی جوانی بەخشیوەتە دەستمو زۆرێک لە هاوڕێیەکانیشم لەدوای من خاڵیان لەدەستیان کوتاوە".

سیروان ستار کەخۆی وانیشاندەدا لەناو هاوڕێیەکانیدا کەس لەو گەورەتر نییەو بەقسەی خۆی ئەو هاوڕێ منداڵانەی کە لەگەڵیدا بوونو خاڵیان کوتاوە، زۆربەیان لەسەر بڕیاری ئەو کوتاویانە.

سیروان وتی "ئێمە کۆمەڵێکینو هەموومان بەقسەی یەکتری دەکەین، هەمووشمان ئەو خاڵانەمان کوتاوەو تەنها یەک دووانێک نەبێت کەئەوانیش لەترسی ماڵەوەیان نەیانتوانی خاڵ بکوتن".

سیروانی تەمەنی دوانزە ساڵە بەپێکەنینەوە وتی "ئەوەی بەقسەی نەکردمایەو خاڵی لەسەر پەنجەی نەکوتایە ئەوا توشی لێدان دەهات، لەسەرەتاشەوە کەسیان ئەوەندە حەزیان نەدەکرد خاڵ بکوتن، بەڵام کاتێک کە خۆم کوتامو پێیانم وت، ئیتر ئەوانیش ناچاربوون دەستبکەن بەخاڵکوتان".




ئامینە حوسێن دایکی یەکێک لەو منداڵانەی کە خاڵی لەسەردەستی کوتاوە، پەشیمانی خۆی لەوکارەی منداڵەکەی دەردەبڕێت کە ئەگەر بێتو بیزانیبایە ئەوا نەیدەهێشت ئەو خاڵەی بکوتایە، "چونکە دیمەنێکی زۆر ناشرینی بەدەستی بەخشیوە".

ئامینە وتی "ئەو خاڵکوتانە هی سەردەمی زووەو کاتی خۆی زیاتر ژنان لەسەردەستو دەمو سەر روومەتیان دەیانکوتا".

ئامینە بەقسەی خۆی زۆر هەوڵیداوە تاوەکو ئەو خاڵانەی سەردەستی کوڕەکەی لاببات، بەڵام هیچ سوودێکی نەبووەو نەیتوانیوە لایبەرێت، ئاماژە بەوەدەکات: تازە ئەو خاڵە ناکوژێتەوە، چونکە بەشێوازێک کوتراوە "کوژاندنەوەی مەحاڵە".

کوتانی خاڵ لەڕێگەی دەرزیەکو بەکارهێنانی چەند مادەیەکەوە کەزیاتر (خەڵوز یان ڕەشی ساج یان مەنجەڵ یان سوتووی جگەرە یان لەڕێگەی سوتانی شتێکی ترەوە کەمادەیەکی ڕەش لەدوای خۆی بەجێبهێڵێ) ئەنجامدەدرێت، بەدەرزییەکە ئەو شوێنەی مەبەستە دەرزیاژن دەکرێتو دواتر مادە ڕەشەکە دەکرێتە سەری، بۆ ئەوەی دواتر ڕەنگی "شینی" هەبێت.

لەکاتی ئەنجامدانی ئەمکارەدا ئازارێکی زۆری بۆ ئەوکەسە هەیەو پسپۆڕانی پزیشکیش ئاماژە بەکاریگەری ئەو مادانە دەکەن لەسەر جەستە.

هیوا کەریم دەڵێت "لەسەرەتاوە وامانزانی تەنها بەدەرزی کوتان وایلێدێت، بەڵام بۆمان دەرکەوت سووتوی جگەرەو خەڵوز دەبێت بکەیتە ئەو شوێنەی کە خاڵەکەی لێدەکوتی بۆ ئەوەی جوانتر دەر بچێت".

هیوا باسی لەوەشکرد: ئازارێکی زۆریان پێگەیشتووە، بەڵام ئەو هیچ گوێی پێنەداوەو کاری خۆی کردووە، ئەو خاڵەی سەر دەستیشی زۆر بەجوانی دەرچووە، دەڵێت "یەکەمجار هێندە ئازاری هەبوو بڕوا ناکەم هیچ ئازارێک ئەوەندەی ئەو خاڵکوتانە بێت".

www.arsivakurd.org

# هەورامییەکان مەوجەکەیان ناگۆڕن

## کاتێک دوو هەورامی بەیەک دەگەن تەنها بەهەورامی قسەدەکەن

موعاز فەرحان لەسلێمانی

ئارام مەحیدین ٣٩ ساڵ بەشانازی دەزانێت کە لەگەڵ کڕیارەکانیشیدا بەهەورامی قسەبکات، "زمانی دایکەو دەبێت شانازی پێوەبکرێت".

ئارام دوکانی کڵاش فرۆشتنی هەیە لەبازاڕی سابونکەرانی شاری سلێمانیو لەدوکانەکەیدا سەرقاڵی سپیکردنەوەی کڵاشبوو، بەدیواری دوکانەیەکەوە قاتە شاڵی هەڵواسیبوو، دیاربوو دەیویست بەهەموو جۆرێک پارێزگاری لەهەورامیبوونی خۆی بکات.

ئارام وتی "من بەدەمارگیری نازانم کەهەورامییەکان لەهەموو شوێنێک بەهەورامی قسەبکەن".

بۆ پارێزگاریکردن لەزمانەکەیان هەورامییەکان لەگەڵ یەکدا لەهەرکوێیەک بن تەنها بەهەورامی قسەدەکەن، لێکۆڵەرانی زاراوەی هەورامیش ئەوە بەڕەسەنایەتی دادەنێنو پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیش ئاماژە بەوەدەکەن: لەبەرئەوەی هەورامی زمانی نووسینی نییە لەڕێگەی قسەکردنەوە لەفەوتان دەیپارێزن.

خەڵکی هەورامان جیاواز لەخەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەزەحمەت دەستبەرداری دابونەریتو فەرهەنگی خۆیان دەبن، لەئێستادا لەناو هەورامییەکاندا ئەوەی هەستی پێبکرێتو لەلای زاراوەکانی تری زمانی کوردی سەرسامبونێک بەحاڵەتەکە هەبێت، ئەوەیە کەهەورامییەکان لەهەرشوێنێکدا گەیشتن بەیەک بەزاری خۆیان قسەدەکەنو مەوجەکەی خۆیان ناگۆڕن، تەنانەت گەر هەورامییەک لەگەڵ چەند سۆرانییەکدا قسەبکات کاتێک هەورامییەکی دیکە بێت ئەو قسەکانی دەکاتەوە بەهەورامیو واز لەسۆرانییەکە دەهێنێت.

ئارام کەخەڵکی تەوێڵەیەو بەهەورامییە ڕەسەنەکان ناودەبرێن، چەندین ساڵە لەسلێمانی دەژی، بەڵام هێشتا سەدای زاری هەورامی لەگەرویدا دەنگیدەدایەوە.

ئارام وتی "لەبەرئەوەی کەپارێزگاری لەزاری خۆمان بکەین بەحاڵەتێکی تەندروستی دەزانم، بەڵام ڕەنگە گومان بۆ سۆرانییەکان دروستبکات دوو هەورامی بەزاری خۆیان قسەبکەن، چونکە لێمان تێناگەن".

هەورامان کە لەسێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە دابەشبووە بەسەر هەردوو باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشەکانی "هەورامانی ژاوەرۆ، هەورامانی تەخت" دەکەونە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەشەکەی تریش کە "هەورامانی لهۆنە" دەکەوێتە باشووری کوردستان.

شێوەزاری هەورامی ماوەی حەوت سەد ساڵ زمانی ئەدەبو نووسین بووە لەڕابردوودا، زۆربەی نووسەرانو شارەزایانی بواری زمانی کوردی کۆکن لەسەر ئەوەی کەزمانی ڕەسەنی کوردییەو هەموو تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی تێدایە.

یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی شێوەزاری هەورامی ئەوەیە کەنێرومێ لەکاتی نووسینو وتندا جیادەکرێتەوە کەئەمە لەزاراوەکانی دیکەدا زەحمەتە بەدیبکرێت.


هەورامییەکان زمانیان بە زیندوویی دەهێڵنەوە. فۆتۆگراف: دەستوور

لەهەرێمی کوردستاندا پرۆگرامی خوێندنو پەروەردە بەشێوەزارەکانی سۆرانیو بادینیەو کەمتر ئاوڕ لەزاراوەی هەورامییەکان دراوەتەوە، بەهۆی ئەوەی کەهەورامان ناوچەیەکی فراوان نییە، بۆیە هەورامییەکان بۆ پارێزگاریکردن لەشێوەزارەکەیانو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لەناوچوونی زمانەکەیان هەوڵدەدەن لەهەموو شوێنو کاتێکدا بەهەورامی قسەبکەن، تەنانەت لەدەرەوەی سنووری هەورامانو لەشارەکانی دیکەی کوردستانو وڵاتانی دەرەوەشدا.

قادر عابد ٤٤ ساڵ، هەرچەندە لەبەغدا لەدایکبووەو هەر لەوێش گەورەبووەو ناوەکەشی عەرەبیە، بەڵام بەهەورامییەکی پاراو قسەدەکات.

قادر وتی "لەبەغداش بووین هەمیشە لەماڵەوە بەهەورامی قسەمان دەکردو لەهاوینەکاندا دەگەڕاینەوە بۆ هەورامان بۆئەوەی زمانەکەی خۆمان بیرنەچێتەوەو بەباشی فێری بین".

قادر ئێستا لەسلێمانی ژیان دەگوزەرێنێت، هەموو سیمایەکی هەورامیبوونی پێوەدیاربوو وتی "شەرمە بۆ کەسێک بەزمانی دایکی خۆی قسەنەکات".

مامەڵەو گفتوگۆی هەورامییەکان زیاتر لەگەڵ سۆرانییەکاندایە، سۆرانییەکان دەڵێن هەر کەدوو هەورامی گەیشتن بەیەک، گوێ نادەن بەئێمە بێ یەکو دوو دەیکەن بەهەورامی.

ئالان بەکر گەنجێکی ٢٣ ساڵەو بەسۆرانی دەدوێت، لەبەشەناوخۆییدا لەگەڵ سێ سۆرانیو دوو هەورامیدا پێکەوەن سەبارەت بەگفتوگۆکانی ناو ژوورەکەی وتی "برادەرە هەورامییەکانمان لەگەڵ ئێمەدا قسەدەکەن لەپڕێکدا دەیکەنەوە بەهەورامی ئێمەش هیچ تێناگەین".

ئالان لەماوەی ساڵێکدا یەک دوو وشەی هەورامی فێربووە، بەدەستووری وت "نازانم بۆچی واقسەدەکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە درکی پێدەکەین ئەوەیە کە لەڕووی دەروونییەوە ناخۆشە بۆئێمەو حەزمان لەوشێوازە نییە، چونکە هیچ تێناگەین".

سەباح وتی "بۆچی دوو سۆرانی بەزمانی خۆیان قسەدەکەن ئاساییە ئەی بۆ ئێمە بۆ نائاسایی بێت".

نووسەرانو ڕۆشنبیرانی هەورامان ئەو دیاردەیە کە لەناو هەورامییەکاندا باوە، بەحاڵەتێکی باش وەسفدەکەنو پێیانوایە ئامرازێکی چاکە بۆ پارێزگاریکردن لەهێشتنەوەی فەرهەنگو شێوەزاری هەورامی، چونکە لەئەمڕۆدا ئەو شێوەزارە لەپەراوێزخستندایە لەلایەن دەسەڵاتەوە.

م.جمال بێدار نووسەرو ڕۆشنبیر کە چەندین بەرهەمو لێکۆڵینەوەی لەبواری زاراوەی هەورامیدا هەیەو فەرهەنگێکی هەورامی سۆرانی بەناوی "وەرقوڵ" هەیەو پیتی هەورامی داناوە، وتی "سروشتی مرۆڤ وایە کە لەکاتی قسەکردندا بەبێ پێزانین دەچێتەوە سەر زمانی دایکی، ئەم هەڵوێستەی خەڵکی هەورامان جێگەی شانازییەو بەڵگەیە لەسەر ڕەسەنایەتی خەڵکی هەورامان".

ڕایان عوسمان توێژەری کۆمەڵایەتی هۆکاری دەستبەردارنەبوونی هەورامییەکانی گەڕاندەوە بۆئەوەی کەترسی لەدەستدانی زاراوەکەیان دەکەنو شوناسو بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە پێیوایە کەهەورامییەک هەورامیەکی دیکەی بینی ناتوانێت قەت بەسۆرانی قسەبکات، ڕایان وتی "هەرچەندە سۆرانییەکان نیگەرانو گومانیان بۆ دروستدەبێت، بەڵام هەورامییەک ناچارە بەوشێوەیە ڕەفتاربکات".

> هەورامییەکان زمانی نووسینیان نییە، ئەگەر زمانی قسەکردنیان هەورامی نەبێت بەیەکجاری زاراوەکەیان لەناودەچێت

# پارە منداڵەکانی لەبیربردەوە!

## ئەو ژنەی مێردەکەی فێری لەشفرۆشیی کرد ماڵو منداڵی لەبیرچۆوەو خوێندنی بۆ تەواونەکرا

فەرهاد قادر لەسلێمانی

ئەو کچەی ئاواتەخوازبوو خوێندن تەواوبکاتو ژیانی خۆیو خێزانەکەی دابینبکات، بەهۆی تێکەڵبوونی بەکاری لەشفرۆشی ئاواتەکەی نەهاتەدیو لەناو زینداندا چیرۆکی ژیانی دەگێڕێتەوە.

**تەمەنی منداڵی**

سەلوە لەخێزانێکی مامناوەندا لەبەغدا، چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو خاوەنی یەک خوشکە، باوکو دایکی وەک خۆی دەڵێت "زۆر بەناز پەروەردەیانکردم"، بەڵام لەقۆناغی ناوەندی بووە کە باوکی مردووە، بۆیە پاش ساڵێک دوای مردنی باوکی، دایکی شویکردەوەو ئەویش چوەتە ماڵی مامی، "چونکە خوشکەکەم ژنی ئامۆزاکەم بوو".

**سەلوە واز لەخوێندن دەهێنێت**

سەلوە وتی "خوێندن تەنها هیوامبوو تابتوانم هەست بەبوونی خۆم بکەم، کاتێک سێی ناوەندیم تەواوکردو نمرەیەکی باشم بەدەستهێنا، بڕیارمدا بچمە ئامادەییو درێژە بەخوێندنەکەم بدەمو لەو ڕێگایەوە بچمە زانکۆ".

شەوێک ئامۆژنو خوشکەکەی سەلوە، پێیانوت کوڕێکی زۆر باش داوایکردوویتو مامیشت ڕازیبووە، تۆ دەڵێیت چی؟ سەلوەش هەموو خەونەکەی تەواوکردنی خوێندنبوو لەبەرئەوە زۆر ڕاشکاوانە شووکردنی ڕەتکردووەتەوە.


لەشفرۆشیی سەلوەی بەگرتندا. فۆتۆگراف: فەرهاد قادر

سەلوە وتی "بەڵام هەموو هەوڵەکانم بێسودبوو پاش چەند مانگێک مامم وتی نابێت بچیتەوە بۆ قوتابخانە، چونکە گەورە بوویت، ئیتر ئەو کارەی مامم بووە سەرەتایەک بۆ تێکەڵبوونم بەژیانی دۆزەخو ناڕەحەتی".

سەلوە لەقسەکردن بەردەوامبوو، وتی "پاش ساڵێک جارێکیتر ئەو کوڕە هاتەوە داخوازیم، منیش ئەو مەرجەم بۆ شووکردنەکەم دانا کە دەبێت بگەڕێمەوە بۆ خوێندن، کوڕەکەش ڕازیبوو".

بەڵام کوڕەکە ئەو بەڵێنەکەی نەبردەسەرو لەژێر هەڕەشەو لێدانی مامو مێردەکەیدا هەموو خەونەکانی ئایندەی لەناوچوو کەتەواوکردنی خوێندنبوو.

**مێردەکەی فێری لەشفرۆشی کرد**

سەلوە وتی "هاوسەرەکەم تەکسی پیاوێکی پێبوو، ژیانمان زۆر خراپبوو، دوای دوو ساڵ کوڕێکم بوو، مێردەکەم زۆر لەگەڵم خراپبوو هەمیشە سەرخۆشبوو، شەوێکیان وتی ناتوانم بتانژیێنم، دەبێت تۆش ئیشبکەیت".

سەلوە دوای ئەوە پرسیاری ئەوەی لەمێردەکەی کردووە چی بکات؟ ئەویش پێی وتووە ئەوەندی ژن دەتوانێ پارە پەیدابکات پیاو ناتوانێت، دەبێت ئەو لەشولارەت بخەیتە ئیش.

سەلوە وتی "کاتێک تێگەیشتم چی دەوێت بەچاوی پڕگریانەوە ئەو شەوەم ڕۆژکردەوە، دواتر بۆ ڕزگاربوونم لەو دڕندەیەو زاڵبوونم بەسەریدا بڕیارمدا کاری لەشفرۆشی هەڵبژێرمو لەڕێگای ژنێکی دۆستی مێردەکەمەوە دەستم بەوکارەکرد".

پارە منداڵەکانی لەبیردەباتەوە

لەماوەی پێنج ساڵدا سەلوە بووە خاوەنی کوڕو کچێک، تێکەڵبوونی بەکاری لەشفرۆشی فێری زۆر شتیکرد، هەموو بەها ڕەوشتیو مرۆییەکانی لەدەستدا.

لەوکاتەدا باری ئابوورییان زۆرباشبوو، بەجۆرێک بووە سەرۆک باندی لەشفرۆشیو هاوسەرەکەشی وەک شۆفێر هاتوچۆی بەو ژنو کچانە دەکرد کەلای ئەو کاریان دەکرد.

سەلوە وتی "هەوڵدانم بۆ پەیداکردنی دەسەڵاتو پارە بەجۆرێکبوو منداڵەکانم فەرامۆشکردبوو، تەنانەت زۆرکات بەچەند ڕۆژ لەگەڵیاندا دانەدەنیشتمو ژوورێکم بۆ جیاکردبوونەوەو نەمدەهێشت تێکەڵ بەو دنیا قێزەونەی ئێمە ببن".

دوای ئەوەی بارودۆخی ئەمنی بەغدا ناجێگیربوو، بڕیاریاندا بێنە سلێمانیو لەگەڵ خۆشیاندا ٣ لەو کچانەیان هێنا کەجوانو منداڵبوون.

ئەو کچانە یەکێکیان برازای مێردی سەلوەبوو، پاش ماوەیەک لەڕێگای یەکێک لەو ژنە عەرەبانەی پێشتر هاتبووە سلێمانی بۆ هەمان مەبەست توانییان خانوویەک پەیدابکەنو لەسلێمانی جێگیربن.

سەلوە وتی "منداڵەکانم لەبەغدا لەگەڵ مێردەکەم بەجێهێشت تا مێردەکەم ئاگاداری ئەو ژنو کچانە بێت کە لەوێ مابوون، چونکە نەماندەزانی لەسلێمانی چی ڕوودەدات لەبەرئەوە بەشێکمان لەبەغدا هێشتەوە، ئەمەش سەرتایەکبوو بۆ لەدەستدانی منداڵەکانم".

**موشتەرییەکانی سلێمانی چەورن!**

سەلوە دەڵێت: جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان موشتەرییەکانی سلێمانیو بەغداد، لەسلێمانی موشتەرییەکان لەنێوان (٥٠ تا ٢٠٠) هەزار دینار دەدەنو زۆریش پاکو تەمیزنو زۆرجار بەویستی ئەوان دەبن نەک ئەوەی خۆیان پێیان خۆشە.

هەروەها وتی "بەڵام لەبەغدا پارەیەکی زۆرکەم دەدرێت، زۆرێک لەوانی دەهاتنە لامان سەرخۆشو ئیشکەرەکان بوون کە بەجلی پیسو چڵکن دەهاتنە لامانو وەک ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکردینو زۆرجار ئازاریشیان دەداینو بڕی (١٥ بۆ ٢٥) هەزار دینارمان وەردەگرت".

**خەڵکی گەڕەک پۆلیسیان هێنایەسەر**

ڕۆژێکیان لەسلێمانی مێردەکەی بەسەرردان هاتبوو بۆ لای، منداڵەکانیشی هێنابوو، ئەو کچو ژنانەی لای ئەو کاریان دەکرد هەموویانی ناردبوو بۆ لای باندە لەشفرۆشەکانی تر، بۆئەوەی چەند ڕۆژێک لەگەڵ منداڵەکانیدا بەتەنها بێت.

سەلوە وتی "یەکێک لەسەرۆک باندەکان کەخەڵکی کەرکوکبوو، بەڵام لەسلێمانی کاری دەکرد، تەلەفۆنی بۆ کردم کەیەکێک لەو موشتەرییانەی کەبەردەوام دەهات بۆلای خۆمو ئارەزووی دەکرد لەگەڵ مندا کاری سێکسی ئەنجامبدات، لای ئەوەو داوادەکات بۆ چەند کاتژمێرێک بێت بۆلام، منیش وتم منداڵەکانم هاتوونو با دوو ڕۆژیتر بێت، بەڵام ئەو وتی: بەیانی سەفەر دەکات لەبەرئەوە دەیەوێت ئەمڕۆ بێت بۆلات، چونکە تا دوو مانگ نایەتەوە".

بۆیە سەلوە بەوە قایلبووەو داوای لەمێردەکەی کردووە کەمنداڵەکان ببات بۆ بازاڕو هەندێک دیارییان بۆ بکڕێت، پاش نیوەڕۆ بگەڕێنەوە.

سەلوە وتی "دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن، منیش خۆم ئامادەکرد تا موشتەرییەکە بێتەلام، بەڵام کاتێک لەدەرگادرا هێزکانی پۆلیس بوونو دەستگیریانکردم، چونکە خەڵکی گەڕەکەکە ئاگاداریان کردبوون، ئێستا نازانم هاوسەرەکەمو منداڵەکانم چییان بەسەرهاتووە، دەڵێن گەڕاونەتەوە بۆ بەغداو منیش چاوەڕوانی یەکێک لەهاوڕێکانی دەرەوەم دەکەم کەفالەتم بۆ بکات".



٢٠٪ی سواڵکەرەکان رووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە. فۆتۆگراف: سەنگەر

# فێڵە جۆراوجۆرەکانی سواڵکەرەکان ئاشکرا دەکرێن

سەنگەر تاوگۆزی لەسلێمانی

بەپێی راپۆرتێک لەسەر دیاردەی سواڵکردن، دەرکەوتووە زۆرینەی ئەوانەی سواڵدەکەن لەڕەگەزی مێینەنو کوردنو نەخوێندەوارن.

بەپێی راپۆرتەکە سواڵکەرەکان، چەندین رێگای جیاواز بۆ سواڵکردن بەکاردەهێنن، لەوانە خۆنەخۆشخستن، بەکارهێنانی منداڵ، خۆبریندارکردن. بەرپرسانی چاودێری کۆمەڵایەتیش ئاماژە بەوەدەکەن دەزگای پۆلیس کەمتەرخەمنو حکومەتیش هاوکارییان ناکات لەچارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەدا. راپۆرتەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی-سلێمانی بەشی پلانو توێژینەوە ئەنجامدراوەو نزیکەی ٣٠٠ سواڵکەر بەشدارییان تیاکردووە.

کاوە قادر بەڕێوەبەری گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی ئاماژەی بەوەدا: هەندێک کەس هەر بەخێزان سواڵدەکەن، رەنگە هەژارنەبن، بەڵام سواڵکردنیان کردووە بەپیشەو ناتوانن وازی لێبهێنن.

بەڕێوەبەری گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی بەدەستووری راگەیاند "ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی لای ئێمە موچە وەردەگرن ٤٦ هەزار کەسن، ٢١ هەزار خێزانیش موچەی چاودێری کۆمەڵایەتی وەردەگرن".

راپۆرتەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پشتی بەئەنجامی راپرسییەک بەستووە کە بەپێی ئەنجامی راپرسییەکە زۆرینەی ئەوانەی سواڵدەکەن لەڕەگەزی مێینەنو لەکۆی ٢٨٠ وەڵام ٧٣,٢١٪ رەگەزی مێینەنو ٢٨,٧٩٪ لەڕەگەزی نێرینەن.

دەربارەی باری خێزانداری سواڵکەرەکان راپرسیەکە ئاماژە بەوەدەکات لەکۆی ٢٥٠ وەڵام ٤٤٪ خێزاندارنو ٤٣,٦٪ سەڵتو ١٠٪ بێوەژنو ٢,٤٪ جیابووەوەن.

سەبارەت بەتەمەنی ئەو کەسانەی سواڵدەکەن راپرسیەکە روونیدەکاتەوە: ٢٠,٩٢٪ تەمەنیان لەنێوان (٨-١٤) ساڵدایە، ١٩,٧٨٪ لەنێوان (١٥-٢١) ساڵدایە، ٢٠,١٦٪ لەسەرو تەمەنی ٥٠ ساڵیەوەنو ئەو رێژەیەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە ناو تەمەنە جیاوازەکانەوە.

راپرسیەکە دەریخستووە ٦٦,٢٦٪ ئەوانەی سواڵدەکەن کوردن، ٣٢,٩٥٪ عەرەبو ئەوانەی دەمێننەوە تورکومانن.

زۆرینەی ئەوانەی سواڵدەکەن نەخوێندەوارن کە رێژەکەیان لەراپرسیەکەدا دەگاتە ٨٤,٩٢٪و ١٣,٨٩٪ تەنها سەرەتاییان خوێندوەو ١,١٩٪ قۆناغی ناوەندییان خوێندووە. لەکۆی ٢٤٤ سواڵکەر کە وەڵامیانداوەتەوە ٥٦,٩٦٪ هەموو رۆژێک دەچن بۆ سواڵکردنو ٤٣,٠٤٪ بەهۆکاری جیاجیا هەموو رۆژێک سواڵناکات.

لەپرسیارێکدا دەربارەی کاری پێشووی ئەو کەسانەی سواڵدەکەن ٣٠,٩٣٪ هەر سواڵکەربوونو ٢٥٪ بێکاربوون، ئەو بەشەی دەمێنێتەوە پیشەی پێشوویان بریتی بووە لە (پێشمەرگەی کۆن، نانکەر، کرێکار، ئیشکەر، دەستگیر، باخدار، پۆلیس، سالۆن، سەوزەفرۆش، درومان، قەساب، ئاژەڵدار، دوکاندار) بەرێژەی جیاجیا.

لەبڕگەیەکی تری راپرسیەکە هاتووە هۆکاری هاندەرت چیە بۆ سواڵکرد، ٨٧٪ دەڵێن بەهۆی هەژاریەوەیە، ٤٪ خێزانەکان هاندەریانن، ٩٪ بەحەزی خۆیان ئەوکارە دەکەن، ٧٪ هەرشتێک ١٪ دەڵێن بەهۆی دابونەریتەوەیە، ٤٠,٠٪ دەڵێن بەهۆی چاولێکەرییەوە سواڵدەکەن.

لەکۆی ٢٤٢ کەس ٢٥,٢١٪ پێیانوایە درۆکردن گرنگە بۆ بەدەستهێنانی پارەو ٧٤,٧٩٪ درۆکردن بەهۆکاری کۆکردنەوەی پارە نازانن.

دەربارەی ئەو تەکنیکانەی سواڵکەرەکان بەکاریدەهێنن، ٣٢,٢٢٪ دەڵێن کە نەخۆشنو پێویستیان بەهاوکارییە بۆ چارەسەر، بەوەش بەڵگەیەک بۆ خۆیان دروستدەکەن بۆ ئەو کارە.

دکتۆر نەجات محەمەد فەرەج مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی لەزانکۆی سلێمانی، دەربارەی بەکارهێنانی منداڵانو کەمئەندامان بۆ سواڵکردن وتی "جۆرێکە لەبازرگانیکردن بەجەستەو دەروونی مرۆڤەوە، چونکە ئەوکەسانە هەوڵدەدەن لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو کەموکوڕیەی لەجەستەی کەسی کەمئەندامدا هەیە، سۆزو هەستی خەڵک ئیستیغلال بکەن".

دکتۆر نەجات ئاماژەشی بەوەکرد: بەشێک لەخێزانەکان لەکۆمەڵگای کوردیدا منداڵەکانیان یاخود کەسێکی نزیکی خۆیان دێنن لەسەر جادەکان ئەو کەموکوڕییە جەستەییەیان پیشانی خەڵکدەدەنو وتی "بەڕاستی ئەمە گەورەترین تاوانو غەدرە کەبەرامبەر بەکەسە نەخۆشەکە دەکرێت". هەروەها وتی "ئەوکەسانە لەدوولاوە ئازاردەکێشن، لەلایەک ئەمانە بەهۆی نەبوونی ئەندامێکی جەستەییانەوە هەمیشە هەست بەکەمی خۆیان دەکەنو بەردەوام خەمبارن، لەلایەکی تریشەوە ئەوکەسانە سەرەڕای ئەو هەموو ئازارە لەسەر جادەکان فرێدەدرێنو بەیانی تائێوارە سواڵیان پێدەکرێت".

بەپێی زانیارییەکانی راپرسییەکە داهاتی رۆژانەی ئەو کەسانەی سواڵدەکەن لە٥ هەزار تا زیاتر لە٢٥ هەزار دینارە. ئەو کەسانەی سواڵدەکەن چەندین پێشنیار بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی سواڵکردن دەکەن. ٥٩,١٥٪ پێشنیاری دابینکردنی موچەیەکی گونجاو دەکەن، ٢٣,٦٠٪ پێشنیاری دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونو ١٦,٩٠٪ دۆزینەوەی کارو ٠,٣٥٪ دەستگیرکردن پێشنیار دەکەن بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی سواڵکردن.

بەپێی ئەو وەڵامەی لەراپرسیەکەدا هاتووە ٨٧,٣٩٪ ئەو کەسانەی سواڵدەکەن خێزانێکی یەکگرتوویان هەیەو ١٣,١٥٪ لەخێزانێکی هەڵوەشاودان. ئەوکەسانەی سواڵدەکەن ٧٩,٧٥٪ دەڵێن رووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی نەبووینەتەوەو ٢٠,٢٤٪ رووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە.

کاوە قادر ئەوەشی خستەڕوو کەهەندێک کات هاووڵاتیانیش خۆیان هۆکارێکن بۆ زیادبوونی ئەو دیاردەیە، "چونکە هەڵەیەکی گەورەیە هاووڵاتیان پارەبدەن بەو کەسانە بەڕاستی ئەمە خێر نییە، چونکە تۆ هانیدەدەیت بۆ سواڵکردن، ئەگەر کەسێک بیەوێت خێر بکات بابچێت هاوکاری دراوسێکانی بکات کەدڵنیایە هەژارە".

لەکۆی ٢٤٠ سواڵکەر ٨١ کەسیان لەکاتی جیاجیادا دەستگیرکراونو دواتر ئازادکراون لەو رێژەیەش زۆرینەیان دوو بۆ سێجار دەستگیرکراون، لەدوای ئازادکردنیان دەستیان بەسواڵکردن کردۆتەوە.

ئەو بەڕێوەبەرەی چاودێری کۆمەڵایەتی وتی "ئێمە تەنها لایەنی جێبەجێکارینو هیچمان بەدەست نییە ئەوەی لایەنی بەرپرسە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسە، دەبێت بگەڕێن بەدوای ئەو کەسانەدا کەسواڵدەکەن".

# دەربارەی ئازادی ئافرەتی کورد

پرۆفیسۆر د. زنون پیربیاری

بێگومان کێشەی ئازادی ئافرەت لەکوردستانو عێراقدا ئەمڕۆ بووە بەمەسەلەیەکی رۆژانەی پەرلەمانو کۆمەڵگای مەدەنی جگە لەرێکخراوەکانی تایبەت بەئافرەت، یاسای تایبەت دەربارەی مافی ئافرەت بۆ دەستنیشانکردن وەکو ئەندامی پەرلەمانو یاساکانی تایبەت بەدانانی فەرمانبەران.. هتد هەموو رێژەیەکی باشیان دەستنیشانکردووە بۆ ئافرەت، بەڵام بەرای ئێمە ئەم هەموو یاسایانە ئافرەت ئازاد ناکات بەتەواوی، چونکە گیروگرفتی نەبوونی ئازادی ئافرەت کێشەیەکی نوێ نییەو رەگی لەناو کۆمەڵگا داکوتیوە.

بارودۆخی ئازادی ئافرەت تەنها کوردستان ناگرێتەوە، بەڵکو کێشەیەکی گشتی وڵاتە ئیسلامییەکانە لەم سەردەمەدا، کێشەی ئازاد نەبوونی ئافرەت لەپێش هەموو شتێکدا دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی خێزان.

خێزانی کورد هەتا ئێستا مافی ئافرەتی پێشێلکردووە، چونکە رۆشنبیری نوێ هێشتا بەناو خێزانەکاندا بڵاونەبووەتەوە، ئەگەر خێزان رێزی ئافرەتی گرت ئەوا بۆ دوارۆژ ئازاد دەبێتو هەموو مافێکی دەستدەکەوێت وەکو پیاو.

کێشەیەک هەیە لەناو خێزانو لەناو کۆمەڵگای کوردیدا کە بریتییە لەمەسەلەی (عەیب ە)، بێگومان ئەگەر توانیمان بەرەبەرە بۆچوونی هاووڵاتی ئاسایی بگۆڕینو ئەو شتانەی کە بەعەیبەی دەزانن لەراستیدا عەیب نین راستیبکەینەوە، ئەوسا ئافرەتیش ئازاد دەبێت، بۆ وێنە کارکردنی ئافرەت بۆچی عەیب بێت؟ ئەمڕۆ ئافرەت لەئەوروپادا هەموو جۆرە کارێک دەکات بەگوێرەی توانای خۆی، لەڕوسیا ئافرەت کرێکاری دەکەن، وەکو پیاو بێلچەو قازمە بەدەستیانەوەیەو رێگاوبان چاکدەکەنەوە، ئایا عەیبی چییە؟

هەموو دەزانین ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایەو زیاتریش، ئایا ئەم رێژە گەورەیە بێبەرهەمبێت بۆ کۆمەڵگا زیان نییە؟ هەروەکو وتم لەسەرەوە مەسەلەی ئازاد نەبوونی ئافرەتی کورد کۆنەو کێشەیەکی نوێ نییە، مەلاکانی کوردستان لەسەردەمی عوسمانییەکانو پاش ئەوانیش، بەرپرسیارن لەم کێشەیە، دوور نەڕۆین لەچلەکانی سەدەی بیست چوومە قوتابخانە دوو خوشکم هەبوو باوکم نەیهێشت بچن بۆ قوتابخانەی رەسمی، چونکە دەیوت حەرامە، ناردیانین بۆ مزگەوت بۆئەوەی فێری قورئان بین لای مەلا، ئەمجۆرە رەوشتە لەکوردستاندا زۆرباوبوو بەتایبەتی لەناو گوندەکاندا، ئابەم چەشنە رەوشتەو هەتا ئێستاش هەندێک هەمان بڕوای هەیە، مەلاکان لەو سەردەمەدا گەلێک رەوشتی ئاساییان بەحەرام دایەقەڵەم، بۆ وێنە، لەکاتی رۆیشتن یان بەپێوە خواردن باش نییەو جوان نییە، بنێشت جوین عەیبە، هەروەها وتیان سەترەو پانتۆڵ لەبەرکردن حەرامە، چونکە ئینگلیز دایهێناوە، بەپێوە میزکردن حەرامە، قۆندەرە لەپێکردن حەرامە، چونکە لوتی قۆندەرە لەلوتی بەراز دەکات!

بەڵام پاش زۆربوونی قوتابخانەو بڵاوبوونەوەی رۆشنبیریو داهێنانی رادیۆو خوێندەواری، ئەم بڕوا چەوتانە هەموو پوچەڵبوونەوە، لەم سەردەمەدا بەگوێرەی سەد ساڵی رابردوو پێشکەوتنێکی زۆر وەدی هاتووە، بەڵام هێشتا ماویەتی بەتایبەتی ئازادی ئافرەت، ژمارەی ئافرەت لەزانکۆکاندا زیاترە لەکوڕەکان کەچی هێشتا ئافرەت بەتەواوی ئازاد نییە، بەهۆی چەن عادەتو بۆچوونێکی کۆن کە لەباپیرەکانمانەوە ماوەتەوە.

کەمێک بیربکەینەوە لەڕەوشتی زۆربەی خێزانی کورد دەربارەی ئافرەت دەبینین کە زوڵمێکی گەورە لەئافرەت کراوە، جارێ با مەسەلەی شوکردنی ئافرەتی کورد باسبکەین، بەدەگمەن ئافرەتی کورد هاوسەرەکەی بەدڵی خۆی هەڵدەبژێرێت.

زۆربەی ئافرەتان باوکو کەسوکاریان ئەیاندەن بەکەسێک کە خۆیان پەسەندیان کردبێو ئافرەتەکە بەناچاری قایلدەبێت، من بزانم ئەم چەشنە شووکردنە رێک نیە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیشدا، ئیسلام دەڵێت پێویستە ئافرەت دەزگیرانی خۆی باش بناسێت پێش مارەبڕین.

بۆئەوەی ئافرەتی کورد ئازاد بێت، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیرەوبکرێت:

-پێویستە بواری ئافرەت بدەین بۆئەوەی بچێتە دەرەوەی ماڵو دەست بکات بەکارو ئیشی هەمەجۆر بەبێ ئەوەی بڵێین عەیبە؟ عەیبی چییە ئافرەت لەدوکانەکان شت بفرۆشێت یان جادەکان بماڵێت؟ یان لەچێشتخانەدا کاربکات؟ ئەوانەی دژی کارکردنی ئافرەتن، ئەترسن نەوەکا پیاوەکان گێچەڵ بەکچەکانیان بکەنو دڵداریان لەگەڵدا بکەن، بڕوا بکە ئەو ئافرەتەی خۆی ئارەزوو نەکات کەس توخنی ناکەوێت، واتە ئەو ئافرەتەی لەماڵەوە پەروەردەی باش درابێت هیچ لێی سڵ مەکەوە بابڕواتە ناو فەوجێک عەسکەر، ئەی ئەگەر کوڕو کچو ئافرەتو پیاو یەکتری نەبینن ئەی چۆن یەکتری دەخوازن؟

-یاسای تایبەتی دابنرێت بۆ یەکسانی ئافرەتو پیاو لەهەموو بوارەکانی کارکردنو پۆستەکانی حکومەتو کارکردن لەکۆمپانیاکان.


-بێگومان زۆر باش روون بۆتەوە کەئافرەت بەرهەمدارترە لەپیاو لەگەلێک پیشەدا، ئافرەت یاسا پێشێل ناکاتو بەگوێرەی یاسا کاردەکات، هەروەها سەبری زیاترە لەپیاوو کارەکانی سەرشانی بەتەواوی جێبەجێدەکات.


-لایەنی دارایی، بێگومان ئافرەتی داراو خاوەن مەڵبەندێکی پارە وەکو مانگانە بۆ وێنە حورمەتو رێزی زیاترە لەوانەی هیچ مەڵبەندێکی داراییان نییەو بەهەمیشەیی مەسرەف لەپیاو وەردەگرن، زۆر بەزەقی دیارە ئافرەتی خاوەن پارە ئازاد ترە لەوانەی بێئیدارەنو چاوەڕێی پیاوەکانیانن کە خەرجیان بداتێ، کەوابوو کارکردنی ئافرەتو پیاو پەیداکردنی دەبێتە هۆی ئازادی.


-پێویستە پیاوەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی چینی هەژارو ناوەڕاست، ئامۆژگاری بکرێن لەلایەن زانای ئاینییەوە کەئازادی ئافرەت ئەرکێکی ئاینی ئیسلامە، ئافرەتو پیاو یەکسانن لەهەموو لایەنەکانەوە، هەروەها رادیۆو تەلەفزیۆنەکان بۆ ئامۆژگاری خێزانەکان بکەن بۆ ئازادکردنی ئافرەت.

لەکۆتاییدا دەڵێین، بەداخەوە کۆمەڵگای کوردی سەردەم، ئافرەتی بەدیل گرتوەو هەموو مافەکانی پێشێلکردووە، تەنها بەپێشکەوتنی کۆمەڵو خێزانو بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری مۆدێرن ئافرەت ئازاد دەبێت.







# ئەستێرەکانی هۆلیوودو یاهوو، هاوکاری قوربانیانی زەمین لەرزەکەی هایتی دەکەن

YAHOO!

○ دەستوور

ئەستێرەکانی هۆلیوودو میوزیکی پۆپ، بەسەرپەرشتی میوزیکژەنی هایتی (ویکلف جین)، هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی هاوکاریان دەستپێکرد بەمەبەستی بەشداریکردن لەکارە فریاگوزارییەکانی زەمین لەرزە وێرانکەرەکەی هایتی، هەروەها یاهوش لای خۆیەوە یارمەتی لێقەوماوانی هایتی داوە.

لەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتەی ئەستێرەکانی هۆلیوددا، هەردوو هونەرمەند (براد بیتو ئەنجلینا جولی) بوونە پێشەنگی ئەستێرەکانی هۆلیوود لەهاوکاریکردنی کارە فریاگوزارییەکان لەهایتیو بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلاریان پێشکەش بەڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور کرد، کە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەدابینکردنی چارەسەر بۆ بریندارەکانی ئەو کارەساتە.

هاوکات رێکخراوی پزیشکانی بێسنور رایگەیاند کەهونەرمەند (ساندرا بولوک) بڕی ١ملێۆن دۆلاری پێشکەش بەو رێکخراوە کردووەو مادۆناش بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلاری لەڕێی رێکخراوی خێرخوازی تەندروستییەوە پێشکەشکردوون، هونەرمەندو دەرهێنەری دیاریش (تیلر بیری)، بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلاری پێشکەش بەکارە فریاگوزرارییەکان کردو دامەزراوەیەکی بەناوی تیلر بیری دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی هاوکاریی زیاتر بۆ قوربانیانی کارەساتەکە.

خاتوو میشێل ئۆباماش لەبانگهێشتنامەیەکی گشتی داوایکرد لەڕێی کورتەنامەوە هاوکاری بۆ قوربانیانی بومەلەرزەکەی هایتی کۆبکرێتەوە، بەپێی دواین ئامارەکانیش زیاتر لەشەش ملیۆن دۆلار کۆکراوەتەوە.

دامەزراوەی (لایف سترۆنگ)ی، سەر بەپاڵەوانی جیهانی پایسکلسواری (لینس سترۆنگ) بەڵێنیدا بەپێشکەشکردنی بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلار.

لەلایەکی ترەوە، بۆ بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی وڵاتی هایتی، سایتی یاهو لینکێکی بۆ هاوکاریکردنیان کردەوە.

یاهوو ئایکۆنێکی بەناوی "کۆمەککردنی هایتی" لەژێر ناوی Yahoo داناوەو دوای کردنەوەی پەیجێک دێت کەناوی ژمارەیەک رێکخراوی فریاگوزاریی تێدایە لەوانە (خاچی سووری ئەمەریکا، پزیشکانی بێسنوور، ئۆکسفام، کۆمیتەی بەهاناوەچوونی نێودەوڵەتی، وەزارەتەکانی هایتی، سەیڤ چلدرن، یونسێف).

دوای کلیککردن لەسەر ناوی هەریەک لەو رێکخراوانە دەتوانیت لەڕێی حسابی بانکییەوە بڕێک پارە بۆ بەهاناوەچوونی لێقەوماوان ببەخشیت.










## نانسیو گۆرانییەکی نوێ

خاوەنی کۆمپانیای (ئارابیکا میوزیک) رایگەیاند کە بۆ دووەمجار هاوکاری هونەرمەند نانسی عەجرەم دەکات بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانییەکی نوێ بەناوی (کەی ئەتبینم).

هونەرمەند محەمەد یاسین خاوەنی کۆمپانیای (ئارابیکا میوزیک) ئاماژەی بەوەدا کە گۆرانییەکەی نانسی لەشیعری نەبیل خەلەفو مۆسیقای وەلید سەعدە، چاوەڕواندەکرێت لەمانگی شوباتی داهاتوودا کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجامبدرێت. پێشتریش نانسی بەهاوکاری کۆمپانیای ناوبراو گۆرانی (سڵاوی منی پێ بگەیەنن) کەپێش دەستپێکردنی ساڵی نوێ خستیە بازاڕاوە. لەئێستادا گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەئارادایە لەنێوان کۆمپانیای ئارابیکا میوزیکو جیجی لارا بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی نانسی عەجرەم، ئەوەش بەمەبەستی گەیشتن بەرێککەوتنێک لەنێوان هونەرمەندی ناسراوی لوبنانی نانسیو کۆمپانیای ناوبراو بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو بەرهەمە.

## کۆمپانیای نیسان بەهێزترین ئۆتۆمبێل بەرهەمدەهێنێت

○ دەستوور

کۆمپانیای نیسانی ژاپۆنی بۆ ساڵی ٢٠١٠ بڕیارە دوو بەرهەمی نوێی ئۆتۆمبێلی جۆری وەرزشی بخاتە بازاڕەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەناوی (نیسان مەکسزیما، زێد ٣٧٠) کە ئەم جۆرەی دواییان سەردانەپۆشراوەو لەسەرەتای ئەمساڵەوە لەوڵاتەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەخرێتە بازاڕاوە.

مەکسزیمایەکە هەموولاشەی لەشێوەی ئۆتۆمبێلی وەرزشی دروستکراوەو چوار دەرگای هەیەو کۆمپانیای نیسان چاوەڕواندەکات وەک یەکێک لەهەرە باشترینو نایابترین بەرهەمەکانی ساڵی ٢٠١٠ی بیخاتە بازارەوە.

ئەو جۆر ئۆتۆمبێلە لەرۆیشتندا سروشتێکی دینامیکی هەیەو خۆشییەکی زۆر بەشۆفێرو سەرنشینەکانی دەبەخشێت، بە شێو ە یە کی هاوسەنگ شەقامەکانی دەگرێتو هەر تایەیەکی لە١٩ ئینج پێکهاتووەو لەلایەن خودی تیمی مەکسزیماوە نەخشەسازی بۆ کراوە.

جگەلەوەش نیسان مەکسزیما چەند تایبەتمەندییەکی تری هەیە وەک بونی سیستمی ساردیو گەرمی مەرکەزیو سیستمی پێشکەوتووی ئێرباک، هەروەها شاشەیەکی چاودێری بۆ بینینی دواوەو سیستمێکی دەنگی زۆر تازەو ناوازەی هەیە.

جگەلەوەش ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلە ئیشپێکردنی بەشێوەی سیستمی بەرکەوتنە (لەمس) ەو لەهەمانکاتدا کوشنەکانی لەنایابترین چەرمی جیهانی دروستکراوەو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەجوڵێن.

سەبارەت بەجۆری (نیسان زێد)، لەدوای هەڵسەنگاندنەوەی لەساڵی ٢٠٠٣وە ئەو جۆرەیان لەهەرە پێشکەووتووترینیانەو هەموولاشەی بەتەواوی جیاوازە لەشێوەکانی لەوەبەریو بەتەواوی دروستکراونەتەوە.

خاوەنی مەکینەیەکی شێوەV شەش بستۆنی بەگوڕی ٣٢٨ ئەسپەو کەمترین رێژەی سوتەمەنی سەرفدەکاتو خێرایەکی حەوت گێڕی ئۆتۆماتیکیو شەش گێڕی عادیەو زۆربەی تایبەتمەندییەکانی تری لەسەر شاشەیەکی هەستیارو لەمس لەبەردەمی شۆفێرەکەیەوە ئەنجام دەدرێت.

بڕیارە لەپایزی ئەمساڵەوە بەهەردوو شێوەی داخراوو سەردانەپۆشراوە بخرێتە بازاڕەکانی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوەوە.





## نور باجی بەناوبانگییەکەی دا

سۆنگول ئۆدەن کە کارەکتەری (نور)ی لەگەڵ کیڤانچ تاتلێتوغدا (موهەنەد) لەزنجیرەی نوردا بەرجەستە دەکرد، باجی ئەو ناوبانگییەیدا کە بەهۆی زنجیرەکەوە دەستیکەوتبوو.

ئۆدەن کەبەردەوام میدیای تورکی بانگەشەی بوونی پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ تاتلیتوغدا بۆ دەکردو ئەوانیش بوونی هەر پەیوەندییەکی لەوجۆرەیان رەتدەکردەوە، هەر ئەوەش بووەهۆی ئەوەی خێزانەکەی لێ بشێوێتو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا جیاببێتەوە. ئۆدەن ئێستا بەتەنها دەژیو باجی ناوبانگییەکەیدا.

www.arshivakurd.org

بەردەدڵ

بێستون بنگردی

## گەندەڵیو بەڵێنو چاوەڕوانی خەڵک

گەندەڵیو لادانی ئیداری لەهەرێمی کوردستان بووەتە دیاردەیەکی ترسناک بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیو ئابووری، هەریەکێک کە بەرپرسیارێتیو پارەی کەوتەدەست هەوڵی لادانی ماددیو ئیداری دەدات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، ئەگەر پرسیار لەهەر بەرپرسێکی ئەو وڵاتە بکەیت، خۆیدەکات بەفریشتەی ئاسمانیو پێیوایە شەفافترین کەسی ئەو سەرزەویەیە .

زۆرجار هەبووە کەرۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانی جدیو رەخنەگر دەکەونە قسەو دەستنیشانی کەموکورتییەکان دەکەن، دەسەڵاتداران وەڵامیان لەدەرەوەی یاساو عورفی مەدەنیو بەهێزی ماددیو مەعنەوی رووبەڕووی دەبنەوەو تا بۆیانبکرێت دەیشکێنن، دواتر ئەو رۆژنامەنووسو رەخنەگرانە بەنمونەی رۆژنامەنووسو نووسەری نەشارەزا ناودەبەن بۆ ناشرینکردنیان.

مرۆڤی وشیار دەبێت تەرازووی حەقبێت، بەبۆچوونی من لەگەڵ ئەوەی بەرپرسی ناشەفافو گەندەڵو لادەر لەیاسای ئیداری هەیە، ئەوا کەسانی بەرپرسی پاکو داوێن خاوێنیش هەیە، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە کاروانی بەرپرسیارێتیو سنووری دەسەڵاتیان دیاریکراوە، چونکە سەردەم بەرەو ئاراستەیەکی تر رۆیشتووەو خەڵکانی گەندەڵ زۆرترن.

هەڵبژاردن ئامادەیکبوو بۆئەوەی هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە تەواو بێزاربوون ئیدی پێویستە هەموو ئەو لایەنانەی کەخاوەنی دەسەڵاتن لەم هەرێمەدا، بەجدی گۆڕانبکەن لەئەدای حکومەتو پەرلەمانو دەزگا گرنگەکاندا، بۆئەوەی ئێمەش باوەڕ بەدروشمەکانی نوێبونەوەو ئاوەدانیو گۆڕانو خزمەتگوزارییو چاکسازی ئیدارییو سیاسی بکەین.

هەموو هاووڵاتییەک مافی بۆچوونی هەیە بەچاک بڵێت چاکو بەخراپ بڵێت خراپ، ئەوەی بڵێت هیچ نەکراوە ئەوا هەڵەیە، ئەوەشی بڵێت وڵات شامی شەریفە ئەوا هەر هەڵەیە، راستییەکەی ئەوەیە هێشتا کەموکورتی لەبەڕێوەبردنی ئیدارییو تێگەیشتن لەبەرپرسیارێتیو خزمەتکردن هەیە، پێویستە بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردن کاریان لەسەربکرێتو جێبەجێبکرێن بۆ ئەوەی متمانە بگەڕێتەوە بۆ نێوان خەڵکو دەسەڵات، چۆن پارەو پایە خۆشەویستە با وڵات بخەینە پێشەنگو خۆشمانبوێت.

Bestun_bengrdy@yahoo.com

# بۆنی ئاژەڵی هەڵەبجە دێت!

## دانیشتووان دەپرسن، هەڵەبجەی تازە، لادێیە، یان شار؟

کامەران کەریم لەشارەزوور

دانیشتوانی شارۆچکەی هەڵەبجەی تازە دەڵێن سیمای شارۆچکەکە بەهۆی بەخێوکردنی ئاژەڵەوە سیمای لادێی وەرگرتووەو داوا دەکەن بەخێوکردنی ئاژەڵ لەشارۆچکەکەیان قەدەغە بکرێت.

هەڵەبجەی تازە کە مەرکەزی قەزای شارەزوورەو نزیکەی ٣٨ هەزار هاووڵاتی لێ نیشتەجێیە، بڵاوبوونەوەی ئاژەڵو بەخێوکردنی لەنێو کۆڵانو گەڕەکەکانیدا، سیمای ئەو شارەی تێکداوەو هاووڵاتیان دەڵێن کۆڵانەکان لەگەوڕی مانگا دەچێت، چونکە نزیکەی ٢٠٠ گەوڕی بەخێوکردنی ئاژەڵی تێدایە.

کاتێک بەنێو ژمارەیەک لەکۆڵانو گەڕەکەکانی ئەو شارۆچکەیەدا تێپەڕدەبیت، بۆنی ناخۆشی ئاژەڵ بەئاسانی هەستپێدەکرێتو دانیشتوانیشی لەسەرۆکی شارەوانی دەپرسن ئەوان لەلادێ دەژین یان لەشار.

کارزان سابیر تەمەن (١٨) ساڵ، دانیشتویەکی هەڵەبجەی تازەیە، لەگەڕەکەکەیاندا (٢) گەوڕی ئاژەڵ هەیە.

کارزان وتی"بڕوابکەن ئێمە نازانین خەڵکی لادێین یان شار؟".

هەروەها وتی"هەر لەنزیک ماڵەکەماندا ژوورێک دروستدەکرێتو ئاژەڵی تێدا بەخێودەکرێت، بەهۆی بوونی بۆنی ناخۆشەوە، دەبێت ئێمە دەست بگرین بەلوتمانەوە".

ئەو گەنجە وەک خۆی دەڵێت لەڕووینایەت هاوڕێیەکی بباتە شارەکەی، "چونکە کۆڵانو بازاڕ نەماوە ئاژەڵی تیا نەبێت".

بەخێوکردنی ئاژەڵ بەتەواوی دانیشتوانی هەڵەبجەی تازەی هەراسانکردووە، هاووڵاتیان دەڵێن بەرەڵاکردنی مانگا لەنێو کۆڵانەکانو بێدەنگی شارەوانی، سیمای گوندی بەشارۆچکەکە بەخشیوە.

شیروان شەوکەت لێپرسراوی سەنتەری هەڵەبجەی تازەی رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، وتی"بەڕاستی مانگای بەرەڵا هەراسانی کردوین، ئێرە وەک هیندستانی لێهاتووە".

شیروان وتی"لەبازاڕدا زۆر بەئازادانە مانگا بەشەقامەکاندا دەڕواتو کەسیش نییە لێپرسینەوە لەخاوەنەکانیان بکات، ئەو مانگایانە لەبازاڕدا دەکەونە خواردنی ئەو شتانەی کە لەسەر عەرەبانەکان دانراون".

بەپێی بەدواداچوونێکی دەستوور لەهەڵەبجەی تازە نزیکەی (٢٠٠) گەوڕی بەخێوکردنی مانگا هەیە، جگە لەو ماڵانەی کەئاژەڵێک یان دوانیان هەیە، ئەو گەوڕانەش خاوەنەکانیان لەنزیک ماڵەکانی خۆیان لەنێو کۆڵانو شەقامەکان دروستیانکردووە.

عیسمەت رەحیم تەمەن (٣٥) ساڵ، وتی"هەرکەس بێتە ئەم شارەوە لەهەر شوێنێکەوە بێت، رووبەڕووی ئاژەڵدەبێتەوەو بەرپرسانی شارەکەش خۆیان بەخاوەنی ئەو شارە نازاننو نایەن بەناو شاردا بگەڕێن، چونکە عەیبیان لێدێت".

سۆران عەلی قایمقامی قەزای شارەزوور بەدەستووری وت"ئێمە زۆر هەوڵمانداوەو ئەوانەشی بەنایاسایی گەوڕیان دروستکردووە روخاندوومانە، بەڵام هاووڵاتیان لەناو ئەو خانووەی کەتێیدا دەژین گەوڕیان دروستکردووەو ئاژەڵی تێدا بەخێودەکەن، ئێمەش ناتوانین ئەو خانوانە بڕوخێنین".

سالاررەشید سەرۆکی شارەوانی شارەزوور بەدەستووری وت لەساڵی (٢٠٠٨)وە ئێمە (٣٠٠) گەوڕمان روخاندووە، کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ سەرجەم خاوەن ئاژەڵەکان کرد، زەویمانپێدان لەدەرەوەی شار بۆئەوەی ئاژەڵەکانیان دووربخەنەوە، بەڵام هەندێکیان گەوڕیان لەناو ماڵەکانی خۆیاندا کردووە".


بەرەڵاکردنی مانگا لەنێو کۆڵانەکانو بێدەنگی شارەوانی، سیمای گوندی بەشارۆچکەکە بەخشیوە

# واژۆیەکی سەدام حسێن، بەڕێوەبەری نووسینگەی پەروەردەی کەرکوك سزادەدات

کانی کەمال لەکەرکوک

بەهۆی گشتاندنی بڕیارێک بەواژۆی سەدام حسێنەوە بۆ سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگاکانی کەرکوک بەڕێوەبەری نوسینگەی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کەرکوک سزادەدرێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوک بۆ پارێزگاریکردنو چاککردنو هەڵگرتنی دۆکۆمنتەکانیان بڕیارێک بەواژۆی سەدام حسێن لەگەڵیدا هاوپێچ دەکەن کە لەساڵی ١٩٨٣دا دەرچووە.

بەپێی نووسراوێکی پەروەردەی کەرکوک کە کۆپیەکی بەدەستوور گەیشتووە ژمارە (٢٨٨٣٦) کە لەبەرواری ٢٠٠٩/١١/١٨ دەرچووەو ئاراستەی سەرجەم دەستەی کارگێری قوتابخانەکانی شاری کەرکوک کراوەو واژۆی فەوزیە عەبدوڵلا ئەوانیس جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوکی لەسەرە، لەگەڵ ئەو نوسراوەدا رێنماییەکانی سەردەمی رژێمی بەعسی سەبارەت بەڕێنمایەکانی پارێزگاریکردنی دیکۆمێنتەکانو چاککردنو هەڵگرتنی هەموو دیکۆمینتی سەر بەناوەندی وەزارەتی رۆشنبیریو گەیاندنو فەرمانگەی سەر بەوەزارەت، لە بە ڕێو ە بە ر ا یە تییە کا ند ا هاوپێچە.

لەپەیوەندییەکی دەستوور بەمامۆستا فەوزیە ئەوانیس جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی کەرکوک سەبارەت بەو نوسراوە وتی"ئەو نواسراوە لەوەزارەتی پەروەردەی بەغداوە بەو شێوەیە بۆمان هاتووە، ئێمە تەنها نوسراوی خۆمان هاوپێچی کردووە بەواژووی خۆم، ئەو بڕگەو یاسایانەی تیایدا هاتووە تائێستا کاری پێدەکرێ".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوک بەڕێوەبەری نوسینگەی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی بە "ئاگادارکردنەوەی یەکەم" سزا داوە.

# هەولێر قوتابیانو خوێندکارانی پشتگوێخستووە

## بەشە ناوخۆییەکانی هەولێر بەدەست کەمی خزمەتگوزاریەوە دەناڵێن

علی بانیشاری لەهەولێر

قوتابیانو خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی هەولێر گلەیی ئەوە دەکەن وەک پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش بە بەشە ناوخۆییەکان ناکرێت، ماوەیەکیشە چەندین کێشە رووی لەبەشە ناوخۆییەکانی هەولێر کردووە، لەبەرامبەردا هەرایەکی گەورە لەنێوان قوتابیانو خوێندکاراندا دروستبووە.

لەهەولێر ٢٩ بەشەناوخۆی هەیە، ٢٣ بەشەناوخۆی تەرخانکراوە بۆ کوڕانو ٦ بەشەناوخۆیش بۆ کچان، بەشە ناوخۆییەکانیش بەسەر قوتابیانی هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا دابەشکراوە، بەشێوەک (٤١٢٨) قوتابی بەسەر بەشەناوخۆییەکاندا دابەشبوون.

قوتابیانو خوێندکاران، بەڕێوەبەری بەشە ناوخۆییەکان بەوە تاوانبار دەکەن لەکاتی بوونی کێشەیەکدا چەندین رۆژ نایەن بەدەم کێشەکەوە، بەڕێوەبەری بەشە ناوخۆییەکانی کوڕانو کچانیش قوتابیانو خوێندکاران بەهەست نەکردن بە بەرپرسیارەتی تاوانباردەکەن.

تانیا ئەحمەد قوتابییەکی زانکۆی سەڵاحەدینە، لەبەشە ناوخۆیی لەیلا قاسم دەژی وتی"بەداخەوە چەندین کێشە هەیە لەبەشەناوخۆیی لەیلاقاسم، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست چارەسەرنەکراوە، کاتێکیش بەسەرپەرشتیارەکە بڵێیت، دەڵێت بەسەرچاو، بەڵام پاشان هەر ناڵێیت ئەو بووە".

جوان مەهدی بەڕێوەبەری بەشە ناوخۆییەکانی کچان لەهەولێر جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بۆ بەشە ناوخۆیی لەیلاقاسم تەرخانکراوە.




جوان بەدەستوری وت"سەرجەم خزمەتگوزاریەکان بۆ بەشەناوخۆیی لەیلا قاسم تەرخانکراوە، منیش قسەی قوتابیان بەڕاست دەزانم کەموکورتی لەپێداویستییەکاندا هەیە، چونکە بەشە ناوخۆی لەیلاقاسم لەساڵەکانی هەشتاکاندا دروستکراوە بۆ ئێستا بەکەڵک نایەن".

ئەو وتی"لەم چەند رۆژەدا داوایان لێکردوین کەموکورتیەکان بۆ سەروی خۆمان بەرزبکەینەوە، ئێمەش سەرجەم کەموکورتیەکانی بەشە ناوخۆیی لەیلاقاسمان بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ بەرزکردووەتەوە".

عەتا عەبدولرحمان قوتابی زانکۆی سەڵاحەدین، لەبەشەناوخۆیی ئازادی بۆ کوڕان ئەوەی بەنمونە هێنایەوە کەچەندین جار گیزەرەکەیان سوتاوەو دوایان کردووە بۆیان چاکبکرێتەوە، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەندین رۆژ، نەهاتون بەدەم داواکەیانەوە.

ئەو قوتابییە وتی"دەبێت کارێک بکرێت هەرچی زووترە چاوێک بەکەموکورتیەکانی بەشە ناوخۆیەکانی هەولێردا بخشێنرێتەوە، چونکە ئەگونجێ لەبەشە ناوخۆیەکدا بیت نەسەلاجەت هەبێت نەغەسالەیەکی سەربەخۆت هەبێ، هەرچی عەلادینە غازبکات، یەک بەتانیش وەرنەگریت؟".

فەرهاد عەلی بەڕێوەبەری بەشە ناوخۆیەکانی کوڕان، قوتابیان بەوە تاوانبار دەکات کە بەئامانەتەوە کەلوپەلەکانی بەشە ناوخۆییەکان ناپارێزنو گوێنادەن بەوەی لەپاش خۆیان قوتابی دیکە سوودی لێوەردەگرێت.

www.arsivakurd.org

# مارادۆنا هەڵبژاردەکەی دووردەخاتەوە




دیگۆ مارادۆنای راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، متمانەی بەهەڵبژاردەکەی نیەو لەلیستی پاڵێوراوانی بەدەستهێنانی جامی جیهانی دووریدەخاتەوە.

لەمیانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لەوڵاتی ئەفریقای باشوور بۆی سازدرابوو، دیگۆ مارادۆنای راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین ئەوەی راگەیاند کە هەڵبژاردەکەی توانای بەدەستهێنانی جامی جیهانی نیەو زۆری ماوە بۆ ئەوەی کێشەو گرفتەکانی چارەسەر بکات.

راهێنەری ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە ئەرجەنتین یەکێک نیە لەپاڵێوراوانی بەدەستهێنانی نازناوی ئەو پاڵەوانێتیە.

وتیشی "بەرازیلو ئیسپانیاو ئەڵمانیا، بەهێزترین پاڵێوراون بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، چونکە هەریەک لەو هەڵبژاردانە لەوپەڕی ئاستو تواناداان."

هەمان کات مارادۆنا ئاماژەی بەوەشدا کە پێش ئەوەی بیر لەبەدەستهێنانی نازناوەکە بکەینەوە پێویستە کاربکەین بۆ گەڕانەوەی ئاستو توانای هەڵبژاردەکەو چارەسەرکردنی گرفتو کێشەکان.

# شاراپۆڤا دەرکرا



ماریا شاراپۆڤای روسیو کچە یاریزانی ناوداری تێنسی سەرزەوی، لەیەکەمین یاری پاڵەوانێتی ئوسترالیای کراوە دوچاری دۆڕان هاتو کرایە دەرەوەی پاڵەوانێتیەکە.

لەدەسپێکی یاریەکانی قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتی ئوسترالیای کراوە بۆ تێنسی سەرزەوی لەسەر ئاستی کچان، ماریا شاراپۆڤای روسی رووبەڕووی ماریا کیریلینکۆی هاونیشتمانی بووەوە، کە تێیدا دوچاری شکستێکی چاوەڕواننەکراو بووەوە.

یاریەکە بەئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرامبەر کۆمەڵەیەک لەبەرژەوەندی کیریلینکۆ کۆتاییهات، بەمەش شاراپۆڤا کرایە دەرەوەی پاڵەوانێتیەکەو بۆ یەکەمین جار لەمێژوویدا رووبەڕووی شکستی لەو جۆرە بووەوەوە.

# ئەستێرەکانی ریاڵ مەدرید بوونەتە مەزەی رۆژنامە کەتەلۆنییەکان




ئەستێرە دیارەکانی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی بوونەتە جێی گاڵتەی رۆژنامە وەرزشیەکانی هەرێمی کەتەلۆنیاو سوکایەتیان پێدەکرێت.

پاش ئەوەی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی لەیاری ئەم هەفتەیەیدا کە بەرامبەر یانەی ئەتلەتیک بلباو ئەنجامیدا دوچاری شکست هاتو ئەستێرە دیارەکانی ئەو یانەیە نەیانتوانی هیچ ئاستێک پێشکەش بکەن، رۆژنامە وەرزشیەکانی هەرێمی کەتەلۆنیای نزیک لەیانەی بەرشەلۆنە کەوتنە سوکایەتیو گاڵتەکردن بەئەستێرەکانی ئەو یانەیەو لەبایەخیانی کەمکردنەوە.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی نزیک لەیانەی بەرشەلۆنەی پێشەنگی خولەکە، لەراپۆرتێکیدا هێرشی توندی کردەسەر رۆناڵدۆو کاکاو بنزیماو بە سێ یاریزانی بێبایەخی لەقەڵەمدان بۆ یانەکە.

لەراپۆرتەکەدا ئەوە هاتووە کە ئەو سێ ئەستێرەیە نەیانتوانی هێندەی گۆنزالۆ هیگواینی ئەرجەنتینیان پێبکرێتو سەرکەوتن بەیانەکەیان ببەخشن.

هەروەها ئەوەش هاتووە کە بەخەرجدانی بڕی ١٩٧ ملیۆن یۆرۆ لەکڕینی ئەو سێ ئەستێرەیە کارێکی هەڵەبووە، چونکە تائێستا نەیانتوانیوە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن.

# بێکهام: رۆناڵدینیۆ سروشتی نییە

دێڤید بێکهامی ئینگلیزیو یاریزانی یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی، سەرسامی رۆناڵدینیۆی بەرازیلییەو بەیاریزانێکی ناسروشتی لەقەڵەمی دەدات.

پاش کۆتاییهاتنی یاری ئەم هەفتەیەی یانەکەیو تۆمارکردنی سەرکەوتنێکی گەورە بەرامبەر یانەی سیینا بەچوار گۆڵی بێ وەڵام کە سیانیان رۆناڵدینیۆی بەرازیلی تۆماریکرد، دێڤید بێکهامی ئینگلیزیو یاریزانی یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی سەرسامی خۆی بەرۆناڵدینیۆ دەربڕیو بەیاریزانێکی ناسروشتی لەقەڵەمیدا.

یاریزانی ناوبراو لەمیانی ئەو لێدوانەیدا ئەوەی راگەیاند کە چاوەڕێی ئەوە لە رۆناڵدینیۆ دەکات کە هەمیشە ئاستبەرزی لەیاریەکاندا هەبێت ئەمەش بەهۆی ئەو پێشینەیەی کە هەیەتی.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە رۆناڵدینیۆ یاریزانێکی ناسروشتیەو لەهیچ یاریزانێک ناچێت، خاوەنی ئاستو توانایەکی لەرادەبەدەر بەرزو کەم وێنەیە.


وتیشی "ئەوەی رۆناڵدینیۆ لەیاریگادا دەیکات نامۆیە لەتۆپی پێداو هیچ یاریزانێک تائێستا نەیتوانیوە بەو ئاستە بگات."

لەبارەی ئاستی لەیانەی میلانو گەڕانەوەی دووبارە بۆ ریزەکانی ئەو یانەیە، بێکهام وتی "خۆشحاڵم بەوەی جارێکیتر گەڕامەوە بۆ یانەی ئەیسی میلان، هەوڵدەدەم باشترین ئاست پێشکەش بکەم کە شیاوی یانەکە بێت.

وتیشی "گرنگ نیە کە تائێستا نەمتوانیوە گۆڵ تۆماربکەم، گرنگ ئەوەیە کە توانیومە هاوکاری بکەم لەسەرکەوتنی یانەکە."



# هێنری رزگاریبوو




تێری هێنری فەرەنسیو هێرشبەری یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی، لەسزای یەکێتی تۆپی پێی جیهان "فیفا" رزگاریبوو.

لیژنەی بەدواداچوونی یەکێتی تۆپی پێی جیهان "فیفا" بڕیاری ئەوەیدا هیچ سزایەک بەسەر تێری هێنری فەرەنسیو هێرشبەری یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی نەسەپێنێت، ئەویش پاش ئەوەی هیچ یاسایەک بۆ سزادانی ئەو جۆرە هەڵانە بوونی نیە کە تێری هێنری لەیاری یەکلاکەرەوەی نێوان هەڵبژاردەی وڵاتەکەیو ئیرلەندا بۆ سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٠ ئەنجامیدا، کاتێک لەناوچەی سزا بەدەست تۆپێکی ئاراستەی گالاسی هاوڕێی کردو گۆڵی سەرکەوتنی هەلبژاردەی وڵاتەکەی پێ تۆمارکرا.

بەپێی بڕیاری لیژنەکەی فیفا، هێنری هیچ جۆرە سزایەک نادرێتو ئەو داواو سکاڵایانەش کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئیرلەندیەوە بەرزکراوەتەوە کەڵکی نابێت، چونکە تائێستا یاسایەک نیە بۆ سزادانی ئەو جۆرە هەڵانە.



# ریبێری پێشەنگە

فرانک ریبێری فەرەنسیو ئەستێرەی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی، پێشەنگی ئەو یاریزانانەی گرتووە کە یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی هەوڵی پەلکێشکردنیان دەدات.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئیدارەی یانەی ریاڵ مەدریدی وڵاتەکەیان راپرسیەکی بۆ ئەو یاریزانانە ئەنجامداوە کە بەنیازە وەرزی داهاتوو پەلکێشیان بکات، کە تێیدا فرانک ریبێری فەرەنسیو ئەستێرەی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

راپرسیەکە کە هەریەکە لە"سیسک فابریگاسو داڤید سیلڤاو فرانک ریبێری" لەخۆگرتووە، تێیدا یاریزانە فەرەنسیەکە بەرێژەی (٥ ,٧٤٪) پلەی یەکەمی وەرگرتووەو زۆرترین دەنگی هێناوە بۆ ئەوەی بهێنرێتە ریزەکانی یانەکە.

هەروەها داڤید سیلڤا بەرێژەی (٩ ,٦٦٪) پلەی دووەمو سیسک فابریگاس بە(٦ ,٦٦٪) پلەی سێیەمی وەرگرتووە.

# هەڵبژاردەی کوردستان لەگەڵ سوید یاریی دەکات

دەستوور

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان پێشوازی لەهەڵبژاردەی کوردستانی سوید دەکاتو دوو یاری دۆستانەی لەگەڵ ئەنجامدەدات.

بڕیارە لەداهاتوویەکی نزیکدا هەڵبژاردەی کوردستانی سوید بگاتە هەرێمی کوردستانو لەدوو یاری دۆستانەدا رووبەڕووی هەڵبژاردەی کوردستان ببێتەوە.

بەپێی راگەیاندراوی کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، رەزامەندی وەرگیراوە بۆ پێشوازیکردنی هەڵبژاردەی کوردستانی سوید لەهەرێمی کوردستانو ئەنجامدانی دوو یاری دۆستانە.

لەراگەیەندراوەکەدا ئەوە هاتووە کە رەزامەندی وەرگیراوە لەسەر نوسراوێکی لقی هەولێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەپێشوازیکردنی هەڵبژاردەی کوردستانی سوید بۆ ئەنجامدانی دوو یاری دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی راگەیاندراوەکە کاتی یاریەکەی دیارینەکردووە، بەڵام ئاماژەی بەوەداوە کە گەشتی هەڵبژاردەی کوردستانی سوید لەداهاتوویەکی نزیکدا دەبێت.



هەڵبژاردەی کوردستان لە مۆندیالی ڤیفا

# پیلیگرینی لەمەترسیدایە

مانوێل پیلیگرینی چیلیو راهێنەری یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی لەمەترسیدایەو ئەگەری دوورخستنەوەی هەیە لەئەرکی راهێنەرایەتی یانەکەی.

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی لەهەواڵێکیدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە فلۆرنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ریاڵ مەدریدی وڵاتەکەیان متمانەی بە مانوێل پیلیگرینی راهێنەری یانەکەی نەماوەو ئەگەری ئەوە هەیە لەپۆستەکەی دووریبخاتەوە.

رۆژنامەکە بەپشت بەستن بەچەندین زانیاری وورد ئەوەی بڵاوکردووەتەوە کە پێرێز لەئاستو توانای ئەو راهێنەرە دوودڵەو ترسی لەوە هەیە نەتوانێت نازناوەکان بۆ ریاڵ مەدرید بەدەستبهێنێت، بۆیە ئێستا لەهەوڵی ئەوەدایە پێشوەخت یانەکەی لەقەیران رزگاربکات.

سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە کە پێرێز هەلێکی داوەتە پیلیگرینی بۆ ئەوەی متمانەی بەدەستبهێنێتەوە، ئەویش یاریەکانی ئەم مانگەیە کە یانەکە لەخولی لالیگا ئەنجامی دەدات، بەو پێیەی ئەگەر پیلیگرینی نەیتوانی سەرکەوتن بەیانەکەی ببەخشێتو جیاوازی خاڵەکان لەگەڵ بەرشەلۆنە بەرەو زیاتر بڕوات، ئەوا ئەو راهێنەرە دووردەخرێتەوە.



# ئیڤانۆڤیچ ترسی لەسیرینا هەیە



ئانا ئیڤانۆڤیچی سڕبیو کچە یاریزانی ناوداری تێنسی سەرزەوی ترسی لەسیرینا ولیامزی ئەمریکیو کچە یاریزانی رکابەری هەیە.

لەو پەیامەی کە لەسەر پێگە تایبەتەکەی خۆی بڵاویکردووەتەوە، ئانا ئیڤانۆڤیچی سڕبیو کچە یاریزانی ناوداری تێنسی سەرزەوی ئەوەی راگەیاند کە بەباشی خۆی بۆ پاڵەوانێتی کراوەی تێنسی سەرزەوی ئوستراليا ئامادەکردووەو نیازی ئەوەی هەیە نازناوی پاڵەوانێتیەکە بەدەستبهێنێت.

کچە یاریزانی ناوبراو کە بەجوانترین کچە وەرزشکاری جیهان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دەستنیشانکرا، ئەوەشی راگەیاند کە لەو پاڵەوانێتییەدا چەند کچە یاریزانێک توانای ئەوەیان هەیە رکابەری بکەن کە ژمارەیان دەگاتە ١٠ کچە یاریزان. ئەوەش دەڵێت "لەنێوان ئەو ١٠ کچە یاریزانە تەنها سیرینا ولیامز توانای ئەوەی هەیە بگاتە یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە."

هەمان کات ئیڤانۆڤیچ ئاماژە بەوەش دەکات کە متمانەی تەواوی بەخۆی هەیە بگاتە یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکەو نازناوەکەش بەدەستبهێنێت.

# یانە پلە یەکەکان دیقیان پێدەکرێت

سیروان عەبدوڵلا لەسلێمانی

یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دیق بەیانە بەشدارەکانی خولی تۆپی پێی پلە یەکی کوردستان دەکاتو وادەی دەستپێکردنی ئەو خولە راناگەیەنێت، لەگەڵئەوەی تیروپشکی کێبرکێکانی ئەم وەرزەی خولی تۆپی پێی پلە یەکی یانەکانی کوردستان راکێشرا، بەڵام تائێستا وادەی دەستپێکردنی ئەو پاڵەوانێتیە دیارینەکراوەو یانە بەشدارەکانیش جگەلەوەی نیگەرانی رووبەتێکردوون، داوای ئاشکراکردنی وادەکە لەیەکێتی تۆپی پێ دەکەن.

لەمبارەوە محمد سعید سکرتێری یانەی سلێمانی بەدەستووری راگەیاند کە نەبوونی بوودجەی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی خولەکە لەکاتی خۆیدا هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی ئەو پاڵەوانێتیەیە، ناوبراو پێیوابوو کە دواکەوتنی خولەکە کاریگەرییەکی خراپی هەیە بۆ سەر ئاستی یاریزانانو بودجەی یانەکانی بەشداربووی خولەکە، سەبارەت بە ئاستی راهێنەری یانەکەی، سکرتێرەکەی سلێمانی رایگەیاند کە متمانەی تەواویان بەراهێنەری یانەکە خەسرەو گورون هەیە کە یانەکەیان سەربخات بۆ خولی یانە نایابەکانی کوردستانو جارێکیتر شکۆمەندی بداتەوە یانەکەو بیگەڕێنێتەوە ئاستی جارانی. ئاماژەشی بەوەدا کە یانەکەیان لە ئامادە باشی تەواودایە بۆ بەشداریکردن لەخولەکەداو بەدەستهێنانی ئەنجامی باش، لەکۆتایدا محەمەد سەعید رایگەیاند کە یانەکان لەچاوەڕوانی دەستپێکردنی خولەکەدان لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەسەعاتی سفردا.



# کەرکوک ئەرکی ئاسانە

ئارام محەمەد

لەیاری ئەم هەفتەیەی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپی یانەی کەرکوکی پێشەنگی خولەکە ئەرکی ئاسانەو بۆ زیادکردنی خاڵەکانی هەلی گەورەی لەپێشە.

بڕیارە سبەی پێنجشەممە لەیاریگاکانی کوردستان تەواوی یاریەکانی ئەم هەفتەیەی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان کە دەکاتە هەفتەی دووەمی قۆناغی دووەم بەڕێوەبچێتو تێیدا چەندین رووبەڕووبونەوە لەنێوان یانە بەشدارەکان ئەنجامبدرێن.

تیپی یانەی کەرکوکی پێشەنگی خولەکە لەیاری ئەم هەفتەیەیدا ئەرکی ئاسانەو رووبەڕووی تیپی یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەبێتەوە کە لەپلەی یازدەیەمی ریزبەندی دێت، بۆیە دەیەوێت ئەم هەلە لەدەستنەداتو بووار بۆ رکابەرەکانی نەهێڵێت لێی نزیکببنەوە.

لەلایەکی ترەوەو لەیاریەکی بەهێزدا تیپی یانەی پێرسی شاری دهۆک لەنێو یاریگای خۆی میوانداری تیپی یانەی هەولێر دەکات، هەردوو تیپەکە خاوەنی ٢٤ خاڵنو بەجیاوازی گۆڵ تیپی یانەی یەکەم لەپلەی چوارەمی‌و دووەم لەپلەی سێیەمی ریزبەندیدایە.

جگەلەم دوو یاریەش ئەمانەی خوارەوە ئەنجامدەدرێن:

دهۆک×پێشمەرگەی سلێمانی، ئارارات×شێروانە، هەندرێن×بروسک، سەورە×نەورۆز، سیروانی نوێ×خاک.

ریزبەندی خولەکە پێش دەستپێکردنی یاریەکانی ئەم هەفتەیە:

کەرکوک ٣٠ خاڵ.
بروسک ٢٥ خاڵ.
هەولێر ٢٤ خاڵ.
پێرس ٢٤ خاڵ.
پێشمەرگەی سلێمانی ٢٢ خاڵ.
هەندرێن ٢٠ خاڵ.
سیروانی نوێ ٢٠ خاڵ.
دهۆک ٢٠ خاڵ.
ئارارات ٢٠ خاڵ.
نەورۆز ١٥ خاڵ.
پێشمەرگەی هەولێر ١٣ خاڵ.
خاک ٩ خاڵ.
سەورە ٩ خاڵ.
شێروانە ٨ خاڵ.



بەهرۆز فەیزوڵڵا گەمە بەیاریزانانی پێشمەرگەی هەولێر دەکات

# سەرۆکی یانەی سیروانی نوێ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان تۆمەتبار دەکات

سامان عوسمان



ئاواتی شێخ جەناب سەرۆکی یانەی سیروانی نوێ بەتوندی رەخنەی لەبەرپرسانی وەرزشی سلێمانی‌و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان گرتو بەهۆکاری دانان لەبەشدارینەکردنی تیپی یانەکەی لەخولی نایابی عێراقی.

لەمیانی ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەی کە سەرەتای ئەم هەفتەیە بەمەبەستی رۆشنکردنەوەی هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی تیپی تۆپی پێی یانەی سیروانی نوێ لەخولی نایابی یانەکانی عێراق سازدرابوو، ئاوات شێخ جەناب سەرۆکی یانەی سیروانی نوێ ئەوەی راگەیاند کە هۆکاری دارایی‌و هونەری پاڵنەری سەرەکی بوون لەبڕیاری بەشدارینەکردنیان لەو پاڵەوانێتیە.

ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە چەندین جار هانایان بۆ بەرپرسانی وەرزشی سلێمانی‌و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بردووەو داوای هاوکارییان کردووە تا بەشداری خولەکە بکەن، بەڵام وەڵام نەدراونەتەوە.

وتیشی "بەداخەوە پاش ئەوەی داواکارییەکانمان بێ وەڵامبوون، نەمانتوانی بەشداری خولەکە بکەین.

هەر لەمیانی ئەو کۆنگرەیەدا سەرۆکی یانەکە تەواوی خەرجی‌و داهاتی یانەکەی ئاشکراکردوو دواتر وەڵامی ئەو پرسیارانە درانەوە کە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە ئاراستەکرابوون.

# هۆڵە داخراوەکانی کوردستان تاقیدەکرێنەوە

دەستوور

بەمەبەستی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتی باسکەی رۆژئاوای ئاسیا لەهەرێمی کوردستان، هۆڵە داخراوەکانی شارەکانی هەرێم تاقیدەکرێنەوە.

پاش ئەوەی یەکێتی باسکەی رۆژئاوای ئاسیا بڕیاری ئەوەیدا رەزامەندی بنوێنێت بە بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتی باسکەی رۆژئاوای ئاسیا لەهەرێمی کوردستان، سکرتێری ئەو رێکخراوە هاوڕێ لەگەڵ لیژنەیەکی پسپۆڕ، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد.

هاکوب هاجرییانی سکرتێری یەکێتی باسکەی رۆژئاوای ئاسیا کە بەسەردانێک لەهەرێمی کوردستانە، سەرقاڵی تاقیکردنەوەی هۆڵە داخراوەکانی باسکەیە لەشارەکانی هەرێم بەتایبەت هەولێرو دهۆک.

ناوبراو کە ئێستا لەشاری دهۆکە بڕیارە پاشتر سەردانی شاری سلێمانی‌و دواتر هەولێر بکاتو ئەنجامی سەردانەکەی بکاتە راپۆرتێکو لەکۆبونەوەی تایبەتی یەکێتیەکەی لەبارەی پاڵەوانێتیەکە بیخاتەڕوو.



# هەرمان حسێن دهۆکی جێهێشت



هەژار دۆسکی لەدهۆک

هەرمان حسێنی یاریزانی بەتوانای تیپی تۆپی پێی یانەی دهۆک، ریزەکانی یانەکەی جێهێشتو پەیوەندی بەتیپی یانەی گارەوە کرد. بەپێی بۆندێک کە بڕەکەی ٧ ملیۆن دیناری عێراقیەو ماوەکەی تەنها وەرزێکە، هەرمان حسێنی یاریزانی تیپی تۆپی پێی یانەی دهۆک، چووە ریزەکانی تیپی یانەی گارە.

بەپێی وتەی یاریزانی ناوبراو بۆ دەستوور، بۆندەکە ماوەکەی یەک وەرزەو بڕی مانگانەشی ٧٥٠ هەزار دیناری عێراقیە. ئەو یاریزانە کە ماوەیەکی زۆر بۆ ریزەکانی یانەی دهۆک یاری کردووەو ماوەیەکیش لەیانەی قوەجەویە بووە، بەچوونی بۆ یانەی گارە خۆشحاڵەو بەڵێنیداوە هەموو تواناکانی بۆ خزمەتکردنی ئەو یانەیە بەکاربهێنێت.

هەرێز جەمال

شاور

# شین بۆ کوردستان مەکەن، شایی بکەن

مقۆ مقۆی ئەم دواییەی سەرتاپای کوردستان لەدوورخستنەوەی یانەو هەڵبژاردەکانی عیراق لەسەرجەم پاڵەوانێتییەکاندا زۆربەی ستوونەکانی رۆژنامەکانو زۆرترین بەرنامە وەرزشی‌و تەنانەت سیاسیەکانی تیڤیەکانیشی گرتووەتەوە، گێژاو و کێشەکانی تۆپی پێی عیراق سەردەمێکە سەریانهەڵداوە، ئەمەی ئێمە ئێستا لەگۆڕەپانی وەرزشیدا دەیبینین، بۆچوونموایە دەمێکە ئەوە سازشو لێکدانەوەی بۆ کراوە، یەکێتی تۆپی پێی سڕکراوی عیراقی هەمیشە لەو ساتەوەی خۆی بەبێتاوان لەقەڵەم دەدات لەگشت مەسەلەکاندا، پاساوی ئەمنی، ناوەرزشی، سیاسی، تا دوایی ئەم رۆژەی بەچاوی خۆی بینیوە، من لەوە تێناگەم ئایا ئەگەر پاساوی سیاسی‌و گەڕی وەرزشیش بێت برادەرانی عەلی دەباغو تیمەکەی رەعد حەمودی هەقیانە زۆر.

بەدڵنیاوە من دەڵێم رەنگ بێت لەو لێکدانەوەیەم بۆ پاڵپشتی ئەوانە زۆر بە بەعسیەک بمچوێنن ، چونکە دڵنیاش بن ئەگەر دژایەتی‌و پاڵپشتی حسێن سەعیدو ئیبراهیم قاسمو مەلا عەبدولخالق بوومایە، دەڵێم لەماوەی دەسەڵاتەکاندا چی دیاریەکتان پێشکەشی کورد کرد؟ کە نوکی پێنووسم راستەوخۆ لەهەڤاڵ مەلا عەبدولخالق ئەمینداری دارایی ئەو یەکێتییە تیژ دەکەم کە شاند نەبوو ئەو پیاوە نەبێتە سوری بەر لەشکر ئەو شاندانەی یەکێتی تۆپی پێ جگە لەو کەسێک نەبووە فزەیەک بکات، لە ئێستاوە دڵنەوای ئەوەشم گەر لیژنەی نەزاهە لەم ساتەدا بێتو بدات بەیەکێتی پێشووەوە رەنگە ئەوەندیتر ئەو برادارانە سڕتر بکات، چونکە لەماوەی دەسەڵاتیان تەنها کۆنفراسێک چیە نەبەسترا، نەچالاکیەکانیان نە داراییەکانیان ئاشکرا نەکرد، دەکرێت ئەمەش بڵێین خەمی ئەمنی بوو؟ دەپرسم لەیانەی سلێمانی‌و سیروان کە لەخولی نایابی عیراقی بەشدار دەبوون، پارەی بەشداریکردنتان لەو خولە بەپشبەستن بەخۆتان بوو یاخود ئێوەش لەژێرەوە یارمەتی دارایتان لەیەکێتیەکەی مامۆستا ئیبراهیم وەردەگرت وا لە ئێستادا بەرگریان لێدەکەنو بێدەنگنو ئیمزای راستیەکان ناکەن، تەنها خەمی ئەوەم لەکۆڵنابێتەوە تەنها بۆ خۆشیش بوایە ئێوە لەم خولە بەشداربونایە، دەردی خۆیان وتەنی کاکەمەلا دەڵێت ئەمە پلانێکی سیاسیە، من پێی دەڵێم ئەمە پلانێکی ناشەرعییە چونکە نابێت لێم زیز بێت لەسەردەمەکەی تۆدا ئێوەش ناشەرعی بوون رەحمەتو پارانەوەتان لەپلاتەر نەبووایە دەمێک بوو سڕکرابوون، بەڵام من دەپرسم ئەدی ئەگەر شورتەو تەلەبە یەکەم بوونایە فیفا ئەوەندە گێژە لەبەر خاتری خاتران ئەم کارەی نەدەکرد؟ بۆیە من پێمخۆشە هەر لەسەرتاپای یاریگاکە بەدرێژای یانەی سیروان بکرێت بەڕیزی هەڵپەڕکێو شایی، چونکە کوردانی نوێنەرتان لەبەغدا بەشویان دان.

# بەرشەلۆنە هەیبەتی شکا

## نازناوەکان لەبەرشەلۆنە دەتۆرێن



دەستوور

یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی کە ساڵی پار توانی ٦ نازناوی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی نێوخۆیی‌و دەرەکی بەدەستبهێنێت‌و مێژوویەکی گەورە تۆماربکات، ئەم وەرزە گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی‌و نزیکە لەوەی یەک لەدوای یەک ئەو نازناوانە لەدەستبدات کە ساڵی پار بەدەستیهێنان.

ئەم یانە ئیسپانیە کە ساڵی پار بەختی کرایەوەو لەدەرەوەی هەموو پێشبینیەکان توانی ئەو مێژووە گەورەیە تۆماربکات‌و سەرنجی هەموو دنیا بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەکرانە دەرەوەی لەجامی شای ئیسپانیا کە هەڵگری نازناوەکەی بوو، زەنگێکی مەترسیداری بۆ لێدراو مەترسی هێرشی بۆ دەستکەوتەکانی هێنا.

ئەگەرچی یانەی بەرشەلۆنە لەهەولی ئەوەدابوو هەمان سیناریۆی وەرزی پێشوو تۆماربکاتەوەو دیسانەوە نازناوەکان بخاتەوە گەنجینە دەوڵەمەندەکەی، بەڵام سەرەتاکەی بەخراپی هێناو لەسەر دەستی یانەیەکی پڕ کێشەو قەیراناوی کە یانەی سیڤیلیەی هاونیشتمانیەتی، نازناوێکی لێسەندرایەوە.

کرانە دەرەوەی یانەی بەرشەلۆنە لەجامی شای ئیسپانیا، کە ساڵی رابردوو دەستپێکی بەدەستهێنانی نازناوەکانی بوو، هەیبەتی ئەو یانەیەی شکاندو لەدووبارەکردنەوەی ئەو دەستکەوتە بێ بەشیکرد، کە تائێستا هیچ یانەیەک نەیتوانییوە بگاتە ئەو ئاستە باڵایە.

لەگەڵ ئەوەی پیپ گواردیۆلای راهێنەری یانەی بەرشەلۆنە لەسەرەتای دەستپێکردنی کێبڕکێکانی ئەم وەرزە بەهەمیشەیی ئەوەی دوپاتدەکردەوە کە پێناچێت یانەکەی لەمساڵدا بتوانێت دەستکەوتەکانی ساڵی رابردوو بەدەستبهێنێتەوە، بەڵام هەوڵە بەردەوامەکان سەلمێنەری ئەو راستیەن کە یانەی بەرشەلۆنە لەم وەرزەشدا نیازی خراپ بووەو هەوڵی دوبارەکردنەوەی ئەنجامەکانی پێشوو دەدات.

بەبڕوای چاودێرانی وەرزشی، ئامانجی خۆدزینەوە لەرەخنەو هێرشە بەردەوامەکانی رۆژنامە وەرزشیەکان، گواردیۆلای ناچارکردووە بەهەمیشەیی لێدوانی لەو جۆرە بداتو بێ متمانەیی بەوتەکانیەوە دەربکەوێت، ئەمەش وەک زەمینە سازییەک بۆ قۆناغی پاش کۆتاییهاتنی کێبڕکێکانی ئەم وەرزە کاتێک یانەکە بەدەست بەتاڵی‌و جیاواز لەوەرزی پێشوو بگەڕێتەوە.

لەلایەکی ترەوە زۆرێک لەچاودێرانی وەرزشی پێیانوایە وتەکانی گواردیۆلا خۆڵکردنە لەچاوی راگەیاندنەکان، چونکە ئەو راهێنەرە بەنیازی دووبارەکردنەوەی ئەنجامەکان‌و بەدەستهێنانەوەی نازناوەکان، شەڕی کڕینی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی سویدی‌و هێرشبەری پێشووی یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتاڵی کرد، کە وەک مەرجێک بۆ پارێزگاریکردن لەدەستکەوتەکانی پێشنیاری کڕینی ئەو یاریزانەی خستە بەردەم ئیدارەی یانەکەی.

گواردیۆلا کە بەڕووکەش متمانەی بەخۆی‌و یانەکەی نیە دووبارە ئەو نازناوە بەدەستبهێننەوە، پاش کردنە دەرەوەی یانەکەی لەجامی شای ئیسپانیا، ئەوەی راگەیاند کە تاوانباری سەرەکی خۆیەتی‌و ئەو بووەتە هۆی ئەوەی یانەکەی لەو پاڵەوانێتیە بکرێتە دەرەوە، پسپۆڕان وای بۆ دەچن ئەمە بەتاڵکردنەوەی لێدوانەکانی گواردیۆلایە لەبێمتمانەیی لەبەدەستهێنانەوەی جامی پاڵەوانێتیەکان.

گواردیۆلا کە رەمزی یانەی بەرشەلۆنەو هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانیەتی، جیاواز لەوتەو لێدوانەکانی لەهەولی ئەوەدابوو ئەمساڵیش سەرکەوتنەکان دووبارە بکاتەوەو ناوی خۆی‌و یانەکەشی بخاتە مێژووەوە، ئەمەش لەمیانی ئەو لێدوانەیدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە بۆ رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی دابووی، تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو "دەمەوێت سەرکەوتنەکانی وەرزی پێشوو لەبیرو هزری یاریزانانم دەربهێنم، بۆ ئەوەی هەست بەلەخۆبایی بوون‌و گەورەیی نەکەن، هەوڵی ئەوە دەدەین لەسفرەوە دەستپێبکەین تابتوانین دووبارەی ئەنجامەکان بکەینەوەو پارێزگاری لەنازناوەکان بکەینەوە."

ئەم لێدوانەی گواردیۆلا دەرخەری ئەو راستیەیە کە یانەی بەرشەلۆنە لەم وەرزەدا خۆی بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەنجامەکانی وەرزی پێشوو مەڵاس داوە، بەڵام یانەی سیڤیلیە بەدەرکردنی یانە پاڵەوانەکە لەجامی شا، پلان‌و نەخشەکانی گواردیۆلاو ئیدارەی یانەکەی پوچەڵکردەوەو بووە سەرەتاو رێگە خۆشکەرێک بۆ یانەکانی تری ئیسپانیاو ئەوروپا بەرگی ترس بەرامبەر یانەی بەرشەلۆنە فڕێبدەن‌و وەک بەربەستێک بەرامبەر جێبەجێکردنی پلانەکانی بوەستنەوە.

ئەگەرچی ئێستا یانەی بەرشەلۆنە بەکۆی ٤٦ خاڵ لەپێشەنگی ریزبەندی خولی ناوخۆی وڵاتەکەی دێت‌و زۆر بەزەحمەتیش توانی خۆی بگەیەنێتە قۆناغی شازدەتیپی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بەڵام هیچ گرەنتیەک نیە بۆ ئەوەی یانەکە دووبارەی ئەنجامەکانی پێشوو بکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە یانەی ریاڵ مەدرید لەناوخۆدا بەکڕینی چەندان یاریزان هێرشی مەترسی بۆ ئەو یانەیە هێناوەو لەسەر ئاستی دەرەکیش یانەکانی چێڵسی‌و ئەرسناڵ‌و مانچستەریونایتدی ئینگلیزی‌و میلان‌و ئەنتەرمیلانی ئیتاڵی سەرەکیترین هۆکارن بۆ ئەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکان لەبەرشەلۆنە بتۆرێنن.

# مۆرینیۆ حساب بۆ دێربی ناکات



خۆزێ مۆرینیۆی پرتوگالی‌و راهێنەری یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتاڵیا، حساب بۆ یاری دێربی نێوان یانەکەی‌و یانەی ئەیسی میلان ناکات.

لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا، خۆزێ مۆرینیۆی پرتوگالی‌و راهێنەری یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتاڵیا ئەوەی راگەیاند کە بەهەمان شێوەی یاریە ئا سا ییە کا نی یانەکەی لەخولی کالچۆ حساب بۆ ئەو یاریە دەکات کە بڕیارە رۆژی یەک شەممەی داهاتوو لەچوارچێوەی یاریەکانی هەفتەی بیستو یەکی خولی کالچۆ لەنێوان یانەکەی‌و یانەی ئەیسی میلان ئەنجامبدرێت.

راهێنەری ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە هیچ ترسێکی لەو یاریە نیەو تەنها بیر لەوە دەکەنەوە سێ خاڵ بەدەستبهێنن. وتیشی " هەوڵدەدەین قەرەبووی ئەو ئەنجامە بکەینەوە کە هەفتەی پێشوو بەلەدەستدانی دوو خاڵ لەگەڵ یانەی باری بەدەستمانهێنا.

هەمان کات راهێنەرەکەی ئەنتەرمیلان ئاماژەی بەوەشدا کە خۆیان سەرقاڵ ناکەن بەوەی بەرامبەر چ یانەو تیپێک یاری دەکەن، بەڵکو تەنها بیر لەسەرکەوتن دەکەنەوە.

# دالاس گەشتە لوتکە

بەتۆمارکردنی سەرکەوتنێکی زەحمەت لەخولی باسکەی وڵاتەکەی، تیپی دالاس مافرێکسی ئەمریکی خۆی گەیاندە پلەی یەکەمی گروپەکەی.

لەچوارچێوەی یاریەکانی خولی باسکەی ئەمریکی کە ناسراوە بە NBA تیپی دالاس مافرێکس رووبەڕووی بۆستن سەڵتیکس بووەوەو توانی بەزەحمەت سەرکەوتنی بەسەردا تۆماربکات.

ئەم یاریە کە لەنێو یاریگای سەڵتیکس بەڕێوەچوو، بەئەنجامی ٩٩ بە ٩٠ خاڵ لەبەرژەوەندی تیپی دالاس کۆتاییهات، بەم ئەنجامەش تیپی براوە کۆی خاڵەکانی بۆ ٦٨ خاڵ بەرزکردەوەو چووە پلەی یەکەمی گروپەکە.



## هەفتە رووداوەکانی

ئامادەکردنی لاوە

### یانەکانی سلێمانی سەرکەوتنیان تۆمارکرد



لەدەسپێکی قۆناغی دووەمی خولی یانە نایابەکانی کوردستان دوای بردنەوەی هەردوو یانەی سیروانی نوێ‌و نەورۆزو بەرامبەربوونی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، یانەکانی سلێمانی توانییان جوانترین دیاری ببەخشنە هاندەرانیان لەساڵی نوێدا.

### نێوانی بەرشەلۆنەو ریاڵ مەدرید تێکچوو



لەهەفتەی هەژدەیەمی خولی لالیگای ئیسپانی، دوای سەرکەوتنی یانەی بەرشەلۆنە بەرامبەر سیڤیلیەو دۆڕانی یانەی ڕیاڵ مەدرید بەرامبەر ئەتلەتیک بلباو، جیاوازی خاڵەکانی ئەو دوو یانەیە تێکچوونی بەخۆوەبینی‌و لەدوو خاڵەوە بۆ ٥ خاڵ زیادیکرد.

### چێڵسی یەکەمی بەرنادات



لەکێبڕکێکانی هەفتەی بیستویەکەمی خولی ئینگلیزیدا، دوای بردنەوە گەورەکەی بەرامبەر یانەی سەندەرلاند، یانەی چێڵسی توانی لەپێشەنگی خولەکەدا بمێنێتەوە.

### کۆلینا باشترینە



بیرلویجی کۆلینا دادوەری بەتوانای ئیتاڵی کەئێستا لەئەرکی دادوەری دوورکەوتووەتەوە، توانی خەڵاتی باشترین دادوەر بەدەستبهێنێت کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ساڵانە دەدرێتە باشترین دادوەر.

### بگدادیس بووە پاڵەوان



یاریزانی بەتوانای قوبرسی مارکۆس بگدادیس دوای بردنەوەی لەیاریزانی فەرەنسی ریچارد گاسکیە، لەیاری کۆتاییدا توانی نازناوی خولی سیدنی بەرزبکاتەوەو ببێتە پاڵەوان.

دستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تیلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
0770 862 81 81
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم، تەلاری
میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١
www.destur.net info@destur.net

No. 15,
Wednesday 20.01.2010
First Year

## دەلاقە

خالیدی حاجی ئەحمەد

# دارمانی [بەها] کۆمەڵایەتییەکان


زەحمەتە بە تەنها لە ڕوانگەیەکی سیاسیو لێکدانەوەی هەلومەرجە نێودەوڵەتیەکانەوە بتوانرێت قەیرانێکی گشتگیری وەک ئەم قەیرانەی ئەمڕۆ نەتەوەی کوردی پێدا تێپەڕدەبێت لێک بدرێتەوە. بۆیە بەناچاری دەبێت ئاوڕ لە یەکەیەکی گرنگتر بدەینەوە کە ئەویش بەها کۆمەڵایەتیەکانە .دەکرێت وەک پێناسەیەکی سەرەتایی بڵێین (بـەهـا_value) کۆمەڵایەتیەکان، کۆی ئەو هەڵسوکەوتو زەوقو خولیاو بەرژەوەندی و مامەڵە مادیو مەعنەوییو دانوساندنانەن کە تاکەکانی کۆمەڵگایەک لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا پەیڕەوی دەکەن، شانبەشانی بۆماوە ڕەگـەزیو نەستیەکان (لاشعور)و تێکەڵ بە هۆشمەندیو لێکدانەوە عەقڵیەکان دەبنو سەرلەبەری وەک کۆنکرێت کە چۆن دەکرێتە نێوان بەردو بلۆکی دیوارێکەوە، دەڕژێتە نێوان ئەو پێکهاتەو دەزگاو دامــەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوەو پێکرا سیستەمێکی ئاکاریو ئەخلاقی پێکدەهێننو سەبارەت بە ٣ دیاردەی گرنگ کە بریتین لە (خودی مرۆڤەکان و خاوەندێتی کەسی و خاوەندێتی گشتی)، لە ساتەوەختێکی مێژوییدا ڕوپەڕێکی جوگرافی پێدەناسرێتەوە.

گۆڕانکاری لە بەها کۆمەڵایەتیەکاندا تا ئەمڕۆکە وا لێکئەدرێتەوە: کە ئەو نەتەوەو دەوڵەتانەی سەقامگیریەکی ئابوریو سیاسیان هەیە، بەها کۆمەڵایەتیەکانیش نەرمو بە کاوەخۆو چونیەک بەرەوپێش دەڕۆنو لە دیالێکتی گەشەی سەرجەم پێکهاتەکەدا خۆدەبیننەوە. بەڵام ئەو نەتەوەو دەوڵەتانەی پێکهاتەیەکی سەقامگیر و چونیەکیان نەبووە لە سەرەتاوەو دواتر گۆڕەپانی توندوتیژیو لێکترازانو جەنگو برسێتی بووە، ئەوا بەها کۆمەڵایەتیەکان تێیدا نەک نرخی خۆیان لە دەست ئەدەن بەڵکو تووشی وەرچەرخانو تەنانەت بۆ دواوە گەڕاندنەوە دەبنەوە بەو پێیەی بەها بە بەردبووە کۆنەکان ژیانیان بە بەردا دێتەوەو بەربەست لە بەردەم ئەو بەهایانەدا نامێنێت کە گەشەو زانست ڕەتی کردونەتەوە. لە بواری سیاسیشدا بەسانایی ژینگەیەکی جەنگەڵ ئاسا کە چەند شێر و پڵنگێک و دەیان و سەدان چەقەڵ و دەڵەک و ڕێوی دەستنیشانی ڕەوتەکەی دەکەن، باڵادەست دەبێت و بێسەروبەرەیی دەبێتە ناسنامە و شەقڵی ئەو سەرزەمینە وەک لەمڕۆی کوردستاندا دەیبینین.

بێگومان ئـەو ڕەوتـە بە مـێـژوودا تێپەڕ دەبێت و ئـەوە مێژووی کەسەکانی ئـەو کۆمەڵگایەیە کە تێدەپەڕێنرێت، بۆیە هەرنەوەیەک مۆرکی خۆی بە شەقڵی ڕەوتەکەوە دەنێت، واتە بەها کۆمەڵایەتیەکان لــەدەرەوەی تاکەکانیدا ناتوانێت بوونی هەبێت. لەمڕۆدا، سەرباری تایبەتمەندیەکی لاوازی ڕیزپەڕ و تاک وتـەرا، یاخود ناوچەیی لە هەندێک ڕایـەڵ و چنینی کۆمەڵگاکەدا، سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەلگا بە هەموو ڕەهەندیەکانەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو بەها دارماو و لە گرێژنە دەرچووەی زاڵە بەسەر کۆمەڵگاکەدا. نـەتـەوەکـەی ئێمە کە هێشتا خۆی لە سنورێکی سەلمێنراو و دامـەزراوەیـی دەوڵەتیدا نەبیـــنیوەتەوە هەڵوەشاندنەوەی بەهاکان و دارمانی کۆمەڵایەتی ئاسانتر و کاریگەرتر تێیدا دەکەوێتەوە. لێرەشەوە دەکرێت بڕێکی زۆر بەرپرسیارێتی بخرێتە ئەستۆی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان. بەڵام وەک دەوترێت (الناس علی دین ملوکهم) دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین لە دوای ڕاپەڕینەوە پشکی شێر لە دارمانی بەهاکان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لە باشوری کوردستاندا دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی وحیزبە باڵادەستەکانی کورد.

بەهاکان ملکەچی یاسا نوسراوەکان نین.بەڵکو زیاتر پەیڕەویی لە میکانیزمێـــــکی بەربڵاوتری ناوخۆیی دەکەن، هەربۆیە هەمیشە مەتـــــــرسی دارمانی بەهاکان لە دارمانی دام و دەزگاکان زیاتر بـووە. کە قوتابخانە ڕوخێـــــنرا ئاسانتر دروست دەکـــرێتەوە لەوەی بەهای کۆمەڵایەتی سیستەمی پەروەردە بنیات بنرێتەوە. پردێکی ڕوخاوو بنـــــیات دەنرێتەوە، بەڵام گەر ئەندازیار و کرێکارێکی خاوەن بەهات نەبوو ئـەوا وێرانە خـاک دێتە دی. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین سیاسیەکانمان ئەوەندەی لە هەوڵی خنەدانو سودوەرگرتنن لەو جەمسەرە پەرتوازەبوەی بەها کۆمەڵایەتیەکان و بەگەڕخستنیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەوەندە لە خەمی بنیاتنانەوەی ئەو شیرازە لێکپچراوەدا نین کە تاکەکان لە کۆمەڵگادا بخەنەوە سەر ڕێچکەی بوون. ئاخر مرۆڤ دەتوانێت هەبێت، بەڵام بێ بەها کۆمەڵایەتیەکان بوونی نابێت.


ڕیکلام





## راگەیاندنێك لەکۆمپانیای سولی تێلیگراف STC




**کۆمپانیای سولی تێلیگراف بۆ ڕۆژنامەوانی چـاپو بڵاوکردنەوە، کۆمپانیایەکی خۆماڵی کەرتی تایبەتەو کاری وەبەرهێنان لەبواری میدیا دەکات. لەئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی هەواڵیو کلتوریو دۆکۆمێنتاریی کوردیە، کە سەرمایەی پرۆژەکە بە شێوەی پشک لەلایەن چەند سەرمایەدارێکی کوردیو بیانیەوە دابینکراوەو بە شێوەیەکی بێلایەنانەو پیشەییانە ڕوماڵی ڕوداوو پێشهاتەکان دەکات، بۆیە پێویستی بە ژمارەیەک کارمەندو ڕۆژنامەنوس هەیە بۆ چەند پۆستێکی دیاریکراو:**

پۆستەکان:

١) بەڕێوەبەری کارگێری
٢) لێپرسراوی ژمێریاری
٣) ژمێریار
٤) وردبین
٥) خەزنەدار
٦) ئەندازیاری کارەبایی
٧) ئەندازیاری ئەلەکترۆنی
٨) ئەندازیاری پەیوەندیو ئای تی
٩) وێنەگر
١٠) مۆنتێر
١١) پەخش
١٢) ئەرشیف
١٣) تەنسیق
١٤) هەواڵسازی سیاسی
١٥) هەواڵسازی وەرزشی
١٦) هەواڵسازی ئابوری
١٧) ریپۆرتێر
١٨) پەیامنێر لەشارو شارۆچکەکان
١٩) بەرهەمهێنەری فیلمی دۆکیۆمێنتاری
٢٠) دەرهێنەرو پرۆدیوسەر
٢١) بێژەر لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ
٢٢) وەرگێڕی ئینگلیزی
٢٣) وەرگێڕی عەرەبی
٢٤) وەرگێڕی تورکی
٢٥) وەرگێڕی فارسی
٢٦) وەرگێڕی ئەڵمانی
٢٧) گرافیک
٢٨) کارمەندی ئیشپێکەری موەلیدە
٢٩) کارمەندی کارگوزار
٣٠) کارمەندی بەدالەو وەرگرتنی پەیوەندی
٣١) کارمەندی کتێبخانە
٣٢) کارمەندی چێشتلێنەر
٣٣) کارمەندی کافتریا
٣٤) سەرتاشو ئارایشت

**داواکار دەتوانێت تاکو ٢٠١٠/٢/١ (CV) ڕەوانەی ئەم ناونیشانانە بکات:**

**ئۆفیسی سلێمانی: شارێی سالم- تەلاری میران- نهۆمی پێنج- بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی.**

Email: Suly__co@yahoo.com
Tel: (053)318 78 11 & 0748 017 46 06